حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی کۆمەڵناسی


# بەجیهانیبوونی کولتوور و کاریگەریی لەسەر ناسنامەی گەنج

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان –عێراق

**تێزەکە**

**پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە فەلسەفەی کۆمەڵناسی**


لەلایەن

**کوێستان علی عبدالله**

بەسەرپەرشتی

**پ. ی. د. پەیمان عبدالقادر مجید**



2722 ک　　1443هـ　　2022 ز

بسم الله الرحمن الرحيم

(وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا)

صدق الله العظيم

سورة طه الآية(114)

## **بریاری سەرپەرشتیار**

ئەم تێزەی خوێندکار ( **کوێستان علی عبدالله**) بە ناونیشانی (**بەجیهانیبوونی کولتوور و کاریگەریی لەسەر ناسنامەی گەنج / توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان –عێراق**) بەچاودێری ئێمە لە بەشی کۆمەڵناسی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە (**فەلسەفەی کۆمەڵناسی/کۆمەڵناسی گەنج**)دا،پێشنیاز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

**واژۆ:**

**سەرپەرشت:. پ. ی. د. پەیمان عبدالقادرمجید**

**پلەی زانستی : پروفیسۆری یاریدەدەر**

**ڕێکەوت:** / / ٢٠٢٢

هەواڵنامەی کتێب

بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

**واژۆ:**

**ناو: د. ئەمیر خداکرم محمد**

**سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی**

**ڕێکەوت:** / / ٢٠٢٢

# <u>بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ</u>

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆی ئەم تێزەی خوێندکار ( **کوێستان علی عبدالله**) بەناونیشانی **(بەجیهانیبوونی کولتوور و کاریگەریی لەسەر ناسنامەی گەنج - توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان –عێراق)** خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری تێزەکەمان کردووە ، بڕیارماندا بڕوانامەی دکتۆرا لە ( **فەلسەفەی کۆمەڵناسی/ کۆمەڵناسی گەنج** ) دا پێبدرێت .

**واژۆ:**
**ناو: د.نجاة محمد فرج**
**پلەی زانستی: پرۆفیسۆر**
**(سەرۆکی لیژنە)**
**ڕێکەوت: ‌ \ ‌ \ ٢٠٢٢**

**واژۆ:**
**ناو: د.عزالدين عبدالصمد رسول**
**پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**(ئەندام)**
**ڕێکەوت: ‌ \ ‌ \ ٢٠٢٢**

**واژۆ:**
**ناو:د.حسين أسماعيل علي**
**پلەی زانستی: پرۆفیسۆر**
**(ئەندام)**
**ڕێکەوت: ‌ \ ‌ \ ٢٠٢٢**

**واژۆ:**
**ناو:د.واحدە حمەوەیس نصرالله**
**پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**(ئەندام)**
**ڕێکەوت: ‌ \ ‌ \ ٢٠٢٢**

**واژۆ:**
**ناو: د.مرادحكيم محمد**
**پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**(ئەندام)**
**ڕێکەوت: ‌ \ ‌ \ ٢٠٢٢**

**واژۆ:**
**ناو:د.پەیمان عبدالقادرمجيد**
**پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**(سەرپەرشتیار و ئەندام)**
**ڕێکەوت: ‌ \ ‌ \ ٢٠٢٢**

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی– پەسەند کرا

**واژۆ:**
**ناو: پ. ی. د. ابتسام اسماعيل قادر**
**ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**ڕێکەوت: ‌ \ ‌ \ ٢٠٢٢**

هەواڵنامەی کتێب

**پێشکەش بە:**

- ✓ئەوکەسانەی ساڵانی ژیانیان بەختکرد لە پێناو سەربەرزی ئێمەدا هێڵەکانی بەرەبەیانی دەنەخشاند بەنزا بۆ بەدیهێنانی خەونەکانمان بەهادارترین مرۆڤدایک و باوکم

- ✓ئەوانەی پشتیوانم بوون و مایەی دڵخۆشیم بوون لەخۆشی و ناخۆشیدا هاوبەشم بوون خوشک و هاوسەر و منداڵەکانم

- ✓هەموو ئەو بەڕێزانەی کە هاوکارم بوون وکار ئاسانیان بۆ کردم لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەمدا

هەولنامەی کتێب

## سوپاس و پێزانین:-

✓ بۆ خوای گەورە، کە ئـارامی و توانـای پێبەخشـــیم لەتەواوکردنی تێزەکەمدا .

✓ بۆ مامۆســـتا و ســـەرپەرشـــتم ، (پ.ی.د. پەیمان عبدالقادرمجید) ، کە هـەردەم خۆنـەیســـتـانـە لـەگـەڵم بووە بە تێبینی و زانیـارییەکـانی توێژینەوەکەمی دەوڵەمەندکرد .

✓ بۆ خێزانەکەم، کە بەردەوام خەمخۆر و دڵسۆز و پاڵپشتم بوون.

✓ بۆ ئەو مامۆستا بەڕیزانەی هاوکارم بوون لە پێدانی زانیاری بەسوود بۆ بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە .

✓ بۆ هەموو ئەو فەرمانبەر ودام ودەزگـایـانەکە کـار ئـاســـانیـان بۆ کردووین لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکە .

توێژەر


هەولێرنامەی کتێب

| پێرستی بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| بڕیاری سەرپەرشتیار | أ |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | ب |
| پێشکەشە | ت |
| سوپاس و پێزانین | ث |
| پێرستی بابەتەکان | ج-خ |
| پێرستی خشتەکان | د-ذ |
| پێرستی وێنەکان | ر |
| پێرستی هێڵکاریەکان | ز |
| پێرستی پاشکۆکان | ژ |
| پێشەکی | ١-٢ |
| **دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری** | ٣-١٢٦ |
| بەشی یەکەم : چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە | ٦-٢٩ |
| باسی یەکەم : ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە | ٦-١٨ |
| -کێشەی توێژینەوەکە | ٦ |
| -گرنگی توێژینەوەکە | ٧ |
| -ئامانجی توێژینەوەکە | ٧ |
| -گریمانەی توێژینەوەکە | ٨ |
| -جۆری توێژینەوەکە | ٨ |
| -میتۆدی توێژینەوەکە | ٨ |
| -بوارەکانی توێژینەوەکە | ٩ |
| -کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٩ |
| -نموونەی توێژینەوەکە | ١٠ |
| -ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە | ١٢ |
| -ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە | ١٦ |
| باسی دووەم : توێژینەوەکانی پێشوو | ١٩- ٢٩ |
| یەکەم : خستنەڕووی توێژینەکانی پێشوو | ٢٠ |
| ١- توێژینەوە کوردییەکان | ٢٠ |
| ٢- توێژینەوە عەرەبییەکان | ٢١ |

| | |
|---|---|
| ٣- توێژینەوە فارسییەکان | ٢٣ |
| ٤- توێژینەوە بیانییەکان | ٢٤ |
| دووەم : گفتوگۆکردنی توێژینەکانی پێشوو | ٢٧ |
| بەشی دووەم : بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج | ١٣١-٣١ |
| باسی یەکەم : بەجیهانیبوونی کولتوور | ٦٥-٣٢ |
| - مێژووی سەرهەڵدانی بەجیهانیبوون | ٣٤ |
| - ئامانجەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور | ٣٦ |
| - ڕەهەندەکانی بەجیهانیبوون | ٣٨ |
| - تایبەتمەندییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور | ٤٢ |
| - ئاراستەکانی دەرکەوتنی بەجیهانیبوونی کولتوور | ٤٣ |
| - هۆکارەکانی گۆڕانی کولتوور | ٤٤ |
| -تیۆرەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور | ٥٠ |
| باسی دووەم : ناسنامە و ناسنامەی گەنج | ١٠٢-٦٦ |
| یەکەم : ناسنامەی گەنج | ٦٧ |
| - تایبەتمەندییەکانی ناسنامە | ٧٠ |
| - پێکهاتەی ناسنامە | ٧١ |
| - ئەرکەکانی ناسنامە | ٨٠ |
| - جۆرەکانی ناسنامە | ٨١ |
| - گرنگی کولتوور لە بونیادنانی ناسنامەدا | ٨٣ |
| - چۆنێتی پاراستنی ناسنامە | ٨٥ |
| دووەم : توێژی گەنج | ٨٦ |
| - تایبەتمەندی گەنج | ٨٨ |
| - ئاراستەکانی گەنج | ٩١ |
| - تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی گەنجی زانکۆ | ٩٢ |
| - خواست و کێشەکانی گەنجی زانکۆ | ٩٤ |
| - جێکەوتی ژینگەی زانکۆیی لەسەر گەنجی زانکۆ | ٩٨ |
| پوختە | ٩٩ |
| بەشی سێیەم : کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج | ١٢٦-١٠٣ |
| باسی یەکەم : سیماکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەکۆمەڵگەی کوردیدا | ١٠٤ |
| - دەستەبژێری گەنجی بەجیهانیبوو | ١٠٦ |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| – بەرۆژئاوایی بوون و کاریگەری لەسەر گەنج | ١٠٩ |
| – نامۆبوونی گەنجی زانکۆ و بە جیهانیبوون | ١١٠ |
| – قەیرانی ناسنامە لای گەنج | ١١٢ |
| –کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ئاکاری گەنج لەسەردەمی بەجیهانیبووندا | ١١٤ |
| باسی دووەم : جێکەوتەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور | ١١٦ |
| –جێکەوتە ئەرێنییەکان | ١١٦ |
| –جێکەوتە نەرێنییەکان | ١١٨ |
| باسی سێیەم : کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج | ١٢٠-١٢٣ |
| پوختە | ١٢٤ |
| **دەروازەی دووەم: لایەنی پراکتیکی** | ١٢٧-١٩٦ |
| بەشی چوارەم : خستنەڕووی خشتە و ئەنجامی ئامانجەکان و شیکارکردنیان | ١٣٠-٢٠١ |
| باسی یەکەم :  خستنە رووی خشتە و شیکارکردنیان | ١٣٠-١٥٩ |
| باسی دووەم :  خستنە ڕووی  ئەنجامی ئامانج و گریمانەکان و شیکارکردنیان | ١٦٠-١٧٩ |
| باسی سێیەم : ئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان | ١٨٠-١٩٦ |
| سەرچاوەکان | ١٩٧ |
| پاشکۆکان | ٢٠٧ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی | أ-ب |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | ج-د |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | a-b |


هەواڵنامەی کتێب

## پێرستی خشتەکان


| ژ | ناوی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | کۆمەڵگە ونموونەی توێژینەوەکە | ١٢ |
| ٢. | هێزی برگەکانی ئامرازی توێژینەوە بەپێی پێوەری لیکرت (Likert Scale) | ١٥ |
| ٣. | بەهای ناوەندە ژمێرەییەکان برگە ئەرێنییەکان و برگە نەرێنییەکان | ١٦ |
| ٤. | ڕەگەزی نموونەکە | ١٣٠ |
| ٥. | تەمەنی نموونەکە | ١٣١ |
| ٦. | تەمەنی نموونە ناوەندی ژمارەیی و لادانی پێوەری | ١٣٢ |
| ٧. | پسپۆڕی نموونەکە | ١٣٢ |
| ٨. | نمونەی توێژینەوەکە بە پێی زانکۆ | ١٣٣ |
| ٩. | نمونەی توێژینەوەکە بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون | ١٣٤ |
| ١٠. | برگەکانی تایبەت بە جیهانیبوون کولتوور | ١٣٥ |
| ١١. | ئاستی بەڵگەداری تەوەری بەجیهانیبوونی کولتوور | ١٣٧ |
| ١٢. | برگەکانی تایبەت بە بە تەوەری ناسنامەی گەنج | ١٣٨ |
| ١٣. | ئاستی بەڵگەداری تەوەری ناسنامەی گەنج | ١٤١ |
| ١٤. | تەوەری بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج | ١٤١ |
| ١٥. | ئاستی بەڵگەداری تەوەری بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج | ١٤٤ |
| ١٦. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی ڕەگەز و بەجیهانیبوونی کولتوور | ١٤٥ |
| ١٧. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی ڕەگەز و ناسنامەی گەنج | ١٤٦ |
| ١٨. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی ڕەگەزو بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج | ١٤٧ |
| ١٩. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی تەمەن و بەجیهانیبوونی کولتوور | ١٤٨ |
| ٢٠. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی تەمەن و ناسنامەی گەنج | ١٤٩ |
| ٢١. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی تەمەن و بەجیهانیبوونی کولتوور وناسنامەی گەنج | ١٥٠ |
| ٢٢. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی زانکۆ و بەجیهانیبوونی کولتوور | ١٥١ |
| ٢٣. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی زانکۆ و ناسنامەی گەنج | ١٥٢ |
| ٢٤. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی زانکۆ و بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج | ١٥٣ |
| ٢٥. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی پسپۆڕی و بەجیهانیبوونی کولتوور | ١٥٤ |
| ٢٦. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی پسپۆڕی و ناسنامەی گەنج | ١٥٥ |
| ٢٧. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی پسپۆڕی وبەجیهانیبوونی کولتووروناسنامەی گەنج | ١٥٦ |
| ٢٨. | پەیوەندی بەجیهانیبوونی کولتووروناسنامەی گەنج بە ناسنامەی گەنجەوە | ١٥٧ |
| ٢٩. | پەیوەندی بەجیهانیبوونی کولتووربە بەجیهانیبوونی کولتووروناسنامەی گەنجەوە | ١٥٨ |


کتێبخانەی هەولێر

| | | |
|---|---|---|
| ٣٠. | پەیوەندی نێوان بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج | ١٥٩ |
| ٣١. | ئاستی تێگەشتنی گەنجان بەرامبەر بەجیهانیبوونی کولتوور | ١٦٢ |
| ٣٢. | کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لەهەرێمی کوردستاندا لەئاستێکی بەرزدایە | ١٦٣ |
| ٣٣. | بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی زمانەوە | ١٦٤ |
| ٣٤. | بڕگەکانی تایبەت بەزمان | ١٦٥ |
| ٣٥. | بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی زمانەوە | ١٦٦ |
| ٣٦. | کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی بەهاوە | ١٦٧ |
| ٣٧. | بڕگەکانی تایبەت بە بەها | ١٦٨ |
| ٣٨. | کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوورلەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوی زمان | ١٦٩ |
| ٣٩. | کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی لایەنی ماددی (شێوازی ژیان) | ١٧٠ |
| ٤٠. | بڕگەکانی تایبەت بە لایەنی ماددی (شێوازی ژیان ) | ١٧١ |
| ٤١. | کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز | ١٧٣ |
| ٤٢. | کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی تەمەن | ١٧٤ |
| ٤٣. | کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوی زانکۆ | ١٧٤ |
| ٤٤. | کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتووری لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی | ١٧٥ |
| ٤٥. | کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتووری لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی (رەگەز، تەمەن ، زانکۆ، پسپۆڕی) | ١٧٦ |
| ٤٦. | کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز | ١٧٧ |
| ٤٧. | کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوی تەمەن | ١٧٧ |
| ٤٨. | کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوی زانکۆ | ١٧٨ |
| ٤٩. | کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی | ١٧٩ |

## پێڕستی وێنەکان


| ژ | ناوی وێنەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی ڕەگەز و بەجیهانیبوونی کولتوور | ١٤٥ |
| ٢. | پەیوەندی  نێوان گۆڕاوی ڕەگەز و ناسنامەی گەنج | ١٤٦ |
| ٣. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی ڕەگەز بە بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنجەوە | ١٤٧ |
| ٤. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی تەمەن و بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج | ١٤٨ |
| ٥. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی تەمەن و ناسنامەی گەنج | ١٤٩ |
| ٦. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی تەمەن و بەجیهانیبوونی کولتوورو ناسنامەی گەنج | ١٥٠ |
| ٧. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی زانکۆ بە بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنجەوە | ١٥١ |
| ٨. | پەیوەندیی نێوان زانکۆ و ناسنامەی گەنج | ١٥٢ |
| ٩. | پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی زانکۆ بە بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنجەوە | ١٥٣ |
| ١٠. | پەیوەندی نێوان گۆڕاوی پسپۆری و بەجیهانیبوونی کولتوور بە ناسنامەی گەنجەوە | ١٥٤ |
| ١١. | پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی پسپۆری و ناسنامەی گەنج | ١٥٥ |
| ١٢. | پەیوەندیی نێوان پسپۆری و بەجیهانیبوونی کولتوور وناسنامەی گەنج | ١٥٦ |
| ١٣. | پەیوەندیی نێوان بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج بە ناسنامەی گەنجەوە | ١٥٧ |
| ١٤. | پەیوەندیی نێوان بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج بە بەجیهانیبوونی کولتوورەوە | ١٥٨ |
| ١٥. | پەیوەندیی نێوان بەجیهانیبوونی کولتوور بە ناسنامەی گەنجەوە | ١٥٩ |


هەولێرنامەی کتێب

## پێرستی هێڵکاریەکان



| ژ | ناوی هێڵکاریەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | هێڵکاری دامەزراوەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور | ٤٨ |
| ٢ | هێڵکاری چوار چێوەی تیۆری توێژینەوەکە | ١٢٦ |



## پێرستی پاشکۆکان



| ژ | ناوی پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| .١ | پاشکۆی (١) فۆرمی کراوەی پێشوەخت | ٢٠٨ |
| .٢ | پاشکۆی (٢) فۆرمی پێوەری تایبەت بە پسپۆران | ٢٠٧ |
| .٣ | پاشکۆی (٣) ناوی پسپۆران بۆ ڕاستیەتی فۆرمی پێوانە پرسیارنامەی توێژینەوەکە | ٢١٥ |
| .٤ | پاشکۆی (٤) جێگیری پێوەری ( ئەلفا کرونباخ) و جێگیری فۆرمی پێوەری پرسیارنامەی توێژینەوەکە | ٢١٧ |
| .٥ | پاشکۆی (٥) فۆرمی پێوەری پرسیارنامە بەشێوەی کۆتایی | ٢١٨ |
| .٦ | پاشکۆی (٦) نوسراوی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی | ٢٢٥ |
| .٧ | پاشکۆی (٧) ئاماری بەدەستهاتووی زانکۆکانی هەرێم لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و ئامار | ٢٢٦ |
| .٨ | پاشکۆی (٨) قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی خشتەی مۆرگان | ٢٢٧ |

# پێشەکی

بە جیهانیبوون دیاردەیەکی گەردونییە، هەوڵ دەدات جیهان لە هەموو بوارەکانی ئابووری و سیاسی و میدیاو کۆمەڵایەتی و کولتوور پێکەوە ببەستێتەوەو شێوازێکی نوێی جیهانی بە هەموو بوارەکانی ببەخشێت. هەروەک چۆن ڕایەڵەی بەهێز دروست دەکات لە نێوان کۆمەڵگەی لۆکاڵی و جیهانیدا، لەم نێوانەشدا بەجیهانیبوونی کولتوور بەشێوەیەکی فراوان بەرکەوتەی کۆمەڵگەکانە، چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ.

بە جیهانیبوونی کولتوور، واتە کولتوورێک زاڵە بەسەر هەموو جیهاندا، بە جۆرێک هەموو جیهان لە یەک فۆرمدا جێی بێتەوە، ڕشتەیەکی تێکەڵاو لە مێژوو، زمان، بیروباوەڕ، دابونەریت و شێوازی ژیان و بەهای ئەو کۆمەڵگەیانە هەڵدەگرێت، کە بەرکەوتەیەتی لەسەر ئاستی جیهان، بۆ ئەوەی هەمووی ببێتە یەک کولتوورو یەک ناسنامە.

بێگومان هەر نەتەوەیەک کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ژیاری و مێژویی و خاڵی جیاکەرەوەی خۆی هەیە. هەروەک ئەندامانی ئەو گروپە یان کۆمەڵە، سیفەت و خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە، کە کۆیان دەکاتەوە، وەک دابونەریت و زمان و ئایین و کولتوورو مێژوو . . هەموو ئەو ڕەگەزانەی ناسنامەی گەلان پێکدێنن، سەر بە کولتوورێکی هاوبەشن، کە لە کۆمەڵێک هێماو ستانداردو وێنا پێکهاتوون. بێگومان پێویستە ئێستا لەگەڵ ڕابوردودا کارلێک بکات، خۆئەگەر ئەو کارلێکردنە شێوازێکی ئەرێنی هەبێت، ئەوە دەبێتە هەوێنی پێشکەوتن و خۆنوێکردنەوەی هەر گەل و نەتەوەیەک. تاکو بتوانێت هاوشانی گۆڕانکارییە نوێیەکانی ڕەوش هەنگاو بنێت و لەگەڵ شارستانێتی سەردەمدا ئاوێتە بێت، ئەگەر نا ئەوە مامەڵەی ئەو نەتەوەیە لەگەڵ ڕەوشی جیهانیدا مۆرکی پێکدادان و ناکۆکیی بەردەوام وەردەگرێت. کەواتە تاکەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتی توێژی گەنج دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی ئەو گۆڕانکارییەوە. بەتایبەت ڕەهەندی بەجیهانیبوونی کولتوور کە لە ڕێگەی ئامرازەکانیەوە و تەکنەلۆجیای زانیاریەکان و کۆچکردنەوە، ئەم ڕەوشە زیاتر لەناو توێژی گەنجاندا دەردەکەوێت ورەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ناسنامەکەیان. ئەمەش لەڕێگەی وەرگرتنی بەها یان زمان و شێوازی ژیانیان، ئەمانە لە گرنگترین ڕەگەزی ناسنامەی هەر کۆمەڵگەیەکن ، گەنجی کوردیش بێبەش نییە لە وەرگرتنی ناسنامەی نوێ و جیهانی، کە بەهۆی کرانەوەی سنورەکان و گۆڕانکارییەکانەوە بەهاو نەریت و زمانی نوێ و شێوازی نوێی ژیان وەردەگرن.

لەم ڕوانگەیەوە زانستی کۆمەڵناسی لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە زیاتر گرنگی بە بواری کولتوورو بەجیهانیبوونی کولتوور داوە، بە تایبەت دوای پێشکەوتنی زانیاری و شۆڕشی تەکنەلۆجیاو گۆڕانی خێرای کۆمەڵگەکان لە بواری کولتوورو ناسنامەدا.

لێرەدا ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەمان زانینی کاریگەری بە جیهانیبوونی کولتووره لەسەر ناسنامەی گەنج، بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دروستی ئامانجەکانمان، توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر دوو دەروازەدا (دەروازەی یەکەم لایەنی تیۆری توێژینەوەکە و دەروازەی دووەم لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە) ئەوانیش دابەشکراون بەسەر چەند بەشێکدا.

دەروازەی یەکەم، لایەنی تیۆری توێژینەوەکە لە چەند بەشێک پێکهاتووە لەبەشی یەکەمدا چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە لە خۆ دەگرێت، کە ئەمەش دوو باس لە خۆدەگرێت. لە باسی یەکەمدا توخمە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەی ڕوونکردۆتەوە و باس لەمانە دەکات (کێشە و گرنگی ئامانج و گریمانە و جۆرو میتۆدی توێژینەوەکەو بوارەکان و کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکەو ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و ئامرازە ئامارییەکان. لە باسی دووەمدا بە فراوانی هەندێک لەتوێژینەوەکانی پێشوو باسکراوەو گفتوگۆی لەسەر کراوە، کە زۆربەیان بەزمانی عەرەبی نوسراون و هەندێکیان بە کوردی و فارسی و ئینگلیزی نوسراون. لە بەشی دووەمدا، توێژەر تیشکی خستۆتە سەر بەجیهانیبوونی کولتوورو ناسنامەی گەنج. لەباسی یەکەمدا، توێژەر هەوڵیداوە بە وردی باسی پرۆسەی بەجیهانیبوونی کولتوورو ئاراستە و تیۆرەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور دەکات. لەباسی دوەمدا باسی ناسنامە و ناسنامەی گەنج و توێژی گەنج دەکات. هەرچی باسی سێیەمە پەیوەندی نیوان ئەو دوو گۆڕاوە بدۆزێتەوە، واتە بەجیهانیبوونی کولتوورو کاریگەرییەکانی لەسەر گۆڕاوی ناسنامەی گەنج. لەم باسەدا توێژەر هەوڵیداوە تیشک دەخاتە سەر سیماکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا و دیاردەی بەڕۆژئاواییبوون لەناو ئەو توێژەدا. هەروەها باسی جێکەوتەکانی بەجیهانیبوونی کولتوورو کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج دەکات.

دەروازەی دووەم، لایەنی پراکتیکیە،بەشی سێیەم لەخۆدەگرێت، ئەویش شیکردنەوە بۆ خستنەڕووی خشتەو ئەنجامی ئامانجەکان دەکات. ئەم بەشەش سێ باس لەخۆدەگرێت، باسی یەکەمی خستنەڕووی خشتەو شیکارکردنیان و باسی دووەمی ئەم بەشەش گفتوگۆی ئەنجامی ئامانج و گریمانەی توێژینەوەکە شیکار دەکات. هەروەها باسی سێیەمیش ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاسپاردەو پێشنیارەکان باس دەکات و پۆلێنکردن و شیکردنەوەی ئەو داتا ئامارییانەی لەڕێگەی فۆرمی پێوانەی ڕاپرسییەوە بەدەستهێنراون لەم توێژینەوەیەدا. پاشان بە پێشکەشکردنی چەند ڕاسپاردەو پێشنیارێک، توێژەر کۆتایی بە توێژینەوەکەی هێناوە.

# دەروازەی یەکەم

# لایەنی تیۆری

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### باسی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو

کتێبی هەواڵنامەی

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

- کێشەی توێژینەوەکە
- گرنگی توێژینەوەکە
- ئامانجی توێژینەوەکە
- گریمانەی توێژینەوەکە
- جۆری توێژینەوەکە
- میتۆدی توێژینەوەکە
- بوارەکانی توێژینەوەکە
- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە
- نموونەی توێژینەوەکە
- ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە
- ئامڕازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە

کتێبی هەوڵنامە

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

**کێشەی توێژینەوەکە (The Problem of the Research)**

دەستپێکی هەرتوێژینەوەیەک بریتییە لەبوونی کێشەیەک، دیاردەیەک یان بابەتێک، کە سەرنجی توێژەری ڕاکێشاوە و بیرو هزری داگیر کردووە، بەجۆرێک کە توێژینەوەکردن دەربارەی بە گرنگ و پێویست دەزانێت. بۆ ئەمەش ئەو کێشە یان دیاردەیە لەژێر ناوی کێشەی توێژینەوە بەشێوەی پرسیار دەخاتەڕوو، هەوڵدەدات لە میانەی توێژینەوەکەی بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بگاتە وەڵامی ئەو پرسیارانە (دواس، ١٣٨٥: ١٧).

ناسنامە، وەک تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی، چەندین ئەرک بەجێدەهێنێت، لە گرنگترینیان پارێزگاری و بەرگریکردنە لە کولتوور. ئەوەش وا دەکات، ناسنامە بەهێزو ڕەگداکوتراو بێت و لە بونیادی کۆمەڵگەدا جێی دیارو بەرچاوی هەبێت. بێگومان ناسنامە هەروا بە ئاسانی دروست نابێت، بەڵکو بەرهەم و ئەنجامی چەندین کارلێک و پرۆسەی ئاڵۆزە، دەرئەنجامی ئاوێتەبوونی مێژووە لەگەڵ ئێستاو داهاتوودا. هاوکات ناسنامە شێوازێکی جێگیری نییە، بەڵکو دەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕان و پێشکەوتنەکانی سەردەم، کە گرنگترینیان دیاردەی بە جیهانیبوونە.

بەجیهانیبوونی کولتوور دیارترین لێکەوتەی ئەو پێشکەوتنانەن، کە ئەم سەردەمە بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەت لە بواری تەکنۆلۆجیاو زانیاری. لە دیارترین جۆری بەجیهانیبوونیش، بەجیهانیبوونی کولتوورە، کە کاریگەری لەسەر کولتووری کۆمەڵگەکان هەیە. ئەمەش بەشێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، بەتایبەت لەسەر توێژی گەنجان، لە ڕووی زمان و بەهاو شێوازی ژیان، کە پرەنسیپی پێکهێنانی ناسنامەی تاکن لەکۆمەڵگەدا.

بەجیهانیبوونی کولتوور لە ئەمڕۆدا قۆناغێکی زۆری بڕیوە، بەجۆرێک بۆتە ڕەوشێک کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات، یان لەدەرەوەی ئەو سیستەمە بژی. هیچ بژاردەیەک نییە کە بەجیهانیبوون پەسەند بکرێت یان نا، بەڵکو ئەم سیستەمە بۆتە قەدەرێکی حەتمی لەژیانی هەمووواندا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەت لە نێو توێژی گەنجدا.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە پەیوەستە بەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا هاتووە، بە لایەنی پۆزەیڤ و نێگەتیڤەوە. کە هەموویان جێکەوتی دیاریان هەبووە لەسەر دەرکەوتنی چەندین گۆڕانی کولتووریی، بەتایبەتی لە لایەنی ناسنامەی گەنج و ڕێکخستنی ناسنامەکەی لەچوارچێوەی ناسنامەی کولتووری جیهانیدا.

کێشەی ئەم توێژینەوەیەش هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە بەجیهانیبوونی کولتوور تا چ رادەیەک کاریگەری کردووەتە سەر ناسنامەی گەنج لە ناو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان؟ بەتایبەت زانکۆکانی (سلێمانی، سەلاحەدین، دهۆک، هەڵەبجە).

**گرنگی توێژینەوەکە (The Significance of the Research)**

گرنگی توێژینەوەکە لە دوو تەوەرەی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە، گرنگی تیۆری و گرنگی پراکتیکی.

**١-گرنگی تیۆری:**

لەڕووی تیۆرییەوە، وەکو هەر توێژینەوەیەکی دیکە سەرەڕای تیشک خستنەسەر ئەو توێژینەوە و پەرتووکانەی لەسەر بابەتەکە نووسراون گرنگی خۆی هەیە، دەبێتەهۆی کەڵەکەبوون و بەرەوپێشچوونی زانستی لە بوارەکانی کۆمەڵناسی گشتی، کۆمەڵناسی بەجیهانیبوون و کۆمەڵناسی گەنجدا. وەک هەر توێژینەوەیەکی زانستی، ئەم توێژینەوەیەش دەیەوێت دەرەنجامی زانستی بەدەست بخات، بەو مەبەستەی ئەم دیاردەیە زیاتر بناسرێت و بتوانین زانیاری زیاتر لەوبارەوە دەستەبەر بکەین. هەروەها گرنگییەکی تری توێژینەوەکە لەوەدایە، کە یەکەم توێژینەوەیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان (ئەوەندەی ئاگادارین) ئەنجامدرابێت لەبواری بەجیهانیبوونی کولتوورو ناسنامەدا. گرنگی ئەم بابەتە لەگرنگی توێژی گەنجدا خۆی دەبینێتەوە، وەک ڕەگەزێکی بەرهەمهێن لە کۆمەڵگەدا، چونکە ئەوان هێزی کارو گۆڕانکاری کۆمەڵگە دیاریدەکەن.

**٢-گرنگی پراکتیکی:**

لەڕووی پراکتیکییەوە ئاماژە بەو داتاو زانیارییانە دەدات، کە لە ڕەوشی کۆمەڵگەی لێتوێژراوەوە دەستدەکەوێت و ڕاستێتی ئەو بابەتە دەخەنەڕوو کە توێژەر هەڵوەستەی لەسەر کردووە، هەروەک یارمەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەدات، بۆ ئەوەی بە بەرچاو ڕوونییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ بابەتەکەدا بکەن، بە سوود وەرگرتن لەئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیازەکانی توێژینەوەکە.

**ئامانجی توێژینەوەکە (The Aims of the Research )**

هەر توێژینەوەیەک ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە کە لەلایەن توێژەرەوە دیاریدەکرێن. ئەو ئامانجانەش دەبنە بەرچاو ڕوونییەک بۆ توێژەر، لەچۆنیەتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی و کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان دەربارەی گرتنەبەری ڕێوشوێنە زانستییەکانی دیکەی توێژینەوە. ئەم توێژینەوەیەش وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، کە ئەمانەن:

**ئامانجی سەرەکی:**

زانینی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لە هەرێمی کوردستان.

**ئامانجی لاوەکی**

١. زانینی ئاستی تێگەشتنی گەنجان بەرامبەر بەجیهانیبوونی کولتوور.

٢. زانینی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی زمانەوە.

٣. زانینی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی بەهاوە.

٤. زانینی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی (شێوازی ژیان) ەوە.

٥. زانینی کاریگەری بە جیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، زانکۆ، پسپۆڕی).

## گریمانەکانی توێژینەوەکە( The Hypotheses of the Research )

1. کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لەهەرێمی کوردستاندا لەئاستێکی بەرزدایە.

٢. بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی گۆڕینی زمانەوە.

٣. بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی گۆڕینی بەهاوە.

٤. بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی (شێوازی ژیان) ەوە.

٥. کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، زانکۆ، پسپۆڕی) لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نییە.

## جۆری توێژینەوەکە (Research tip)

سروشتی بابەتەکە یارمەتی دیاریکردنی شێوازی توێژینەوەکەو ئەو میتۆدانە دەدات، کە لە توێژینەوەکەدا دەبێت بەکاربهێنرێن، چونکە بەجیهانیبوون فرەڕەهەندەو جێکەوتەکانی بە گشتی لە هەموو ڕوەکانەوە لە سەر تاک و کۆمەڵگە دەردەکەوێت و ڕەنگ دەداتەوە. لەپێناو بەدەستهێنانی داتای پێویستیشدا، جۆری توێژینەوەکەمان لەجۆری (وەسفیی شیکاری) ە، بە ئامانجی بەدەستهێنانی زانیاری پێویست لەڕێگەی ئەو پرسیارانەی ئەنجامدراون لە ڕێگەی فۆرمی پێوەرییەوە. هەوڵدەدات کە کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج شیکار بکات.

## میتۆدی توێژینەوەکە (Research Methods)

دیاریکردنی میتۆد پێویستە لە توێژینەوەی زانستیدا، ئەوەش بۆ گەیشتن بە چەند دەرەنجامێکی بابەتیی و بەدەستخستنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە. مەبەست لە میتۆدی توێژینەوە ئەو ڕێساو ڕێبازانەیە کە لە توێژینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکاندا بەشێوازێکی زانستی دەگیرێتە بەر. ئەو میتۆدە بە قۆناغی دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکەو کۆکردنەوەی داتاکان لە مەیداناو چارسەرکردن و شیتەڵکردنیاندا تێدەپەڕێت، ئەمەش ڕێگەیەکی زانستیە توێژەر دەیگرێتەبەر لە توێژینەوەیدا بۆ بابەتێکی دیاریکراو.

بەکارهێنانی میتۆدی زانستی، توێژینەوەکە بەهێزتر دەکات و پەسەندتر دەبێت، هەروەک چۆن هاوکاری دەکات لە تێگەیشتنێکی باشتر بۆ کێشەی توێژینەوەکەو دروستکردنی داتای شیاو بۆ ئەوەی بەراوردبکرێت و بتوانێت ڕەهەندە کولتوورییە زیادەکانیش دەربخات. ئەوەش ڕێگەخۆش دەکات بۆ ئەوەی توێژەر بەشێوەیەکی باشتر تێبگات و زیاتر پەرەپێبدات، بۆ جەختکردنەوە لەسەر ڕەوش

ئەنجامی توێژینەوەکە (Boyatzis،1998: 28). ئەم توێژینەوەیە لەو روانگەیەوە توێژینەوەیەکی چەندێتییە، بۆ ئەو مەبەستەش سوودی لە میتۆدی ڕوماڵی کۆمەڵایەتی بەنموونە ( Social Survey Method) وەرگرتووە. بۆ گەیشتن بەو راستیانەی پەیوەستن بە کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج.

**<u>بوارەکانی توێژینەوەکە (Fields) of the Research</u>**

هەموو توێژینەوەیەک سێ بوار لە خۆی دەگرێت:

**بواری مرۆیی:**

مەبەست لە بواری مرۆیی لەم توێژینەوەیەدا خوێندکارانی بەکالۆریۆس وەک توێژی گەنج لە زانکۆکانی پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق لە کۆلیج و بەشە جیاوازەکاندا بۆ ساڵی خوێندنی (2021-٢٠٢٢) لە دەوامی بەیانیان.

**بواری شوێن:**

مەبەستمان لەو ژینگەو ناوچە جوگرافییەیە کە توێژینەوەکەی تیدا ئەنجامدراوە، ئەویش زانکۆ حکومیە سەرەکییەکانن لە پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان – عیراق، (زانکۆکانی دایک) بەنموونە (سلێمانی، سەلاحەدین، دهۆک و هەڵەبجە).

**بواری کات:**

مەبەست لەبواری کاتی، ئەو کاتەیە کە توێژەر پێویستی پێیەتی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی لەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکە لە ماوەی (٢٠٢١\١٠\١٥) بۆ (٢٠٢٢\٤\١).

**<u>کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (Research Population)</u>**

مەبەست لە کۆمەڵگەی توێژینەوە هەموو ئەو تاکەکەس، گروپ و رێکخراو و قەوارانەن کە توێژەر هەوڵدەدات لێیان تێبگات، یان ئەوەی دەیەوێت ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی بەسەریاندا بگشتێنێت ( Neuman،2014: 213 ). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە گەنجانی هەرێمی کوردستانن، بەڵام ڕەنگە پێویست بکات دیاری بکەین گەنج کێیە؟ چونکە زۆر پێویستە توێژەر سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوەی خۆی بە روونی دەستنیشان بکات. بۆیە دەبێت بزانین (گەنج) بە چ گروپێکی وتوێژێکە تەمەنی دەگوترێت، هەڵبەت جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان توێژەراندا لە دەستنیشانکردنی چەمکی گەنج.

نەتەوە یەکگرتووەکان گەنج بەو گروپ وتوێژەی تاکەکان دادەنێت کە تەمەنیان لەنێوان (١٥-٢٤) ساڵیدایە (الامم المتحدة، ٢٠١٠: ٢). لە عێراقدا هێشتا ڕێککەوتن لەسەر تەمەنی گەنج نییە بەپێی ڕووپێوی هەڵوێست، زانین و پراکتیکی گەنجان لە (٢٠٠٤) تەمەنی گەنج لەنێوان (١٠-٢٤) ساڵدا دیاریکراوە (الجهاز المركزي للاحصاء وتكنولوجيا المعلومات، ٢٠٠٤). ڕاپۆرتی گەشەپێدانی مرۆیی نیشتیمانی ساڵی (٢٠١٤) گەنج پێناسە دەکات بەو گروپەی تەمەنیان لەنێوان (١٥-٢٩) ساڵیدایە (بيت الحكمة والجهاز المركزي للاحصاء، ٢٠١٤). هەندێک توێژەر پێیانوایە لە (١٧-٢٧) ساڵی یان زیاتر قۆناغی گەنجیەتییە، بەڵام هەندێک لە توێژەران، واتە ئەوانەی قۆناغی گەنجیەتی بە (١٥) ساڵی دەستنیشان دەکەن، ئەوا بە (٣٠

ساڵی کۆتایی پێدەهێنن. هەندێکی تریشیان بە (١٦– ٣٥) ساڵی دەستنیشانی دەکەن. هەندێکی تر پێیانوایە لەنێوان (١٣– ٤٠) ساڵی دایە. هەندێکی تریشیان پێیانوایە ئەم قۆناغە لەماوەی پێش کامڵبوونەوە دەستپێدەکات و بە گەنجیەتی یان ماوەی دووەمی گەنجیەتی کۆتایی دێت. لە سەرەتای حەفتاکاندا زانایانی کۆمەڵناسی ماوەی لاوێتییان (بەتایبەت گەنجی زانکۆ) لە توێژێکی تەمەنیدا داناوە، کە دەکەوێتە نێوان (١٥– ٢٥) ساڵی (صالح، ٢٠١٠: ١٢).

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تەمەنی گەنج لەنێوان (١٨–٢٥) ساڵیدا دیاریدەکەین، لە زانکۆکانی کوردستان ساڵی خوێندن (٢٠٢١–٢٠٢٢) هەڵبژێراون کە خوێندکارن، بۆ ئەوەی ئەو نموونەش بتوانێت نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوکە بکات، جەختمان کردۆتەوە لەسەر قەبارەی توێژینەوەکە، کە ژمارەیان (٧٣٧٥٦) کۆی گشتی خوێندکارە بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێی زانکۆ حکومییەکان لە پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان – عیراقدا (زانکۆکانی سلێمانی، سەلاحەدین، دهۆک و هەڵەبجە). لەوانە زانکۆی سەلاحەدین (٢٤٤٦٧) خوێندکار و زانکۆی سلێمانی (٢٣١٨٧) و زانکۆی دهۆک (٢٢٨٩٧) و زانکۆی هەڵەبجە (٣٢٠٥)، کە ئەو چوار زانکۆیە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێنن، (بڕوانە خشتەی ١). واتە لەهەر توێژێک پشکێکی جێگیر وەرگیراوە، بە پشت بەستن بە زانیارییە ئامارییەکانی بەشی پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەڕێوبەرایەتی پلاندانان وئامار (بڕوانە پاشکۆی٧).

ئەم ڕێبازە دەتوانێت داتا و زانیاریی باشمان لەسەر ڕێژەی هەر کۆمەڵگەیەکت بداتێ، پاش ئەوەی پۆلێن دەکرێن بۆ چەند یەکەیەکی کۆمەڵایەتی ( (Bryman 2012: 210. بە هۆی ڕێژەی زۆری کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمانەوە نەمانتوانیوە ڕووپێوییەکی گشتی بکەین، بۆ وەرگرتنی ئامارەکە پشتمان بەستووە بە هاوکۆلکەی کۆکران بۆ قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە. بە پێوەری ئاستی متمانەی (٩٥%) وە ڕێژەی ئاستی هەڵە (٥%)، بەوپێیە ئاماژە دەدات کە ژمارەی نموونەکە (٣٨٤) خوێندکار وەردەگیرێت لە سەرجەمی چوار زانکۆ سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستانە (بڕوانە پاشکۆی ٨).

ئەم شێوازە لە توێژینەوەی دیاردەو کێشەکانی کۆمەڵگە خۆجێییەکان بەشێوەی قۆناغبەندی، یاخود فرە قۆناغە. لە قۆناغی یەکەمدا ئاشنا دەبێت بەکۆمەڵێک یەکە، پاشان ئەو کۆمەڵە یەکە لەڕێگەی تیروپشکەوە بچوک دەکەینەوە بۆ چەند یەکەی دیکەو چەند بەشێکی بچوکتر پشتی پێدەبەسترێت، بۆ ناسینی یەکە بە یەکەی نموونەکە، بەو شێوەیە زانیاری لەبارەی توێژەرەکانەوە کەڵکە دەبێت و یەکەی بچوکتر کە پەیوەندییان بەو بابەتەوە هەبێت و بەشداربن لە پرۆسەی گۆڕاندا (Creswell 2005: 144).

**نموونەی توێژینەوەکە (Research Sample)**

نموونە وەرگرتن پێناسەکراوە بەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنی یەکەکانی نموونەیە لەناو دانیشتوواندا، بۆ خەملاندنی پارامێتەرەکانی دانیشتووان، بەڕێگایەک کە نموونەکە بەڕاستی نوێنەرایەتی دانیشتووان بکات( الزیودی،2006:٦٩).

ئامانجی سەرەکی لە نموونە وەرگرتن ئەوەیە کە نموونەکە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوە بکات. پرۆسەی دڵنیابوون لەوەی نموونە گوزارشت لە کۆمەڵگە دەکات. گوزارشتکردن یان نوێنەرایەتیکردنێکی دروست، بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت لە گرێنتیکردنی وردی و بابەتیبوونی توێژینەوە. بۆ ئەوەی ئەوەش بێتەدی پێویستە توێژەر یەکەمجار ئەو کۆمەڵگەیەی لێی دەکۆڵێتەوە بەوردی دەستنیشان بکات و ئەگەر بکرێ لیستێکی یەکەکانی ئامادە بکات، دواتریش نموونە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێرێت بێ لایەن بکات (الزیودی، ٢٠١٦: ٢١٣). وەرگرتنی نموونەکە بەگوێرە زانکۆکان دابەشکراوە بەسەر (٤) زانکۆدا. نموونەکەمان لە خوێندکارانی زانکۆ وەردەگیرێن، بەڵام بۆ ئەوەی نموونەکەمان گوزارشت لە کۆمەڵگەی توێژینەوە بکات، بڕیارماندا زیاد لە زانکۆیەک و زیاد لە شارێک نموونەکەمان وەرگرین. لەبەرئەوەی ژمارەی زانکۆکان زۆر بوو، بەباشمانزانی زانکۆ سەرەکییەکان لە ناوەندی هەر پارێزگایەکی هەرێم وەرگرین کە بە (زانکۆکانی دایک) ناسراون. بەو شێوەیە ئێمە چوارچێوەی نموونە وەرگرتنمان دیاریکرد لە هەر چوار زانکۆی (سلێمانی، سەلاحەدین، دهۆک و هەڵەبجە) کە ژمارەیان دەگاتە (٣٨٤) خوێندکار.

نموونەی توێژینەوەکەمان لە جۆری هەڕەمەکی چینایەتییە (Stratified Random Sample). هۆکاری وەرگرتنی ئەو نموونەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەمانەوێ بزانین خوێندکارانی هەر زانکۆیەک (گەنجانی هەر پارێزگایەک) چەندە بە جیهانیبوونی کولتوور کاریگەرن و چ جیاوازییەک لە نێوانیاندا هەیە. لە زۆر لە توێژینەوەکاندا، لەسەر قەبارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ژمارەیان (٧٣٧٥٦) کۆی گشتی خوێندکارە بە هەردوو رەگەزی نێر ومێ زانکۆ حکومیەکانی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عیراق، زانکۆکانی دایک (سلێمانی، سەلاحەدین، دهۆک و هەڵەبجە). زانکۆی سەلاحەدین (٢٤٤٦٧) خوێندکار و زانکۆی سلێمانی (٢٣١٨٧) وزانکۆی دهۆک (٢٢٨٩٧) و زانکۆی هەڵەبجە (٣٢٠٥) کە ئەو چوار زانکۆیە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێنن نموونەکە (٣٨٤) خوێندکار وەردەگیرێت لە سەرجەم زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (زانکۆکانی دایک) توێژەر هەوڵدەدات نموونەکەی بەشێوەیەک هەڵبژێرێت کە دڵنیابێت بەشە گروپەکان (Sub-groups) بەهەمان ئەو رێژەیەی لە کۆمەڵگەدا هەن وەک نوێنەری کۆمەڵگەی توێژینەوە لە نموونەکەشدا ئامادەییان هەبێت. بەم جۆرە نموونەیە دەگوترێت نموونەی هەڕەمەکی چینایەتی (Bhattacherjee 70،2012). لەخوارەوە ئاماژە دەدەین بە شێوازی وەرگرتنی کۆمەڵگەی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی یاسای کۆکران (**cochran rule**) :

$$n_0 = \frac{Z^2 pq}{e^2}$$

$$n = \frac{(1.96)2\ (0.5)\ (0.5)}{(0.005)2}$$

$$= \frac{0.96}{0.0025} = 384$$

خشتەی (١)

کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە

| ژمارە | زانکۆ | ژمارەی خوێندکار | ڕێژەی سەدی | ژمارەی نموونە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سەلاحەدین | ٢٤٤٦٧ | %٣٣.٢ | ١٢٧ |
| ٢ | سلێمانی | ٢٣١٨٧ | % ٣١,٤ | ١٢١ |
| ٣ | دهۆک | ٢٢٨٩٧ | % ٣١ | ١١٩ |
| ٤ | هەڵەبجە | ٣٢٠٥ | % ٤,٣ | ١٧ |
| | کۆی گشتی | ٧٣٧٥٦ | | ٣٨٤ |

**ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە (DataInformation collection of the Research tools)**

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری زۆرو جۆراوجۆرن، لەسەر توێژەر پێویستە ئامرازی گونجاو بەکاربهێنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی تایبەت بەتوێژینەوەکەی، لێرەدا پێوەر ئامرازێکی زانستییە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەبارەی تاکەکانی لێکۆڵینەوەوە. پێوەر وەک پرۆسەیەکی گرنگ لە توێژینەوەی ئەکادیمی و زانستیدا سەیر دەکرێت، بۆ ئاشنابوون بە ڕاو بۆچوون و ئاراستەی تاکەکان سەبارەت بە بابەتە جیاوازەکان. یاخود جۆرێکە لەبەراوردکردن بەشێوەی ژمارەیی، بەراورد لەلایەنی چۆنێتیەوە دەست پێدەکات و بە لایەنی چەندێتی کۆتایی دێت، ئامانجی سەرەکیش لە پێوەرەدا ئەوەی کە ئاراستەی توێژراوەکان دیاری بکرێت ، یان ڕەهەندە راستەقینە کۆمەڵایەتییەکان دەربخرێن و پلەیەکی پێوانەیی دابنرێت لەنێوان دوو جەمسەری جیاوازدا (قنـدبلجي، ٢٠٠٨: ١٢٦). لەم توێژینەوەیەدا پێوەری لیکرێت (Likret Scale) بەکارهێنراوە، ئەم ڕێبازە بریتییە لە پێوەرێکی مەودایی Interval Scale) ) و تێیدا پێنج جێگرەوەکە بەکاردەهێنرێن، واتە (زۆر لەگەڵیدام – لەگەڵیدام – بڕیارم نەداوە – لەگەڵیدا نیم –هیچ لەگەڵیدا نیم) (الهمـالي، ٢٠٠٨: ١٩٦).

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (لیکرێت) بەکارهێنراوە بۆ پێوانەکردنی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنجی زانکۆ و دیاریکردنی ئاراستەی گەنجی زانکۆ و پێوانی ئەو ئاراستانە، پێوەرە نموونەییەکە کۆمەڵێک برگە لەخۆدەگرێت بۆ لێتوێژراوەکان، بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەخرێتە بەردەستیان و ئەوانیش وەڵامەکانیان دەنوسن. پرۆسەی دیزاینکردنی پێوەرەکەش بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە کە ئەمانەن:

## قۆناغی یەکەم: ئامادەکردنی پێوەر

ئامادەکردنی پێوەرەکە بەچەند هەنگاوێکدا تێدەپەڕێت کە ئەمانەن:

### ١. خوێندنەوەی بابەتی تیۆر و سەچاوە

ئەم فۆرمە پاش ئەوە هاتووە کە توێژەر چەندین توێژینەوەی پەیوەست بەم بابەتەی بینیوەو خوێندۆتەوە، هەروەها ئەو بەرهەمە تیۆرییانەی خوێندۆتەوە کە لەوبارەیەوە نووسراون. ئەو توێژینەوانەی باسی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور دەکەن لەسەر ناسنامەی گەنج، ئینجا لەمیانەی ئەو چاوپێکەوتنانەی توێژەر ئەنجامیداون لەگەڵ کۆمەڵێک ئەکادیمی و پسپۆڕ و هاوکارەکانی خۆی، سەبارەت بە بابەتی بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامە، دنیابینییەکی تر لای توێژەر دروستبووە، سەبارەت بە کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج. سەرەرای خوێندنەوەو پێداچوونەوەی ئەو نوسراو، بابەت و پێناسانەی کە توێژەر لە سەرچاوە زانستییەکانەوە دەستیکەوتوون بۆ سوودوەرگرتن لەلایەنی تیۆریی توێژینەوەکە، کە هاوکارێکی باش بووە لە داڕشتن و دروستکردنی کۆمەڵێک بڕگەی پێوەرەکە.

### ٢. فۆرمی ڕاپرسی پێشوەخت (الا ستمارة الاستطلاعية) :

لەم قۆناغەدا توێژەر فۆرمی ڕاپرسی پێشوەخت بەسەر کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆدا دابەشکردوە وەک گەنجی زانکۆ کە تێیدا سێ پرسیاری خستوەتە ڕوو:

أ- مەبەست لە بەجیهانیبوونی کولتوور چییە؟

ب- گرنگترین بەشەکانی ناسنامە کامانەن کە بەرکەوتەی گۆڕانکاریەکانن؟

ت- کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور چۆن دەبینی لەسەر ناسنامەی گەنج ؟

ئەو پرسیارانە ئاراستەی کۆمەڵێک لە خوێندکار لەهەردوو ڕەگەز کراوە، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە کۆلێژەکانی زانکۆی پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان. بۆ هەر زانکۆیەک (١٠) خوێندکار وەڵامی داوەتەوە، بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەڕای خوێندکارەکان بۆ داڕشتنی هەندێک لەبڕگەی پرسیارەکان بۆ سودوەرگرتن لە ڕاو بۆچونیان. لەوبارەوە بۆ دەرخستنی زانیاری دروست لە سەر واقیع، توانای باشیان هەیە لە گوزارشتکردن لە بیروبۆجوونی خۆیان. هەروەها بۆ بەدەستهێنانی هەندێک زانیاری و پێوانەی بەجیهانیبوونی کولتوورو کاریگەری لەسەر ناسنامەی گەنج دەردەخات، ژمارەی ئەم فۆرمانە (٤٠) فۆرمە، کە بە شێوەی چاوپێکەوتن ئەنجامدراوە (بڕوانە پاشکۆی١).

### ٣. فۆرمی پێوەر:

لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەنگاوانەی پێشوو، توێژەر هەندێک بڕگەی لا دروست بوە کە فۆرمی پێوەری بەشێوەی سەرەتایی داڕشت، ئەوەش پاش ئەوە دێت کە شیکردۆتەوە بۆ چەند پێکهاتەیەک، کە لە (٩٠) بڕگەدا داڕێژراوە، کە لەدوو بەشی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش (زانیاریەکانی تایبەت بە لێتوێژراوان، زانیاریەکانی تایبەت بە پێوەری بەجیهانیبوونی کولتوور وەک بەهاو زمان و ڕەگەزە مادیەکان (شێوازی

ژیان)، ئەو بەشەی تایبەت بووە بەزانیاریەکانی تایبەت بە بەجیهانیبوونی کولتوور دابەشبووە بەسەر (٣) تەوەردا، یەکەم تەوەر (زانیارییەکانی تایبەت بە بەجیهانیبوونی کولتوور)، دووەم تەوەر (زانیاریەکانی تایبەت بە ناسنامەی گەنج)، تەوەری سێیەم (زانیارییەکانی تایبەت بە بەجیهانیبوونی کولتوورو ناسنامەی گەنج) لە دارِشتنی برِگەکەکاندا رِەچاوی گونجاوی کراوە هەندیک پرسیاری لابراوە، برِگەکان وا دارِێژراوە، کە بگونجێت لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا (برِوانە پاشکۆی ٢).

**قۆناغی دووەم: تاقیکردنەوەی راستتیەتی پێوەرەکە (Validity) :**

مەبەستی لە دروستی و شیاوێتیی برِگەکانی راپرسیەکەو دڵنیابوونە لە پەیوەندیی پرسیارەکان بەبابەتی توێژینەوەکەوە (الحسن 2005 :142،). توێژەر فۆرمی پیوانەی راپرسیەکەی لە کۆتاییدا پیشانی چەند شارەزایەک داوە کە مامۆستای پسپۆربوون لەو بوارەدا بەمەستی تاقیکرنەوەی راستی برِگەکانی ئەم پێوەرە و دڵنیابوون لە گونجاوی لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە، تاکو بەبۆچوونی ئەوان ئاشنا بێت و دڵنیابێتەوە لە راست و دروستی راپرسیەکە. بۆ ئەمەش توێژەر شێوازی راستگۆیی، تاقیکردنەوەی راستگۆیی بەکارهێناوە، کە بریتییە لە دابەشکردنی فۆرمەکە بەسەر پسپۆران و شارەزایانی بوارەکەدا بەمەبەستی زانینی را و بۆچوونیان لەسەر برِگەکانی پێوەرەکە. بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر فۆرمەکەی خستە بەردەست (١٥) پسپۆر لە بوارە جیاوازەکاندا بەگشتی تێبینی پسپۆران لەسەر شێوازی رێکخستنەوەی برِگەکان و پەکخستنی هەندێک لە برِگەکان و دانانی برِگەی نوێ بووە لە جێگایان لەم توێژینەوەیەدا راستی رواڵەتی بەکار هاتوە کە بەهاکەی دەکاتە (٩٥%) (برِوانە پاشکۆی ٣)، ئەویش لەبەر رۆشنایی و تێبینیە بەسودەکانی مامۆستایان ئەنجامی داوەو ئەنجامی تێکرای پلەی راستگۆیی پێوەرەکەش دەرچووە.

**قۆناغی سێیەم: جێگیریی پێوەرەکە (Relibility) :**

مەبەست لە جێگیری واتە هاوسایەبوون و لێک نزیکبوونی دەرەنجامەکانی راپرسیەکە زیاتر لە جارێک، ئەویش بریتییە لە هاورِەوت بوون و وردەکاری لەپێوانداو جێگیریی وەڵامەکان لەسەر تاقیکردنەوەکە (2012:58،Bhattacherjee).

شێوازە ئامارییەکان بۆ پێوانی جێگیری چەند جۆرێکن، توێژەر بۆ دەرهێنانی جێگیری لەم توێژینەوەیەدا دوو رێگەی بەکارهێناوە، ئەوانیش (سەرلەنوێ تاقیکردنەوە، ئەلفا کرونباخ) ن رێبازی سەرلەنوێ تاقیکردنەوە، واتە تاقیکردنەوەی لەسەر کۆمەڵێک خەڵک و پاش ماوەیەک هەمان تاقیکردنەوە لەسەر هەمان کۆمەڵ دوبارەکراوەتەوە. دواتر توێژەر راپرسیەکەی لەسەر (١٥) توێژراو لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە (خوێندکارانی زانکۆن) تاقی کردۆتەوە، ئەویش بە دوبارە تاقیکردنەوەی لەسەر هەمان توێژراوانی پێشووپاش (١٥) رۆژ، دواتر بۆچونەکانی کراوەتە ژمارە و لە پێوەری ئاماریدا بەکارهێنراون کە هاوکۆلکەکانی (ئەلفا کرۆنباخ). بەکار هاتوە بۆ جێگیری فۆرمی پێوەرەکە. جێگیریی پێوەرەکە برِگەکانی نێوان (٨٠%–٩١%) روون دەکاتەوە، هەموو پێوەرەکەش گەیشتۆتە (٩٥. ٠%). هۆی

دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هاوکۆلکەی ئەلفاکرۆنباخ لەو داتایەدا بەهایەکی بەرزی هەیە بەراورد بە داتا کەمەکان. لەهەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەکات پەیوەندیەک هەیە لەنێوان بڕگەکان و بەهای ئەلفاکرۆنباخ لەهەر بڕگەیەکدا،رونیدەکاتەوە، کە پێوەرەکە جێگیریی بەرزی هەیەو شیاوی جێبەجێکردنە. کە ئاماژەیە بۆئەوەی فۆرمی ڕاپرسییەکە جێگیرەو توێژەر دەتوانێت پشتی پێببەستێت لە توێژینەوەکەیدا (بڕوانەپاشکۆی5).

**قۆناغی چوارەم: دیزاینکردنی فۆرمی پێوەری کۆتایی (تصميم استمارة المقياس النهائي)**

پاش ئامادەکردنی فۆرمی پێوەرو تاقیکردنەوەی ڕاستی و دروستی و جێگیری ئینجا توێژەر دارشتنەوەی کۆتایی کردوەو ئەو داڕشتنەوەیش چەندین داتای سەرەتایی و داتای پەیوەست بە کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەخۆگرتوە. بەشێوەی کۆتایی دوای بەئەنجام گەیاندنی ڕێوشوێنە زانستییەکان و دڵنیابوون لە گونجاوی بڕگەکان، شێوەی کۆتایی پێوەرەکە ئامادەکرا، بڕوانە پاشکۆی (5) کە پێکهاتووە لە دوو بەشی سەرەکی:

**بەشی یەکەم:** کۆمەڵێک پرسیاری تایبەت بە خوێندکارانە کە لە (٤) گۆڕاوی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە، (ڕەگەز، تەمەن، زانکۆ، پسپۆڕی).

**بەشی دووەم:** تایبەتە بەو بڕگانەی کە پەیوەندیان هەیە بە (بەجیهانیبوونی کولتوور) و (ناسنامەی گەنج) و (بەجیهانیبوونی کولتوورو ناسنامەی گەنج) لەم تەوەرەدا خراوەتەڕوو. دواتر پێوەرەکە دابەشکراوە بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بڕوانە پاشکۆی (٥).

**قۆناغی پێنجەم: ڕاستکردنەوەی پێوەر (تصحيح المقياس) :**

دیاریکردنی بڕگە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی پێوەرەکە لە ڕێگەیپێدانی نمرە بە وەڵامەکان ڕاستکراوەتەوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بڕگانەی ئەرێنین و کێشی (١،٢،٣،٤،٥) یان پێدراوە، بڕگە نەرێنییەکانیش کێشی (٥،٤،٣،٢،١) یان پێدراوە و جێگرەوەکان (زۆر لەگەڵیدام – لەگەڵیدام – بڕیارم نەداوە – لەگەڵیدا نیم – هیچ لەگەڵیدا نیم) وەک لە (خشتەی ٢) دا هاتووە.

خشتەی (٢)

هێزی بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوە بەپێی پێوەری لیکرت (Likert Scale)

| هێزی بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | بڕیارم نەداوە | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدا نیم |
|---|---|---|---|---|---|
| بڕگە ئەرێنییەکان | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
| بڕگە نەرێنییەکان | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |

هەروەها بۆ دیاریکردنی ئاستی بایەخدان و ئاستی کێشەی هەر بڕگەیەک، سوود وەردەگرین لە دیاریکردنی تێکڕای هەژماری هەر بڕگەیەک. بۆ شیکردنەوەش سوود وەرگیراوە لە شیکاری (لیکرت) بۆ بژاردەکان، بەتایبەتی ئەو بژاردانەی پەیوەستن بە ئاستی بۆچوونەکان و ئاراستەکانی تێکڕای

هەژماری وەک ئەمەی خوارەوە:بڕگەکان وجێگرەوەکان وکێشی جێگرەوەکان (Bryman. 2012:239) : بڕوانە خشتەی (٣).

$$\text{درێژی ماوە} = \frac{\text{کۆی هەڵبژاردنەکان}}{\text{کۆی هەڵبژاردنەکان}} = \frac{٤-١}{٥} = ٨.٠$$

خشتەی (٣)

بەهای ناوەندە ژمێرەییەکان بڕگە ئەرێنییەکان و بڕگە نەرێنییەکان

| ناوەندە ژمێرەیی | بڕگە ئەرێنییەکان | بڕگە نەرێنییەکان |
|---|---|---|
| ١-١. ٨ | ئاستی هاوڕا زۆر لاوازە | ئاستی هاوڕا نەبوون زۆر لاوازە |
| ١. ٨-٢. ٦ | ئاستی هاوڕا زۆربەهێزە | ئاستی هاوڕا نەبوون زۆربەهێزە |
| ٣. ٤-٤. ٣ | ئاستی هاوڕا بەهێزە | ئاستی هاوڕانیم لاوازە |
| ٤. ٢-٥ | ئاستی هاوڕا بوون زۆربەهێزە | ئاستی هاوڕا نەبوون زۆر لاوازە |
| | | (شيبلي. ٢٠٠١: ٩٧) |

**ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە (Means of Statistics)**

میتۆدی ئاماری ڕێبازێکی ڕێکخراوە بۆ پوختکردنەوەی زانیارییەکان و ڕێکخستنیان و دواتر شیکردنەوەیان و دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان سیفاتی زانیارییەکاندا، گۆڕاوە توێژراوەکان، دەرهێنانی دەرەنجامەکان لەداتاکان و دواتریش دارشتنی یاساو ڕێساکان، بۆ خەملاندنی تێبینیە دوبارە بۆوەکان، شێوازی زانستی دەدات بە توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان. ئەم ڕێبازە بەشێوەیەکی پلەبەندی هاتۆتە ناو کایەی توێژینەوە کۆمەلایەتییەکان، یەکەم کەسیش کە ئەم ڕێبازەی بەکارهێناوە پیرسۆن و فیشەر بوون لە وڵاتی بەریتانیا (بوضرغم،٢٠٠٠: ٢٠). توێژەر میتۆدی ئاماری وەسفی بەکارهێناوە، لەوانە: ڕێژەی سەدی، تێکرا دابەشکردنی دوبارەبۆوە، پێوەرکانی خەسڵەتی مەرکەزی لە لایەنی مەیدانییەوە بۆ شیکردنەوەی پێوەری کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج. توێژەر لە توێژینەوەکەیدا چەند ئامرازێکی ئاماریی بەکارهێناوە لە پرۆسەی شیکردنەوەی داتاکاندا، ئەوانیش بریتین لە:

**بەرنامەی Package Statist for Sciences Social (SPSS):**

پاکێجی ئاماری زانستە کۆمەلایەتییەکان بەزۆری بەکاردەهێنرێت بۆ شیکردنەوەی ئاماری لە زانستە کۆمەلایەتییەکاندا بە هەموو شێوەکانیەوە، وەک ئاماری وەسفی و شیکاری داتاکان و تاقیکردنەوەی گریمانەکان، ئەم جۆرە هاوکارە بۆ پوختکردنەوەی داتاکان وەک تێکڕای هەژماری و لادانی پێوەری و پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان، لەپێناوی وەرگرتنی بڕیاری دروست لەسەر بابەتەکە. (جـودة. ٢٠٠٨: ٤٣) لەناو بەرنامەکەشدا سوودمان لەم هاوکێشە و یاسا ئامارییانە وەرگرتووە:

**١-ڕێژەی سەدی (Percentage) :**

بۆزانینی ڕێژەی وەڵامەکانی یەکەکانی نموونەکە و بەراوردکردن لەنێوانیاندا، (الحسن. ٢٠٠٥: ١٧٥)

$$\text{ڕێژەی سەدی} = \frac{\text{بەش} \times ١٠٠}{\text{هەموو}}$$

**٢- یاسای لادانی پێوەری (Standard Deviation) :**

ئەم یاسایە بەکاردێت بۆ زانینی جیاوازی ڕێکخراوی ڕێکخراوی هەڵکشاو یان داکشاو لە خاڵی ناوەندی دوبارەبۆوە (الوسط التكراري) لە داتا ئامارییەکاندا، یاساکە بەمشێوەیەی خوارەوە دەنووسرێت: (Neuman. 2014: 176)

$$s = \sqrt{\left(\frac{t \times r}{n}\right) + \left(\frac{2t \times r}{n}\right)}$$

**٣-هاوکێشەی کۆکران (Cochran Rule) :**

ئەم یاسایە بەکاردەهێنرێت بۆ سەرلەنوێ تاقیکردنەوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر دروستی نمونەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە قەبارەی نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوە دیاریدەکرێت) غرايبـة. ٢٠٠٨: ١٦٢):

$$n_0 = \frac{z^2pq}{e^2}$$

**٤- هاوکێشەی پەیوەندی سپێرمان (معامل إرتباط) :**

بریتییە لە یاسای پێوانی پێکەوە گرێدانی ڕیزبەندکراو (قياس الترابط المرتبي) و ناسراوە بە هاوکێشەی سپێرمان راهوو (Rho) بۆ پلەکان. ئەم یاسایە بەکاردەهێنرێت بۆ سەرلەنوێ تاقیکردنەوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر دروستی پێوەرەکە، کە بەم هاوکێشەیەی خوارەوە دەناسرێت. بەم شێوەیەی خوارەوە (أبراش. ٢٠٠٩: ٦٧) :

$$r = 1 - \frac{f^2.m\,g\,6}{(1-n^2)n}$$

**٥- هاوکێشەی ئاماری ئەلفا کرونباخ (Coefficient Alpha ) :**

بە گونجاوترین ڕێگە دەزانرێت لە دەرهێنانی پلەی جێگیریی برگەکانی هەردوو پێوەرەکە و جێگیریی پێوەرەکەدا. (Neuman. 2014 :129)

**٦- هاوکێشەی تای بۆ یەک نموونە T. Test for one sample:**

بۆ دەرخستنی جیاوازی لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو و ناوەندی گریمانەیی بۆ پێوەری بەم شێوەیەی خوارەوە: (هيربـرت م. بالآلوک. ٢٠٠٠: ٢٣٦)

$$\mathbf{t} = \frac{\mathbf{2_m - 1_m}}{\boldsymbol{n}}$$

$$\frac{\boldsymbol{e}}{\sqrt[e]{}}$$

**٧- تاقیکردنەوەی تای T. Test بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (Independent-sample T-Test) :**

بۆزانینی جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی دوو گروپ لە نموونەی توێژینەوەکە، بۆ دۆزینەوەی جیاوازی ئاستی تەوەرەکانی پێوەرەکە لەشیکردنەوەی بڕگەکاندا بەپێی گۆڕاوەکان بەم شێوەیەی خوارەوە: (Mindrila. 2013: 4)

$$\mathbf{t} = \frac{\mathbf{2m - 1}m}{\sqrt{\left[\frac{1}{n_2} + \frac{1}{n_1}\right] \times \left[\frac{1\ 2^{n_{ن2}+_{ع1}\ n_1}}{- n_2 + n_1}\right.}}$$

**٨-شیکردنەوەی جیاوازی یەکتایی (تحليل التباين الآحادي) ((one Way Anova Analysis و تاقیکردنەوەی کەمترین جیاوازی مەعنەوی (Least Significant Difference Test** بۆ دۆزینەوەی جیاوازییەکانی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە> کە بۆ سێ لایەن و زیاتر پۆلینکرابوون بەم شێوەیەی خوارەوە (شیيلي. ٢٠٠١: ١١٧) :

| مصدر التباينSV | مجموع الوسط الحسابيSS | درجات الحرية $Df$ | مربع الوسط الحسابي $MS$ | قيمة (ف) |
|---|---|---|---|---|
| بين المجموعات | $SS_B = \sum \frac{T_K^2}{n_K} - \frac{\sum T^2}{N}$ | $K-1$ | $\frac{SS_B}{K-1}\ MS_B =$ | $\frac{MS_B}{MS_W}$ |
| داخل مجموعات | $SS_W = \sum X_K^2 - \sum \frac{T_K^2}{n_K} -$ | $N-K$ | $MS_W = \frac{SS_W}{N-K}$ | |
| المجموعات | $S\,S_T = SS_B + SS_W$ | $N-1$ | | |

**٩- بەهای ئەگەرەکان(P. value)** : بەرامبەر ئاستی ئاماژەکان ئەگەر بەهای ئەگەری هاوتا، یان کەمتر بوو لە ئاستی ئاماژە، کە پێکدێت لە (٠،٠٠٥)، ئەوا ئەنجامی نموونە وەرگیراوەکان تا ئاستێکی زۆر لادەدەن، لەو بارەشدا پێویستدەکات گریمانەی سفری ڕەتبکرێتەوەو پشتببەسترێت بە گریمانەی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکە. (غرايبــة. ٢٠٠٨: ١٦٩).

**١٠- هاوکێشەی لاربونەوە (الآنحدار – Regression )**

شێوازێکە بەهۆیەوە دەتوانرێت بەهای یەکێک لە دوو گۆڕاوەکە بخەملێنرێت بە زانینی بەهای گۆڕاوەکەی دیکە (Mindrila. 2013: 11) .

## باسی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو

**یەکەم: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو**

١- توێژینەوە کوردییەکان

٢- توێژینەوە عەرەبییەکان

٣- توێژینەوە فارسییەکان

٤- توێژینەوە بیانییەکان

**دووەم: گفتوگۆکردنی توێژینەوەکانی پێشوو**

## باسی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو (The Previous Studies)

مەبەست لەتوێژینەوەکانی پێشوو، ئەو توێژینەوانەن، کە پێشتر لەلایەن توێژەرانی دیکەوە ئەنجامدراون، لەسەر ئەم بابەتە یان نزیک لەم بابەتە. ئامانج لە بەکارهێنانی توێژینەوەی پێشوو سوود وەرگرتنە لە بیرۆکەی ئەو توێژینەوانە، چ سود وەرگرتن لە بواری تیۆری و پراکتیکی بێت. یان بەراوردکردنی ئەو توێژینەوەیە بە توێژینەوەکەمان.

لێرەدا هەندێک لە توێژینەوەکان دەخەینە ڕوو:

### یەکەم / خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

### أ- توێژینەوە کوردییەکان:

**١- (کاریگەریی بەجیهانیبوون لەسەر کولتوور)**

**توێژینەوەی (حسین،٢٠١٤) :**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە خستنەڕووی پەیوەندی نێوان بەجیهانیبوون و کولتوور لەگەڕەکەکانی (تەیراوەو بەختیاری) شاری هەولێرو دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوون لەسەر توخمە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژی کولتوور، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە خێزانەکانی گەڕەکی (تەیراوەو بەختیاری) لەشاری هەولێر. نموونەی توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە (٥٠) خێزان، (٢٥) خێزان لەگەڕەکی بەختیاری و (٢٥) خێزان لەگەڕەکی تەیراوە. نموونەکە بەشێوازی هەڕەمەکی (عشوائی) دانراوە. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە بریتین لە (سەرچاوە زانستییەکان و بەشداریکردن و چاوپێکەوتن و تێبینیکردن، هەروەها پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکان بریتین لە دوو شێوازی هزری و پراکتیکی (ئاکاری) ئاراستەکراو). ئەو توێژینەوەیە گەیشتووە بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. بەجیهانیبوون پرۆسەیەکی فرەڕەهەندە، بە هەردوو شێوازی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر کولتوور کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

٢. بەجیهانیبوون بەمانای بە ڕۆژئاواییبوون و ئەمەریکی بوون و زاڵکردنی کولتوورێکی دیاریکراو نایەت.

٣. بەجیهانیبوون، بەهۆی چڕبونەوەی کات و شوێن و بەئاسمانیکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هۆکارێکە بۆ نەهێشتنی ئاستەنگ و کۆسپەکانی بەردەم پەیوەندییە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

٤. بەجیهانیبوون هۆکاری سەرهەڵدانی ناسنامەی نوێ و هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەکانی پێشووە.

٥. دابونەریت و پەیوەستەگی (انتماء) ی نەتەوەیی ئاستەنگن لەبەردەم پەرەسەندنی دیاردەی بەجیهانیبوون لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا.

## ب- توێژینەوە عەرەبییەکان

**١- (الإتجاهات طلبة الجامعة نحو مفهوم العولمة وإنعكاساتها على الهوية الثقافية) توێژینەوەی (الحسين،٢٠٠١).**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە دەرخستنی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوون لەسەر خوێندکارانی زانکۆی دیمەشق و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر ناسنامەی کولتوور، کە بە شێوەی دوو پرسیار دایڕشتووە، کە بریتین لە:

- دەرخستنی کاریگەریەکانی بەجیهانیبوون لەسەر خوێندکارانی زانکۆ چییە؟
- ئاراستەی خوێنداکارانی زانکۆ لەهەمبەر ناسنامەی کولتوور چییە؟

میتۆدی توێژینەوەکە وەسفی شیکارییەو نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە خوێندکارانی خوێندنی باڵا لەکۆلیژی پەروەردەی زانکۆی دیمەشق، ژمارەی توێژراوەکان کە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکەیان داوەتەوە، (٨٤) خوێندکار بوون لەکوڕان و کچان. ئەم نموونانەش بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون لە کۆمەڵگەی بنەڕەتی توێژینەوەکە، کە (١٠٠) خوێندکار بوون لە کوڕان و کچان. ئامراز و کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە (چاوپێکەوتن و تێبینیکردن و بەشداریکردن و ڕێژەی سەدی) ن و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەچەند خاڵێکدا خۆیان دەبیننەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١-خوێندکاران وایدەبین کە بەجیهانیبوون هەوڵدەدات دیموکراسیەت بگەڕێنێتەوە بۆ کۆمەڵگەکان، بۆ نوێکردنەوەی ناسنامەی کولتوور و پەرەدان بە داهێنانی تاکەکانی کۆمەڵگە.

٢-کاریگەری نەرێنی بەجیهانیبوون لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردندا خۆی دەبینێتەوە، بەهۆی زۆر سادەکردنەوەی بەرنامەی میدیای و کولتوور.

**٢- (الشباب الجامعي و الهوية الثقافية في ظل العولمة - دراسة ميدانية على طلبة جامعة دمشق) توێژینەوەی (كنعان. ٢٠٠٨)**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، زانینی پەیوەندییە لەنێوان گەنجانی زانکۆ و ناسنامەی ڕۆشنبیرییان لەچوارچێوەی بەجیهانیبووندا. بەپێی گۆڕاوی (پسپۆڕی زانستی و مرۆیی، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی)، دیدێکی ئایندەییانە لای گەنجانی زانکۆ دەستنیشان دەکات، جۆری توێژینەوەکە وەسفییە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش سەرجەم خوێندکارانی زانکۆی (دیمەشق) ە بەهەردوو بەشی زانستی و مرۆییەوە. نموونەی توێژینەوەکە (٢٠٠) خوێندکارە و بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێراون، (١٠٠) خوێندکار لەبەشی زانستی و (١٠٠) خوێندکار لەبەشی مرۆیی. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتیبوون لە (پێوەری ناسنامەی ڕۆشنبیری گەنج لەچوارچێوەی بەجیهانیبووندا و پێوەری

فۆرمی زانیاری تایبەت)، ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان بریتیبوون لە (ئامرازی پەیوەندی بێرسۆن، هاوکێشەی (T. Test)، هاوکێشەی (کا٢)، شیکاری جیاوازی یەکی، ڕێژەی سەدی).

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١-گۆڕاوی پسپۆڕی (زانستی و مرۆیی، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی) لای گەنج، نابێتە هۆی جیاوازی لە ناسنامەی ڕۆشنبیریدا.

٢-هەروەها بەجیهانیبوون کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی ڕۆشنبیری لای گەنج، بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی (زانستی و مرۆیی، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی)، پێوەری ئاستی ناسنامەی کولتوور بووە لای خوێندکارانی زانکۆ.

٣-هەروەها سەرچاوەکانی نیگەرانیی لای گەنجان ڕ،ونکردووەتەوە و دەیگەڕێنێتەوە بۆ چەند دیاردەیەکی وەک باوەڕبەخۆنەبوون، خراپی باری ئابووری و نەبوونی دەرفەتی کار. کە کێشەی ئابووری پلەی یەکەمی وەرگرتووە بە ڕێژەی (٩٢،%)، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لایەنی ماددی بارێکی قورسە بەسەر شانی گەنجانەوە، بۆیە لەسەروو هەموو کێشەکانیترەوە هاتووە.

٤-داگیرکردنی ناسنامە بەڕێژەی (٢١%)، کە ئاماژەیە بۆ هەست و هۆشیاریی قووڵیان سەبارەت بەو ناسنامە و کولتوورەی هەیانە، هەروەها باوەڕبوون بەو ناسنامەیەی کە هەیانە.

٣- **(العولمة الثقافیة و تأثیراتها علی هویة الشباب والمرا هقین الجزا ئریین).**

**توێژینەوەی (بلقاسمي. ٢٠١١)**

ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی چەمکی بەجیهانیبوونی کولتوورو شێوازو سنورەکانییەتی. باسی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور دەکات لەسەر ناسنامەی گەنج و ڕەنگدانەوەی کولتوور جیهان و ئەوروپا لەسەر بەها و نەریت و زمانی گەنج و هەرزەکار. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، نموونەکەشی خوێندکاری زانکۆی (وهران) بووە لە جەزائیر و ئەو ئامرازانەی توێژەر بەکاریهێناون (چاوپێکەوتن و تێبینی و سەرنجدان) ن. توێژەر گەیشتووەتە ئەم ئەنجامانە:

١- کاریگەرییە باش و خراپەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج دەردەخات.

٢- هەبوونی دەستەیەکی بەڕێوەبەرایەتی باش، کە بتوانیت بڕیاری گونجاو بدات لەکاتی گونجاودا لە زانکۆکاندا، هەوڵی ڕکابەری بدات لەناو زانکۆدا، ئەوەش لەپێناو هەڵسانەوەی قوتابخانەو زانکۆ و بەهێزکردنی چەمکی نیشتیمانی و پاراستنی ناسنامە و کولتوور.

٣- ئەم متمانەیە دەبێتە هۆی بنیاتنانی ناسنامەیەکی ڕاستەقینەو ناسنامە پارێزراوە بۆ گەنج و هەرزەکار لە کۆمەڵگەدا، و بەهۆشیەوە بەهای شارستانیی گەلەکەیان دەپارێزن و پێشیدەخەن.

٤- توێژینەوەکە هەوڵیداوە لە دیدی گەنجانەوە کێشە هاوچەرخەکانی گەنجان و هۆکارەکانیان دیاریبکات و لەوڕوانگەیەوە کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر گەنجان دەربخات.

## ج- تویژینەوە فارسییەکان

**(اینترنت، جهانی شدن و هویت فرهنگی جوانان در ایران) - (ئینتەرنێت و بەجیهانیبوون و ناسنامەی کولتوور گەنجان لە ئێران)**

**تویژینەوەکەی (ساروخان،١٣٨١)**

ئامانجی تایبەت: ئەم تویژینەوەیە هەوڵدەدات لە ناسنامەی کۆمەڵگەی تویژینەوەکە بکۆڵێتەوە سەبارەت بە بەجیهانیبوون و زیادەڕەوی لە بەکاربردنی بەرهەمی کولتووردا، بەتایبەتی ئینتەرنێت، کە پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ ناسنامەی خۆی لەدەستبدات و ناسنامەی بیانی هەڵبگرێت و دەتوانێت هاوسەنگی بکات لەنێوان ناسنامە و کولتووردا. میتۆدی تویژینەوەکە، شێوازی ڕوپێوی و فۆرمی پێوەر و تێبینی وورد بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتاو ئامارەکانە و بەرنامەی **SPSS** بەکارهێناوە. نموونەی تویژینەوەکە خوێندکارانی زانکۆی تارانن، بە وەرگرتنی نموونەیێکی هەڕەمەکی لەخوێندکارانی زانکۆی تاران، لەنێو (١٠) کۆلێجی جیاوازدا، کە ژمارەیان (٣٦٠) خوێندکار بووە بە ڕەگەزی نێر ومێوە.

ئەنجامی تویژینەوەکە بریتییە لە:

١- جیهان بەشێوەیەکی توند پێکەوە گرێدراوە، لەڕێگەی ئامرازەکانی بەجیهانیبوون و پەیوەندیکردنەوە، ئەو دیاردەیەش بەدرێژایی مێژوو ڕوویداوە.

٢- لەم تویژینەوەیەدا، وێڕای ئەوەی تویژەر ۆێی وایە کە بەجیهانیبوون بەتایبەتی لەڕووی کولتوورەوە ئاستەنگێکی گەورەیە بۆ هەموو کۆمەڵگەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وایدەبینن کە ئەم دیاردەیە دەرفەتی گەورەی ڕەخساندووە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان، بەمەرجێک ئەو کۆمەڵگەیانە توانای ئاڵوگۆڕی کولتوورییان هەبێت لەکایەی جیهانیدا، نەک تەنها بەکاربەری بەرهەمە کولتوورییە جیهانییەکە بن.

٣- پێویستە کۆمەڵگە بتوانێت سوود لە بەرهەمە کولتوورییەکان ببینێت، بناغەی پێویست دابکوتێت بۆ ئاڵوگۆڕ لەگەڵ ئەو کولتوورە جیهانییەدا، نەک کارلێکراو بێت بەتەنها، بەڵکو دەبێت کارتێکەریش بێت.

٤- تەنها لەم بارەشدا دەتوانێت بڵێت هاولاتیان خۆیان دەناسن و ئازایەتی ئەوەیان تێدایە ڕەگەزەکانی ناسنامە و کولتوور خۆیان بەباشی پەرەپێدەدن و دەتوانن ڕێگەی خۆیان بدۆزنەوە بۆ ژیانێکی شایستە، بەڵام ئەگەر وا بیر بکەنەوە کە کولتوور جیهانی کولتوورێکی خراپەو دەبێت خۆمانی لێ لابدەین یان تەنانەت لێی داببڕیین، واتە فەرامۆشکردنی بەشی گرنگ لە دەستکەوتە گرنگەکانی مرۆڤایەتی کە مرۆڤ پێوەی ماندووبووە.

## د – توێژینەوە بیانییەکان

١- ( A Multicultural World: Globalization and Adolescent Cultural Identity Formation (بەجیهانیبوونی کولتوور و پێکهاتنی ناسنامەی گەنج).

**توێژینەوەکەی** (Lene Arnett Jensen. 2010 )

ئامانجی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە هەوڵیداوە پەیوەندی نێوان ناسنامەو کولتوور لای ئەو هەرزەکارانەی لە کۆمەڵگەیەکی ناسنامە تێکەڵدا بکۆڵێتەوەو و شیکاریی بۆ ناسنامەکەیان بکات و دەیەوێت لە دابونەریتەکانی کۆمەڵگە بکۆڵێتەوە سەبارەت بە کاریگەریی بەجیهانیبوون. لەم توێژینەوەیەدا توێژەر شێوازی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی (Survey Research) ی بەکارهێناوەو ئەو ئامرازانەش کە بەکاریهێناون فۆرمی ڕاپرسی ئەو ئامرازانەن کە تایبەتن بە پێوانی ناسنامەی کولتوور و پاڵنەری تاکەکەس.

ڕاپرسیەکەی بەسەر نموونەیەکی (١٥٠) خوێندکاریدا ئەنجامداوە، جۆری نموونەی توێژینەوەکەش (گەنج) ە لەزانکۆی هاملتۆن – وێنتۆرس لە ویلایەتی ئۆنتاریۆ لەکەنەدا.

ئەنجامی توێژینەوەکە:

١- ناسنامەی کولتوور دەکەوێتە ژێر کاریگەری تەمەن و و باکگراوندی کولتوور و ئاڵوگۆڕی کولتوور، لەکاتێکدا جیهان بۆتە گوندێکی ئەلیکترۆنی بچوک و هەموو زانیارییەکان پەخشدەکات و دەگاتە هەمووی جیهان.

٢- توێژینەوەکە بڕی کاریگەربوونی گەنجانی خستووەتەڕوو سەبارەت بە وەرگرتن و تێگەیشتن و سودبینین لە ئامرازەکانی بەجیهانیبوون و بەتایبەت سۆشیاڵ میدیا، جێکەوتی ئەو کولتوورە نوێیە لەسەر گەنجان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ڕۆژانە.

٣- توێژینەوەکە گرنگی ئەوەی دەرخستووە کە دەبێت توێژینەوەکان تیشک بخەنە سەر چۆنێتی شیکردنەوەی جەمکە ئایدیۆلۆژییەکان، هاوکات هەستکردن بە گرنگیی قۆناغی دوای پێشکەوتن کاریگەریی پەروەردەی دەرخستووە.

٤- هەروەک چۆن توێژینەوەکە تیشکی خستۆتە سەر دیاردەی بەجیهانیبوون.

٥- ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە جێکەوتی گۆڕانکارییە جیهانییەکان لە بواری تەکنۆلۆژیدا لەسەر ناسنامە دەربخات.

**٢- بەناونیشانی (بەجیهانیبوونی کولتوور و گەنج) Global Youth Culture**

**توێژینەوەکەی (Gracious Muzenda and Ethelia .2013)،**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە پێمانبڵێت بەجیهانیبوون لەگەڵ پێشکەوتنی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە هاتووە. گەنجان کولتوورێکی باوی خۆیان داهێنا کە جیاوازە لەوانەی پێش خۆیان. کاریگەری کولتوور باو و بە جیهانیبوون لەسەر گەنجان و چۆن گەنجان دابڕاون لە کولتوور باو بۆ کولتوور دروستکراوی تایبەت بەخۆیان. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتووەو ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بریتیبووە لە فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن. بۆ نموونەی توێژینەوەکە، چەند قوتابخانەیەکی فرانکفۆرت بە نموونە وەرگیراوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە:

١- ئاماژە بەوە دەکات کە بەجیهانیبوونی کولتوور بابەتێکی زۆر بەرفراوان و مەترسیدارە چونکە لەڕێگەی تۆڕی جاڵجاڵۆکە (نێت) وە دەگاتە هەموو شوێنێکی دونیا.

٢- ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە بەجیهانیبوونی کولتوور بەسادەیی بەردەوامبوونی خێرایی تێکەڵ بە ناسنامەی گەنج دەبێت.

٣- بەدڵنیاییەوە چەندین بۆشایی لێرەدا پەیدادەبێت لەسەر بەها و نەریت و زمان و ئاین و کولتوور.

٤- لەم سەردەمەدا فۆلکلۆر بە ڕێگەیەکی بەسەرچوو و دواکەوتوو دادەنرێت بۆ فێرکردنی گەنجان.

٥- گەنجان زۆربەی کاتیان لە قوتابخانەو لەسەر ئینتەرنێت بەسەردەبەن و لەو ڕێگەیەشەوە زانیارییان دەستدەکەوێت.

٦- ئێستا گەنجان زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە، وەک پەندو گۆرانی و دەستەواژەی تایبەت بەخۆیان، بەڵام بەدەگمەن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاریان دەهێنن. ئەوەش جێکەوتی نەرێنی هەبووە لەسەر کولتوورو زمانی ئاخاوتنیان و ئەگەری لەدەستدانی کولتوور خۆیان هەیە بەهۆی تەکنەلۆجیای سەردەمەوە.

**٣-Young People in a Globalizing World ) (گەنج لە جیهانی بەجیهانیبوودا)**

**توێژینەوەی ڕێکخراوی (. United Nations – World Youth،2020 )**

ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەوە دەکات کە پێنجیەکی دانیشتوانی جیهان لەگەنج پێکهاتووەو پێیوایە گەنجان لەم سەردەمەدا لە هەلومەرجێکی باشدا ژیان بەسەردەبەن و باشتر پەروەردە کراون لەچاو گەنجانی پێش خۆیاندا. کارکردن بە بەستنی کۆنگرەی کەسانی لێهاتوو بۆ هاوکاریکردن و ڕێنیشاندانی گەنجان و پشتگیریی داراییان و پێویستییەکانی ئەم سەردەمانەیە و چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی گەنجەکان سەبارەت بەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە بەسەر جیهاندا هاتووە و هۆشیارکردنیان لە دەرئەنجام و کاریگەرییە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکان، کە بەجیهانیبوون لەگەڵ خۆیدا چەندین جۆر کولتوور جیاوازی هێناوە، بڵاوکردنەوەی کولتوور خۆجێییە بە فراوانی و بەستەنەوەیەتی بە گۆڕانکارییە جیهانییەکانەوە. تێگەیشتن لە خودو پشتیوانیکردن لە کولتووری نیشتمانی، ناسنامەی کولتووریی، جەختکردنەوە لەسەر چەمکی لێبوردن و ئازادی. لەتوێژینەوەکەدا ڕێبازی وەسفی بەکارهاتووەو داتای پشتپێبەستوو بریتییە لە داتای نووسراو. نموونەی توێژینەوەکە گەنجانن، کە لە چەندین وڵات ڕاپرسییان لەگەڵدا ئەنجامدراوە.

ئەنجامی زانستی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

١- نەتەوە یەکگرتووەکان هانی ئەندامانی خۆی دەدات گەنجان پاڵ پێوەبنێن بۆ ئەوەی بچنە ناو بەرنامەی جیهانی کارەوە بۆ گەنجان، ئەوەش بۆ بەدەستهێنانی کار.

٢- خوێندنی باڵا بووە بە سەنتەری زۆرێک لە گۆڕانکارییەکان بەتایبەتی گۆڕانکارییە ئابوورییەکان و گەشەکردنی نەتەوەکان کە بەهۆی ئینتەرنێتەوە گۆڕانکاری گەورە ڕوویداوە لە هەناوی کۆمەڵگەکاندا.

٣- لە دنیای بەجیهانیبووندا، خوێندنی باڵا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت و بەلێشاو خەڵک زانست و زانیاری تەکنەلۆجیا بەدەستدێنێت و بەرهەم و سەرمایە بەبەردەوامی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە.

## دووەم: گفتوگۆکردنی توێژینەکانی پێشوو

لەگفتوگۆکردندا لەسەر توێژینەوەکانی پێشوو و هاوشێوە، ئاماژە دەدرێت بە خاڵی لێکچوون و جیاواز لەنێو توێژینەوەکانی ئێستاو پێشوودا، دەتوانین ئەم خاڵانە بخەینەڕوو:

١) **لەڕووی ئامانجەوە:** ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەمان نزیکە لە توێژینەوەکانی پێشوو، ئەویش ئاشنا بوونە بە کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر توێژینەوەیەک ڕێگەی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانی.

لەدوای خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو، دەرکەوت یەکێک لە ئامانجەکانی توێژینەوەکان ناسینی چەمکی بەجیهانیبوون و ڕەهەندەکانی و ڕواڵەتەکان و مەترسییەکان و باشییەکانی بەگشتی لەنێو توێژینەوەکاندا، ئاشنابووین بەشێوەی گشتی بە بەجیهانیبووونی کولتوور. بۆ نموونە (حسین،٢٠١٤)، (بلقاسمی، ٢٠١١)، (ساروخان،١٣٨١). (World Youth) (2020،United Nations ). کە ئەمەش یەکدەگرێتەوە لە گەڵ توێژینەوەکەی ئێمەدا، هەروەها ئامانجی لاوەکی توێژینەوەکە لەسەر کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتووره لەسەر زمان ئەمەش یەکدەگرێت لە گەڵ توێژینەوەکەی (الحسین، ٢٠٠١)، (ساروخان،١٣٨١)، (Lene Arnett 2010. Jensen). ئەوەش نزیکە لە ئامانجە لاوەکیەکەی توێژینەوەکەمان، هەروەها تا چەند گەنج وابەستەی زمانی خۆیانن. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن تاچەند کاریگەرییان لەسەر کولتوور کۆمەڵگە هەیە، سەرەڕای زانینی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج، ئامانجی لاوەکی توێژینەوەکە لەسەر کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتووره لەسەر بە ها و شێوازی ژیان ئەمەش یەکدەگرێت لە گەڵ توێژینەوەکەی) (بلقاسمی، ٢٠١١)، (کنعان، ٢٠٠٨). (ساروخان،١٣٨١). (2013Gracious Muzenda Sibanda Ethelia)). ( Lene Arnett Jensen. 2010) هەروەها لە گەڵ ئامانجەی توێژینەوەکەی ئێمەشدا.

٢) **لەڕووی کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەوە:** سەبارەت بە کۆمەڵگەی توێژینەوەکانی پێشوو، زۆرینەیان قەبارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیان دیاری نەکردووە، بەڵام ئەوانی کە قەبارەکەیان نموونەیان دیاری کردووە، ژمارەکەیان کەوتۆتە نێوان (٢٠٠ - ٤٥٠) نموونە، نموونەی توێژینەوەکانیش بەشێوەی هەڕەمەکی مەبەستی و ناهەڕەمەکی مەبەستی هەڵبژێردراون، سەبارەت بەڕەگەزی نموونەکانیش هەردوو ڕەگەزی نێر و مێیان وەرگرتووە بۆ سەرجەم توێژینەوەکان، ئەمەش هاوشێوەی ئەندامانی نموونەی ئەم توێژینەوەیەن کە خوێندکارانی هەردوو ڕەگەز لە قۆناغی لە خوێندنی بەکالۆریۆس وەرگیراون، نموونەی ئەم توێژینەوەیەش دەکەوێتە نزیکی ئەو ژمارە نمونانەوە و ئەو نمونانەشی وەرگیراون کە ژمارەیان (٣٨٤) خوێندکاری زانکۆ وەرگیراون وەک گەنج لەسەر ئاستی هەرێم بەکارهاتووە لەم توێژینەوەیەدا.

٣) **لەڕووی میتۆدی توێژینەوەوە:** جۆری توێژینەوەکانی پێشوو بەگشتی وەسفی شیکارین، کە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەکەمان. سەبارەت بەمیتۆدی بەکارهاتوو، لە توێژینەوەکانی پێشوودا

میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە، لەم توێژینەوەیەشدا میتۆدی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکار هاتوە، ئەمەش لەڕێی گریمانەکان و بەرهەم و نووسین، یان وەرگرتنی زانیارییەکان لێیان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ. لە پرۆگرامی توێژینەوەدا جیاوازی هەیە، توێژینەوە مێژوویی و سیاسییەکان پشتیان بە پرۆگرامی مێژوویی بەستووە لەگەڵ شیکاری، لەگەڵ ئەوەی کاریان لەسەر تێکستی بەجیهانیبوون کردووە، بەڵام زۆرترین ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر زانستی کۆمەڵایەتی کراون، پرۆگرامی چەندێتییان تیا بەکارهاتووە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا پرۆگرامی چەندێتی بەکار هێنراوە.

٤) **لەڕووی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەوە:** توێژینەوەکانی پێشوو زۆربەیان پشتیان بەستوە بە فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و تێبینی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان، بەڵام توێژینەوەی (ساروخان،١٣٨١) فۆرمی پێوەری بەکارهێناوە، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان. کە ئەمەش یەکدەگریتەوە لە گەڵ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکەمان کە لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی پێوەر بەکارهاتوە.

٥) **لەڕووی ئامرازە ئامارییەکانەوە:** سەبارەت بە ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان، بەپێی ئامانج و گریمانەی توێژینەوەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆرینەیان سوودیان لە پرۆگرامی (S. P. S. S) وەرگرتووە بۆ شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکانی (داتای نووسراو. ڕێژەی سەدی، لادانی پێوەری، ناوەندە ژمێرەیی، ئامرازی پەیوەندی سپێرمان، بەرنامەی T. test شیکاری بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ) بەڵام ئەوەی کە جیاواز بێت لە توێژینەوانەی تر کە لەم توێژینەوەیەدا بەکار هاتوە ئەم ئامرازە ئامارییانەن (هاوکۆلکەی چەمانەوە -لاری (الانحدار – regression ) و بەهای ئەگەرەکان (P value) و تێکڕای ناوەندە ژمێری سەنگکراو ( Weighted Mean) و هاوکێشەی کۆکران (cochran rule) و هاوکێشەی ئاماری ئەلفا کرونباخ Coefficient Alpha) ) کە لەم توێژینەوەیەدا بەکار هاتوون.

٦) هەروەها ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لەڕووی کات و شوێنەوە و ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەم توێژینەوەیەی گرتۆتەوە، هەروەها ئەم توێژینەوەیە لەساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٢) لەهەرێمی کوردستانی -عێراقدا ئەنجامدراوە، پاش ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەم ناوچەیەدا و هەمووی جیهان ڕوویانداوە لە گرنگترینیان بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بوو کە هەمووی جیهانی تەنیەوەوقوربانی گیانی و مادی زۆری لێ کەوتەوە.

٧) **لەڕووی ئەنجامەوە:** پاش خستنەڕووی توێژینەکانی پێشوو، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بەراوردبکات لەنێوان ئەنجام و دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا، لەڕووی خاڵی هاوبەش یان ئەنجامی جیاوازەوە و ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لەو ئەنجامانەی کە ئەوانی تر پێی گەیشتوون لەڕووی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە لەسەر ناسنامەی گەنج لە گۆڕانکارییەکاندا.

بەپێی سەرجەم ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو ئاستی لای لێتوێژراوانی توێژینەوەکان بەرزە تەنها لە توێژینەوەکەی (الحسین،٢٠٢١) ئاستیان مامناوەندە، بەهەمان شێوە لەم توێژینەوەیەشدا ئاستی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور بەرزە لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی. سەبارەت بەگۆڕاوەکانیش لەتوێژینەوەکەی (کنعان. ٢٠٠٨) و (بلقاسمی،٢٠١١) و ( Gracious Muzenda and 2013،Ethelia) و (Lene Arnett Jensen. 2010) جیاوازی نیە بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن. بەهەمان شێوە لەم توێژینەوەیش جیاوازی نیە بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن، بەپێی توێژینەوەکەی (Lene Arnett Jensen. 2010) و (کنعان. ٢٠٠٨) و (الحسین،٢٠٠١) جیاوازی نیە بە پێی گۆڕاوی (پسپۆڕی). بەڵام لەتوێژینەوەکەی (ساروخان،١٣٨١) جیاوازی هەیە بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی لەبەرژەوەندی پسپۆڕی مرۆیی.

کەواتە ئەم ئەنجامانەش لەکۆتایی لایەنی پراکتیکی بەراوردکاری و گفتوگۆی لەسەر دەکەین لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەمان.

# بەشی دووەم: بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج

## باسی یەکەم: بەجیهانیبوونی کولتوور

## باسی دووەم: ناسنامە و ناسنامەی گەنج

## باسی یەکەم: بەجیهانیبوونی کولتوور

- مێژووی سەرهەڵدانی بەجیهانیبوون و ڕەهەندەکانی
- ئامانجەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور
- ڕەهەندەکانی بەجیهانیبوون
- تایبەتمەندییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور
- ئاراستەکانی دەرکەوتنی بەجیهانیبوونی کولتوور
- هۆکارەکانی گۆڕانی کولتوور
- تیۆرەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور

## بەشی دووەم: بەجیهانیبوونی کولتوورو ناسنامەی گەنج

**باسی یەکەم: بەجیهانیبوونی کولتوور**

زانایانی کۆمەڵناسی یان سیاسی و ئابووری نەیانتوانیوە پێناسەیەکی گشتگیر بۆ بەجیهانیبوون بکەن، لەبەرئەوەی بەجیهانیبوون چەمکێکی فرەڕەهەند و بەرفراوانە و چەندین بوار دەگرێتەوە، ئەوەش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دارشتنی پێناسەیەکی تەواودا بۆی.

**بەجیهانیبوون (Globalization)** : چەندین پێناسەی هەیە، تاڕاددەیەک دەتوانین بڵێین هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، هەر لایەنێکیش پێناسێکی تایبەتی هەیە بۆ بەجیهانیبوون، هەندێکیان پەیوەستن بە لایەنەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، کولتووریەوە، هەندێکیشیان لەیەک ڕەهەندەوە پێناسەی دەکەن. هەندێکیتریان لەچەندین ڕەهەندەوە پیناسەی دەکەن. بۆ تێگەشتن لە چەمکی بەجیهانیبوونی کولتوور سەرەتا ئاماژە دەدەین بە چەمکی بە جیهانیبوون، دواتر کولتوور، پاشان تێدەگەین ئەو دوو چەمکە ئاوێتەی یەک بن واتای چیە. لە فەرهەنگی کوردیدا زاراوەی (بەجیهانیبوون) و زاراوەی (جیهانگیری) بۆ دانراوە (ئەحمەد ٢٠١١: ٥٨).

بەجیهانیبوون لەڕووی زمانەوانییەوە، واتە جیهان وا لێبکەیت یەک ئاراستەی هەبێت، ئەو ئاراستەیە لەڕووی تەکنیکی و کولتووریەوە زاڵبێت بەسەریدا (Schulte،٢٠٠١:١٦). بیرمەندانی ئەوروپی بەگشتی ئەم مانایەیان داوە بە زاراوەی بەجیهانیبوون( Globalization ) بە ئینگلیزی و ئەڵمانی بە فەرەنسیش زاراوەی (MOndialalsation) یان بۆ داناوە (سکوت. 2011:٢٧٨)، وشەی (العولمة) ش لەزمانی عەرەبیدا بەرامبەر بەو زاراوانە داتاشراوە (الصالح، ١٩٩٩:٢٣).

مانای بەجیهانیبوون وەک چەمک پێناسە کراوە، بەوەی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی فرەڕەهەندە، پێکەوە گرێدانی کۆمەڵگەی جیهانی دروستدەکات و لەهەمانکاتیشدا ئەو هۆشیارییە دەخوڵقێنێت کە بریتییە لە پتەوکردنی پەیوەندییە لۆکاڵیەکان بە جیهانەوە (العصیمي. ٢٠١٠: ٦٩). بەمانا گشتییەکەی بنەماکانی ئابووری و ڕامیاری و سەربازی و ڕاگەیاندن و کولتوور لەسەر سیستەمێکی جیهانی دروستدەکات، یان لەسەدەی بیستویەکدا هەمووی یەکدەخات (فیک ، ٢٠١٥: ١٧). هەروەک تۆماس فریدمان پێیوایە بەجیهانیبوون سیستمێکی نوێی جیهانیە نەک ڕەوشێکی نوێی شارستانی بێت، ئەم بەجیهانیبوونە هەوڵ دەدات دەوڵەتان و کۆمەڵگەکان و تاک و باوەڕەکان جارێکی دیکە دابڕێژێتەوە لەسەر هەموو ئاستەکان (طالبي. ٢٠٠٠: ١١). کەواتە بەجیهانیبوون ڕەوتێکی فرەڕەهەندی گشتگیری جیهانییە کە سنوورەکان تێدەپەڕێنێت و کۆمەڵگەکان پێکەوە دەبەستێتەوە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی جیهانی (إبراهیم. ٢٠٠٣: ١٠٤).

**بەجیهانیبوون لەڕووی ڕێکارییەوە**، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووریە، تێیدا سنوری جوگرافی و بەربەستە تەقلیدییەکانی نێوان گەلان کاڵدەبێتەوە. هەمووشیان لەسەر یەک خاڵی جەوهەری هاوڕا دەبن بە پلەی جیاواز، کە بریتییە لە دەرکەوتنی یەک کۆمەڵگەی جیهانی بەهەموو لایەنی ئەرزێی

و نەرێنیەوە و بەهێواشی دەکشێت و ڕۆدەچێتە نێو ئابووری و کولتوورو سیاسەت و هەموو لایەنەکانی دیکەوە). بەشێوەیەک کە یەک حکومەت و یەک کولتوور جیهان بەڕێوەدەبات. بەوپێیە مرۆڤ وەک تاکێکی جهیانی دەژی لەنێو کۆمەڵگەی بە جیهانیبووندا.

لە لایەکی ترەوە **کولتوور** (Cultural) پێناسە دەکرێت بەوەی، کە کۆمەڵێک هزرو بەهاو باوەڕو نەریت و شێوازی ژیان و هەرشتێکە مرۆڤ بەرهەمیهێنابێت، وەک شتە مادی یەکان و مەعنەوییەکان. نەوە دوای نەوە دەیگوێزنەوە بۆ یەکتر، یاخود دەرەنجامی ژیانیان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەخەنە سەر کولتوور (فیک ، ٢٠١٥: ٢٩). هەروەها کولتوور بریتییە لە شێوازی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەک، وەک داب و نەریت و مێژوو باوەڕی و ئاراستەی عەقڵی و عاتیفی و هەڵوێست لە ڕابوردوو و ئێستاو ئایندەدا (إدجار، ٢٠١٤:٢٢٦). ئەم پێناسەیەی دوایی، هەندێک ڕەگەزیتری نوێی تێدابوو، وەک گواستنەوەی کولتوور لەنێوان نەوەکاندا، ئەوەش تایبەتمەندییەکی کولتوورە، هەروەک چۆن ڕەگەزی داهێنان لەو ڕەگەزانەیە کە لە پێناسەکانیتردا باسنەکراون (الیکساندر ،٢٠١٤: ١٩). کولتوور ئەو دەفرەیە کە ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەیەک گوشراوی هزر و هەوڵی خۆیانی تێدا کۆدەکەنەوە (إبراهیم. ٢٠٠٣: ٤٤). هەروەها شێوازێکە بۆ ژیان کە تاکەکانی کۆمەڵگە لەمنداڵییەوە شتەکانی لێوە هەڵدەهێنجن و لەنەوەیەکەوە دەیگوێزنەوە بۆ ئەویتر (علوان،٢٠٠٥: ٣٥).

لەڕووی ڕێکارییەوە، کولتوور بریتییە لە کۆمەڵێک بەهاو باوەڕو نەریت و شێوازی ژیان و ئەو شتە مادی و مەعنەوییانەی مرۆڤ دروستیکردون و بەرهەمیهێناون کە نەوە لە دوای نەوە دەگوازرێنەوە یان زیاددەکرێن لە ئەنجامی ژیانیان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا.

کاتێک بە جهیانیبوون بەر کولتوور دەکەوێت، چەمکێکی تازە دێتە کایەوە ئەویش بەجیهانیبوونی کولتوورە. **بەجیهانیبوونی کولتوور** (Cultural Globalizated) دەرکەوتنی جیهانێکی بێسنوورە لەڕووی کولتووریەوە، کە بیروبۆچوون و زانیاری و هەواڵەکان و ئاراستە بەهاییەکان و ئاکارەکان بەئازادی ڕەها دەگوازێتەوە لەسەر ئاستی جیهان و بەکەمترین ئاست (حارص، ١٩٩٨: ٢٢٧). هەروەها بریتییە لە هەبوونی هۆشیاری بە جیهانێتیی جیهان و دەرکەوتنی چەمکی نوێ بۆ ناسنامەو هاوڵاتیبوونی جیهانی، کە جێگەی چەمکە لۆکاڵییەکان دەگرێتەوە (جراح: ٢٠٠٩:٣٣). بەڕای زۆرێک لە بیرمەندەکانی بواری کۆمەڵایەتی، بەجیهانیبوونی کولتوور واتە زاڵکردنی کولتووری ڕۆژئاوا بەسەر کولتوورەکانی تردا، لەڕێگەی دەستکەوتەکانی زانستی کولتوورو لە بواری گەیاندنداو بڵاوکردنەوەی ستایلێکی کولتووریی و کۆمەڵایەتی سەرمایەداری، لە پۆشین و خواردن و نەریت و بەهاو شتەکانیتردا (جراح. ٢٠٠٩: ٣٧).

کەواتە دەرکەوتەی بەجیهانیبوونی کولتوور، دەیەوێت کولتوورێکی جیهانی بەرهەمبێنێت، کە چەند تایبەتمەندییەکی کولتووریی خۆی هەیەو کاریگەری هەیە لەسەر کولتوورەکانی تر، بۆ دروستکردنی کولتوورێکی وەها کە هەموو کولتوورەکانی تر بتوانن وەریبگرن و خواستەکانی تاک لە کولتوورە لۆکاڵییەکان (محلي)یەوە بگوێزێتەوە بۆ کولتوورە جیهانییەکان (بلقاسمی،٢٠١١: ١١٦).

(ڕۆژێ گارودی) بیرمەندی فەڕەنسی جەخت دەکاتەوە لەسەر تایبەتمەندی کولتوورو داهێنان. ئەو بەجیهانیبوونی کولتوور، وەک مەترسییەک بۆ سەر جیهان دەبینێت، کە هەڕەشە لە ئایندەی مرۆڤ دەکات لەڕووی ئازادی و جیاوازیی کولتوورییەوە (کنعان. ٢٠٠٨: ١٣٣). یان هەوڵدانە بۆ دارشتنی پێکهاتەیەکی کولتووری جیهان و پێشکەشکردنی وەک نموونەیەکی (مۆدێلێک)ی کولتوورو گشتاندنی بە بەهاو پێوەرەکانی بەسەر گشت جیهاندا. پاشان دەرکەوتنی هۆشیاری و چەمک و هێماو ئامرازی کولتووری وا، کە مۆرکیکی جیهانیان هەیە (دورتیە،٢٠١١: ٢١٣).

بەجیهانیبوونی کولتوور درێژکراوەی بەجیهانیبوونی ئابوورییەو جیاوازییەکی وایان نییە، مەگەر لەمەیدانی کاریاندا نەبێت، لەبری بواری ئابووری، بەجیهانیبوونی کولتوور لە کایەی هزرو زمان و هونەردا کاردەکات، لەو ڕووەیشەوە لەگەڵ بەجیهانیبوونی ئابووریدا یەکدەگرێتەوە، کە هەردووکیان هەوڵی زاڵبوون دەدەن(Abbas. 2005: 3). بەجیهانیبوونی کولتوور، واتە گشتاندنی کولتوورێک و زاڵکردنی بەسەر هەموو کولتوورەکانی تردا و هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەو کولتوورە جێگەی کولتوورەکانی تر بگرێتەوە، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو کولتوورە، هەر لە شێوازی بیرکردنەوەو دەربڕین و چێژی هونەری و ڕەفتارو مامەڵەکردن و ڕوانین بۆ ژیان و گەردوون (روبرتسون، ١٩٩٨: ١٦١).

**پێناسەی ڕێکاری بۆ بەجیهانیبوونی کولتوور،** واتە کولتوورێکی زاڵە بەسەر هەموو جیهاندا، بەجۆرێک هەموو جیهان لەیەک فۆرم و چوارچێوەدا جێی بێتەوە، ڕشتەیەکی تیکەڵاو لە کەلەپوورو مێژوو و زمان و بیروباوەڕ و دابونەریت و بەهای ئەو کۆمەڵگەیانە هەڵدەگرێت بۆئەوەی هەمووی ببێتە یەک کولتوورو یەک ناسنامە. بەجیهانیبوونی کولتوور لەم توێژینەوەیەدا، لەچوارچێوەی بەها و زمان و (شێوازی ژیان) هەڵدەسوڕێت، وەک ڕەگەزی سەرەکی پێکهاتەی کولتوورن، کە لەڕێگەی ئامرازەکانی بەجهیانیبوونی کولتوور و تەکنەلۆجیای سەردەم پەیوەندییان بە ناسنامەوە هەیە، بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین پێی ئاشنابین.

## <u>مێژووی سەرهەڵدانی بەجیهانیبوون</u>

ڕای جیاواز لەنێو توێژەراندا هەیە سەبارەت بە قۆناغەکانی پەرەسەندن و سەرهەڵدانی بەجیهانیبوون، هەندێک لەتوێژەران دەیبەستنەوە بە سەرهەڵدانی شۆڕشی کشتیارییەوە، هەندێکیشیان دەیبەستنەوە بە سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازییەوە، بەمشێوەیە دەبینین ئەم جیهانە لەهەموو بوارەکانی ژیان و لەسەر هەموو ئاستەکان و لەزۆربەی وڵاتاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

هەندێک لەتوێژەران لەڕێگەی شێوازی دەوڵەتەکان و پەرەسەندنی چەمکی دەوڵەتەوە مێژووی بەجیهانیبوون دەهێننەوە یادمان، ئەوەش دابەشدەکەن بەسەر چەندقۆناغێکدا، ئەو پۆلبەندییەش ناسراوە بە (نموونەی ڕۆبەرتسۆن)، کە نووسەر (ڕۆناڵد ڕۆبەرتسۆن) ە. ئەو قۆناغانەش بریتین لە: (روبرتسون، ١٩٩٨: ٤٩-٥٠).

**١-قۆناغی کۆرپەلەیی (١٤٠٠ - ١٧٥٠ز):**

لەئەوروپادا ئەم قۆناغە لەسەرەتای سەدەی پانزەوە دەستپێدەکات تادەگاتە ناوەڕاستی سەدەی هەژدە، سەرەتاکەشی لەکڵێسەوە بوو، کاتێک مەسیحیەت بڵاوبۆوەو داوای یەکێتی مرۆڤایەتی و جیهانی دەکرد لەسەدەی پانزەدا. ئەم قۆناغە گەشەی کۆمەڵگەی نەتەوەیی لە ئەوروپا بەخۆوەی دەبینێت، کۆتوبەندە باوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بێهێزدەبن و هزری نوێ سەبارەت بەتاک و مرۆڤایەتی دەردەکەوێت و بەهێز دەبێت، کە سەرەتایەک دەبێت لەقۆناغێکی نوێی جوگرافی.

**٢. قۆناغی دەرچوون (الانطلاق) (١٨٧٠-١٩٢٠) :**

ئەم قۆناغە لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەوە دەستپێدەکات و دەگاتە بیستەکانی سەدەی بیستەم، لەو ماوەیەدا داهێنانی زۆر دەرکەوتن لەبواری پەیوەندی و گەیاندندا، هەروەها جەنگی جیهانی سەریانهەڵدا. لەو قۆناغەدا چەندین چەمکی نێودەوڵەتی سەریانهەڵدا، وەک مەترسییەکانی پەرەسەندن، کۆمەڵگەی پەسەندکراوی نەتەوەیی، ئەو چەمکانەی پەیوەستن بە ناسنامەی نەتەوەیی و تاک و دواتر ئاوێتەکردنی چەندین کۆمەڵگەی نائەوروپی لە کۆمەڵەی نێودەوڵەتیدا، لێرەوە پەرەسەندنێکی گەورە لە پەیوەندی نێودەوڵەتیدا ڕوویدا.

**٣. ململانێ لەپێناوی هەژموونداا (١٩٢٠-١٩٦٥) :**

ئەم قۆناغە بەردەوامبوو تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم و کۆتایی دەیەی حەفتاکان، لەو ماوەیەدا ڕێکخراوەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵەی نەتەوەکان دەرکەوتن و چەندین ڕووداوی وەک ڕکابەری نێوان وڵاتان بۆ گەیشتن بە هەسارەی مانگ و هەڕەشەی جەنگی ئەتۆمی دەرکەوتن. جەنگی ئایدیۆلۆژی و زاراوە نوێیەکان سەریانهەڵدا، کە لەقۆناغی دەرچووندا سەریانهەڵداو لەوێوە ناکۆکی گەردوونی دەرکەوتن سەبارەت بە شێوە جیاوازەکانی ژیان، لەم قۆناغەدا زیاتر جەخت دەکرایەوە لەسەر بابەتە مرۆییەکان و دەرکەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**٤. قۆناغی نا دڵنیایی (عدم اليقين) (١٩٦٥) :**

ئەم قۆناغە لە شەستەکانی سەدەی بیستەوە دەستپێدەکات، ئەوەش ئەو قۆناغەیە کە جیهانی سێهەم تێکەڵکراو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەهاکانی پاش مادییگەرایی و دواتر جەنگی سارد دەرکەوتن، لەو قۆناغەدا دەزگا گەردوونییەکان و بزوتنەوەی کرێکاری دەرکەوتن، سەبارەت بە ڕەگەزو سەلامەتی. دواتر دەرکەوتنی مافە مەدەنییەکان و سیستەمی نێودەوڵەتی گشتگیرتربوو و زیاتر بایەخ درا بە کۆمەڵگەی دارایی و هاوڵاتی باڵا پشتیوانی کرا. ئەوەی کە ئێستا دەیبینین، واتە تێگەیشتنی فراوان بۆ بەجیهانیبوون، ئەویش لە کۆمپانیا فرەنەتەوەکان و کۆتاییهاتنی جەنگی ساردو زاڵبوونی وڵاتێک بەسەر جیهاندا دەردەکەوێت.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەجیهانیبوون کۆنەو ڕەگی قوڵی هەیە لەمێژوودا، کە دەوڵەتە بەهێزەکان زاڵدەبوون بەسەر دەوڵەتە لاوازەکانداو کولتووری خۆیان لەناویاندا بڵاودەکردەوە، تەنانەت زمانی خۆیشیان بەسەریاندا دەسەپاند، ئەوەش جۆرێک بووە لە بەجیهانیبوون. بەڵام لەم سەردەمەدا

جیاوازە، چونکە ئامرازەکانی گەیاندن و میکانیزمی جێبەجێکردنی بەجیهانیبوون تەواو جیاوازن لە سەردەمی کۆن (Redden. 2009: 31). بەجیهانیبوون لەمرۆدا قۆناغێکی زۆری بڕیوەو بۆتە واقیعێک، کەس ناتوانێت نکۆڵی لێبکات، یان لەدەرەوەی ئەو سیستەمە بژی. واتە کۆمەڵگەو تەنانەت تاکەکانیش بژاردەیەکیان نییە، کە بەجیهانیبوون پەسەندبکەن یان نا، بەڵکو ئەم سیستەمە بۆتە قەدەرێک لەژیانی هەمووواندا.

کوردستانیش کۆمەڵگەیەکی کراوەیە بەڕووی جیهانداو هەموو کەناڵەکان و سۆشیال میدیا، بێ سانسۆر کاردەکەن. ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و بیروباوەڕی خەڵک، چیتر کۆمەڵگەی کورد دەرگاکان لەبەردەمیدا ئاوەڵان. ئەم حاڵەتەش لە هەرێمی کوردستاندا لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی خۆی هەیە، بەتایبەت کە کۆمەڵگەی کوردستان سەر بە شارستانی خۆرهەڵاتییە. ئەوەش وادەکات زۆرجار پێکدادان لەنێوان کولتووری کۆمەڵایەتی و زانیاری و پێدراوی نوێدا دروستبێت. لەلایەکیترەوە هۆشیاری کۆمەڵایەتی زیاددەبێت، تاکی کورد لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە زیاتر بە مافەکانی خۆی ئاشنادەبێت و دەزانێت کۆمەڵگەکانی تر چۆن ژیان دەبەنەسەر.

دەتوانین بڵێین ئەو گۆڕانکارییانەی لەم سەردەمەدا ڕوویانداوە، تەنها لەچەند ساڵێکدا ڕوویان نەداوە بەڵکو هەندێکجار گۆڕانکارییەکان بە ساڵ و مانگیش دەژمێردرێن، ئەوەش بەهۆی ئەو پێشکەوتنە گەورانەی لە تەکنەلۆجیای زانیاریدا ڕوویانداوە و دەتوانرێت بە خێراترین کات هەموو زانیارییەکان لەڕێگەی ئینتەرنێت و سەتەلایت و میدیاوە بەسەرانسەری جیهاندا بڵاوبێتەوە، هەروەها لەڕێگەی لابردنی سنورەکان لەنێوان وڵاتانداو جوڵەی ئاسانی خەڵک لەنێوان سنورەکاندا. ئێستا ئێمە لەبەردەم شۆڕشێکی نوێداین کە بریتییە لە شۆڕشی زانیاری و گەیاندن، کە جیهانی لە بواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوور و میدیاییدا گۆڕیوە.

## <u>ئامانجەکانی بە جیهانیبوونی کولتوور:</u>

بە جیهانیبونی کولتوور فرە ئامانجە، لە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- پتەوکردنی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر بنەمای ئاسایبوونی دەسەڵات و باڵابوونی شارستانی ڕۆژئاوا، کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەستی نەتەوایەتی، دەوڵەت، یان نیشتیمان و لەدواییدا بەتاڵبوونەوەی ناسنامەی کولتووری لە هەموو ناوەڕۆکێک (الكواري ، ٢٠١٣: ٤٦).

٢- کەمکردنەوەی بەهای ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان و سەپاندنی دەسەڵاتی تاک کولتوور، کە ئەویش کولتووری ڕۆژئاوایە لەئێستادا، بەوەی کە خۆی خاوەنی سەنتەرەکانی ئاراستەکردنی میکانیزمەکانی (اليات) ی بەجیهانیبوونە (بک، ٢٠١٢: ١٠٦).

٣- بڵاوبوونەوەی کولتووری ڕۆژئاوا بۆ بەکاربردن و ئەنجامدانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوانیتردا، کە کاردەکات بۆ بڵاوکردنەوەی ئەوەی پێیدەگوترێت (وێژەی سێکسی و کولتووری

توندوتیژی)، کە کاری پەروەردەکردنی چەند نەوەیەکە بەتەواوەتی کە باوەڕی بە توندوتیژی هەیە و شێوازێک بۆ ژیان وەک دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتی، ئەوەی لێرەشەوە پەیدادەبێت وەک بڵاوبوونەوەی خراپەکاری و تاوان و توندوتیژی لە کۆمەڵگە نەریتخوازەکان و محافزکارەکاندا.

٤- کاڵبوونەوەی ناسنامەی کولتووری نەتەوەیی، بەتایبەت لەڕێی بڵاوکردنەوەی پۆشاک و بەروبومی ڕۆژئاوایی لە زۆربەی دەوڵەتەکاندا، لەبەرئەوەی ئەم کەلوپەلانە لەناویاندا کولتوورێکی دژ هەڵدەگرن و کولتووری ئەو نەتەوانە تێکدەشکێنن کە بۆیان هەناردە دەکرێن، سەرەڕای دەرکەوتنی زمانی ئینگلیزی لەسەر تابلۆی دوکان و کۆمپانیاکان و لەسەر یاری و دیارییەکان و جلوبەرگی منداڵ و گەورەکان.

٥- ئامانجی سەرەکی بەجیهانیبوونی کولتوور ئەوەیە، کە کولتووری ڕۆژئاوایی زاڵبکات بەسەر کولتوور ولاتانی تردا. لەم بارەشدا بەچەندین ئامرازی جیاواز سوود لە شۆڕشی زانیاری دەبینێت، بەو پێیەی بەجیهانیبوون ڕەنگدانەوەی ویستی خۆزاڵکردنە بەسەر دنیادا، ئەوەش لەپێناو پەراوێزخستنی کولتوور نیشتیمانی و زمانی نەتەوەیی و سەپاندنی یەک زمان و یەک کولتوور لە بەرژەوەندی ئەو جەمسەرەی خاوەن گەورەترین ئابوورییە، هەرخۆیشی لەڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئامرازی پەیوەندیکردنەوە زمان بەرهەمدێنێت (بيومي ، ٢٠٠٦: ٤٨).

٦-بە جیهانیبوونی کولتوور، کاردەکات بۆ پێکهێنان و دروستکردنی کولتوورێکی جیهانی یەک شێوە، ئەمەشی لەڕێی پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکییەوە کردووە، بە مەبەستی سڕینەوەی سنوور لەنێو دەوڵەتاندا و زیادکردنی ڕێژەی لێکچوون لەنێو تاکەکاندا لە گەلانی جیاجیادا.

٧-ئامانجەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور پرۆسەیەکی سروشتی بێلایەنە، خۆی لەپەرەسەندنی زانستە نوێ تەکنۆلۆجییە گەورەکاندا دەبینێتەوە لەبواری ئابووری و پەیوەندیکردن و گەیاندن و زانیاریدا، ئەمانەش هەموویان هێزی پاڵنەری بەجیهانیبوونن. هەندێ کەس پێیانوایە بەجیهانیبوون چەمکێکی ئابوورییە پێش ئەوەی چەمکێکی زانستی یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان کولتوور بێت، چونکە بەجیهانیبوونی ئابووری لەهەموو ئەوانیتر ڕوونتر لە واقیعدا رەنگیداوەتەوە. هەروەک سەردەمی بەجیهانیبوون بە سەردەمی زانیاری فراوان و زۆر دەناسرێت (بک، ٢٠١٢: ١٢٣).

ئامانجی بەجیهانیبوونی کولتوورو وەرگرتنی کولتوور، وەک ڕەگەزێکی پێشکەوتن لە کۆمەڵگەکانی تر، کە خاوەن کولتوورێکی بەهێزن و زیادکردنی ڕەگەزێکی کولتووریی، یان ڕیفۆرمی کولتووریی لە ڕێگەی داهێنان و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە. هەروەها هەوڵدان بۆ هێنانی ڕەگەزی نوێی کولتووریی، چونکە ئەو پێکهێنەرە کولتوورییانەی ئێستا هەن توانای مانەوەو بەرگرییان نییەو دەبێت بەشێوەیەکی نوێ دارشتنەوەیەکی تر بۆ کولتوور بکرێت، کە کاریگەربێت بە پێشکەوتنە جیهانییە نوێیەکە.

**ڕەهەندەکانی بەجیهانیبوون:**

بەجیهانیبوون چەندین ڕووی هەیە، کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوور و ئابووری، چونکە بەجیهانیبوون دیاردەیەکی ئاڵۆزە و تیایدا ئایدیۆلۆژیا و تەکنۆلۆژی و جوگرافیا و دیمۆگرافیا و گۆڕانی

ئۆرگانیکی و تێکەڵ دەبن، بەمەبەستی دیاریکردنی میکانیزمی کاری ناوخۆیی. هەر جۆرێکیش میکانیزم و ئامرازی خۆی هەیە و هەمووشیان پێکەوە گرێدراون، وەک ئەوەی هەر بەشێک بەشەکانیتر تەواو بکات. بەجیهانیبوون پرۆسەیەکی گەورەیە کە هەموو وڵاتێک دەخاتە ژێر هەژموونی خۆی، جۆرەکانی بەجیهانیبوون زۆرن و لە گرنگترینیان ئەمانەن:

**١) ڕەهەندی ئابووری:** بەجیهانیبوون بە باوەڕی گەلێک لە بیرمەندان و توێژەران، بە پلەی یەکەم دیاردەیەکی ئابوورییە و لەبنەڕەتدا وەک دیاردەیەکی ئابووری سەریهەڵداوە و مەبەسیش لێی ئەوەیە جیهان بکاتە یەک بازاڕ، کە تێیدا سیستەمی سەرمایەداری زاڵ بێت. ئەو سیستەمەش لەسەر ڕکابەری بویادنراوە، ڕکابەریش مەبەست لێی بەدەستهێنانی قازانجە، کە تێیدا بازاڕی ئازاد و ئازادیی ئابووری باڵادەستە (عبدالحمید، ٢٠٠٦: 203). بەجیهانیبوون لەڕووی ئابوورییەوە بریتییە لە ئاوێتەبوونی بازاڕی جیهانی، لە کایەی بازرگانی و وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆو گواستنەوەی دارایی و کولتوور لە بازنەی سەرمایەداری و بازاڕی ئازادو هاوکاری کەرتی تایبەت لەگەڵ کەرتی گشتی. سەرەڕای ملکەچبوونی جیهان بۆ هێزەکانی بازاڕی جیهانی، ئەوەش هۆکارێک بووە بۆ بڕینی سنورە نەتەوەییەکان لەبەرژەوەندی کۆمپانیا سەرمایەدارییە زەبەلاحە فرەنەتەوەکان و هاتنە کایەی هەندێک چەمک وبیری ئابوری لەوانە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی (Ostry. 2001: 21).

**٢) ڕەهەندی سیاسی:** بەجیهانیبوون لەڕووی سیاسییەوە، بریتییە لە کۆمەڵێک پەیوەستەگی و دەستێوەردان لە دەوڵەتی نیشتیمانی و ئەو گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییانەی ڕۆڵیان هەبووە لە گۆڕانی گەورە لەچەمکی سیاسەتدا، کە ئێستا چیتر دەوڵەتی خاوەنی سەروەریی ڕەها نییە وەک ڕابردوو. چونکە هەبوونی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێگرتن لەو یاسایەو جێبەجێکردنی خاڵەکانی یاساکە لەلایەن وڵاتان و ڕۆڵی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی لەبواری مافەکانی مرۆڤ و ئاسایشی جیهانی و پرۆژەکانی گەشەپێداندا، هەروەها بەهۆی بەجیهانیبوون هەندێک چەمک برەوی زیاتری پێدرا لەوانە مافی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراسی لە سەر ئاستی جیهان (جراح، ٢٠٠٩: ٢١٦).

**٣) ڕەهەندی میدیا:** ئەم گۆڕاوە ئاماژە بە پێوەری پلەی ئاراستە دەکات بەرەو میکانیزمەکانی بەجیهانیبوونی میدیایی. واتە باوبوونەوەی دەرچووە مەعریفەییەکان و زانیارییەکان، کە لەڕێگەی ئینتەرنێت و ناوەندە ئەلیکترۆنییەکانەوە دەگەن بە جیهان، چونکە میدیا بەشێکە لە هۆکاری بەجیهانیبوون، دەرهاویشتەکانی بریتین لە ڕەهەندی میدیا (Denote. 2019: 13). لەئێستادا بە میدیاکردنی جیهان بەهۆی شۆڕشی تەکنەلۆجیاوە زۆر بەخێرایی بەڕێوەدەچێت، چونکە تۆڕەکانی میدیا بە فراوانی بڵاوبوەنەوەتەوە بەجیهانداو ڕۆچوونەتە نێو ژیانەوەو هەرچی ڕووداوی جیهانە لە چرکەیەکدا دەگوێزرێنەوە بە دەنگ و ڕەنگیشەوە، بینەر لەماڵی خۆیەوە دەتوانێت لەگەڵ هەموو ڕووداوەکاندا بژی و بزانێت هۆکار و کاریگەرییەکانی ئەو ڕووداوانە چین (Redden. 2009: 11).

کەواتە میدیا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لەهەموو جیهادا، لەڕووی ئامرازو میکانیزمی پەخشکردن و گەیاندنی بەهەموو جیهان. لە دروستکردنی گۆڕینی کولتووردا، لەوەش زیاتر میدیا بەهۆی ئەو

کاریگەرییەوە ئێستا هۆشیاریی کۆمەڵایەتی کولتوور دروستدەکات و لەئێستادا ڕۆڵی میدیا گەورەترە لە ڕۆڵی زانایان و بیرمەندان و نوسەران کولتوور وێنە جێگەی کولتوور وشەی گرتۆتەوە و بینراو زاڵبووە بەسەر خوێندراودا (القميمي. ٢٠٠٨: ١١٢). میدیا لەمڕۆدا گرنگترین میکانیزمی جیهانیبوونە لەهەمانکاتیشدا یەکێکە لەدەرهاویشتەکانی جیهانیبوون وکاریگەری بەسەر گۆڕینی کولتوور وناسنامەی تاکەوە هەیە. (جلال: ٢٠٠٧: ١٠٧).

**٤) ڕەهەندی کۆمەڵایەتی:**

گرنگترین دیاردەی ئەو گۆرانکارییەی بەرەوڕووی جیهان بۆتەوە بریتییە لە کاریگەری بەجیهانیبوون بەسەر دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە، چ لەسەر ئاستی تاک لە خیزاندا یان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەکان بەشێوەیەکی گشتی. کارلێکردن لەگەڵ ئەو تەکنۆلۆجیایەی دێتە ناومانەوە و شالاوی میدیا و زانیاری لەڕێگەی ئینتەرنێت و مانگی دەستکردو و کەناڵە ئاسمانیەکان و تەکنۆلۆجیای ڕۆژانە (مۆبایل) کە فرە رەهەندو فرە چەشنن، هەموو ئەوانە ئالنگاریەکی گەورەی لەبەردەمی خێزاندا بەتایبەتی و کۆمەڵگە بەگشتی دروست کردوە. چونکە ئەمجۆرە تەکنۆلۆجیایە کاری پەروەردەیی خێزانی قورستر کردوە بۆ پێگەیاندنی منداڵەکانیان. بەکارهێنانی ئەو ئامڕازانەش وەک هێزێکی پاڵنەر بۆ گۆاڕنکاری کۆمەڵایەتی سودی دەبێت، بەتایبەتی لە بواری بەجیهانیبووندا، بەلام پرۆسەی بەجیهانیبوون زیاتر سەری کێشاوە بۆ دەرکەوتنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی جیهانی (کاطع، ٢٠٠٥: ١٧٥).

ئەم چەمکانە تائێستاش لە سەرەتاکانیدایە بەلام بێگومان چەمکی ڕاستن و ئاماژەن بۆ ئەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی جیهانی و بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەشێت روبدات. لەڕاستیشدا جێکەوتەکانی بەجیهانیبوون بەسەر جیهاندا دەرکەوتوە، هەروەک بەجیهانیبوون لە گەلێک لایەنەوە هۆکارێک بوە بۆ پتەوبوونی تەونی کۆمەڵایەتی و هۆشیاربونەوە لەسەر ئاستی جیهانی. وێڕای ئەوەش هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە زیاتر شارەزا بێت و زانیاری جیهانی وەرگرێت و لە نزیکەوە ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی جیهان بیت. وادیارە ڕەهەندی بەجیهانیبوونی کۆمەڵایەتی ئەوەیە هەموو جیهان یەک شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی وەربگرێت وەک ئەوەی لەڕۆژئاوادا باوێتی، ئەوەش دەشێت هۆکارێک بێت بۆ هێنانی بەهای نوێ بۆ ناو خێزان و کۆمەڵگەکان و، بەکارهێنانی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ و ژیانی هاوچەرخ و بەڵگەنامەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان و بەکارهێنانی کۆمەڵەکانی ژنان لەڕێگەی بانگەشەکردن بۆ یەکسانی و داڕشتنی یاسای جیهانی – کارکردن و لەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوو کۆمەڵەی دامەزراوەی خزمەتگوزاریی ئەهلی و ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان باسی هەمووارکردنەوەی یاساکانی خێزان دەکەن. بەشێوەیەک داڕشتنەوەی یاساکان لەم بارەوە هاوشێوە بکرێت لەگەڵ یاساکانی ڕۆژئاوادا وەک تاکێکی ڕۆژئاوایی یاخود خێزانێکی ڕۆژئاوایی.

لەم سالانەی دواییشدا هەندێک ستایلی ڕۆژئاوایی وەک ستایلێکی جیهانی دەرکەوتوون و سنوری جوگرافی ولاتانیان بڕیوە و سەریانکێشاوە بۆ بەریەککەوتن لەگەڵ نەریتی باوی ولاتانی دواکەوتوو و جیهانی سێهەم. بەجیهانیبوون وادەخوازێت تاک دەسپێشخەری خۆی هەبێت و بەرگەی مەترسییەکانیش

بگرێت، چونکە لە زۆربەی بارەکاندا نەریتەکانی بەجیهانیبوون تەواو پێچەوانەن لەگەڵ نەریتی کۆمەڵایەتی و پێکگەیشتنی کۆمەڵایەتی تاکدا، بەتایبەتی لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا.

**٥) ڕەهەندی کولتوور:** بەشێوەیەکی گشتی کولتوور بۆتە دیارترین خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەکان، چونکە هەر کۆمەڵگەیەک کولتووری خۆی هەیە، کە لەوانیتر جیایدەکاتەوە، لەگەڵ فرەیی و هەمەڕەنگی کولتوور لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە، دەشێت بڵێین لەنێوان یەک کۆمەڵگەشدا هەندێکجار کولتوورەکان جیاوازن (الجلبي. ٢٠٠٠: ٨١).

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد کولتوور بریتییە لە کۆی هزرو ئایدیاو باوەڕو دابونەریت و شێوازی بیرکردنەوەو شێوازی ژیانکردن و سیستەمی خێزان و کەلەپور ڕابوردوو، بە هەموو چیرۆک و ئەفسانەو پاڵەوان و ئامرازەکانی گەیاندن و گواستنەوە و سروشتی دەزگاکان لەیەک کۆمەڵەگدا (اليكساندر ، ٢٠١٤: ٣٦١). زانایان جیاوازی دەکەن لەنێوان سێ جۆر کولتووردا، کولتووری تایبەت بە گەل، ئەوەش کۆمەڵێک کولتووری خۆی لێدەکەوێتەوە، هەندێکجار ئەو لقە کولتوورە دەبێتە کۆڵەکەی ژیانی ئەو گەلە، و پێیدەگوترێت کولتووری ژێرخان. دواتر کولتووری جیهانی یان گشتی کە لەئێستادا بەهۆی ئامرازەکانی گەیاندن لەنێوان جەماوەردا لەبرەودایە، ئەویش وەک ڕۆژنامەو گۆڤار و ڕادیۆو تیڤی و بروسکەو پۆستە و تەلەفۆن و فاکس (فيك ، ٢٠١١: ١٩٢).

بەجیهانیبوونی کولتوور، ئەوەیە کولتوورێکی جیهانی بەرهەمبێنێت بەکەڵکی هەموو مرۆڤ بێت، لێرەدا ئەو لایەنەی بەهێزترین بێت لەڕووی دارایی و ئابووری و سیاسییەوە دەتوانێت کاڵاکەی خۆی بەباشی بخاتە بازاڕەوە و بۆ گەلانی هەژار و لاواز تەنانەت ئەگەر خراپیش بێت ، لەوێشەوە دابونەریتەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت لە بەرژەوەندی هێزەکانی بازاڕ و کولتووری بەکاربەر (بك، ٢٠١٢: ١٥٦). کەواتە بەجیهانیبوونی کولتوور زۆر جیاوازە لەگەڵ کولتووری نیشتیمانیدا، کولتووری نیشتیمانی تایبەتمەندی خۆی هەیە، توانای ئەوەی هەیە خاوەن کولتوور بە چەندین تایبەتمەندی ویژدانی و هزریی هاوبەش پێکەوە گرێبدات، بەڵام بەجیهانیبوونی کولتوور ناتوانێت هەستی هاوبەش و چارەنوسی هاوبەش و یادەوەریی کۆمەڵی بەرهەم بێنێت (ماكدونالد، ٢٠١٧: ٦٧).

ئەم ڕەهەندەش پشتەبەستێت بە هەڵوەشانەوەی ناسنامەی کولتوورو نیشتیمانی و گۆڕینی بە کولتووری جیهانی و سڕینەوەی سنورەکان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی ئازاد. ئەوەش سەردەکێشێت بۆ داڕمانی کولتووری لۆکاڵی و جێگرتنەوەی بە کولتوور جیهانی، ئەم کولتوورە نوێیەش ناتوانێت لەگەڵ نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا هەڵبکات. ئەوەش سەردەکێشێت بۆ پەرتەوازەبوون و ناکۆکی ناوخۆیی و لێکترازانی کۆمەڵگەیی و بەهایی، بەتایبەتی کۆمەڵگەی جیهانی سێیەم، کە بەرەنگاری زۆر ئاستەنگ و مەترسی دەبێتەوە لەم هێرشە کولتووریەدا، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرپەرچی ئەو هێرشە کولتوورییە بداتەوە. چونکە کۆمەڵگەی جیهانی سێیەم تایبەتمەندی خۆیان هەیە و ئەو ئامرازانەی کولتووری ڕۆژئاوایی پەخشدەکەن لەناویاندا، بریتین لە میدیاکان، بەتایبەتی میدیای ڕۆژئاوایی (المحروقي، ٢٠٠٤: ٦٣).

هەروەها بەجیهانیبوونی کولتوور هەڕەشەیەکە بۆ سەر ناسنامەی گەنج و کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان و مۆرکی ژیاریی دەشێوێنێت و پەیوەندی گەرموگوڕی نێوان ڕۆشنبیرو ژیانی کۆمەڵایەتی کەمدەکاتەوە و بواری داهێنان ناهێڵێت و کولتوور دەکاتە کالایەک و کەلەپور نەتەوەکان دەشێوێنێت و زمانی نەتەوەیی پەراوێز دەخات، بەهۆی نێوندگیرەکانی بەجیهانیبوونەوە، کە زمانی ئینگلیزی دەکاتە زمانی زاڵ. ڕەهەندی کولتووریی، بەو بیروبۆچوونە ئازادیخوازانە و سەرمایەداری ڕۆژئاواییەوە تەنها خزمەتی کۆمەڵگە سەرمایەدارەکان دەکات، کە تەنها ئامانجیان قازانجە بێ گوێدان بە ڕەهەندی ڕەوشتی و مرۆڤایەتی. بەو هۆیەوە کێشەی زۆری جۆراوجۆر لە کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکاندا سەریهەڵدا.

بەجیهانیبوون کاریگەری هەیە لەسەر کولتووری کۆمەڵگە جیاوازەکان لەم ڕووانەی خوارەوە:

١-کاریگەری زمانی: بەکارهێنانی هەندێک لە زمانە ڕۆژئاواییەکان (فەرەنسی و ئینگلیزی) وەک زمانی فەرمی لە بەشەکانی کارگێڕی و ئابووریدا و بەکارهێنانی لە هۆکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن و لە بەشەکانی خوێندندا، هەروەها وەک زمانی گفتوگۆی ڕۆژانەکە سیستەمی سیاسی کاری لەسەر دەکات بۆ جیگیرکردنی زمانی ئینگلیزی لە نێو هەموو زمانەکانی تردا (جوزیف، ٢٠٠٧: ١٢٦).

٢- کاریگەری ڕەوشتی: بڵاوبوونەوەی دیاردەی توندوتیژی و سێکسی و بەدڕەوشتی لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا و سینەما و کەناڵە ئاسمانییەکان و لەسەر هێڵی ئینتەرنێت، کە دەبێتە هۆی کاریگەری لەسەر بەهاکان لە هەندێک لە کۆمەڵگە پارێزگارەکاندا بەتایبەت لە کۆمەڵگە تازە پێگەشتووەکاندا.

٣-کاریگەری بەهایی: بە شێوازکردنی بەهاکان و وەکیەکبوون بخرێت بۆ هەموو مرۆڤەکان لە خواردن و خواردنەوە و لەبەرکردن و پەیوەندییە خێزانییەکان و نێوان دوو ڕەگەزەکە، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی بەهای بەکاربردنی سەرمایەداری (فیک ، ٢٠١١: ٨١).

لەماوەی ئەو دوو دەیەی ڕابوورداو بەهۆی پێشکەوتنە زانستی و تەکنیکیەکان و شۆڕشی زانیاری و گەیاندن و نێت و ئاسمانیەکان، کە جیهان چۆتە ناو قۆناغی بەجیهانیبوون وەک سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتوور، کە ڕەنگدانەوەی هێزە سەرمایەداریەکانی جیهانە. لەو کاتەوە قەیرانی گەنجان بەرەو هەڵکشان چووە لە وڵاتانی هەژارنشیندا، ئێستا گەنجان دەناڵێنن بەدەست قەیرانی دوو سەرەوە کە لە میراتی کۆنەوە بۆیان ماوەتەوە قەیرانەکەیتریشیان بریتییە جێکەوتەکانی بەجیهانیبوون هەر لەنێت و کەناڵە ئاسمانیەکانەوە کە ڕەنگدانەوەی کولتوورو جەمکی ڕۆژئاوان و باسی خۆشگوزەرانی خەیاڵیی ئەو وڵاتانە دەکەن بەبەراورد لەگەڵ گەنجانی وڵاتانی دواکەوتودا، ئەوەش هەڕەشەی قەیرانی تر دەکات لەسەر گەنجانی وڵاتانی دواکەوتوو تازەگەشەکردوو.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین قەبارە و بڕی ئەو وەرچەرخانە کولتوورییەی لەم سەردەمەدا ڕوویانداوە، زۆر زیاترن لەوەی هەموو مێژوودا ڕوویداوە، لەم بوارەشدا ئینتەرنێت و میدیاو تەکنەلۆجیا ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە و توانیویانە سیستەمی هێمایی ماناکانی سەردەم کۆنتڕۆڵ بکەن بۆ خۆیان. وەک تاگگەرایی و بەکاربردن و چەندین تێرمی ئاینی، بۆ ئەوەی بەخێرایی و ئاسانی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوێزرێتەوە. ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر شێوازی ژیانی خەڵک و گۆڕانی قوڵی

بەسەرداهێناوە، ئێستاش کاری کولتوور ڕۆژانە دوردەکەوێتەوە لە کولتووری لۆکاڵی وەک شارو نیشتیمان، دواجاریش مانای نوێ بەرهەمدێنێت، لەکاتێکدا کارلێکدەکات لەگەڵ هزرە جیهانییەکاندا. کەواتە ڕەهەندی بەجیهانیبوونی کولتوور بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕێز لە مافە سروشتیەکانی تاک دەگرێت و سەردەمی سەرکوتکردن کۆتایی پێدێنێت، ئەم ڕەهەندەش وەک ئامانجی سەرەکی بەجیهانیبوون سەیر دەکرێن، و ئێستا ئەو ئامانجانە لەرووی نێو دەوڵەتی و ناوخۆییەوە پاریزگاریان لێ دەکرێت. ئەوەش لە گرنگترین ئامانجەکانی بەجیهانیبوونی ڕۆژئاوایە چونکە تاک لەوکاتەدا ئیدی ئازاد دەبێت لە کۆت و بەندەکانی بەهاو ئایین و کۆمەڵگە و خێزان و نیشتیمان و ئەخلاقیش.

ئەم رەهەندە پشتبەستووە بەسرینەوەی ناسنامەی تایبەت بە کۆمەڵگەکان و پاڵپشتی تاک دەکات بۆ وەرگرتنی ناسنامەی جیهانی و کردنی جیهان بە کۆمەڵگەیەکی جیهانی تێیدا هەموو مرۆڤەکان پێکەوە کۆدەبنەوە و ئیدی ئەو کۆمەڵگەیەش مرۆڤ پەروەرو دادپەروەر دەبێت. رەهەندی بەجیهانیبوونی کولتوور وابەستەی هزری یەکخستنی کولتوور جیهانە چونکە کولتوور ئاوێنەی کۆمەڵگەو جۆری ژیان و شێوازی بیرکردنەوەیەتی ونەخشەسازی سیاسەتی جیهان دارشتنی بۆ دەکات ، هەربۆیە بەجیهانیبوونی کولتوور بەم شێوەیەی ئێستای پێویستی بەوەیە جۆرێکی نوێ لەکولتوور بەرهەم بێنێت. تاکو مرۆڤی سەردەم بتوانێت خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێت بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ.

## تایبەتمەندییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور:

تایبەتمەندییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور بریتییە لە: کولتوورێکی کراوەیە بەسەر جیهاندا. بەوە دەناسرێتەوە کە لەکاتی خستنەڕووی کالادا خەڵک سەرسامدەکات و بەتەواوەتی خولیای وەرگر دەتەنێت. ئازادی هاتوچۆی کالاو خزمەتگوزاری و هزرو ئالوگۆڕکردنی بێ هیچ بەربەستێک یان سنورێک لەنێوان ولاتاندا. کولتوورێکە ئامرازی هەمەجۆری لەبەردەستدایە (چاپکراو، بینراو، بیستراو). مۆرکی چەندێتی لەهەمبەر مۆرکی چۆنێتی و جۆرێتی زاڵە بەسەریدا، دەرکەوتنی میکانیزمی نوێ و سەربەخۆ لە دەوڵەت، ئەم میکانیزمانە ئەو کارانە ئەنجام دەدەن، کە کاتی خۆی دەوڵەتان ئەنجامیاندەدا. (Sutr. 2003: 27) بەجیهانیبوونی کولتوور ئامرازو ناوەڕۆکی تایبەت بەخۆی هەیەو ئامێر و ئامرازی تەکنەلۆجی، هەمووی لەخزمەتی ئەودان. ناوەڕۆکەکەشی بریتییە لە بەرنامەو هزرو بۆچوونی ئەدەبی و هونەی و مەزهەب و ئایدیۆلۆجیاکان و دیدی سیاسییەکان و جۆری ژیان و نەریتی کۆمەلایەتی لە پۆشین و خواردن و خواردنەوەو بەرنامەو زنجیرەی تیڤی و گۆرانی و میوزیک و هیتر (Kumaravadivelu. 2008: 5).

کەناڵە ئاسمانییەکان ئامرازێکن بۆ داگیرکردنی کولتوور، کە هەوڵ دەدەن زاڵ بن بەسەر هەست و نەست و مێشکی مرۆڤ و بە ئارەزووی خۆیان ئاراستەی بکەن و زاڵ بن بەسەر ناسنامەی کولتووری

گەلاندا و کارایی ئەقڵ پەک بخەن و لۆژیکیان بگونجێنن و سیستەمی بەهاکان و خەیاڵی مرۆڤ بەویستی خۆیان ئاراستە بکەن و چێژو ڕەفتاری تاک لە قاڵب بدەن و جۆرێکی دیاریکراو لە بەکاربردن بسەپێنن. جیهان دەبێتە گوندێکی گەردوونی بەهۆی ڕەوتی ئینفۆرمەیشن (زانیاری) یەوە، زاڵبوونی کۆمپانیا فرەنەتەوەکان بەسەر جیهاندا، هەروەها کۆمپانیا سەروو نەتەوەییەکان. دەرکەوتنی هزری مافەکانی مرۆڤ، بەو مانایەی کە مرۆڤێکە مافی ژیانی شکۆداری هەیە، دور لە هیچ ناچارکردن و زۆرەملێ و زەلیلکردن و فشار و ئەشکەنجەدانێک.

## ئاراستەکانی دەرکەوتنی بەجیهانیبوونی کولتوور:

چەندین ئاراستەو هەڵوێستی جیاواز هەیە بەرامبەر دەرکەوتە کولتوورییەکانی بەجیهانیبوون، لەنێوان نارەزایی و میانڕەو و پشتگیریدا، ئەو ئاراستانەش ئەمانەن: (Fukuyama. 2018: 154-155)

١- **ئاراستەی یەکەم (بەرهەڵستی)**: وایدەبینێت کە کولتووری بەجیهانیبوون کولتوورێک زاڵ دەکات بەسەر هەموو کولتوورەکانی تری جیهاندا ئەم ئاڕاستەیەئەو توێژانە دەگرێتەوە لە نێو کۆمەڵگەدا تەمەنیان هەیە و بەساڵا چوون ئەوان وای دەبینن بەجیهانیبوونی کولتوور، مەترسی دەبێت بۆسەر تایبەتمەندیی ئەو کولتوورانە. لێرەوە داوا دەکەن کە دەبێت دژ بەکولتووری بەجیهانیبوون ڕابوەستین، ئەویش بە ژیاندنەوەی یادەوەرییەکانی مێژووی جەنگ و ئیمپریالیزم و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی گەلان و جیاکاری ڕەگەزی، کە جیهان پێوەی دەناڵاند لەڕابوردوودا و پابەندبوون بە ڕێبازی زانستییەوە لە بیرکردنەوەو کارلێکردن لەگەڵ شتەکاندا، سەرەڕای بەرزکردنەوەی ئاستی فێرکردن و پابەندبوون بە بەها ئەخلاقییەکانەوە.

٢- **ئاراستەی دووەم (میانڕەو)**: لە گۆشەنیگای کارلێککردن لەنێوان کولتوورەکانەوە دەڕوانێتە پرسەکە، ئەو کارلێککردنەش وەک کلیلی چارەسەر سەیر دەکات، بۆ ئەوەی بەجیهانیبوون لە جێکەوتە نێگەتیڤەکانی ڕزگار بکرێت. توێژەکانی ڕۆشنبیران وپێگەشتوان وگەنج دەگرێتەوە لە نێو کۆمەڵگەدا ،چونکە کارلێککردنی پۆزەتیڤ چەندین بەهای باش و هاوبەش لەنێوان کولتوورەکاندا دەخوڵقێنێت و لەیەک کۆمەڵەدا هەموویان ئاوێتە دەکاتەوە، بەجۆرێک کولتوور نیشتیمانی دەبێتە ئاوێتەیەک لە کولتوور نێودەوڵەتی، کە ڕێز لەهاوچەرخبوون دەگرێت و کولتوورێکی خۆجێیی دەچەسپێنێت کە پارێزگاری لەبنەماکان دەکات. هەندێک ڕاوبۆچوون پێیانوایە بەجیهانیبوون دەرهاویشتەی هەلومەرجێکی سیاسی و ئابووری جیهانە و کەس ناتوانێت بەرپەرچی ئەو هەلومەرجە بداتەوە.

٣- **ئاراستەی سێهەم (پشتگیریکردن)**: دەڵێت هیچ بەڵگەیەک نییە لەسەر ئەوەی بەجیهانیبوون دەیەوێت کولتوورەکانی تر بتوێنێتەوە، چونکە بەجیهانیبوونی بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنێت پێویستی بەوە نییە کولتوورەکانی تر بتوێنێتەوەو سیستەمێکی دیاریکراوی کولتوور بسەپێنێت، لەلایەکیترەوە مەحاڵە بتوانرێت ئەو هەموو کولتوورە بتوێنرێتەوە. لە کۆمەڵگەدا توێژی گەنج دەگرێتەوە کلتوری خۆیان بە

کلتورێکی کۆنە پەرست و گونجاو نابینن هەر بۆیە ململانێ لە نێوئەم ئاڕاستەیەو ئاڕاستەی یەکەمدا دروست دەبێت.

هەر سێ ئاراستەکە پشتگیرو دژی خۆیان هەیە و هەریەکەشیان بەڵگەی خۆی هەیە بۆ سەلماندنی ڕایەکەی خۆی، بەجیهانیبوون جەنگێکە لەشێوەیەکی تایبەت. کە پەلاماری نەتەوەکانی تر دەدات، بێئەوەی ئەوان هەست بەخۆیان بکەن و دەبێت نەتەوەکان ئامادەبن بۆ وەرگرتنی ئەم دیاردەیە و کەمکردنەوەی لایەنی نەرێنی و بەهێزکردنی ئەرێنییەکانی. گشتاندنی کولتوورێکی تایبەت بەسەر جیهاندا، واتە سڕینەوەی کولتوورەکانی تر، بۆیە دەبێت نەتەوەکان دەستبگرن بەکولتووری خۆیانەوە، چونکە کولتوور ناسنامەی ئەوانە و پێی جیادەکرێنەوە لە وڵاتانیتر، بێگومان جیاوازی و هەمەچەشنی تابەتمەندێتیی هەو وڵاتێکەو هێمای بوونیەتی و ئاشنابوون بە کولتووری گەلان و دابونەریتیان شتێکی باش و پێویستە، بەڵام گشتاندنی یەک کولتوور جەنگێکە دژی کولتوورەکانی دیکە.

## هۆکارەکانی گۆڕانی کولتوور

هۆکارەکانی گۆڕانی کولتووربەهۆی بەجیهانیبوونەوە، کۆمەڵێک هۆکار هەن کە بەجیهانیبوونی کولتوور بە کۆمەڵگەکان دەناسێت دەبنە هۆکار بۆ ئاشنابوونی کۆمەڵگەکان و کاریگەری دروست دەکات لەسەر کۆمەڵگەکان هەر ئەوانەشە وادەکات کە بەجیهانیبوونی کولتوور ئاشنا بێت بە کۆمەڵگەکان و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەکان هەبێت، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

## یەکەم –دامەزراوەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور

دامەزراوەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لەسەر ڕەفتارو هزر و پەیوەندی و مامەڵەکاندا، بەتایبەت لەنێو گەنجی زانکۆدا، بەکورتی باس لەگرنگترینان دەکەین کە ئەمانەن:

**ا: ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی**

یەکێکە لە مەترسیدارترین ئەو دەزگایانەی پەیوەستن بە بەجیهانیبوونەوە و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕیت لە پراکتیزەکردنی بەجیهانیبووندا بۆ گۆڕینی ئابووری لۆکاڵی وڵاتان بەرەو ئابووری لکاوەو تێکەڵ لەگەڵ ئابووریی جیهاندا. ڕێکخراوی بازرگانی جهانی زادەی ساڵی (1995) نییە بەڵکو ساڵی 1945) ) دروستبووە، دوای جەنگی دووەمی جیهانی، تەمەن کورتترین ڕێکخراوی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە. چونکە ڕێکخراوی بازارگانی جێگرەوەی ڕێککەوتنامەی تاریفەی گومرگی و بازرگانییە (گات)، کە ڕێکخراوی بازرگانی چالاکی زۆری ئەنجامداوە بۆ ئەوەی کۆمەڵێک ڕێسای بنەڕەتی دابمەزرێنێت بۆ ئازادیی بازرگانی، لەهەمان کاتیشدا بۆئەوەی بتوانێت بازاڕی جیهانی یەکبخات، بەتایبەتی لەبواری پێشخستنی یاساکان و یەکخستنیان، هەروەها هەوڵیداوە بۆ ئەوەی بازاڕە نێودەوڵەتییەکانی وڵاتان لەیەک بازاڕی یەکگرتودا کۆبکاتەوە (العصيمي،٢٠١٠: ٧٣).

ڕێکخراوی بازرگانی بۆتە پایەیەکی بنەڕەتی لە بەجیهانیبووندا، دەبێت لە هێزو توانای ئەو ڕێکخراوە تێبگەین، چونکە ئەو ڕێکخراوە سەرپەرشتی سیستەمی بازرگانی دەکات لە سیستەمی نوێی جیهانیدا.

**ب: سندوقی دراوی نێودەوڵەتی**

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی هێزێکی حکومی سەرو نەتەوەییە لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستی ئەودان و توانای دەسخستنە نێو کاروباری ناوخۆیی لەو وڵاتانەدا کە قەرزی لێدەکەن. دەسەڵاتێکی وەهای پێدەبەخشێت کە وڵاتانی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان خۆیان خەونی پێوە دەبینن. هەموو سەرچاوەکانی قەرزوەرگرتن لە جیهانی سەرمایەداریدا، جا چ قەرزبەخشی تایبەت بن یاخود حکومەتەکان بن، یان دامەزراوەکان بن، وەک بانکی نێودەوڵەتی، هیچیان ئامادەنین قەرز بدەن بە وڵاتێک دژی سندوقی نێودەوڵەتی کاربکات. (جراح، ٢٠٠٩: ٣٧).

**ت: بانکی نێودەوڵەتی**

یەکێکە لە دەزگاکانی ڕێککەوتنامەی (بریتۆن)، کە لەساڵی (١٩٤٤) دا ئیمزاکرا و ساڵی (١٩٤٥) دامەزرا، ساڵی (١٩٤٦) یش دەستی بە چالاکییەکانی کرد. دامەزراندنی ئەم بانکە وەک بەدەمەوەچوونێک بوو بۆ دابینکردنی سەرمایەی ئاوەدانکردنەوەی ئەورووپا، کە بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانییەوە وێران ببوو، هەروەها بۆ گەشەدان بە ئابووری وڵاتانی دواکەوتوو (kuburs. 1999: 10).

**ج: کۆمپانیا فرەنەتەوەکان**

دەبینین دیاردەی کۆمپانیا فرەنەتەوەکان بەرەو هەڵکشان دەچێت، یان وەک هەندێک ناوی دەنێن دیاردەی کۆمپانیا کیشوەربڕەکان، ئەوانە جۆرێک کۆمپانیان کە هێزێکی ئابووریی وایان هەیە دەتوانێت سنوری دەوڵەتەکانی خۆیان ببڕن، ئەویش بەهۆی ئەوەی دەتوانن سەرچاوەی دارایی و سروشتی و مرۆیی لەسەر ئاستی جیهان بەدەستبێنن و بتوانن تەکنەلۆجیای نوێ پەرەپێبدەن، تەکنەلۆجیای نوێ ئامرازی پەیوەندیکردن زیاتر دەکات و ئاشنبوون بە کولتوورەکانیتر ئاسانتر دەکات، هەرچی ڕووداوەکانی دنیایە دەیخاتە بەردەست کۆمپانیاکان لەهەموو جیهانەوە (Miles. 2015: 43).

واباشترە چارەسەری ئاستەنگەکانی تری زانیاری بکرێت لەڕێگەی زانینی چۆنێتی کاریگەری ئەو تەکنۆلۆجیایانەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا، ئەویش لەڕێگەی سیستەمی خوێندن و مامۆستایان و فێرخوازانەوە، بۆ گەیشتن بەو زانیارییانە و خەزنکردنیان و چارەسەرکردنیان. چونکە بەرنامەی دامەزراوەکانی خوێندن پێویستیان بەپێداچوونەوە و پەرەپێدان هەیە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکان لەبواری تەکنەلۆجیای زانیاریدا.

لەم دواییانەدا بەرپرسانی پەروەردە هەستیان بە گرنگی ئەم کارە کردووە، بۆیە بانگەوازیان کردووە بۆ ئەوەی گرنگی بدرێت بە پەرەپێدانی تەکنەلۆجیا. لەوەی ڕابورد دەردەکەوێت کە بەجیهانیبوون هێزێکی هەیە کە دەیجولێنێت و چەندین دامەزراوە هەیە کە کاردەکەن لەسەر بەهێزکردنی و ئامانج هەیە کە هەوڵدەدات بەدییان بێنێت.

**چ: ئامرازی پەیوەندیکردن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن:**

دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەک هەر ئامرازێکی تری زانیاری، ڕۆڵی گرنگی هەیەو جێکەوتی دەبێت لەسەر ڕەفتارو هزر و پەیوەندی و مامەڵەکاندا، بەتایبەت لەنێو گەنجی زانکۆدا. لە وڵاتانی گەشەکردودا

دەزگای ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت، هەندێک پێیانوایە دەشێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەم کۆمەڵگەیانەدا ڕۆڵی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بگێڕن و زیاتر لە کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت کاریگەربن. تەکنەلۆجیای زانیاری ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت لە گۆڕینی بونیادی کولتوور و سیستەمی باودا، ئەویش لەڕێگەی بەجیهانیبوونەوە، لەئێستادا زۆر ئاسانە بۆ زانیاری و و گۆڕینەوەی زانیاری لەگەڵ جیهاندا، لەڕێگەی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی و میدیا و نێت و کێبڵ و مانگە دەستکردەکان و ، ئەوانەش جێکەوتی گەورەیان هەیە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە دەزگای ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو خەڵک هاندەدات بۆ لاساییکردنەوە، هەندێک شێواز دێنێتەکایەوە کە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیادا بگونجێت و توانایەکی لەبننەهاتووی هەیە بۆ سەرنجڕاکێشان و جەمسەرگیری (Sutr. 2003: 137). هەربۆیە کاریگەری کولتووری بەجیهانیبوون لەو گۆڕانکارییانەی ڕوویانداوە دەردەکەوێت، بەهۆی مەعریفەوە، وەک ئامرازی پەیوەندیکردن لەڕێگەی دەرکەوتنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بینراو و وەرچەرخان لە وشەی نوسراوەوە بۆ وشەی بینراو، کە ئێستا ئەمەیان بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆتە ئامرازێکی خۆشەویست لای زۆرکەس (الکواري ، ٢٠١٣: ٤٩).

شۆڕشی تەکنەلۆجیاو زانیاری و بەجیهانیبوونی کولتوور، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندن دەگرێتەوە وەک ئینتەرنێت و کەناڵە ئاسمانییەکان و مۆبایل بە بەهێزترین هۆکاری سەرنجراکێش دادەنرێن. بەهۆی ئەوەی پشت بە کولتوور وێنە دەبەستن لەبەرئەوە زۆر بەدەرِبرین و دامەزراو و پەیوەستە بە عەقڵەوە، لەبەرئەوەی کە زمانێکی جیهانییەو هەموو گەلان لێی تێدەگەن. لە بڕینی ڕێگری زماندا بەتوانایەو بەهۆیەوە ناسنامە و تایبەتمەندییە کولتووری و نیشتمانی و نەتەوەیی تێدا دەتوێتەوە. لەلایەکی ترەوە، ئامرازەکانی بەجیهانیبوون و تەکنیکە جیاوازەکان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی داهێنراوە، بۆئەوەی هۆکارێک بێت بۆ پێشکەوتن و بالاَبوون و پاراستنی ناسنامەی کولتوورو نیشتمانی و نەتەوەیی. بەڵام ئەم تەکنیکانە بۆ مەبەستی تر بەکارهاتوون، کە زیان بە مرۆڤایەتی و سیستەمی کولتووری و بەهاکان دەگەیەنن، بۆ ئامانجی بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج بەتایبەتی لەنێو چینی گەنجاندا، بەڵام ئەو ڕۆڵانە چین کە (مۆبایل ،ئینتەرنێت، کەناڵە ئاسمانییەکان) دەیبینن:

**١- مۆبایل**

مۆبایل لەئێستادا چەند هۆکارێکی بەیەکەوەبەستن کۆدەکاتەوە، مۆبایلی ئێستا تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و فەیسبووک و هی تری تیادایە، لەگەڵ کامێرا و بلوتوس و میمۆری، کە ئەمەش وایکردووە هەموو کەسێک بتوانێت پەیوەندی لەگەڵ هەرکەسێکدا بکات لەهەر شوێنێک بێت لەسەر گۆی زەوی و کولتوورێکی دیاریکراو بڵاوبکاتەوە لەڕێی مۆسیقاو ڤیدیۆو فیلم و هیترەوە. (أستيتية، ٢٠٠٨: ٧٧).

شێوازی بەکارهێنانی مۆبایل وەک سەرچاوەیەکی بەها ئینسانییەکان سەیردەکرێت، چونکە ڕواڵەتی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی بینیوە لە بەدەستهێنانی مۆبایلدا، هەروەها دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وایان لێدەکات ماناو ڕەمزە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی جیاواز و بەشداربوون لە ژیانی نوێدا و هەلی کاری یەکسان بەدیبێت، ئەو ئامێرە سیحریەش بۆتە هێمای جیاکاری کۆمەڵایەتی و پێگەی

کۆمەڵایەتی. تەکنۆلۆجیا وەک داهێنانێکی مرۆڤ، یەکێکە لە ئامرازە چالاکەکان بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە، بە مەرجێک بە باشی سوودی لێ وەربگیرێت، بەڵام گەر بێتو نەتوانرێت بۆ سوود گەیاندن بەکاربێنین، ئەوا دەبێتە هۆکارێک بۆ دواکەوتنی کۆمەڵگە. وەک ئەوەی کە زۆرێک لە گەنجانمان کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەدەن بۆ يارييە ئەليکترۆنييەکان، ئەوە جگە لە زيانە تەندروستی و دەروونييەکان و خێزان و کۆمەڵگەش زەرەرمەندی يەکەمە.

**٢- ئینتەرنێت**

تۆڕی ئینتەرنێت لەبەر بەکارهێنانە زۆرو هەمەجۆرەکانی، بووە بە دیاردەیەکی کاریگەری کۆمەڵایەتی و کولتووریی لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا. ئەم دیاردەیەش دەرئەنجامی گۆڕینی تێگەیشتنە باوەکانە لە بوارەکانی کارکردن و فێرکردن و بازرگانی و ڕاگەیاندن و دەرکەوتنی شێوەیەکی تر لە کۆمەڵگەی زانیاری. (Ang. K. 1990:31). تۆڕی ئینتەرنێت دەکرێت وەک هۆکارێکی پەیوەندی کاریگەر کە تاکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە شوێنە جیاجیاکانی دنیادا، بەربەستەکان دەبڕێت و سنوورە جوگرافییەکان لەنێوان دەوڵەتاندا کاڵدەکاتەوەو جیهان وەک گوندێکی بچوک دەردەخات، بەمەش خەونی بەجیهانیبوون دێتەدی (Adhikarya. Rogers. 2006:16).

ئامانجی سەرەکی بە جیهانیبونی کولتوورییە، بەوەی کە دەوڵەت دابەشدەکات بۆ دەستە و گروپ و ناکۆکی بەرتەسک دەسەڵاتی بەسەردا دەگرێت، ئەمەش وادەکات بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت و هەر ئەمەشە کە ئینتەرنێت دەیکات لەڕێی بڵاوەپێکردنی زانیاری نهێنی و مەترسیدار لەسەر ڕژێمی حوکمدار لەدەوڵەتێکی دیاریکراودا. پاشان ناکۆکی سەرهەڵدەدات و کولتوور و نەتەوە هەڵدەوەشێت و بەرژەوەندی گشتی تیادەچێت بەرامبەر بە بەرژەوەندی تاک و حزب و گروپ. وڵاتانی ڕۆژئاوا بێ ئەوەی ئامانجەکانی بەدەستبێنێت لەڕێی دەستوەردانی لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی بەئامانجکراو لەژێر دروشمی پاراستنی ئاسایش و دامەزراندنی کۆمەڵگەی جیهانی، دەست بەسەر ئەو دەوڵەتەدا دەگرێت و چۆنی بیەوێت بەڕێوەی دەبات.

**٣- کەناڵە ئاسمانییەکان**

ژمارەی کەناڵە ئاسمانییەکان کە دەچنە ماڵەکانەوە، بەشدارییەکی بەرچاویان هەیە لە گۆڕینی کۆمەڵگە لە بنیادنانی ئەرک و بیرو بۆچوون و بەهاو باوەڕ، هەبوو کاری پێشکەوتن و گەشەی زیادکرد و هەبوو بەشداربوو لە تێکدانی کۆمەڵگە و پارچەپارچەکردن و بەڕۆژئاواییکردنی بەها کولتووریەکان. ئەمەش دەکەوێتە سەر ئەو ڕێگەیەی کە مامەڵەدەکرا لە وەرگرتنی وتاری کەناڵی ئاسمانی و ئایا ئەمە سوودی هەبوو، یان زیان هەیە؟(زغو، ٢٠١٥: ٢١١-٢١٢).

ڕەوشت و هەڵسوکەوت، هەموو نەریتەکان لەڕێی تەلەفزیۆنەوەو کارکردن بۆ دروستکردنی ئەستێرە لە کەسایەتییە هاتووەکان لە بەرنامەکاندا و زۆربەشیان لە هونەرمەندانن، کە هیچ ئاستێکی کولتوور و داهێنان نوێنەرایەتی ناکەن، وەک ئەوەی کە ئەرێنی بن، سەرەڕای پیشاندانی خواردنەوە کحولیەکان و تلیاک وەک هۆیەکی خۆشگوزەرانی.

کەواتە ئامرازەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور بۆتە ئامرازێکی سەرەکی بۆ کات بەسەربردن و خۆ ڕۆشنبیرکردن و فێربوون و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەنێوان زۆربەی خێزانەکاندا، بەتایبەتی لەگەڵ فرەبوونی کەناڵەکانی پەخشی تیڤی و هەمەجۆربوونیان، هەبوونی چەندین کەناڵی ئاسمانی، دەیان کەناڵی لۆکاڵی و بیانی، وایکردووە بەئاسانی لەگەڵ دنیادا تێکەڵبێت لەرێگەی مانگی دەستکردەوە، ئاسمان پڕبووە لە کەناڵی ئاسمانی عەرەبی و بیانی، کە زۆرینەیان بەرنامە و ڕیکلامی جیاوازو نامۆ بە کولتوور پێشکەشدەکەن.




**وێنەی (١) هێڵکاری دامەزراوەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور/ توێژەر**

## دووەم:کرانەوەی سنورەکان و کۆچکردن

بەجیهانیبوونی کولتوور یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی گۆڕانی ناسنامە، کۆچکردن، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، دەتوانیٚ لە رووبەرێکدا بە ئەندازەی مێژووی شارستانییەتی مرۆڤ کۆن بێت. مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانی بە کۆمەڵی خۆیەوە؛ کۆچ بووەتە بەشێک لە ژیان و بوون و شارستانییەتی. مرۆڤ لە مێژەوە، لە شوێنێکەوە بەرە و شوێنێکی دیکە هەنگاوی بە کۆمەڵی لە پێناوی ژیان و مانەوە و بەدەستهێنانی دۆخی باشتری گوزەران و ژیان و کەوتنە ئاسایش و دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆی و داهات و دەستکەوتەکانی، هەمیشە کۆچیکردووە کۆچی وەک میکانیزمێک بەکارهێناوە (الخطيب،٢٠٠٥: ١٢٨).

هەرچەند کۆچ هەمیشە هەبووە و مێژوو باس لە کۆچی گەورەی مرۆڤەکان دەکات لە قۆناغە جیاجیاکاندا. لە مێژووی نزیکدا بە نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆچبەر دروستی کرد. لەم سەردەمەشدا کۆچ هەر هەیە بە هۆکاری جیاواز، بەڵام ئامانج و مەبەستی کۆچ بە گشتی هەرهەمان ئامانجی کۆنە، کە دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستەو گونجاوە (عبدلي، ٢٠١١: ١١٧).

یاخود ئاڵوگۆڕی شوێنی ژیان لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر بە مەبەستی گواستنەوەی شوێنی ژیانی تاکە کەس لە نەتەوەو کولتوورێکی دیاریکراوە، بۆ نەتەوەو کولتورو وڵاتیکی دیکە، کە بۆ کۆچبەر نامۆ و نائاشنایەو لەم وڵاتەدا هاوشاریی نییە (سکوت، ٢٠١١: ٣١٧).

ڕوونە هەر جۆرە ڕێبواری و گەشتیاری و هاتوچۆیەکی کورت خایەن و سەیران ئاسا ناچنە خانەی کۆچەوە. ئەوانە بەمەبەستی کۆچ بۆ خوێندن و کۆچی گەشتیاری و کۆچ بەمەبەستی ئاڵوگۆری بازرگانی و ئاینی و رۆشنبیری. . . ، بە شێوەیەکی گشتی و لە کۆی ئەو کۆچە بە کۆمەڵە مرۆییانە خۆویستەدا کە کراون سێ هۆکاری؛ باشترکردنی ژیان، بەدەست هێنانی ئاسایش و پاراستنی ژیانیان. فاکتەری سەرەکی و هۆکاری بنەڕەتی بوون و هەن. بەڵام لە ئێستادا بە هۆی کرانەوەی سنوورەکانی جهیان کۆچکردن ئاسان بووە بۆ بەدەستهێنانی بازرگانی و گەشتوگوزار لە ڕێگەی هێڵی ئاسمانی و زەمینی و دەریایی، مرۆڤەکان دەتوانن گەشتی جیهان بکەن وکولتوور و دابونەریتی جیهان ئاڵوگۆڕ پێبکەن و بەهاو زانیاری نوێ و نەریتی نوێ و زمان و ئامرازو کەرەستەی جۆراوجۆر ئاڵوگۆڕ بکەن و لە نێو کۆمەڵگەکاندا بازرگانی بکەن (عنباري،٢٠١١: ٢١٣).

لەگەڵ چاوکرانەوەی مرۆڤ و گەشەی باری شارستانی و ئاڵۆز بوونی پیکهاتەی ژیان و نیشتەجێبوون و ژیانی گرێدراو بە زەوین و کشتوکاڵ. پاشان سەرهەڵدان و پەرەسەندنی زانست و تەکنۆلۆجیا و دروستبوونی شارو کرانەوەی سنورەکان و بەجیهانیبوونی کولتوور، کۆچ و جۆری کۆچ کردن و ئاست و هاوبەشی لە کۆچ دا دەگۆڕێت. ئاست و ناوەڕۆک و واتای دیکە پەیدا دەکات. دەربازبوونی مرۆڤ لە ژیانی ڕەوەندی و هۆزو باوەڕی و سەرهەڵدانی بازرگانی و شار، لەگەڵ خۆیدا ناسنامە و کەسایەتییەکی دیکەی خوڵقاند، کە لە هەر دوو ئاستی کۆچ و مرۆڤ دا گۆڕانکاری بنەڕەتی پیکهێنا لە دابونەریت وکولتوور (عمارة،٢٠٠٧: ٢٠٦)، کۆچڕەوی بەکۆمەڵ و ژیانی هۆزباوەڕی، جێگای خۆیان دایە کۆچی تاک و شارنشینی و ناسنامەی نەتەوەیی و هەوڵ بۆ پێکهێنانی یەکەی نیشتمانی دیاریکراو، کە لە هەناوی خۆیدا کۆچی کردە ڕووداوێکی تا ڕادەیەک بە دڵەخورپەو هەراس و ناسازیی گۆڕانی ژینگەو ناسنامە و دابڕان و وەرگرتنی کولتووری نوێ و زمان و ناسنامەی نوی (دورتيه،٢٠١١: ٢٩٨).

لە جیهانی نوێدا کرانەوەی سنورەکان و بەجیهانیبوونی کولتوور وای کردوە، مرۆڤ ناتوانێت بە تەنیاو دوور لە مرۆڤ و لە دەرەوەی کۆمەڵگە بژی و هەموو پێداویستیەکانی خۆی دابین بکات، لەبەرئەوە لەپێناو مانەوەی خۆیدا لە یەک شوێنداو بەشێوەی گروپ دەژی، ئەو گروپەش پێیدەوترێت کۆمەڵگە. واتە بەکۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ. ئەمڕۆ کە کۆمەڵگەکان چیدی سادە نین، ئەوا ئەو پێویستییە بە یەکدی زۆر ڕوونتر بەدەر دەکەوێت. لە کۆمەڵگەیەکی لەمەڕ ئەمەی خۆمانداو بەگشتی لە هەموو کۆمەڵگەیەک گەنج یەکێکە لە هەرە پێداویستیە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە. چونکە گەنجە مانەوەی نەتەوەکان مسۆگەر دەکات و بەهاو دابونەریت و کولتوور و زمان و ناسنامە دەگوێزێتەوە بۆ نەوەی دوای خۆی.

ڕەنگە ئەم سەردەمە بە پێشکەوتنی زانستی گەورە جیابکرێتەوە، کە بۆتەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و ئامرازی پەیوەندیکردن، چونکە مانگی دەستکرد توانیویەتی جیهان هەموو پێکەوە گرێبدات، بێ ئەوەی بەربەستێک بێتە ڕێگەی. لەم سەردەمەدا مرۆڤ لەهەموو ساتێکدا ئاگاداری هەرچی ڕوودوادەکانی جیهانە لەکاتێکدا خۆی لەماڵەوە دانیشتووە. چونکە ئامرازی پەیوەندیکردن توانیوێتی کاریگەری کات و شوێن نەهێڵێت، تا وایلێهاتووە جیهان بۆتە گوندێکی گەردوونی بچوک، بەهەموو مانەیەکی وەک گواستنەوەی زانیاری و بڵاوبوونەوەی کاریگەری ئەو زانیارییانە، بێ ئەوەی دەوڵەتانی نەتەوەیی بتوانن ڕێبگرن لەو زانیارییانەو نەهێڵن کۆمەڵگە پێیبزانێت، جا ئەو دەوڵەتە هەر ئاراستەیەکی هەبێت.

## تیۆرەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور

لە هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا، هەوڵدان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەندێک تیۆری پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکەوە، پاڵپشتێکی باش دەبێت بۆ ڕوونترکردنەوەی بابەتەکە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی تیۆرەکان کەڵەکەبووی مەعریفەیەکی زانستین و چەندینجار جەختیان لەسەر کراوەتەوە. دەتوانین لەهەندێک ڕووەوە هۆکارو دەرئەنجامەکانی ئەو دیاردانەی پەیوەستن پێیەوە، شیبکەینەوە. لایەنی تیۆری بە گرنگترین هەنگاوەکانی توێژینەوە ئەژمار دەکرێت، چونکە ڕێگەیەکە بۆ نزیکبوونەوە لەو دیاردەیەی توێژینەوەی لەسەر دەکرێت، بابەتی (بەجیهانیبوونی کولتوورو کاریگەری لەسەر ناسنامەی گەنج) چەندین ڕەهەندی لێکنزیکبووەوەی لەچوارچێوەی تیۆریدا هەیە، کە لێرەدا تەنها گرنگترین و نزیکترینیان لە بابەتەکەوە باسدەکەین.

### بەریەککەوتنی کولتوور

بریتییە لە پرۆسەیەک، لە هەناوی خۆیدا خەسڵەتی کولتووریی هەڵگرتوە، وەک هزر و ماناو هێمای کولتوورو زمان (بیومي ،٢٠٠٦: ١٠٢). بەریەککەوتنی کولتوور فاکتەرێکی گرنگە بۆ گۆڕانی کولتوور لە کۆمەڵگەدا، وەک دەستبەردانی تاکەکانی کۆمەڵگە لەو هزرو بەهاو دابونەریتە باوەی لەکۆمەڵگەدا هەیە، و هەستی پێویستی گۆڕانکاری لەتاکەکاندا دەخولقێنێت. چونکە ئەرکی میدیاو پەروەردەو خوێندن و ڕۆشنبیرکردن و ڕێنماییکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ڕاهێنان کرۆکی ئەو کولتوورە پێکدێنێت، کە کۆمەڵگەی لەسەر بنیاتنتراوە. پەیوەندیکردنیش ئامرازێکی تاکە بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بسازێنن بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێک لەڕێگەی چاندنی هزر و ئاراستەو توانای بۆ ئەوەی وەرچەرخانێک بکەن لەڕێگەی شۆڕشەوە، شۆڕشیش لوتکەی گوزارشتکردنی مرۆڤە بۆ گۆڕینی بونیادی کۆمەڵگە بەهەردوو لایەنی مادی و مەعنەویەوە (نراقی، ١٣٨٠: ٢١٣). بەڵام پرۆسەی گۆڕینەوەی زانیاری قورسترە لە پرۆسەی پێکگەیشتنی کولتوورەکان، بەمانایەکیتر پێکگەیشتنی کولتوورەکا ن پرۆسەیەکە خەڵک چەندێک پاشخانی هزرییان جیاواز بێت بەڵام هەمووان هەوڵدەدەن ئامانجەکانی خۆیان بەدی بێنن و بتوانن پەیوەندی لەگەڵ ئەوانیتردا ببەستن (Watson. 2016:12

ئەرکی بە جیهانیبوونی کولتوور ئەوەیە پەیوەندی دروست بکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگە ساز بکات بۆ پەسەندکردنی گۆڕانکاری و بەشداریکردنیان لەپرۆسەی گۆڕاندا لەڕێگەی میدیاو پەروەدەو پەیوەندیکردنی کاراوە.

**خواستنی کولتوور (الأستعارة الثقافية):**

بریتییە لە خواستن و بژارکردنی هەندێک خەسڵەتی کولتوور لە کۆمەڵگەیەکی دیکەوە، جا لەڕێگەی جەنگەوە بێت یان بازرگانی یان هاوسەرگیرییان نێردەی دیپلۆماتکار، یان زانکۆکان و جیهانی بینراوو بیسترا و خوێنراوەوە بێت، (طاله، ٢٠١٤: ١٢٣). ئەم خواستنەش پەیوەستە بە پرۆسەی داهێنان و زیادبوونەوە بۆ ئەوەی ڕەگەزی کولتوور لەنێوان کۆمەڵگەکاندا بگوێزرێتەوە. لەهەمانکاتدا پشت دەبەستێت بەهێزی ڕەگەزی کولتوور و حەزی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی خەسڵەتێکی نوێی کولتوور وەربگرێت کە سودی پێبگەیەنێت (هاد ، ٢٠١٠:٨٠). بەم شێوەیە پیتاندن لە نێوان کولتووری کۆمەڵگەکاندا ڕوودەدات، لەم پیتاندنەدا ئەوکۆمەڵگەیەی ڕگەزەکولتوورییەکان دەخوازێت ئاستی نزمترە لەلایەنی بەرامبەر (قنصوة. ٢٠١٠: ٨٨).

**پەیوەندیکردنی مرۆیی (الأتصال البشري) :**

واتە ئاڵوگۆڕکردن و گواستنەوەی شت و پەیام لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ ئەوی دیکە، ئەو گواستنەوەیەش بە ئامرازێکی ئاسایی، یان دەستکرد دەبێت بەجۆرێک وادەکات بتوانرێت کارلێککردنی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدرێت (جیرار. ٢٠٠٨: ٨٧). هزرو ماناکانیش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە لەڕێگەی زمانەوە دەگوازرێتەوە، چەمکە بنەڕەتییەکان لای تاک دەگۆڕێت و کاریگەری دەبێت لەسەر ئاراستەی تاک و ژینگەی کۆمەڵایەتی (کرامش، ٢٠١٠: ١٣٦). هەرچەندە لەناو یەک کۆمەڵگەشدا دەبینی کەسێک بەوە دەناسرێت کە جیاوازە لەوانیتر، وێڕای ئەوەش لەم سەردەمەدا چەندین کولتوور لقی هەیە، کە کۆمەڵێک ڕەنگی جیاوازو کولتووری جیاواز لە ناو یەک کولتووردا بەرهەم دێنێت. لەبەر ئەوە دەشێت هەمەچەشنیی کولتوور جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵە کولتوورەکان تێپەڕێنێت و لەناو یەک کولتووردا دەشێت کولتوورەکان دابەش بن بەسەر دوو بەشدا، کولتووری لاوەکی و کولتوور گشتی (Calhoun. 1995:18).

ئامرازکانی پەیوەندیکردن (Mass Communication) گرنگترین ئامرازی پەوەندیکردنی مرۆیین، کە پەیوەندییان بە جەماوەرەوە هەیە بە بەکارهێنانی میدیا و، پەیوەندیکردن پێکدێت لە پەیام و وەرگرو نێرەر (لەڕێگەی دەنگ و ڕەنگەوە بێ دەستلێدان). چونکە کاریگەری دەبێت لەسەر دیدو بۆچوونی جەماوەر لەڕووی دەرونی و ئەقڵی و بەهای کۆمەڵایەتی و دابونەریتەوە، جا بەڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ. ئەمانە گوزارشتن لە چەندین پرسی هەمەجۆر لەلایەنی مادی و مەعنەوی و ژیارییەوە، یان بەشداریکردن لە پرۆسەی ئاسانکاری لە گۆڕانکاری لەسایەی بەجیهانیبوون و شۆڕشی تەکنۆلۆژیەوە، لەڕێگەی ئەدەب و میوزیک و دراماو بەهێزکردنی ویستی گۆڕانکاری و ئەنجامدانی

چالاکی وا، کە سەربکێشێت بۆ گۆڕانکاری هزری و ئەقڵی لای تاک. وێڕای ئەوەش ئامرازەکانی گواستنەوە وەک فڕۆکەو ئۆتۆمبێل و گەشەکردنی کولتوورو لەو ڕێگەیەوە (قنصوة، ٢٠١٠: ٧٧).

**کولتووراندن و گۆڕینی کولتوور (التثاقف والتبدل الثقافي) :**

کەواتە کولتوور کە لە ڕاستیدا هەموو لایەنەکانی ژیانی تاکەکان لەخۆدەگرێت لەڕێگەی کرداری وەرگرتن، یان پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە لە دەروونی کەسەکان دەچەسپێت. ئەو کردارە لەهەر کۆمەڵگەیەک لە قۆناغی سەرەتایی ژیانی کەسەکانەوە دەست پێدەکات و بەدرێژایی ژیانیان بەردەوام دەبێت، کە بە کرداری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ناودەبرێت. کاتێک ئێمە باسی نوێبوونەوەو وەرگرتنی کولتوورێکی دەرەکی دەکەین، مەبەستمان ئەو کردارەیە، کە بە چەمکی (کولتوور وەرگرتن – بەکولتووریبوون Acculturation) پێناسە دەکرێت. ئەو کردارە قۆناغی پەیوەندییەکی پتەوی نێوان دوو کولتوور، یان زیاترمان نیشان دەدات، کە دژایەتییەکی زۆریان لەگەڵ یەکدی هەیە. لێرەدا ڕادەی جیاوازی نێوان کولتوورەکانی وەک جۆری تەکنەلۆجیا، ئایدیۆلۆجیا، بەهاو بونیادی کۆمەڵایەتی ڕۆڵیکی کاریگەریان لەسەر کردەی بەکولتووریبوون دەبێت (فکوهی،١٣٨٢: ٢٠١).

پرۆسەی بەکولتووریبوون (Acculturation) کردارێکە تێیدا تاکەکان بەشێوەیەکی قوڵ و لە زۆر لایەنەوە دەکەونە ژێر کاریگەریی کولتووری بیانی. دەتوانین ڕادەی ئەو کاریگەرییە لە بەراوردی نێوان بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ لەسەرەتای لەدایکبوونییەوە لەنێو کولتوورێکی تایبەتی و بەکولتووریبوون، یان وەرگرتنی کولتوورێکی بیانی لەلایەن کەسێکی پێگەیشتوو کاتێک کە دەچێتە نێو ژینگەیەکی نوێی کۆمەڵایەتییەوە کە لە ژینگەی پێشووتری جیاواز بووە. لە شێوازی یەکەمدا تاک زۆر بەهێواشی و بێ هەست پێکردن دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کولتووری کۆمەڵگەکەی و لەڕووی عەقڵییەوە زەمینەیەکی گونجاوی قبوڵکردنی کولتوورەکەی بۆ دروست دەبێت. بەڵام لە شێوازی دووەم کاتێک ئەوە لەبەرچاو بگرین کە کەسێک هەڵگری کولتوورێکی جیاوازەو دەکەوێتە نێو کولتوورێکی بیانی، یان ئەو کولتوورە بیانییە پێدەنێتە ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەوەوە. لەو کاتانەدا دەتوانین بەریەککەوتن و کرداری ئاڵۆزی تێکەڵاوبوونی کولتوورەکان بەچاو ببینین، کە زۆرجار تاکەکان لەو پرۆسانە دەکەونە نێو بازنەیەکی نەچەسپاوی گۆڕان و ناسەقامگیری دەروونی و کۆمەڵایەتی (اگبرن،١٣٨٠: ١٧٠). تێرمی (کولتووراندن) لەلایەن ج. و بویل، Powel. W. J داهێنراوە ئەو زانایەکی ئەنترۆپۆلۆژی ئەمەریکی بووە. ئەم تێرمەش واتە گۆڕانکاری لە جۆری ژیان و هزرو بۆچوون لای کۆچەرەکان، بەهۆی تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەمەریکی.

کولتووراندان بریتییە لە کۆی ئەو دیاردانەی سەرهەڵدەدەن بەهۆی تێکەڵبوون و پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆو بەردەوام لەنێوان کەسانێک کە چەند کولتوورێکی جیاوازیان هەڵگرتوە، ئەو تێکەڵبوونەش بۆتە هۆی ڕەگەزەکانی ئەو کولتوورە لەگەڵ کلتوورەکانی دیکە (البرغثي، ٢٠١٤:٢٢٨). ئەوەش واتە ئاوێتەبوون و کارلێککردن لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا لە چەند ژینگەیەکی هەمەچەشندا بەهۆی

پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆو لەنێوان گروپە جیاوازەکاندا لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی هەماهەنگی و پێکەوە سازان (مجموعه کتاب،١٩٩٧: ١٢٧).

بۆ تێگەیشتن لەو کاریگەرییە قووڵە، پێویستمان بە ناساندن و خوێندنەوەی ئەو کاریگەرییەیە بە پشتبەستن بە تیۆر. لێرەشدا پشت بە تیۆرێکی مرۆڤناسی دەبەستین، کە ئەویش تیۆری بڵاوبوونەوەی کولتوورییە (الانتشار الثقافي – cultural diffusion).

**تیۆری بڵاوبوونەوەی کولتووریی (الانتشار الثقافي)**

مەبەست لە بڵاوبوونەوە، بریتییە لەو پرۆسەیەی بەهۆیەوە واقیعێکی کۆمەڵایەتی وەک داهێنان، یان شێوازی بیروڕا، کە تایبەتە بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، لەلایەن کۆمەڵگەیەکیترەوە پەسەند دەکرێت. بڵاوبوونەوەش بەهۆی گەشتکردن و پەیوەندی بەردەوامی مرۆڤەکانەوە گەشە دەکات (استريناتي، ١٣٨٠: ١٠٣). پێناسەی بڵاوبوونەوەی کولتووریی ئاماژە دەدات بەو پرۆسانەی لێکچونێکی کولتوور دروست دەکەن لەنێوان کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، وەک چۆن زۆربەی ئەو گۆڕانە کولتوورییانەی ڕوودەدەن لە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا، لەڕێگەی بڵاوبوونەوە گەشەدەکەن. پرۆسەی بڵاوبوونەوەش تەنها لەنێوان کۆمەڵگەیەک و ئەویتردا ڕونادات، بەڵکو لەنێو یەک کۆمەڵگەشدا ڕوودەدات، ئەویش بە بڵاوبوونەوەی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵێکیتر لەناو هەمان کۆمەڵگەدا (عيساني، ٢٠١٨: ٢٠١).

بڵاوبوونەوەی کولتووریی، بریتییە لە گواستنەوەی توخمی کولتووری مادی و ڕۆحی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر. تیۆرە مرۆڤناسییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا داهێنەر نییە، بۆیە تایبەتمەندییە کولتوورییەکان لەبنەڕەتدا بڵاودەبنەوەو هاوبەشییان پێدەکرێن لەنێوانیاندا. قوتابخانەی بڵاوبوونەوە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا دەرکەوت و هەوڵدەدات لەسروشتی کولتوور تێبگات، ئەمەش لەڕێگای تایبەتمەندییە کولتوورییەکان و تێگەیشتن لە بڵاوبوونەوەی کولتوور لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر (علوان، ٢٠٠٥:١٣٤). بیرۆکەی ئەم تیۆرە لە ساڵی (١٩٤٠) سەری هەڵدا لەسەر دەستی زانای مرۆڤناس ( ئەلفرێد کرۆبەر) وە یەکەم کەس بوو کە چەمکی بڵاوبوونەوەی کولتووریی (الانتشار الثقافي) بەکار هێناوە پیی وایە مرۆڤ بەسروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ناتوانێت بەتەنها بژی و دەبێت مامەڵە لەگەڵ خەڵکی تردا بکات و سوود بەیەکیتر بگەیەنن (سميت، ١٣٨٣: ١٤٦).

ئەم تیۆرە، یەکێکە لەگرنگترین ئەو تیۆرانەی تیشک دەخاتە سەر بابەتی بڵاوبوونەوەی دابونەریت و سیفەتە باشەکانی کۆمەڵگەکان، بەگوێرەی هەلومەرجی شوێن و کات لەنێوان کۆمەڵگەکاندا. بڵاوبوونەوەی کولتووریی، بریتییە لە گواستنەوەی ڕەگەزە کولتوورییەکانی وەک زمان، بەها، ئاین، نەریت، تەکنیک و شێوازی ژیان لەناو یەک کولتووردا، یاخود ئاڵوگۆڕکردنی ئەو ڕەگەزانە لەنێوان کولتوورە جیاوازەکاندا (مقدم. ١٣٨٢: ١٨٤). لەدۆخی ئێستای جیهان و لەژێر ڕۆشنایی و ئەنجامی بەجیهانیبووندا، بڵاوبوونەوەی کولتووریی تەوژمێکی دوو هێندەی وەرگرتووە، بەربڵاوی و بێوێنەیی ئامێرەکانی پەیوەندی و گەیاندن، لە هۆکارەکانی ئەو کاریگەرییەن لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا. بڵاوبوونەوەی

کولتووریی، واتا کاریگەری کولتووری کۆمەڵگەیەک، میللەتێک یان ناوچەیەک لەسەر کۆمەڵگەیەکی تر، میللەتێکی تر یان ناوچەیەکی تر. قبووڵکردنی کولتوور بەشێوەیەکی ئاسایی پێویستی بە بەرکەوتنی دوورودرێژ و تەواوی هەموو کولتوورەکە هەیە، دەشێت یەکلایەنە یان دوولایەنە بێت ( Aghabi. 2017: 32).

هەندێکجار کۆمەڵناسی بەوە پێناسە دەکرێت کە "بریتییە لەو زانستەی هەوڵدەدات لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کولتوور بکۆڵێتەوەو شیکاری و لێکدانەوە بۆ ئەو گۆڕانانە بکات"، کەواتە بابەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کولتوور، لەو بابەتانەن کە زۆربەی پسپۆڕانی سۆسیۆلۆژیا گرنگییان پێداوەو تیۆریزەیان کردوەو هەوڵیانداوە لێکدانەوەی بۆ بکەن و تیۆری زانستی بۆ دابڕێژن. ئەو تیۆرانەش بە جیهان ناسێنراون و بریتین لە چەند تیۆرێک کە لەبەر ڕۆشنایی یەک فاکتەری گۆڕاندا لێکدانەوە دەکەن، وەک فاکتەری ئابوری یان ئیکۆلۆژی یان کولتوورو تەکنەلۆجی (Abbas.2005:34 ). لەتیۆری کولتووردا چەند ئاراستەیەک هەن، کە هەموویان لەسەر بیرۆکەیەک کاردەکەن، ئەو بیرۆکەیەش دەڵێت: ڕەگەزە کولتوورییەکان هەمیشە پێکەوە کارلێک دەکەن و دەبنە هۆی گۆڕانی کولتوور. بەڵام ئەو تیۆرانە بەرامبەر چۆنێتی گۆڕانی کولتوور ڕای جیاوازیان هەیە، هەرچەندە کولتوور کۆڵەکەی هاوبەشی نێوان هەموویانە. تیۆرەکانی فاکتەری کولتوور بەشێوەیەکی گشتی تیشک دەخەنە سەر میکانیزمەکانی گۆڕانی کولتوورو تیۆری بڵاوبوونەوەی کولتووریی (الانتشار الثقافي) (بسیسو، 2009: ١٧).

تیۆری بڵاوبوونەوەی کولتوور وایدەبینێت، کە بڵاوبوونەوەی خەسڵەتە کولتوورییەکان فاکتەری سەرەکین لەڕوودانی گۆڕانکارییە کولتوورییەکاندا، ئەم تیۆرە جیاوازی دەکات لەنێوان گواستنەوەی ڕەگەزەکان لەگەڵ مۆدێلە کولتوورییەکانی نەوەی پێشوو بۆ نەوەی دواتر لەناو هەموو کۆمەڵگەداو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەپانتایی شوێندا. واتە گواستنەوەی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەشێوەیەک هەموو جیهانی مرۆڤایەتی بگرێتەوە، جەختکردنیش لەسەر فاکتەرە دەرەکییەکان هۆکارە بۆ گۆڕانی کولتوورەکە (Adhikarya . 2006: 12).

پرۆسەی بڵاوبوونەوە پشتدەبەستێت بە فاکتەری داهێنان و دۆزینەوە، زۆر میکانیزم هەن دەبنە هاوکار بۆ پرۆسەی بڵاوبوونەوە لەم سەردەمەدا، وەک کۆچ و شۆڕش و لێشاوی تەکنەلۆجی و ئینتەرنێت و مۆبایل و پەیوەندیکردن. جێکەوتەکانی پرۆسەی بڵاوبوونەوەی کولتوور لە کۆمەڵگەکاندا، لەچوارچێوەی بڵاوبوونەوەی کولتوورە نوێیەکانەوە، لەسەر ناسنامەی تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیانە دەردەکەوێت کە کولتوورە نوێیەکەیان وەرگرتووە (البرغثي، ٢٠١٤:١٨٨). گۆڕانی کولتوور هەموو ئەو گۆڕانکارییانە دەگرێتەوە کە لە لقەکانی کولتووردا ڕوودەدەن، وەک ئاین و زمان و هونەر و زانست و تەکنەلۆجیاو هیتر، ئەوە وێڕای گۆڕانکاری لە فۆرمەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ڕێساکاندا (Muzenda :2013:34)

بڵاوبوونەوەی کولتووریی ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسانەی لێکچوونێکی کولتوور لەنێوان کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دروستدەکەن، وەک چۆن زۆربەی ئەو گۆڕانە کولتووریانەی لە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا ڕودەدەن، لەڕێگەی بڵاوبوونەوەوە گەشەدەکەن. پرۆسەی بڵاوبوونەوەش تەنها لەنێوان کۆمەڵگەیەک و ئەویتردا ڕوونادات، بەڵکو دەشێت لەنێو یەک کۆمەڵگەشدا ڕووبدات، ئەویش بە بڵاوبوونەوەی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵێکی تر لەناو هەمان کۆمەڵگەدا (استریناتی. ١٣٨٠: ٢٦١). مرۆڤ لەڕێگای زمانەوە ڕابردوو، ئێستاو داهاتوو بەیەکەوە دەبەستێتەوە، زمان دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی زانستەکان لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا بەرەو داهاتوو، ئەمەش وادەکات بواری دەستگەیشتن بەم زانستانە لە شوێنەکانی دیکەشدا برەخسێت. کاتێک زمان جگە لە حاڵەتی قسەکردن شێوەی نووسینیش وەردەگرێت، توانای نوێ بۆ کەڵەکەکردنی کولتوور دێتەکایەوەو پرۆسەی گەشەسەندنی کولتوور خێرایی زیاتر بەخۆوە دەبینێت (كنعان، ٢٠٠٨: ٧٣).

ئینتەرنێت، وەک هۆکارێکی ڕێخۆشکەر بۆ بڵاوبووەنەوەی زانست و مەعریفە بۆ دوورترین شوێن لە کەمترین ماوەدا، لەم چەند ساڵانەی ڕابردوودا لەناکاو بڵاوبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. ئەم کولتووورە ئامرازێکی گرنگ و سەرەکییە، لەبەرئەوەی شێوەی ئۆنلاینی هەیەو ئەو سنوورە جوگرافی و ڕێگرییە جوگرافییانەی بڵاوبوونەوەی زانست کە هەتاکو ئێستا بوونیان هەبووە تێپەڕاندوون، نەمانی ئەم ڕێگرییانەش بووەتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی کولتوور. ئینتەرنێت ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی کولتووری جیهانی دەدات و شێوازی نوێی بەڕێوەبردنی کولتوورو ڕێگاکانی بڵاوبوونەوەی بەرهەمدێنێت (روبرتسون، ١٩٩٨: ٢١٣). مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگەی ئۆنلاینەوە ئەو دەرفەتە بۆ خەڵک دەڕەخسێنن، کە هەواڵی وەک گەشتوگوزار، ڕووداوەکان، خواردن و خواردنەوە و شێوازی جل پۆشین و وەرزش، لەبارەی خۆیان و هاوڕێکانیانەوە بەشداری پێبکەن، ئەمە ڕەنگدانەوەی شێوازی ژیانی تاکەکان یاخود بەکاربەرانی ئۆنلاینە، یاخود ڕەنگدانەوەی شێوازە گشتگیرەکانی کولتووری ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تێیدا شتە هاوبەشەکان لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا بەشدەکرێت. ئەم وردەکارییانەی ژیان وەک خواردن و خواردنەوە، شێوازی جل پۆشین، بابەتی گرنگ و جێی سەرنج، لەلایەن بەکارهێنەرانی سۆشیاڵ میدیا و بەتایبەت لەلایەن بەکاربەرە فۆتۆگرافەرەکانەوە، بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕۆژانە، وێنەی چالاکی و ڕووداوەکان بە مۆبایلە زیرەکەکان دەگرن و لە سۆشیاڵ میدیادا بڵاویاندەکەنەوە (الزيودي، ٢٠١٦:١٩٦).

گەشتیارەکان، بازرگانەکان، تەکنیکە نوێیەکانی پەیوەندی، گواستنەوە و گەیاندن، چاوپێکەوتن و سەردانەکان لەو ناوەندانەی خەڵکی تیایاندا کۆدەبنەوە و پەیوەندی بە یەکترەوە دەکەن، بڵابوونەوەی کولتووریان بە جۆرێک ئاسان کردووە، هەندێک لەو شتانەی کە بەنزیکەی لەهەموو کۆمەڵگەکاندا بە بەشێک لە سەرەتاییترین و دوورترین کۆمەڵگە دێتە بەرچاو، بە هۆکارێکی کاریگەری بڵاوکردنەوەی

توخمە کولتوورییەکان دادەنرێن. بە هۆی بڵاوبوونەوەکەشەوە ئەو شتەی لە کۆمەڵگەیەکدا دادەهێنرێت، بەئاسانی دەگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگەیەکیتر (محمدی، ١٨٩:١٣٨١).

**بەگشتی سێ جۆر میکانیزمی بڵاوبوونەوەی کولتوور دیاری کراوە، کە ئەمانەن:** (بلقاسمي،٢٠١١: ١٣٦).

**یەکەم:** بڵاوبوونەوەی ڕاستەوخۆ (Direct Diffusion) : پرۆسەی گواستنەوەی ڕاستەوخۆی ڕەگەزێک، یان زیاتر لەڕەگەزێکی کولتووری مادی دەگرێتەوە، کاتێک لە دوو کولتوور لەیەک نزیک یان هاوسێیی یەک بن وەکو هاوسەرگیری و بازرگانی، یان گواستنەوەی کەرەستەو ئامرازەکانی تەکنەلۆجیایە لەجیهانی پێشکەوتوەوە بۆ جیهانی تازە پێگەیشتوو و ڕوودانی گۆڕانکاری کولتووری گەورەی وەک بڵاوبوونەوەی هزرەکانە.

**دووەم:** بڵاوبوونەوەی ناڕاستەوخۆ (Indirect Diffusion) : لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بەهۆی ناوەندە گشتییەکانی وەک ڕاگەیاندن و ئینتەرنێت و مۆبایل و سەتەلایت و میکانیزمی تری گۆڕانکاری کولتوور، کاریگەری ناڕاستەوخۆ زۆر باوە. ئەم جۆرەی بڵاوبوونەوە لە ئاڵوگۆڕکردنی توخمی کولتوور لەنێوان گروپەکاندا کە بەردەوامن لەپەیوەندیکردن بە یەکەوە دێتەدی، لەئەنجامی ئەم پەیوەندییەشدا، هەردوو کولتوور، یان یەکێک لەم کولتوورانە لەوانەیە بگۆڕێت. لەکاتی قبوڵکردنی توخم و بەشەکاندا، کولتوورەکان دەگۆڕێن، بەڵام گۆڕانی گروپەکان هەر بە جیاوازی دەمێنێتەوە.

**سێیەم؛** بڵاوبوونەوەی ناچاری (Forced Diffusion) : ئەم جۆرە کاریگەرییە کاتێک ڕوودەدات کە کولتوورێک کولتوورێکی دیکە دەستەمۆ بکات و دابونەریتی خۆی بە ناچاری لە کولتوورە زاڵە وەربگرێت.

بێگومان داهێنان و تازەگەرییەکانی هەر کۆمەڵێک لەنێو ئەو کۆمەڵەدا ڕەنگدەداتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت کاریگەری کۆمەڵگەکان لەسەر یەکتر لەبەرچاو نەگرین. کۆمەڵگەکان بەناچاری لە ڕەوتی گەشەکردندا بەرەوڕوو دەبن و شوێن بۆ کولتووری یەکتر دەکەنەوە. لە کاریگەربوونی کولتوورێکدا بە کولتووری کۆمەڵێکی دیکە، جۆرە پەیوەندییەکی کولتووریی دروستدەبێت، کە پێیدەڵێن بڵاوبوونەوەی کولتوور (Culture Diffusion)، ئەم پەیوەندییە دەتوانێت بەقووڵی کاریگەری لە داهێنان و نوێگەری کۆمەڵەکاندا جێبهێڵێت، بە مەرجێک ئەوەی کۆمەڵێک لە کۆمەڵێکی تر وەریدەگرێت، لە بارودۆخی خودی ئەو کۆمەڵە دوور نەبێت(Muzenda. 2013:2). ئەگەر ئەو مەرجە لەبەرچاو نەگیرێت، ئەوا بڵاوبوونەوەی کولتوور، یان جێ ناگرێت، یان کاریگەرییەکەی ڕووکەش و ڕواڵەتی دەبێت.

بەتایبەتی لەم دواییەدا زیاتر پەرەی سەندوەو بۆتە ئامرازێک بۆ خۆڕۆشنبیرکردن و کۆمیونیکەیشن لە نێوان هەمووکۆمەڵگەکان و نەتەوەکان، لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە. ئەو تۆڕانەش، ئێستا بایەخی زیاتر بووە زۆر خێرایەو پەیوەندیکردن بە دەنگ و ڕەنگەوە دەستەبەر دەکات و چەندین تایبەتمەندی تری هەیە، هەروەها سەتەلایت و کەناڵە بیانییەکانیش هۆکارو کاریگەرن لەسەر کۆمەڵگە لە ڕێی پەخشەکانیان و جیهانبینی نوێیان بۆ کۆمەڵگەکان هێناوەتە ئاراوەو کولتووری کۆمەڵگەکانی جیهان

بەهەموو دونیا دەناسێنێت (Bennet. 2006: 89). لەو بارودۆخەدا کە کۆمەڵ پێویستی بە داهێنان و ئاڵوگۆڕ هەبێت، دەتوانێت چەند توخمێکی کولتووریی پێویست بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە لە کۆمەڵگەکانی دیکەوە فێربێت، یان وەربگرێت، تا خێراتر ئاڵوگۆڕەکە ئەنجامبدات. زۆربەی کولتوورەکانی ڕابردوو و ئێستا، پەیوەندییان پێکەوە هەیەو بناغەی پەیوەندی کولتوور بەسەر کۆمەڵگە مرۆییەکاندا باڵادەستە (سمیت، ١٣٨٣: ١٧١).

تۆڕی ئینتەرنێت، کە لەم دواییەدا زیاتر پەرەیسەندوەو بۆتە ئامرازێک بۆ خۆڕۆشنبیرکردن و پەیوەندی لەنێوان هەموو کۆمەڵگە و نەتەوەکان، ئێستا بایەخی زیاتر ی پەیدا کردوە، لەبەرئەوەی زۆر خێرایە و سەربارى دەستەبەرکردنی پەیوەندیکردن بە دەنگ و ڕەنگ چەندین تایبەتمەندی تری هەیە. هەروەها سەتەلایت و کەناڵە بیانییەکانیش هۆکاری کاریگەرن لەسەر کۆمەڵگەو لەڕێی پەخشەکانیانەوە، جیهانبینییان بۆ کۆمەڵگەکان هێناوەتەئاراوەو کولتوور کۆمەڵگەکانی جیهان بەهەموو دونیا دەناسێنن (Bennett. 2006: 59). تیۆرەکانی بڵاوبوونەوەی کولتوور لەو باوەڕەدان، کۆمەڵگەکان لە ناوەندێک یان چەند ناوەندێکەوە بڵاوبوونەوەیان وەرگرتووە، لێکچوونی نێوان کولتوورەکان دەگەڕێتەوە بۆ هاتن و چوونەکان، مامەڵەکردنەکان، کۆچ و هەروەها وەرگرتن و لاساییکردنەوەش. تیۆریستەکانی بڵاوبوونەوەی کولتوور لەو باوەڕەشدان، داهێنانە گرنگ و چارەنووسسازەکان لەڕێگای کۆچەوە بۆ شوێنەکانی تری جیهان بڵاوبوونەتەوە (روجرز، ٢٠١٤: ٩٢).

لە لایەکی ترەوە، لەبەرئەوەی پێداویستییەکان و بارودۆخی ژینگەیی هەر کۆمەڵگەیەک بە بەردەوامی لە گۆڕانکاریدان، کولتوورەکانیش بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا بەناچاری خۆیان دەگۆڕن. خەڵکی بە گشتی ڕقیان لەوەیە دابونەریت و بەها کۆنەکانیان وەلاوە بنێن و شەرمیش لەوە دەکەن پەیڕەوی نەریتە نوێیەکان بکەن. بەڵام هیچ کولتوورێکیش بوونی نییە کە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتبێت،تەنها ڕێژەی ئەم گۆڕانکارییانە جیاوازییان هەیە ( United Nations. 2020:16)

بڵاوبوونەوەی کولتووریی، پرۆسەیەکە لەڕێگەیەوەوە چەند توخمێک یا کۆمەڵەیەکی کولتوور، لە کولتوور یان کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کولتوورو کۆمەڵگەیەکی تر دەگوازرێتەوە، پاشان وردە وردە لەناو کولتوورەکەی تردا وەردەگیرێت و دەبێتە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاری. بەشێوەیەکی گشتیش، تەواوی کولتوورێک پێش ئەوەی بگۆڕێت و هەندێک لە توخمەکانی هەڵبژێردرێن، لەلایەن کۆمەڵگەیەکی ترەوە قبووڵ ناکرێت.

مەبەست لە تەشەنەکردنی کولتوور، بڵاوبوونەوە و گواستنەوەی دابونەریت، بیروباوەڕ، کەرەستەو ئامراز، تەکنیک و هونەر، چیرۆک و حیکایەتە، لەمیللەتێکەوە، یان لەجێگەیەکەوە بۆ ناو میللەتێکی دیکە یان جێگایەکی تر. (هاد ، ٢٠١٠: ١٥١) ئەگەر ئەو مەرجە لەبەرچاو نەگیرێت، ئەوا بڵاوبوونەوەی کولتووریی، یان جێ ناگرێ، یان کاریگەرییەکەی ڕووکەش و ڕواڵەتی دەبێت. لەو بارودۆخەدا کە کۆمەڵ پێویستی بە داهێنان و ئاڵوگۆڕ هەبێ، دەتوانرێ چەند توخمێکی کولتووریی پێویست بۆ ئەو ئاڵوگۆڕییە لە کۆمەڵگەکانی تر فێر ببێت، یان وەرگرێت ،تا خێرا تر ئاڵوگۆڕەکە ئەنجام بدات. زۆربەی کولتوورەکانی

ڕابردوو و ئێستا، پەیوەندییان پێکەوە هەیەو بناغەی پەیوەندی کولتوور بەسەر کۆمەڵگە مرۆییەکاندا باڵادەستە. (سمیت، ١٣٨٣: ١٧١). لەهەندێک باردا و لەمیانی گواستنەوەی توخمێک لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی دیکە. بەتایبەت لەبارێکدا کە ئەو کولتوورانە لەگەڵ یەکتردا پێوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە، هەردووکیان تووشی گۆڕانکاری دەبن، لە هەمان کاتداو لەوانەیە لە کولتوورێکدا زۆر قووڵتر بن وەک لە کولتوورەکەی دیکەدا. (إدجار، ٢٠١٤: ٢٤٨).

(ئیڤریت ڕۆجەرز – Everett Rogers) جەختیکردووەتە سەر شیکردنەوەو توێژینەوەی ئەوەی کە چۆن هزری نوێ و داهێنانە نوێیەکان بڵاودەبنەوە و دەچنە نێو کولتووری کۆمەڵگەکانەوە؟ لە چی ڕێگەیەکەوە بڵاودەبنەوەو چۆن بەریەککەوتنی کولتوور لەناو تەونی کولتووری کۆمەڵگەدا جێدەکرێنەوە، ئەوانەش کێن ئەو هزرە نوێیە پەسەند دەکەن و دەچنە ژێر کاریگەرییەوەو چ کاریگەرییەک لەسەر ناسنامەی تاکەکانی کۆمەڵگە دروستدەکەن؟

ڕۆجەرز پێیوایە بڵاوبوونەوەی کولتوور، وەک پرۆسەیەک لەچوارچێوەی چەند ئاستدا سنووردار دەکرێت، لەو ساتەوە کە تاک بۆ یەکەمجار هزر و داهێنانی نوێی بەردەکەوێت، تا دەگاتە جێگیرکردن یان ڕەتکردنەوەی ئەو داهێنان و هزرە نوێیانە لەناو کایە کولتووریەکانی کۆمەڵگەدا. ( Adhikarya . 2 :2003). پرۆسەی بڵاوبوونەوەی خەسڵەتە کولتووریەکان و توخمە کولتوورییەکان، بەشێوەیەکی ڕێژەیی کاتێکی زۆر دەخایەنێت تاکو وەردەگیرێت و بڵاودەبێتەوە یان ڕەتدەکرێتەوە، لەو ماوەیەشدا دەشێت هەندێک ڕەگەزو توخم وەربگیرێن و هەندێکیش ڕەتبکرێنەوە. واتە لەڕەگەزەکانی کولتوور وەرگر (الثقافە المستقبلة)، بەگشتیش لایەنە مادییەکان دەبنە هۆی نەمانی هاوسەنگی (روجرز، ٢٠١٤: ١٠٢). ئەم ڕەوشە پاڵ بە توێژێکی زۆری کۆمەڵگەوە دەنێت، کە شێوازو بەهای گونجاو بدۆزنەوە بۆ ماناپێدان، لێکدانەوە، نموونەی هزرو ڕەفتار، کولتوورسازاندن، یاخود وەک لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیدا ناسراوە بە (کولتووری لاوەکی) (الثقافات الفرعیة – Sub Culture)، ئەوەش لە کولتووری گەنجاندا بەڕوونی دەردەکەوێت. (مقدم. ٢٠٠٣: ١٦٦).

بیردۆزەی بڵاوبوونەوەی کولتوورە هەوڵدەدات چۆنێتی بڵاوبوونەوەی داهێنانەکان لەڕێگەی کولتوورە جیاوازەکانەوە بە تێپەڕبوونی کات لێکبداتەوە، مەرجیش نییە داهێنانەکان شتێکی هێند نوێ بن کە لەوەوپێش مرۆڤایەتی پێی نەگەیشتبێت. بەڵام هەر تەکنەلۆجیایەک یان هزرێک یان بەهاو توخمە مادییەکان بەلای کۆمەڵگەیەکەوە نوێ بێت، ئەوە وەک داهێنانیکی نوێ سەیر دەکرێت بەلای ئەو کۆمەڵگەیەوە. چونکە ئەو تەکنیکە بەچەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت تاکو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە وەردەگیرێت. تەکنەلۆجیای سەردەم (ئیینتەرنێت و سەتەلایت و مۆبایل) لە دیارترین ئەو تەکنیکانەی بەجیهانیبوونی کولتوورن لەهەرێمی کوردستان و هەموو جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. ئەوەی جێی سەرنجە، تەکنەلۆجیای سەردەم وەک (ئینتەرنێت و سەتەلایت و مۆبایل) زۆر بەفراوانی بڵاوبوونەتەوە. وێڕای ئەوەش لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو تەکنەلۆجیایەشدا بەهای نوێش لەکۆمەڵگەدا دروستبووە، وەک لە

پێکهاتەی مەعریفی و ویژدانی و ڕەفتاریی تاکەکاندا دەردەکەوێت. لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان قۆناغەکانی وەرگرتنی تەکنیکەکە و قۆناغەکانی پێکهاتنی بەهاکەدا، چونکە کاتێک بڵاوبوونەوە دەگاتە قۆناغی جەختکردنەوە، ئەوە واتە دەشێت خەسڵەت و ڕەگەزی کولتووری نوێ بگوازرێتەوە بۆ ئەو کۆمەڵگەیە. بەتایبەتی کاتک باسی بابەتە بەجیهانیبوونە کولتوورییەکان دەکەین، کە لەڕێگەی (ئینتەرنێت و سەتەلایت و مۆبایل) ەوە بڵاودەبنەوە. لێرەوە باسی ئەم بابەتە دەکەین لەڕێگەی بیرۆکەی (بونیادنان - التبني) ئەو کولتوورە نوێیەوە، کە ئەویش لەلای خۆیەوە دەتوانێت فاکتەرێک بێت لە فاکتەرەکانی (وازهێنان لە چەندین بەهاو کولتووری دیاریکراو)و وەرگرتنی بەهاو کولتوور نوێ.

بەگشتی بڵاوبوونەوەی کولتوور بە هۆی کۆچ و کۆچبەری و گەشتکردنەوە ڕوودەدات. هیچ کولتوورێکی تایبەت بەبێ گۆڕانکاری و تێبینیکردن لەلایەن گروپەکانی ترەوە پەسەند ناکرێت. واتە تەنها پاش دڵنیابوون لە گونجاندنی ئەو کولتوورە لەگەڵ تایبەتمەندی ئەو گرووپەدا، پرۆسەی وەرگرتنی توخمەکانی کولتوور دەستپێدەکات. هەروەها وەرگرتنی هەر توخمێکی کولتوور پێویستی بە ئامادەکاری پێشوەختەی کۆمەڵایەتی – کولتووریی هەیە (نراقی، ١٣٨٠: ٢١٣).

کارل مانهایم، پێیوایە گەنج بەهۆی کەم ئەزموونی و نەبوونی زانیاری پێویست لەسەر هەندێک ڕووداوی مێژوویی بە بەراورد لەگەڵ بەساڵاچووان ،جیاواز دەبن و لەو نێوەندەدا بۆشاییەک دروستدەبێت و لاوان هەوڵدەدەن بە بەکارهێنانی ڕێگا و ئەزموونی نوێ، ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە و لەئەنجامدا شێوازێکی نوێی ژیان هەڵدەبژێرن. نەوەکان یەک بەدوای یەک هۆکاری گۆڕانی کولتووریی کۆمەڵگەن، جا چ لەشێوەی پێشخستن یان دواخستنی ئەو کۆمەڵگەیەدا بێت (الخريجي، ١٩٨٣: ٣١٧).

هەر بۆیەشە دەبینین ئەمڕۆ گەنجان لە چارەسەرکردنی بابەتگەلێکی وەکو پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی، داڕشتنەوەی سەرلەنوێ خێزانی کوردی و چەمکی ئازادی تاکدا، تووشی کێشەو بەرپەرچدانەوەی نەوەی کۆن دەبنەوەو هەوڵی چەسپاندنی شێوازێکی نوێی ژیان دەدەن لەسەر بنەمایەکی نوێ و جیاواز لە دەیەکانی ڕابردوو (Pam . 2006: 41).

لویس هێنری مۆرگان، پێیوایە تەکنەلۆجیا کاری کردۆتە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگە، لەچوارچێوەی بەها، دابونەریت، بونیاد و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا. هەروەک کۆمەڵێک پرس و بابەتی نوێشی بۆ مرۆڤەکان داهێناوە، کە جێگەی تێڕامانن و لەوانەیە لەهەمان کاتدا کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنیشیان هەبووبێت (کرامش، ٢٠٠٢: ٥٧). بەبۆچوونی هەندێک لە زانایان، یەکێک لە لایەنە دیارەکانی تەکنەلۆجیای نوێ، ئامراز و شێوازەکانی پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندنن، کە لە بەرهەمهێنانی چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بۆ دروستکردنی کولتوورێک، یان پاراستنی کولتوورێک ڕۆڵی کارا دەبینن، ئەمەش لەڕێگەی ڕەخساندنی بوارێکی فراوانتر لە ژیانی کەسەکان بە نیشاندانی

ژیان و ئەزموونە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و بەخشینی زانیاری و زانستی نوێی ڕۆژ، کە کەسەکان سوودی لێوەردەگرن (محمدی، ١٣٨١: ١٨٦).

کەواتە پرۆسەی بەرکەوتنی نێوان کولتووره جیاوازەکان و چۆنێتی بڵاوبوونەوەی خەسڵەتە کولتوورییەکان لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ ئەویتر، پێیدەوترێت کولتووراندن. مەبەستیشیان لەم زاراوەیە، کاریگەبوونی کولتوورەکانە بەیەکتر لە ئەنجامی تێکەڵاوییەوە، ئیدی ئەو بەیەکگەیشتنە هەر جۆرێک بێت و ماوەکەی هەرچەندێک بێت. پرۆسەی کولتووراندن کۆمەڵێک دیاردەیە، لە بەریەککەوتنی بەردەوام و ڕاستەوخۆی کۆمەڵەکان و تاکەکانەوە بەرهەمدێت، کە سەر بە چەندین کولتووری جیاوازن، ئەوەش پەلدەکێشێت بۆ گۆڕانکاری لە تایپی کولتووریی کۆمەڵ و گروپە جیاوازەکان. گۆڕانکاری جۆرێکە لە جۆرەکان، کە بەهۆی چەندین هۆی ناوخۆییەوە ڕوودەدەن، کە هۆکاری بڵاوبوونەوەی کولتووری نوێن لەنێو کۆمەڵگەکاندا (Ackbar. 2005: 241).

ئەو چوارچێوە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەی تاکەکان لەسایەیدا دەژین و پەیوەندی لەگەڵ کولتوورە جیاوازەکانی تردا دەبەستن، ئەو بۆچوونەش پێڕاگەیشتنە بەو کولتوورگەراییە ئەمریکییەی ڕایەڵەی نێوان کۆمەڵایەتی و کولتووری فەرامۆشکردووە. لێرەدا ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان تەنها لە ڕووداوە کولتووریەکاندا خۆیان حەشارداوەو بەپێچەوانەشەوە. لەحاڵەتی ئاراستەی کۆمەڵایەتیدا، کە ڕووداوە کولتوورییەکان دەبنە هەموو ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان (وطفة،٢٠١٠: ٨٣). چونکە بڵاوبوونەوەی کولتوور دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەرتاسەرییە، ئەو ڕووداوانە بەریەککەوتن لەنێوان کولتوورەکاندا دروستدەکات و پرۆسەی بەریەککەوتن بەیەک ئاراسەتدا ناڕوات. ئەگەر پرۆسەکە لەنێوان کولتوورێکی پێشکەوتوو و کولتوورێکی دواکەوتوشدا بێت، بەڵکو دەبێت پرۆسەیەکی ئاڵوێری (تبادلي) بێت، واتە دانوستاندن ڕووبدات. بێگومان ڕێژەی بەخشین و وەرگرتنیش جیاواز دەبێت، بۆیە بەهۆی ئەو کولتووری ئاڵوگۆڕەوە (التداخل الثقافي المتبادل) یەکتربڕینی کولتوورەکانیش دروستدەبێت. (بلیتکتون ، ١٣٨٠: ٢٥٧)

(بواس Boas) دوو یاسا دیاریدەکات لەسەر تیۆری بڵاوبوونەوەی کولتووری، کە ئەمانەن: (Ackbar. 2005: 263) کولتوورەکان لە کایەیەکدان، هەموویان پێکەوە کارلێکدەکەن و پەیوەندی زاڵبوون و ژێردەستەییش بە پلەی جیاواز هەیەو بەگوێرەی کولتوور و کایەی داهێنان و چالاکی کولتووری هەمەجۆر، دەشێت زاڵبوونەکە تەواو و یەکلاکەرەوە بێت، یاخود ڕووکەش و ڕێژەیی بێت، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کولتووری کۆمەڵگەکاندا دێن.

کەواتە کولتووری زاڵ بەهۆی ئەوەوە زاڵ نابێت کە سیستەمی بەها ئەخلاقییەکان یا ئاینییەکانی یان هونەرییەکانی باڵاترن لە کولتوورەکانی تر، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە کولتووری کۆمەڵگەکە زاڵە، بەبێ ئەوەی ئەم زاڵبوونە هیچ مانایەکی ئەخلاقی جیاوازی هەبێت. کولتووره زاڵەکان تەنها لەبەرئەوەی

وەبەرهێنانی مرۆیی و ماددی و ئامرازە مادییەکانیان کۆنترۆڵکردووە، بۆیە دەتوانن سەرنجی بڵاوبوونەوەی کولتووریی ئامادەی گەلانیتر بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و ببنە جێگەی متمانەی ئەو خەڵکانە. توانای بەها و ئاین و زمان و ناسنامەی کولتوورەکانی تر لاوازبکەن، بەتایبەت وڵاتانی جیهانی سێیەم. هەروەها زاڵبوونی کولتوور مەرج نییە مانای ئەوە بێت کە کولتوورەکانی تر هەماهەنگی ناوخۆیی و توانای داهێنانیان نەمێنێت، بەڵکو کولتوورەکانی تریش دەتوانن ستراتیژێکی وا دابڕێژن، کە ئەو زاڵبوونە کولتوورییە سنوردار بکەن و بەشێوەیەک مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، کە بتوانن خۆیشیان بەردەوامبن لە ململانێ و مانەوە. (برگر ، ١٣٨٤: ١٩٨)

لەسەر بنەمای (بڵاوبوونەوە)، هەر کولتوورێک لەماوەی ئەو پرۆسەیەدا بە چەند قۆناغێکی سەرەکیدا تێدەپەڕێت. لە قۆناغی یەکەمدا فاکتەرێک یان بەشێکی کولتوور لەسەنتەرێکی سەرەکییەوە بەرەو ناوچەکانی تر (کۆمەڵگەی تر) بڵاودەبێتەوە، کە ئەو بڵاوبوونەوەیە دەکەوێتە ژێر کاریگەري کۆمەڵێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی. لە قۆناغی دووەمدا، ئەو بەشەی کولتوور کە بڵاوبووەتەوە، تووشی بەریەککەوتنێک دەبێت لەگەڵ بونیادی کولتووریی کۆمەڵگەی دووەمدا، بەشێوەیەک کە ئەو بەریەککەوتنەیان بەرپەرچدانەوەی لەگەڵ دەبێت، یان کولتووری کۆمەڵگەی دووەم هۆکاری یارمەتیدەری بڵاوبوونەوەی زیاتر دەبێت.

لە قۆناغی سێیەمدا کولتووری باوی نێو کۆمەڵگەی دووەم لەئەنجامی وەرگرتنی توخمی نوێیە جۆرێک گۆڕانی ناوخۆیی بەسەردا دێت، کە لەگەڵ سیفات و پێکهاتەی توخمەکانی کولتووری هاتوودا بگونجێت. لە قۆناغی کۆتاییشداو لەئەنجامی ئەو تێکەڵبوون و توانەوەیە، توخمەکانی کولتووری هاتوو دەبنە بەشێکی جیانەکراوەی کولتووری باوی نێو کۆمەڵگەکە. (مقدم، ١٣٨٢: ١٨٤)

کارلێککردنی نێوان کولتوورەکان و کاریگەربوونیان بەیەکتر لە ئەنجامی پێکگەیشتنی نێوانیان و بەریەککەوتنیانەوە گوزارشتی لێکراوە، ڕواڵەتی ئەو کولتووراندنەش لەو لێوەرگرتنانەوە دەردەکەوێت کە کولتوورێک لە کولتوورەکانی ترەوە دەیخوازێت و کاردەکات لەسەر ئەوەی لەخۆیدا بیتوێنێتەوەو ڕەگی بۆ دابکوتێت و بیکاتە بەشێک لەخۆی. (تقی، ١٣٨١: ٧٦) وەک چۆن دابونەریت و ئەخلاق و ڕەفتار، هەموویان کایەی کاریگەربوون و کارتێکردنن لەنێوان کۆمەڵگەکاندا بەهۆی کولتووراندنەوە. ئەوەش بەڕوونی لەو شتانەدا دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەکان لەیەکتری وەردەگرن، جا لە کایەی خواردن و خواردنەوە و شێوازەکانی بەرگ پۆشین و مۆدێل و ڕەفتاری ڕۆژانەدا بێت، یان لەسەر ئاستی سروتەکانی خۆشی و ناخۆشی و بەها و زمان و نەریت بێت. لێوەرگرتنیش وادەردەکەوێت کە پشتئەستوور بێت بە دوو هۆکار، یەکەمیان بەرژەوەندی و بەباش زانینی ئەو کولتوورە، دووەمیشیان ئەتەکێت و پێدراوی جوانی (ئیستاتیکا) و گەڕان بەشوێن نوێدا، ئەو حەزانەش لە ناخی مرۆڤدا قووڵ و ڕەسەنن، چونکە مرۆڤ پێیوایە ئەو شتانە دڵخۆشی دەدەنێ. (ریکور، ٢٠٠٣: ٣٧)

لەکایەی پێگگەیشتنی زمانەوانیشدا، کولتووراندن کاریکردووەتە سەر زمان و هەردەم هۆکارێک بووە بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی زمان و دەوڵەمەندکردنی زمان بە تێرم و چەمکی نوێ، جا بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت لەڕێگەی لێوەرگرتن بەهۆی تێکەڵاوبوونەوە، یان لەڕێگەی وەرگێڕانی بەرهەمە نووسراوەکان بەو زمانە، یان بەهۆی جوڵەی بازرگانییەوە، کە بەو هۆیەوە چەندین تێرمی کاڵا و بازرگانی دەگوێزرێنەوە بۆ یەکتر. بەهۆی ئەم کولتووراندنەوە زمانەکان توانیویانە زیاتر خۆیان بگرن و بەردەوامی بدەن بەژیانی خۆیان و ڕەوتکردن لەگەڵ شارستانی نوێدا. بێگومان هەر زمانێکیش ئاوێنەی ڕەوشی ئەو کۆمەڵگەیەیە و بەڵگەیە لەسەر پشکی ئەو زمانە لە مەدەنیەتدا ( Denote. 2019:12).

(ئیڤریت ڕۆجەرز Everett Rogers) پێیوایە کەناڵەکانی پەیوەندیکردن پێکهاتەی سەرەکی بڵاوبوونەوەی کولتوور و بەهاکانن، پەیوەندیکردن پرۆسەیەکە کە تیایدا بەشداربووان زانیاری دروستدەکەن و لەگەڵ یەکتردا بەشداری پێدەکەن، بۆ گەیشتن بە تێگەیشتن و هەماهەنگی لەنێوانیاندا، ئەم پەیوەندیکردنەش لەنێو کەناڵەکاندا دەردەکەوێت. ڕۆجەرز ئەوە دەخاتەڕوو کە بڵاوبوونەوەی کولتوور جۆرێکی تایبەتە لە پەیوەندیکردن و ئەم پەیوەندییانە لەخۆدەگرێت: دوو تاک یان یەکەی تر لە لەخۆگرتن و کەناڵی پەیوەندیکرن، ئەویش ڕاگەیاندن و پەیوەندی نێوان تاکەکانە، دوو کەناڵی پەیوەندیکردنن، لەکاتێکدا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پیکهاتوون لە (ئینتەرنێت، سەتەلایت، مۆبایل، ڕادیۆ، کەناڵەکانی پەیوەندی نێو تاکەکان، پێکدێن لە دوو ڕێگا لە پەیوەندیکردن لەنێو دوو یان زیاتر لە کەسێک. لە لایەکی ترەوە بڵاوبوونەوە پرۆسەیەکی زۆر کۆمەڵایەتییە، کە پەیوەندی بەیەکەوە بەستنی نێو تاکەکان لە خۆدەگرێت. (الحسین، ٢٠٠١:١٢٣) ئەم پێناسەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر کاریگەری کولتوور لەسەر تاک، بەڵام لەهەمانکاتیشدا ناتوانین نکوڵی بکەین لە کاریگەری تاک بەسەر کولتوورەوە، ئەویش لەڕێگەی هزری تازەوە (وەک ئیڤریت ڕۆجەرز) دەڵێت. یاخود لەڕێگەی کارامەیی و توانستی هزرییەوە، یان لە ڕێگەی کۆچ کردنی و گەشت وگوزارو ڕاگواستنەوە لە نێو کۆمەڵگەکاندا جا لەڕێگەی بەدەستهێنانەوە بێت، یان لەڕێگەی داهێنانەوە، بەجۆرێک ئەوەی دوێنی هیچ پەیوەندییەکی بەسەر کولتوورەوە نەبووە، بەڵام ئەمڕۆ دەبێتە بەشێک لەکولتوور، ئەوەش دەبێتە هۆی بەریەککەووتنی کولتوورەکان و وەرگرتنی کولتووری نوێ.

دەشێت ناسنامەی تاکەکەسی ببێتە ناسنامەی کۆمەڵ، بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڕەفتارو ڕەگەزی کولتوورەوە، کە لە داهێنانی یەک کەس دەبێت و بەهێواشی دەبێتە کولتوورێکی کۆمەڵی و تاکەکان لەڕێگەی گواستنەوەوە وەریدەگرن و دەبێتە بەشێک لەو کولتوورە. تاک بەرهەمی کولتوورە، هەروەها ئایندەی کولتووریشە. بەتایبەتی لەسەردەمی بەجیهانیبووندا کە سەردەمی شاڵاوی کولتوورە، ئەوەش توانای کولتووریی و داهێنەرەکانی تاک دەتەقێنێتەوە. بەرمەبنای ئەمە دەشێت بڵێین کولتوور جێکەوتی دەبێت لەسەر تاک، هەروەها تاکیش دەتوانێت جێکەوتی هەبێت لەسەر کولتوور، واتە کاریگەرییەکە

بەرابەرە. هەرچەند مۆدێلی کولتووری باو لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، ناتوانێت جیاوازییە تاکەکەسییەکان زیاتر بکات، بەڵام ئەو پەیوەندییەی هەیە لەنێوان مۆدێلەکانی کولتوورو کارەکتەری تاکەکەسدا، وەک کاریگەری بەرابەری (التاثیرات المتبادلة) لەنێوان تاک و کۆمەڵگەدا، کە ناشێت فەرامۆش بکرێت، بەڵکو دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، لەکاتێکدا توێژینەوە دەکەین لەکولتووری مرۆییدا.

ئەم ڕاستییە لەسەرێکی ترەوە میکانیزمی گۆڕانی کولتووریشمان بۆ ڕاڤەدەکات، چونکە تاکی هەر کۆمەڵگەیەک توانا و پاڵنەر و ئارەزوویان هەیە، هەروەها توانای کەسەکان لەناو ئەو چوارچێوە کولتوورەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بەردەوام ڕۆڵی دەبێت لەپێداچوونەوە بە نەریتە باوەکاندا و چاکسازی تێدا دەکات. (Sahin. 2009: 58) بەتایبەت تەکنەلۆجیا ئەو لایەنەی ژیانە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کولتووری کۆمەڵگەوە هەیە، لەم ڕووەوە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا نەک تەنیا ژیانی تاکەکانی نێو وڵاتانی پێشکەوتوو و پیشەسازی گۆڕیوە، بەڵکو کاری کردۆتە سەر کەسایەتی و شێوازی ژیانی کەسانی نێو کۆمەڵگە گەشەسەندوو و دواکەوتووەکانیش، لەبەرئەوە کەناڵەکانی پەیوەندی نێو تاکەکان زۆر بەهێزترن، بۆ ئەوەی کە خووڕەوشت و بەهای نوێ و زمانی نوێ دروستبکەن یان بگۆڕن لەنێو کۆمەڵگەدا، تاکیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو بابەتە نوێیانە کە لە کەناڵەکانی پەیوەندیکردنەوە وەریگرتوون لەکۆمەڵگەدا، کاتێکیش ئەو کولتوورە نوێیە وەریدەگرێت، بێگومان ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ناسنامەی تاکەکانی کۆمەڵگە و ناسنامەی نوێ و جیاواز لەو کۆمەڵگەیەدا سەرهەڵدەدات. ( Calhoun. 1995: 11)

بەجیهانیبوون بووە هۆی دەرکەوتنی کولتوورێکی نوێ، چونکەمرۆڤ مافی خۆیەتی هەر کولتوورێک هەڵبژێرێت کە بەگونجاوی بزانێت بۆ دەرخستنی تواناکانی خۆی و وەبەرهێنانیان، تاکو بتوانێت بەرهەمهێنەرێکی باش بێت. مافی کولتووریش بەگوێرەی ماددەی یەکەمی جاڕنامەی بنەماکانی هاوکاری کولتووری نێودەوڵەتی دانپێدانراوە، کە دەڵێت هەر کولتوورێک ڕێزی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێت بپارێزرێت و هەر گەل و نەتەوەیەکیش مافی خۆیانە کولتووری خۆیان بپارێزن و گەشەی پێبدەن. هەموو کولتوورەکان وێڕای هەمەچەشنی و جیاوازییان، بەشێکن لە کەلەپور جیهانی و مرۆڤایەتی، هەموو مرۆڤایەتیش هاوبەشن لەو کولتوورەدا.

**گفتوگۆی تیۆری توێژینەوەکە (Theoretical framework)**

لەبەر تیشکی ئەم تیۆریەدا هەوڵدەدەین زیاتر لە بابەتەکە نزیک ببینەوە: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە لەڕێگای جێبەجێکردنی تیۆری (بڵاوبوونەوەی کولتوورو بەریەککەوتنی کولتووریی)ەوە گەشەی پێدراوە. هەروەها چوارچێوە تیۆرییەکە، بریتییە لە چوارچێوەیەکی شیکردنەوەش بۆ توێژینەوەکە، ئەویش لەڕێگای پەیوەستکردنی زاراوەو بۆچوونەکانی تیۆرییەکە، خودی ئەو پەیوەستکردنەش کۆی گشتی توێژنەوەکە پێشدەخات، کە ئامانجی زانینی کاریگەری بەجیهانیبوونی

کولتووره لەسەر ناسنامەی گەنج. تیۆری بڵاوبوونەوەی کولتوور و بەریەککەوتنی کولتوور دەتوانێت ناسنامەی گەنج شیبکاتەوە، بە پشتبەستن بە کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور. تیۆرەکە یارمەتیدەرە بۆتێگەیشتن لە ناسنامەی گەنج، هۆکارەکانی گەشەی بە جهیانیبوونی کولتوور، بەهۆی دامەزراوەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن وگەیاندن و کرانەوەی سنوورەکان و کۆچ کردن فاکتەرن بۆ بڵاوبوونەوەی کولتوور، لەگۆڕانی کولتووریدا کاردەکرێتە سەر ناسنامەیان لەڕووی دۆخی کولتوور مادی و ڕۆحییەوە. تیۆری بڵاوبوونەوەی کولتوور شیکردنەوە دەکات، کە گەنج بەهۆی ئینتەرنێت، مۆبایل و سەتەلایتەوە کولتووره جیهانییەکانیان پێدەگات و کاردەکاتە سەر ناسامەیان.

وێنەی (٢) هێڵکاری چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە دیاریدەکات چۆن کولتوور دەتوانێت بەهۆی دامەزراوەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندن و کرانەوەی سنوورەکان و کۆچکردن بڵاوببێتەوەو بتوانێت کاریگەری لەسەر ناسنامەی گەنجانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان هەبێت. کاتێک گەنجان لە مانای بەجیهانیبوونی کولتوور تێدەگەن و ئامرازەکانی ئینتەرنێت، مۆبایل و سەتەلایت بەکاردێنن، ئەوا خودی ئەو ئامرازانەی بەجیهانیبوونی کولتوور دەتوانن شێوازی کارلێکردنیان بگۆڕن، کە چەندین کارلێکردنی تر بەدوای خۆیاندا دەهێنن، وەک زمان و بەها و شێوازی ژیانیان. لێرەدا زمان و بەهاو شێوازی ژیانی جیهانی وەردەگرن و توخمە بنەڕەتییەکانی ناسنامەیان دەتوانرێت بگۆڕێن.

جێی ئاماژەیە کە پشتبەستنمان بە (بەجیهانیبوونی کولتوور) وەک گۆڕاوێکی سەربەخۆو یەکێک لە گرنگترین میکانیزمەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور، هەروەها گرنگترین فەزای (بڵاوبونەوەی کولتووره) بۆ کولتووره دژەکان و ئەو کولتوورانەی پشتگیریان دەکەن و کاریگەریی هەیە لەسەر ناسنامە، بەهۆی دامەزراوەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندن و کرانەوەی سنوورەکان و کۆچ کردن. بەو هۆیەی ئەمانە هۆکاری گەشەی بە جهیانیبوونی کولتوورن و وەک بەشێک لە بەجیهانیبوونی کولتوور لەئێستادا پێگەیەکی گەورەیان داگیرکردووە لای گەنجان. لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەو ناوەڕۆکە کولتوورییەی لەڕێگەی کەناڵەکانی تەکنەلۆجیای سەردەمەوە بەجیهانیبوون بڵاودەبێتەوە، ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ناسنامەی گەنج و ئاشنای دەکات بە جیهانێکی گەورەو نوێ.

پشتبەستنی ئێمەش بەم هاونزیکی بڵاوبوونەوەیە، هاوڕێک دەبێت لەگەڵ (بەها و زمان و لایەنی مادی (شێوازی ژیان) و پێگەی یەکەمی وەرگرتووە لە بڵاوکردنەوەی کولتووردا و بۆتە ئەلتەرناتیڤ و نوێنەری (دامەزراوەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندن و کرانەوەی سنوورەکان و کۆچکردن) پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە لەڕووی بەکارهێنانەوە. لێرەدا ئێمەش وەک تەنها پێگەیەک بۆ کۆمیونیکەیشن سەیری ناکەین، بەڵکو وەک پێگەیەکیش بۆ بڵاوکردنەوەی کولتوورەکان دەیبینین، چونکە کاتێک ئێمە پشتدەبەستین بەمیتۆدی بڵاوبوونەوەی کولتوور، لەبەرئەوەی زۆر لەگەڵ

دامەزراوەكانی بەجیهانیبوونی كولتوورو هۆكارەكانی ڕاگەیاندن و گەیاندن و كرانەوەی سنوورەكاندا دەگونجێت. بەتایبەتی هۆكارەكانی ڕاگەیاندن و گەیاندن و كۆچكردنە، چونكە ئەو پێگەیە تائێستاش پلەی یەكەمی وەرگرتووە لە بڵاوكردنەوەی كولتووردا، بۆیە هانیداوین بۆ ئەوەی كاری لەسەر بكەین، نەك تەنها لەبەرئەوەی پێگەیەكە بۆ كۆمیونیكەیشن و بەریەككەوتنی كولتوورەكان، بەڵكو وەك پێگەیەكی كارایە بۆ بڵاوكردنەوەی كولتووره جیاوازەكان بەتایبەتی لەنێو چینی گەنجاندا. ئەوەش هۆیەكی بابەتییە بۆ ئەوەی تیۆری بڵاوبوونەوەی كولتوور بەكاربهێنین وەك نموونەیەكی گونجاو لەگەڵ ئامانجەكانی توێژینەوەكەمانداو گونجاوە لەگەڵ ئەو میتۆدە تیۆرییەی پشتی پێبەستووە، دەیەوێت بیانگاتیَ و هاوڕێكە لەگەڵ ئەو هاونزیكییە تیۆرییەی لێرەدا بەكارهێنراوە. وەك (سامویل هینتیگتۆن) دەڵێت (فاكتەری كولتوور)، كە گرنگترین فاكتەرێكی زاڵە بەسەر ژیانی خەڵكەوە و كاریگەری هەیە لەسەر تاكەكان. بەڵام بەهۆی میكانیزمەكان و ڕەهەندەكانی بەجهیانیبوونەوە، كولتوورەكان بڵاودەبنەوە و تێكەڵ دەبن و هەموو ئەوانە پەلدەكێشن بۆ گۆڕانكاری كولتووریی لە كۆمەڵگە جیاوازەكاندا وەك (بەها و زمان و ئاین و نەریت و كەرەستەو ئامرازە مادییەكان و. . ) كە گوزارشت لە ڕەگەزە بنەڕەتییەكانی ناسنامە دەكەن.

دەرەنجامەكانیش ئەوەیان سەلماندووە كە دامەزراوەكانی بەجیهانیبوونی كولتوورو هۆكارەكانی ڕاگەیاندن وگەیاندن و كرانەوەی سنوورەكان و كۆچكردن، فاكتەرن بۆ بڵاوبوونەوەی كولتوور، گۆڕانی كولتوور، هاتنی كولتوور نویَ. بەڵام بۆتە فاكتەرێكی گرنگ لەسازكردنی خواستەكانی گۆڕان لەڕێگەی دروستكردنی ئاراستەی نائاساییەوە، جا لەڕووی بەكارهێنان و ئالودەبوونەوە بێت، یان كۆی ئەو دیاردانەی لەڕێگای بەریەككەوتنی بەردەوام لەنێوان گەنجاندا، كە هەر یەكەیان سەر بە كولتوورێكی جیاوازن، بەرهەم دێت و سەردەكێشێت بۆ گۆڕانكاری لە مۆدێلە كولتوورەكانی كۆمەڵەكاندا. كەواتە گۆڕانە كولتوورییەكان كە لە كۆمەڵگەدا ڕوودەدەن، ئەم پڕۆسەیە لەڕێگای بڵاوبوونەوەی كولتووریی لەنێو كۆمەڵگەیەك و یەكێكی تردا ڕوونادەن بە تەنها، بەڵكو لەناو یەك كۆمەڵگەشدا هەر خۆی ڕوودەدەن، ئەویش بە بڵاوبوونەوەی كولتووریی لەگروپێكەوە بۆ ئەوانی تر. كۆی ئەو دیاردانەی بەهۆی گۆڕانی توخمەكان وەك (بەها و زمان و ئاین و نەریت و كەرەستەو ئامرازە مادییەكان و ) ڕوودەدەن، بەهۆی بەركەوتنی بەردەوام و ڕاستەخۆی نێوان گەنجەكانەوەیە، كە هەر یەكەیان سەر بە كولتوورێكی جیاوازن (كوردی و ڕۆژئاوایی و عەرەبی، ئیسلامی و مەسیحی. . . )، بەوەش مۆدێلە كولتوورییەكان دەگۆڕێن وەك (بەهاكان و زمان و كەرەستە و ئامرازە مادییەكان وشێوازی ژیان و. . ) كە ئەوانەش توخمە بنەڕەتییەكانی ناسنامەی گەنجن لە كۆمەڵگەی كوردیدا.

# باسی دووەم: ناسنامە و ناسنامەی گەنج

**یەکەم: ناسنامەی گەنج**

- تایبەتمەندییەکانی ناسنامە
- پێکهاتەی ناسنامە
- ئەرکەکانی ناسنامە
- جۆرەکانی ناسنامە
- چۆنێتی پاراستنی ناسنامە
- گرنگی کولتوور لە بونیادنانی ناسنامەدا

**دووەم: توێژی گەنج**

- تایبەتمەندی گەنج
- ئاراستەکانی گەنج
- تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی گەنجانی زانکۆ
- خواست و کێشەکانی گەنجانی زانکۆ
- جێکەوتی ژینگەی زانکۆیی لەسەر گەنجانی زانکۆ

پوختە

# باسی دووەم: ناسنامەی گەنج

## یەکەم: ناسنامەی گەنج

ناسنامە (Identity) لەڕووی زمانەوانییەوە: وەک داتاشراوێکی زمانەوانی، زاراوەی ناسنامە دەبێتە ڕاناو و سەرچاوەی کەسێتی ئەو، بەڵام داتاشراوەی ئەو لێکدراوی دووبارەیە، لەعەرەبیدا کە (هو) یە، واتە ئەو لێرەدا وەک ناو کە بە (أل) دەستپێدەکات (الحاج، ٢٠٠٠: ١١). ناسنامە واتە ئەو کاتەی کەسێک دەناسێنێت بەکەسانیتر، وەک ناوی کەسەکە و نازناو و ناونیشان و کارو تەمەن و. . . . بەڵام دواتر ئەو دەستەواژەیە دەکشێت بۆ مانایەکی مەعنەویی، واتە ناسنامەی کەسێک لەڕووی کەسێتی و خەسڵەت و ئاکارو بەهاو نۆرم و نەتەوەو. . (الجلبي. ٢٠٠٠، ١٥٦). ئەم دەستەواژەیە لەزمانی ئینگلیزیدا بە (Identity) هاتووە، لەزمانی عەرەبیشدا (الهوية) بەکاردەهێنرێت، لەو دوو زمانەیشدا هەردوو تێرمەکە بەمانای ناسنامەی کەسی مرۆڤ وەک (هوية الاحوال المدنية) بەکاردەهێنرێت، لەهەمان کاتیشدا بەمانای مەعنەوی وەک کەسێتی تاک و نەتەوە بەکاردەهێنرێت (برکات، ٢٠٠٠: ٦٥).

چەمکی ناسنامە وەک ڕاناوی کۆ بۆ هەر کۆمەڵەیەکی مرۆیی بەکاردەهێنرێت و دەبێتە واتایەک بۆ ئەم ڕاناوە، بۆ هەموو ئەو بەها کەسێتی و تایبەت و هەڵسوکەوت و دابونەریتانەی هەیانە، لەگەڵ ئامانجەکانی کۆمەڵەکانداو ویستیان لە بوون و ژیاندا (الفلالي، ٢٠١٤: ٣٢). ناسنامە بە مانای "کێبوون" (کێیەتی) دێت، واتا کەسێک یان گرووپێک بە چ شێوەیەک پێناسەی خۆی دەکات، دەیەوێت چۆن خۆی لەڕێگەی چەند فاکتەرو بنەمایەکی کولتووریی و مێژوویی و جوگرافی بەلایەنی بەرامبەر بناسێنێت. ناسنامە تایبەتمەندییەکە، کە دەبێتە هۆی جیاوازی نێوان تاک و کۆمەڵگە و نەتەوەیەک، لە تاک و کۆمەڵگە و نەتەوەیەکی دیکە (جوزيف. ٢٠٠٧: ٤٨).

کەواتە ناسنامە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کەسێک یان کۆمەڵێک سەر بە کۆمەڵێک ئایدیا و بەهاو نۆرم و پێوەری تایبەتە، ئەو بەهایانەش کولتووری کۆمەڵایەتی دیارییان دەکات، واتە ئەو کولتوورە کە تاک ئینتیمای بۆی هەیەو لەمیانەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لەژیانیدا وەریاندەگرێت (إبراهيم. ٢٠٠٣: ١٩٦). بەڵام وشەی ناسنامە لە زانستی کۆمەڵناسیدا لەگەڵ چەند چەمکێکی تردا تێکەڵدەبێت، وەک ئینتیمابوون، نەتەوە، خود و هاوڵاتیبوون، هەستێک دەبەخشێت بە گەنجان بۆ ئینتیمابوونیان بە گەلێکی دیاریکراو و تاک لێرەوە هەستی شانازی تێدا دروستدەبێت و شانازی دەکات بەو گەلەی لێوەی هاتووەو تێیدا دەژی (أمين، ٢٠١٧: ٢٣٣). بەمانایەکی تر، ناسنامە پەیوەستە بە هاوڵاتیبوونەوە، چونکە دەبێت کۆی هاوڵاتیان لەژێر سایەی سیستەمێکی سیاسیدا بژین، ئەم سیستەمە کۆمەڵێک پەیوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە، کە ئەو پەیوەندییانە ڕێکدەخات، هەموو ئەوانەش لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ئایدیاو بەهاو نۆرمی تایبەت بوونیاددەنرێن (محمدی، ١٣٨١:١٠٦).

لەڕاستیدا مرۆڤ تەنها یەک ناسنامەی نییە بەڵکو خاوەنی چەند ناسنامەیەکە، کە پێیاندەوترێت ناسنامەی لاوەکی، وەک ناسنامەی خێزانی و ئاینی و ناوچەیی و مەزهەبی و نەتەوەیی و خێڵەکی.

جێکەوتی ئەم ناسنامانەش لە کەسێکەوە بۆ ئەویتر جیاوازە، بۆ نموونە هەندێکیان ناسنامەی ئاینی دەخەنە پێش ناسنامەی نیشتمانییەوە، بەڵام لای کەسێکیتر وێنەکە پێچەوانە دەبێتەوە( :Jensen 2010 12). کەواتە ناسنامە گوزارشتە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژیاری و ئایندەی ئەندامانی کۆمەڵگە، کە هەموو تاکەکان ئینتیمایان بۆی هەیە (ساروخان، ١٣٨١: ٧٨). مەبەست لە ناسنامە، ئەو پرەنسیپە ڕەسەن و باڵاو خودییانەیە، کە لە ناخی تاک و گەلانەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو بناغانەیە کە گوزارشت لە قەوارەی کەسێتی ڕۆحی ومادی مرۆڤ دەکات، تاکو ناسنامەی ئەو کەسە یان ئەو کۆمەڵگەیە یان ئەوگەلە بسەلمێنێت، بەجۆرێک هەرتاکێک هەستبکات ئینتیمای بۆ کۆمەڵگەیەک هەیە و ئەو کۆمەڵگەیە جیایدەکاتەوە لە کۆمەڵگەکانی تر (تومی. ٢٠١٧: ٢٠١).

ئەو کارانەی تاک ئەنجامیاندەدات بۆ ئەوەی کەسایەتی خۆی لەهەموو ڕوویەکەوە بوونیادبنێت، ئێستای، ڕابردوو یاخود داهاتوو، هەموو ئەو بەها وئاین و زمان و تایبەتییە کەسی و هەڵسوکەوت و شێوازی ژیان و دابوونەریتانە دەگرێتەوە کە هەیەتی، لەگەڵ ئەو دەرکەوتنانەی کە بەهۆیانەوە تاک خۆی دەناسێت (مارکیە، ٢٠٠٥: ١٢٦). ناسنامە وەک پەنجەمۆر وایە بۆ مرۆڤ، کە لەویتری جیا دەکاتەوە، واتە ئەو شتانەی مرۆڤ هەڵیگرتوون لەبارەی خۆیەوە (برکات، ٢٠٠٠: ٨٣).

کەواتە ناسنامە ئاوێتەیەکی تەواوە لەمێژوو و ئێستاو ئایندەی چاوەڕوانکراو، واتە ناسنامە شیاوی پێشکەوتنە لەڕەوتی زەمەندا. هەموو وێستگەیەکیشی جێدەستی تایبەت بەخۆی هەیە بەسەر ناسنامەوە، ئەویش لەڕێگەی ئەزموون و ڕووداوەکانی ئەو وێستگەیەوە دەبێت، جا سەردەمی پێشکەوتن و یەکسانی بووبێت، یان سەردەمی و تێکشکان و بچوکبوونەوە بێت (مجاهد، ٢٠١٢: ٣٢). عبدالرحمن پێناسەی ناسنامە دەکات و پێی وایە کە ناسنامە ئەو دەفرەیە کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەش لەخۆدەگرێت لەنێوان تاکەکانی یەک کۆمەڵگەدا، وەک ئینتیما بۆ یەک نیشتیمان و یەک زمان و یەک ئاینی هاوبەش، هەموو ئەوانەش کاریگەرییان دەبێت لەسەر شێوازی بیرکردنەوەو خولیا و ڕەفتارەکانیان، یان بەجۆرێک ستایلێکی هاوبەشی ژیانیان بۆ بەرهەمدێت (عبدالرحمن، ٢٠٠٠: ١٨).

هەروەها ناسنامە ئاوێتەیەکە تێیدا کولتوور و ناسنامەکان ئاوێتەی یەکدی دەبن، کە بەشێوەیەک لەشێوەکان لەگەڵ خوددا پەیوەندییان دەبێت (بسیسو، ٢٠٠٩: ٢١). کەواتە ناسنامە بونیادێکی تاک ڕەهایی نییە، واتە لە یەک پێکهاتە پێکنایەت، ئیتر ئەگەر ئاین یان زمانیش یان ڕەگەز یان نەتەوە یان ویژدان یان ئەخلاقیش بێت، یاخود ئەزموونی خودی یان زانیاری بێت بەتەنها، بەڵکو لە کۆی گشتی هەموو ئەمانە بە یەکەوە پێکدێت. حاڵەتێک کە بیرکردنەوەمانی تێدا دەردەکەوێت و هەڵسوکەوتێک کە دەمانبەستێتەوە بە جیهانە کۆمەڵایەتییەکەمانەوە، کە لەم ژینگە ڕەوشییەوە کەسایەتییەکان هەڵدەقوڵێن و ناسنامە دروستدەبێت و پێگەکان دادەمەزرێن، کە شوناسی تاکی تێدا دابنرێت بە جیهانی ڕەوشی و لێکدراوەوە (ساروخان، ١٣٨١: ١٠٨).

ئەم پێناسەیە دەمانخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە ناسنامە حاڵەتێکی جیوەییەو کارلێک لەگەڵ دەوروبەرو ژینگەکەدا دەکات، تێیدا بەپێی حاڵەتەکان و بارودۆخەکان پێکهاتەکان دەردەکەون و لەناودەچن، بەپێی

گۆشەگیربوون و بەستنەوەی خودی تاک بەو بارودۆخانەوە. ئەوەش دەڵێین کە هەندێک لەو پێکهاتانە بۆماوەیین و هەندێکی تریشیان وەرگیراون لە دەرئەنجامی ژیان و تێکەڵبوون و کارلێککردن لەگەڵ دەوروبەری کە تاک تێیدا دەژی. ئەگەر ژینگە و دەوروبەر گۆڕا ئەوە پێکهاتەکانیش دەگۆڕێن، بەڵام ڕاستییەکان نەگۆڕن. بۆ نموونە زمان و ڕۆشنبیری و کولتوور دەگۆڕێن لەڕووی شێوەوە، بەڵام لە کرۆک و ناواخندا نەگۆڕ و چەسپاون، چونکە ئەمانە ڕاستییەکانن و کاریگەرییان هەیە لەسەر ناسنامەی تاک و کۆمەڵ (Jackson. 2011: 22).

**ناسنامە لەڕووی ڕێکارییەوە،** بریتییە لە پێگەو ژیان و ڕێککەوتنی کۆمەڵە مرۆڤێک لەسەر ژمارەیەک بیروباوەڕ و هزر و چەمک و دابونەریت و بەها، کە جۆری ژیانی ڕۆژانەیان ڕێکدەخات و دیسپلینی دەکات، ئەو ناسنامەیەش جیایاندەکاتەوە لە خەڵکانی دەوروبەریان و دەیکەنە مایەی شانازی لە جیهانی: هزر و تاکەکان و شتە مادییەکاندا. ئەوان باوەڕیان بە کۆسیستەمێکی دیاریکراو هەیە، لە باوەڕ و دروشم و بەها و چەمک، ڕۆژانە کاری لەسەر دەکەن و لەژیانی ڕۆژانەیاندا لەنێوان خۆیاندا پەیڕەوی لێدەکەن و لەسەر ئەو تەرزە بەڕێوە دەچن. بەڵام لەم توێژینەوەیەداو لە بیرۆکەی ناسنامەی گەنجدا کورتدەبێتەوە و بەگشتی باسی لێوە دەکرێت. لەڕێی کۆی ئەو پێناسە و سەرنج و تێبینییانەی لەسەرچاوەکانی پێشەوە هەڵمانهێنجان و تیشکمان خستنەسەر، پەیوەست بە ناسنامەی گەنجەوە، لە چوار چێوەی زمان و بەها و ئامرازە مادییەکان (شێوازی ژیان)دا.

**ناسنامەی گەنج (Youth Identity).** سیفەتێکی تاکە، وەسفی تاکێک یان کەسێکی پێ دەکرێت بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە، وەک ڕەنگ و کەسایەتی و هەڵسوکەوت و دابونەریت و زمان و. . (المهواش، ٢٠٠٥: ١٦). زانستی کۆمەڵناسی پێشنیاری خوێندنەوە دەکات بۆ چەمکی تری وەک ناسنامەی گشتی کۆمەڵ یان کۆمەڵایەتی، چونکە تاک بەشێکە لە کۆمەڵێک و لەناو ئەم کۆمەڵگەیەشدا کۆمەڵانی تر هەن، بەپێی پلەبەندی و پێگەی کار و پێگەی کۆمەڵایەتی تاک (حرب، ٢٠١٢: ٥٣).

لەکاتێکدا ناسنامە لە گشتەوە دەگوێزرێتەوە بۆ تایبەت و لە گشتگیرەوە دەچێت بۆ سنوردار، بەڵام بەجیهانیبوونی کولتوور لە گشتگیر و گشتەوە دەچێت بۆ بێسنوور (برگر ، ١٣٨٤: ٢١١). ناسنامە لە یەک پێکهاتە پێکنایەت، ئەگەر ئاین، زمان، ڕەگەز، نەتەوە، ویژدان یان ئەخلاقیش بێت، یاخود ئەزمونی خودی یان زانیاری بێت بەتەنها، بەڵکو لە کۆی گشتی هەموو ئەمانە بە یەکەوە پێکدێت (الجمعه،٢٠١٢: ٢٢).

ڕێکخراوی یونسکۆ لە پێناسەی ناسنامەی گەنجدا دەڵێت: ناسنامەی گەنج بەمانای ئینتیمابوونیان دێت بۆ کۆمەڵێک لەڕووی زمانەوە لەناوچەیەکداو لە وڵاتێکدا، ئەمەش بەهای ئەخلاقی و جوانی دەبەخشێت و جیایدەکاتەوە لەوانی تر. لێرەوە ئەو قبوڵکردنە سەرهەڵدەدات، کە ئەو کۆمەڵە مێژوویەکیان هەیە و کولتوورو دابونەریتی خۆیان هەیەو شێوازی ژیانی خۆشیان هەیە، ئەمەش هەستێک دروستدەکات بۆ قبوڵکردن و بەشداریکردن لە دروستکردنی چارەنووسێکی هاوبەش لەگەڵیدا (بن فلیس. ٢٠١٥: ٦١).

**ناسنامەی گەنج لەڕووی ڕێکارییەوە:** ناسنامەی گەنج بریتییە لە هەڵسوکەوت ڕەفتار و کولتوور و جۆری بڕیارەکان و کارو چالاکییەکانی تاک و کۆمەڵ، کە کولتوور و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکەی پێ دەناسرێتەوە، ئەمەش پشتدەبەستێت بە هەندێک فاکتەری تایبەت، وەک زمان و ئاین و بەهای کولتوور و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری. ناسنامەی گەنج لەم توێژینەوەیەشدا، مەبەست لێی ناسنامەی گەنجانی زانکۆیە لە هەرێمی کوردستاندا، سەربارى ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ناسنامەدا هاتوون، لەڕێی وەرگرتنی پێکهاتەکانەوە، کە خۆیان لە (پێکهاتەی بەها و زمان و ئامرازە مادییەکان/ شێوازی ژیاندا دەبیننەوە، مەبەستمان ئەو توخمە کولتوور یانەیە کە بوون بە ناسنامەی گەنج. چونکە بۆ کولتوورو ناسنامەی گەنج پێناسەکانیان یەکدەگرێتەوە لەگەڵ یەک (ماناکانیان) لە دەرەنجامی دەرهاویشتەو بڵاوبوونەوەکانی بەجیهانیبوونی کولتوورییەوە کە لەناسنامەی گەنجدا ڕەنگیداوەتەوە.

## تایبەتمەندییەکانی ناسنامە:

هەڵبەت ناسنامەش بەدەرنیە لەوەی لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە، چونکە ناسنامە تەنها تایبەتە بە مرۆڤ، هەر ئەویش بناغەو تەوەری ناسنامەی کولتوورییە. ناسنامە تەنها تایبەت نییە بە تاکەکانەوە، بەڵکو هەموو کۆمەڵگەیەک ناسنامەیەکی خۆی هەیە کە لەگەڵ پێناسەی کۆمەڵایەتیدا دەگونجێت و لەهەمانکاتدا بریتییە لە پرۆسەی یەکخستن و دوورخستنەوە، گروپەکە ناسنامە دیاریدەکات و لە گروپەکانی تریش جیایدەکاتەوە (Fukuyama. 2019: 4).

تایبەتمەندییە مێژوویەکەی ناسنامە کە بە لەدایکبوون و پەناو پەیوەندی خزمایەتی و هاوسەرگیری. دەگرێتەوەو هەروەها تایبەتمەندی مادیەکان و فیزیکییەکانیش بە ڕەگەز و شوێنی نیشتەجێبوون و نەژاد و ئەتەکێت و توانای مرۆیی و توانا ماددی و ئابوورییەکان دەگرێتەوە. تایبەتمەندییە کولتووریەکانیش دەوڵەت و ئایین و زمان و بیروباوەڕ و مەعریفە. . . هیتر، دەگرێتەوە، هەروەها تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانیش لایەنی دەروونی و پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و هەڵسوکەوت و کەسایەتی و خەسڵەتی کەسایەتی تاکاکان و.. هیتر دەگرێتەوە (سالم،٢٠١٧: ١٤٩). ناسنامە وەرگیراو و بۆماوەییە، مێژووی نەتەوەو کولتورەکەی و ئەو ئەزموون و شارەزاییانە دروستیدەکەن کە پیایاندا تێدەپەڕێت و دەربڕی خودی بەکۆمەڵە، یان ئەو سیمبولەیە کە هەموو تاکەکانی لەسەر کۆدەبنەوە (هاد ، ٢٠١٠:٨٣).

کەوا بێت ناسنامە تەنها سەر بە ڕەگەز یان ئاین یان کولتوورێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو هەموو ئەو ڕەگەزانە پێکەوە لە دروستکردنی ناسنامەدا بەشدارن و تەنها بەند نییە بە یەکێک لەو ڕەگەزانەوە، هەر بۆیە ناسنامە پرۆسەیەکی کارلێککەر و تەواکارییەو لەڕێی کۆمەڵێک پێکهاتەوە دروستدەبێت، کە بەدرێژایی کات کەڵەکەدەبن، ئەم کارلێک و تەواوکارییەی نێوان پێکهاتەکان دەبنە هۆی بەدیهێنانی هاوسەنگی لەناو ناسنامەداو هۆکارەکانی ململانێ و ڕەتکردنەوە وەلا دەنێت و بڕوای گشتییان لەبارەرە دروستدەکات، ئەویش لەلایەن گروپەوە یان ئەو تاکانەی کە ئەو گروپە پێکدەهێنن (إبراهیم. ٢٠٠٣: ١١٦).

لیرەوەدەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە خوێندنەوەی ناسنامە تەنها بۆ توێژینەوەی زانستی نییە، بەڵکو چالاکییەکی مرۆیی پێویستە بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە نوێکردنەوەی ناسنامەو بەرەو پێشبردنیدا، هەروەک بریتییە لە ناسینی خودی تاک و گروپ بەشێوەیەکی قووڵ.

## پێکهاتەی ناسنامە:

سەرچاوەکانی ناسنامە لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

١- **ئاین:** سیستمی بەهاکان دروستدەکات، پێوەرەکان دەدات بە کۆمەڵگە، مەرجەعیەتێک دروستدەکات بۆئەوەی خەڵک پەنای بۆببەن، پەیوەندی نێوان خودا و خەڵک ڕێکدەخات، هەروەها نێوان خەڵکیش خۆیان و مرۆڤ و گەردون و گیاندارەکانی تریش ڕێکدەخات. سەرچاوەیەکی زۆر هەستیارو گرنگە لە دروستبوونی ناسنامەدا، بۆیە زۆرێک لە کۆمەڵگەکان و کۆمەڵەکان خۆیانی پێ پتەو دەکەن و دەپارێزن، بۆئەوەی بەدووربن لە گۆڕانکارییە خێراکان لەکۆمەڵگەکاندا، چونکە ئەم کۆمەڵانە ناتوانن لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییەکاندا بڕۆن و تێکەڵیان بن (الخطیب،٢٠٠٥: ٢٣٥).

٢- **زمان:** بریتییە لە کۆمەڵێک پێداروی ڕێکوپێک، لە چەندین هۆکارو سەرچاوەی جۆراوجۆری لێکچواندنەوە دەدرێت بە تاک، وەک (ڕەگەز، هاوڵاتیبوون، تەمەن، کار. . )، کۆی گشتی ئەم پێدراوانەش دەبنە بەشێک لە نواندنی تاک. تاک ئەم سیفەت و پێکهاتانە هەڵدەگرێت، کە تایبەتن بەو و هی کەسی تر نین، ئەمەش سیفەتە کەسییەکانی ئەو تاکە پێکدەهێنێت وەک چۆن هەیە، هەندێک لەم سیفەت و پێکهاتانە بۆیان هەیە بگۆڕدرێن، ئەویش بەپێی ئەو بارودۆخی ژیانەی تاکی تێدایەو لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا تێکەڵن. لەکاتێک تاک لە ژینگەکەیدا دەژی، ڕۆڵی ناسنامە و چەندین تایبەتمەندی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بەو مانایەی زمان ئامرازێکە بۆ بیرکردنەوەو گوزارشتکردن و پەیوەندیکردن و یادەوەری زیندوو، هەروەها کۆگایەکە بۆ مەعریفەو ڕەسەنایەتی و ئەزموون لەلایەکیترەوە ( Bennett. 2006: 2). گرنگییەکانی زمان زۆرن و ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە پەیوەندیکردن و ئاخاوتندا بۆ گۆڕینەوەی زانیاری و ڕۆشنبیری، هەروەها بە سەرچاوە و فاکتەری گرنگی کۆمەڵگە دادەنرێت، لە کاتێکدا چەندین دیالێکتی ناوخۆیی بوونیان هەیەو وا لە کۆمەڵە و گروپەکان دەکەن بوونی خۆیان بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنن (بصیر. 2000:٣٥).

٣- **مێژوو:** هیچ نەوەیەک ناتوانێت بێ مێژوو هەست بە بوونی خۆی بکات، چونکە مێژوو تۆماری ڕابردووی نەتەوەیەو دیوانی شانازی و سەربەرزییەکانیەتی. ئەمەش بەشێوازێکە کە خودی کۆمەڵگەکان چۆن ئەمە دەردەخەن یان لە قاڵبیدەدەن، وەک بە سیاسیکردنی ئەم چەمکە، کاتێک کۆمەڵەکان وایان لێدێت هەست بە ئینتیمابوون بە مێژووی نەتەوەو ڕەگەزەوە بکەن، بۆ دیاریکردنی ناسنامە، لەگەڵ ئەوەی هەندێک یاسا ئەمەی ڕەتکردۆتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی شتێکی ترە.

٤- **بەهاو و دابوونەریت و سیفەتە هاوبەشەکان:** بەهۆی مامەڵەکردن و تێکەڵاوییەوە لەماوەی چەندین سەدەدا دروستدەبێت، ئەوەش پابەندە بە تایبەتمەندی هەر کۆمەڵە و خێڵ و کۆمەڵگە و نەژادێک، کە

وابەستەن بە بەهاو دابونەریتی و خەسڵەت و سیفەتە هاوبەشەکانی تایبەت بەو کۆمەڵگەیە و ناسنامەی ئەو کۆمەڵگەیە پێکدەهێنێت (هاد ، ٢٠١٠: ٨٨).

٥- **تەمەن و ڕەگەز:** لەگەڵ ئەو جیاوازییە سایکۆلۆژییانەی لەنێوان سەرجەم تەمەن و ڕەگەزەکاندا هەیە، بەڵام ئەم دوانەیە زۆر کاریگەرن لەدیاریکردنی کۆمەڵەی تەمەن و ڕەگەزەکاندا، کە لە ماف و ئەرک و ئاراستەکانیاندا جیایان دەکاتەوە.

٦- **چین:** بریتییە لەو پێگە ڕۆشنبیری و کولتووریی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی بۆتە بنەمای دەستنیشانکردنی چینەکان لە کۆمەڵگەدا.

٧- **ڕۆشنبیری:** بەدەر لە ئاین، زمان و چین، ڕۆشنبیری بەشێکی بەدەستهاتووی بوونیادو جەستەی ناسنامەیە، کە دینامیکییەکەی لەسەر ناسنامە زیاترە، ئەمەش بەوە دەبێت کە تاک ئەندامی کۆمەڵگەکەیە و دەبێتە پلەیەک کە تاکی پێ بەرزدەبێتەوە لە کۆمەڵگەدا، بەهۆی ئەو پاشخانە ڕۆشنبیریەی کە هەیەتی و لەڕێگەی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی وەک: بەشداری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی تاکەکەوە هەیەتی کە بناغەی ناسنامەکەی دیاریدەکات (یونس، ١٩٩٩: ١٤٣).

٨- **گرێبەستی کۆمەڵایەتی و گرێبەستی سیاسی:** هەموو دەوڵەتێک گرێبەستێکی هەیە، ئەو گرێبەستە لەڕێگەی پرەنسیپە نەگۆڕەکانی کۆمەڵگەو ئەو بۆچوون و خولیا سیاسییانەوە بونیادنراون کە لەسەر مەرجەعیەتی گرێبەستی کۆمەڵایەتی دامەزراون. چونکە دەوڵەت گوزارشتە لە بەجیهانیبوونی کولتوور کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، ئەویش لەڕێگەی دەستوور یان یاسایەکەوە کە ڕووخساری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەوڵەت پیشاندەدات، بەجۆرێک کە ویستی کولتووریی خەڵک لەو ڕووخسارە سیاسییەدا ڕەنگبداتەوە کە بڕیارە گوزارشت بێت لەکۆمەڵگە.

٩- **مافەکان،** کولتووری هەر گەل و نەتەوەیەک بە چ شێوەیەک دەڕوانێتە ماف و ئازادییەکان: ماف و ئازادییەکان لە وڵاتە زلهێزەکاندا جیاوازن لەو مافانەی خۆرئاوا دایڕشتوون و دەیاننێرێت بۆ وڵاتە هەژارەکان (Fukuyama. 2019:4).

١٠- **ئەدەب و هونەر:** هەر کۆمەڵگەیەک ئەدەب و هونەری خۆی هەیە، جیاوازە لە کۆمەڵگەکانی ترو گوزارشتە لە بەجیهانیبوونی کولتوورەکەی، وەک چیرۆک و شیعرو هونەرو وێنەو شانۆو نواندن و و هونەری ئاودانی و. . ، ئەمانەش هەریەکەو پەیامێکیان هەیە و دەیانەوێت بیگەیەنن.

١١- **بیرکردنەوە لە ژیان و شێوازی ژیان:** بیرکردنەوە ڕەگەزێکی هەستیارە لەهەر کولتوورێکدا، بۆ نموونە شێوازی بیرکردنەوەی موسوڵمان جیاوزە لە بیرکردنەوەی خۆرئاوا. مرۆڤ لەکۆمەڵگەی مادیدا بەشێوازێکی مادییانە بیردەکاتەوە، لەوەشدا کایەی پەروەردەیی کاریگەری هەیە، وەک پەروەردەی ئاینی، پەروەردەی ڕۆحی، پەروەردەی مادی و. . . ، هەمان شتیش دەربارەی بونیادنانی مرۆڤ و شیاندنی ڕاستە، شێوازی ژیانیش سەرجەم ئەولایەنانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە پێویستییە مادیەکانی ژیانی مرۆڤەکان، وەک بیرکەدنەوە لە شێوازی پۆشین وستایلەکان و هەروەها شێوازی باڵەخانەو کەرەستەکانی بیناسازی و ئامرازەکانی و... (yoomi. 2012: 29).

شایەنی ئاماژە پێدانە، ناسنامەی هەر نەتەوەیەک، یان کۆمەڵگەیەک بەرەنجامی ئاین و زمان و هزرو مێژوو هونەر و ئەدەب و کەلەپورو بەهاو نەریت و ئەخلاق و ویژدان و پێوەرەکانی ئەقڵ و ڕەفتار.. . هەموو ئەوانەش ئەو پایانەن کە نەتەوەو گەلانی پێدەناسرێنەوە، ئەو پێکهاتانەش نەگۆڕ نین، بەڵکو هەندێکیان بەگوێرەی پێشهاتەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت. هەستکردن بە کۆمەڵە سیفاتێکی کولتووریی کۆمەڵەیەک و مەیلی تاک بۆ خۆبەستنەوە بەو سیفاتانەوە کە لە کۆمەڵەکەیدا بوونی هەیە، لە کۆتاییدا جیایدەکاتەوە لە کۆمەڵەکان و کۆمەڵگەکانی تر.

لەم توێژینەوەیەدا کولتوور بریتییە لە کۆمەڵێک ڕەگەز، وەک (بەها و زمان و لایەنی مادی) ئەوەش بەوپێیەی (بەها و زمان و لایەنی مادی) ڕەگەزی بنەڕەتین و کولتوور پێکدێنن و بەشی دانەبڕاون لە کولتوور، لەو ڕوانگەیەوە کە کولتوور شتێکی گشتگیرە. چونکە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کولتوور تەواوکەری یەکترن، تاکو بتوانن بەهەموویان چەمکێک بەرهەمبێنن بۆ ناساندنی کولتوور. بەشێوەیەکی ڕوونتر، کە لەگەڵ چوراچێوەی تیۆری توێژینەوەکەدا بگونجێت، دەڵێین: ئەم توێژینەوەیە (بەها و زمان لایەنی مادی) وەک نموونەیێک وەرگرتووە، کە گوزارشت لە کولتوور دەکەن، بەو گریمانەیەی کە هەرکاتێک (بەها و زمان لایەنی مادی) گۆڕانیان بەسەردا هات، ئیدی کولتووریش دوور نابێت لەو گۆڕانکارییانە، هەرکاتێک گۆڕان بەسەر بەشێکیدا هات، سەرەنجام هەمووەکەش جێکەوتی گۆڕانی بەشەکانی دەکەوێتە سەر. هەروەک چۆن چەمکی کولتوور لەم توێژینەوەیەدا پەیوەستە بە چەمکی بەجیهانیبوونەوە، واتە (ڕەهەندی بەجیهانیبوونی کولتوور)، مەبەستیش لەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کەگۆڕانکاری لەکولتووردا دروستبکات لەڕێگەی (بەهاو زمان لایەنی مادی)یەوە بەهۆی بەجیهانیبوونەوە.

ڕەگەزەکانی کولتوور دەکرێن بە دووبەشەوە:

١- ڕەگەزە مادییەکان

٢. ڕەگەزە مەعنەوییەکان

هەردووکیشیان لەچەند خەسڵەتێکەدا بەیەکدەگەن، وەک:

**گشتییەکان (العموميات):** ئەمەیان بریتییە لەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی بەشداری تێدا دەکەن، لەسەر بنەمای کولتوور و بەرجەستەکردنی ئاکاری گشتی و کە کەسایەتی گشتی پێ دەناسرێتەوە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، وەک زمان، پۆشاک، دابونەریت، ئاین، بەهاکان. ئەم گشتییانەش بۆ ئەوە باشن کە تاکەکانی کۆمەڵگە پێکەوە دەبەستنەوەو گیانی بەکۆمەڵیان تێدا دەخوڵقێنن و دەبنە هۆی زیاتر یەکگرتویی کۆمەڵگە. سوودیشیان دەبێت بۆ:

- یەک شێوەیی مۆدێلی کولتوور لەکۆمەڵگەدا.
- لێکنزیکی شێوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەو ئاراستەی ژیانیان.
- خەمەکانیان هاوبەش دەبێت و پەیوەندییەکانیان پتەو دەبێت.
- گیانی کۆمەڵیان تێدا بەهێز دەبێت و ئەوەش دەبێتە هۆی یەکگرتویی کۆمەلایەتی.

ئەو ڕەگەزانەن کە هەر گروپێک بەتەنها هەیانە، وەک ئەو ڕەگەزانەی پەیوەستن بە کارامەیی و لێهاتوویی و پیشەییەوە، بۆ نموونە تایبەتمەندییەکان پەیوەستن بە چینی کۆمەڵایەتییەوە، بۆ نموونە چینی ئەریستۆکراتی لەکۆمەڵگەدا جیاواز دەبێت لە کولتووردا لەگەڵ چینی ناوەڕاست. (برگر ، ١٣٨٤: ٢٣١). یاخود ئەو ڕەگەزانەیە لەکۆمەڵگەدا کە کۆمەڵێکی دیاریکراو لە تاکەکانی کۆمەڵگە پەیڕەیدەکەن، واتە تەنها ئاکاری گروپێک جڵەوگیر دەکەن، ئەوەش بریتییە لە دابونەریت و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی گشتی و تایبەت بە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، کە کۆمەڵگە دیاریدەکات لەکاتێکدا کارەکان بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا دابەش دەکات. دەشێت ئەو گروپە کۆمەڵێکی تایبەتمدنی پیشەیی بن، یاخود چینێکی تایبەت بن وەک تایبەتمەندی کولتووری تایبەت بە مامۆستایان یان ئەندازیاران یان پزیشکان. . .

**جێگرەوەکان (ئەلتەرناتیڤ):** بریتیین لەو ڕەگەزانەی تازە دەردەکەون و بۆ یەکەمجار ئەزموون دەکرێن لە کولتوورو کۆمەڵگەدا. لێرەدا مرۆڤ سەرپشکە کە ئەو جێگرەوەیە وەربگرێت یان ڕەتیبکاتەوە، وەک جۆری پۆشاکی نوێ، یان شێوازی ئامادەکردنی خواردن، کە لەوەوپێش لەکۆمەڵگەدا باوی نەبووە. (سلامة، ٢٠٠٧: ١٤٦)،جێگرەوەی کولتوور هاوبەش نییە لەنێوان هەموو تاکەکەندا، سەر بە تایبەتمەندییەکانیش نییە، واتە هاوبەش نابێت لەنێوان تاکەکانی هاوپیشە یان چینێکی کۆمەڵایەتیدا، بەڵکو چەند ڕەگەزێکن یەکەمجار دەردەکەون و ئەزموون دەکرێن لەکولتوور کۆمەڵگەدا. بۆیە دەشێت کەسەکان بژاردەیان هەبێت لەوبارەیەوەو بتوانن وەریبگرن یان ڕەتیبکەنەوە. ئەوەش بریتییە لە هزری نوێ و دابونەریت و شێوازی نوێی ئیش و شێوازی بیرکردنەوە و شێوازی وەڵامدانەوەی نائاسایی بۆ هەڵوێستە هاوشێوەکان. ئەو جێگرەوانەش هەمیشە ناجێگیرن تا ئەوکاتەی بەتەواوەتی جێی خۆیان دەگرن و دەبنە تایبەتمدنی، یان گشتی کولتوور، واتە ئەم جۆرەیان بریتییە لە ڕەگەزی گەشەکردووی کولتوور. (قورية، ٢٠٠٧: ٢٨٨)

بە شێوەیەکی گشتی ڕەگەزەکانی کولتوور زۆرن، توێژینەوەکەمان جەخت دەکاتەوە لەسەر هەندێک لەو ڕەگەزە گرنگانەی کە بەرکەوتەی بە جیهانیبوونن و کاریگەری بەجیهانیبوونییان زۆر لەسەرە، لە گرنگترینیان کە لەم توێژینەوەیەدا باسدەکرێن ئەمانەی خوارەوەن:

**١. زمان:**

زمان ئەو ئامرازە سەرەکییەیە کە ژیانی کۆمەڵایەتیمانی پێ بەڕێوەدەبەین، کاتێکیش کە زمان لەکایەکانی پەیوەندیکردندا بەکاردێت، لەچەندین لایەنی بەیەکداچوودا پەیوەندی لەگەڵ کولتووردا دروستدەکات (بصير، ٢٠٠: ١٨)، پەیوەندی نێوان زمان و ناسنامە پەیوەندییەکی ئاڵۆزو هەستیارە، مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە بەدوای ئاوێنەیەکدا گەڕاوە کە وێنەی پەرتبوونی خۆی تێدا بدۆزێتەوە، کە لەکۆتاییدا لە زمان و فەلسەفە و ئەدەبدا کۆکراوەتەوە (ماركيه، ٢٠٠٥: ١٣). ئەو وشانەی خەڵک دەیبژێرن، ئاماژەن بە شارەزاییەکی هاوبەش، کە بۆ ڕاڤەکردنی ئەو ڕووداو و بیرانە بەکاردێن کە شیاوی گواستنەوەن. هەروەها ئەو وشانە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستن و باوەڕو بۆچوونی نوسەرەکانیشن، کە ڕەنگە کەسانیتریش لەوەدا لەگەڵیاندا بن. لەهەردوو بارەکەشدا زمان ئەرکی دەربڕینی واقیعی کولتوور

لەخۆدەگرێت. هەریەک لە زمان و کولتووریش کاردەکەنە سەر پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرکردن و پێکهێنانی ڕەفتاری تاکی کۆمەڵایەتی پێدەبەخشرێت (کرامش،٢٠١٠: ١١٩).

بەرهەمی کۆمەڵگەکانی بەکارهێنانی زمان، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی پێوەرەکانی گونجاندنی کۆمەڵایەتی. هەندێک خەڵک ڕەنگە سەر بە گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوبن (خێزان یان گروپێکی ئیتنی یان پیشەیی یان تەنانەت نەتەوە)، ئەندامانی ئەو گروپە بۆچوونە هاوبەشەکانیان لەبەرامبەر جیهاندا لەڕێی کارلێکیان لەگەڵ ئەندامانی تری هەمان گروپدا وەردەگرن. ئەم بۆچوونانەش لەڕێی هەندێک دەزگای کۆمەڵایەتییەوە بەهێزدەبن وەک خێزان، خوێندنگە، شوێنی کار، پەرستگاو پێگە کۆمەڵایەتییەکانی تر لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا، بەکارهێنانی گروپێکی کۆمەڵایەتی بۆ زمان، ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و باوەڕو بەهاکانیانە. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت لەسەر وتنی ڕێکدەکەون یان حەزدەکەن قسەی لەبارەوە بکەن (أميني، ٢٠٠٧: ٢٣). کەواتە زمان گرنگترین هۆکاری جیاکەرەوەی کۆمەڵگەکانەو پێکهاتەیەکی گرنگ و کۆمەڵگەی بنەڕەتی ناسنامەیە، کە کار بۆ پاراستنی دەکات. زمان ناسنامەیە، بەڵام ناسنامە زمان نییە، واتە زمان تەنها پێکهاتەی ناسنامە نییە، ئەگەرچی کە گرنگترینیانە. پەیوەندی زمان بە ناسنامەوە پەیوەندی نێوان تایبەتە بە گشتەوە، بەو واتایەی ناسنامە گشتگیرترە لە زمان، چونکە چەندین دەرکەوتەی تری هەیە. جگە لە زمان، ناسنامەو پرسەکانیش یەکێکن لە کێشەکانی ناو باسوخواسی بیری مرۆڤایەتی و هیچ کولتوورێک نییە کە پرسیاری ناسنامەی تێدا نەبێت (بصير،٢٠٠٠: ٢٢).

ئەم بایەخدانەش بە ناسنامە لەگەڵ گەشەکردنی ڕواڵەتەکانی بەجیهانیبوونی کولتووردا زیاتر بووە، کە تەنگی بە تایبەتمەندییە لۆکاڵییەکان هەڵچنیوەو وایکردووە هاواری پاراستنی جۆراوجۆری ڕۆشنبیران لەسەر ئاستی جیهان بەرزببێتەوە (زايد، ٢٠٠٦: ٥٧). ئایندەی زمانیش وەک ڕەگەزێکی ناسنامەی کولتوور، بابەتێکی تری لێکۆڵینەوەیە لەسایەی بەجیهانیبوونی کولتووردا، نەتەوەکان دەرکیان بە ڕۆڵی زمان کردووە لە پاراستنی ناسنامەیاندا، لەوانەش ئەزموونی گەلانی کۆریاو چین و ژاپۆن، کە ڕێز لە زمانی دایکیان دەگرن بۆ پاراستنی ناسنامە و قەوارەیان (أمين،٢٠٠١: ٣٣). بەجیهانیبوونی کولتوورو بەزاندنی سنوورەکان بە هۆی سەتەلایت و ئینتەرنێت و سۆشیال میدیاوە، بۆتە هۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزی ببێە زمانێکی ستانداردو باڵادەست. دەرکەوتنی زۆرترو بڵاوکردنەوەی کولتوور وڵاتانی ئینگلیزی زمان لە هەموو دونیادا (أميني،٢٠٠٧: ٤٨). زمانیش پێویستە هاوشان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بڕوات، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە پەرەپێدان هەیە.

ئەم پەرەپێدانەش دوولایەنەیە و ئەمانەن (جبرون، ٢٠١٥: ١٥٦):

یەکەمیان: بۆ تێگەیشتن لە زانستە نوێیەکان.

دووەمیشیان: بەردەوامبوونە لە پەیڕەوکردن لە جیهاندا.

ڕەنگە زمان وکولتوور پەیوەندییەکی لۆجیکی و پەیوەندییەکی دوولایەنەیان هەیەو هاوکات بوون و هەبوونیان بەندو بەستراوە بە پێکهێنەری سەربەخۆوە. زمان بەشێکی دانەبڕاوە لەکولتوورو

کولتووریش لە زماندا دەردەکەوێ و هەیە. ئەم دیاردانە لێک جیانابنەوە، چونکە هەموو زمانێک بەرهەمی تانوپۆی کولتوورێکی تایبەتەو لەهەناوی کولتوورێکدا دروست دەبێت و هەموو کولتوورێکیش لە چەق و ناوەندی خۆیدا زمانێکی سروشتی لەخۆ دەگرێت. زمان ئاوێنەی کولتوورەو لەم ئاوێنەدا، نەتەنها دونیای راستەقینە بەڵکو وشیاری کۆمەڵایەتی خەڵک، چۆنیەتی بیرکردنەوە، سیمای ژیان، رەمزی نیشتیمانی، داب ونەریت، بەهاو بنەماکانی ئەخلاق و تێگەیشتن لەجیهان و. . . دیارە جبرون. کەواتە زمان هاوکات کە بەرهەمی کولتوورە، پێکهێنەرێکی گرنگی کولتوورەو مەرجی بوون وهەبوونی کەلتووریشە. هەربۆیە کولتوور لە زماندا زیندووەوگەشە دەکات. لەدونیای ئەمڕۆدا قورسایی کەلتووری زارەکی و زمان زیاتربووە و مرۆڤ بەهۆی زمانەوە لەکولتوورو چوارڕۆڵی خۆیدا زانیاری کۆدەکاتەوەو لەخۆڕا بۆ کورد، بەجیهانیبوونی کولتوور دەرفەتێکی باشە بۆ پەرەسەندنی زمان و بوارە زانستییەکان. زمانی کوردیش بۆ خۆی ئەو تواناو ئامادەییەی تێدایە و هەر ئەمەش وایکردووە، کۆمپانیا گەورەکانی وەک گوگڵ و فەیسبووک زمانی کوردی بخەنە ناو بەرنامەکانیانەوە. هەروەها بەهۆی بەجیهانیبوی کولتوورەوە زمانێکی نوێ دەرکەوت کە ژمارە یان ئیمەوجیەکان لەبری پیت بەکاردێنن لە ئێستادا بەتایبەت لە ژیانی ڕۆژانەی گەنجاندا چونکە ئەوان زۆرترین بەکارهێنەری ئامرازەکانی تەکنە لۆجیای سەردەم و وەرگرتنی زانیاریەکانن.

**٢. بەهاکان:**

بەها بەپێی پێناسەی (kluchoon)، بریتییە لە وێناکردنێکی ئاشکرا یان شاراوە، تایبەت بە تاک یان کۆمەڵ و ئەوە دیاریدەکات کەئەو بەهایە خوازراوە یان نا، بە جۆرێک کە رێگەمان دەدات هەڵبژاردن بکەین لەناو کردار و مەبەست و ئامانجە تایبەتییەکانی کرداردا (Miles. 2015: 39). بەها کۆمەڵایەتییەکان بریتین لەو تایبەتمەندی و سیفاتانەی لای تاکەکانی کۆمەڵگە خوازراون و کولتووران دیاریدەکەن، وەک لێبوردەیی و هێز و هاوکاری و خۆشەویستی و بەخشندەیی و دیالۆگی خێزانی ئامانجدار، کە چەندین هۆکار هەن دەبنە هۆی لاوازبوونیان، لەوانەش ئامرازەکانی میدیا و پەیوەندیکردن. هەروەها چەندین ڕێگەش هەن بۆ پتەوکردن و بنیاتنانی، چونکە بەها کۆمەڵایەتییەکان گرنگترین میکانیزمن بۆ پاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و جێگیری کۆمەڵایەتی. زۆرێک لە توێژەران پێیانوایە سروشتی پەیوەندی لەنێوان تاک و دایک و باوکیدا و تایبەتمەندیە کەسییەکان و ئاستی کۆمەڵایەتی و کولتوور، کار دەکاتە سەر ڕەفتاری ڕۆڵەکانیان و شێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان. زۆرێک لە پەشێویەکانی ڕەفتار پەیوەندی بە تێکچونی دۆخی خێزانەوە هەیە (عبدالفتاح، ٢٠٠٩: ١٠٥).

لەگەڵ ئەوەشدا بەهاکان بە یەکێک لە گرنگترین کۆڵەکەکانی ناسنامە و ناسنامەی کولتوور دادەنرێت چونکە فرمانێکی بنەڕەتی ئەنجامدەدات، ئەویش پاراستنی جێگیری کۆمەڵگەکان و کۆنترۆڵکردنیەتی بەپێی ئەو پێوەرانەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەسەری ڕێککەوتون و دەرچوون لێیان بە جۆرێک لە لادانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت (عبدلي، ٢٠١١: ٤٧). کەوا بێت تا بەها وەرگیراوەکان ڕیشەداربن لەناخی تاکدا، ئەوا ڕۆڵی خۆیان لە کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردندا دەبینن، جا ئەوە لەکاتێکدا بێت کە تاک لەژێر

چاودێریدا بێت یان لەکاتی هەڵبژاردنی ئازادانەدا بێت. لەمبارەیەشەوە کۆمەڵناسەکان بایەخیکی زۆریانداوە بە بەها کۆمەڵایەتییەکان (استیلیە، ٢٠٠٢: 98). شایەنی باسە، بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری لەسەر بواری پەروەردە و فێرکردنیش هەیە، بۆیە پێویستە تیۆری پەروەردە بایەخ بە کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوون بدات لەسەر ئەو لایەنە هزری و مرۆڤایەتییانیە و سوود لە لایەنە ئەرێنییەکانی وەربگرێت و خۆی لە لایەنە نەرێنییەکانی لابدات و سیستەمێکی پەروەردەیی وا دابڕێژرێت، کە بتوانین لەسەردەمی بەجیهانیبوونی کولتووردا ناسنامە و پێگەی خۆمانی پێ بپارێزین (الزیودي، ٢٠٠٦، ٦٧).

بڵاوبوونەوەی هەندێک بەهاو و ڕەفتارو نامۆ لە جۆرەکانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوایی، بەهۆی شۆڕشی تەکنەلۆجیاو زانیارییەکان بەشداربوون لە پێشکەوتنی زیاتر کە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە، کاردانەوەی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە ڕۆژهەلاتییەکان بەشێوەیەک کە تاچەند ئەو بەهاو ڕەفتارە نوێیە پێ قبووڵ کراوە. لە کۆمەڵگە ڕۆژهەلاتییەکان بەهۆی دەرکەوتنی ئەو بەهاو ڕەفتارە نوێیانەوە ڕێژەی تاوان و بازرگانیکردنی نایاسایی و شتومەکی قەدەغەکراو و پرۆژە نایاساییەکان و بازرگانی ماددەی هۆشبەر زیاد دەبێت. کە ئەمەش دەرئەنجامی بەجیهانیبوونەوە ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە، کە هەموو جیهانی تەنیەوەو بووە هۆکاری ئەوەی کە بەهاو نەریتە باوەکانی ڕۆژئاوا بە هەموو جیهاندا بڵاو ببنەوە، بۆ نموونە مادەی هۆشبەر ببێتە بازرگانی جیهانی (نصرالله،٢٠١٣: ١٢٣).

بەهاکانی بەجیهانیبوونیش بەهای ئامرازین و بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم گۆڕانیان بەسەردا دێت. گرنگترین شت لەئێستادا کە دەبێت باسبکرێت ئەو ڕادەیەیە کە بەجیهانیبوونی کولتوور پێیگەیشتووە و لە هەوڵی یەکخستنی بەهاکاندایە بۆ بەجیهانیکردنیان بەدەر لەو تایبەتمەندییانەی کۆمەڵگەکان هەیانە، ئەمەش چەندین ئاستەنگی کولتوور دروستکردووە بۆ سیستەمی بەهاکان، ئەوەشی مایەی تێڕامانە، نەبوونی بەها ڕەسەنەکانە، کە دەبنە هۆی لادانی ڕەوشتی و ڕەفتاری لە گشت لایەنەکانی ژیاندا، چونکە بەهاکان لەناو خۆیاندا ئەو بنەمایەیان هەڵگرتووە کە کار بۆ پاراستنی کۆمەڵگە دەکەن لە گشت جۆرەکانی لادانی ڕەفتاری و بەهاکان و پەیوەندی پتەویان هەیە بە ناسنامە و سەرچاوەی ڕەفتاری و ئاراستە و حەزەکانەوە.

دوای دەرکەوتنی کێشەی خێزان وەک کێشەیەکی گەورە لەسەردەمی ئێستاماندا، کە بە خێرایی گۆڕان و جیهانی ناسراوە لەسایەی بەجیهانیبووندا، بەمەش خێزان دەبێتە یەکێک لەو دەزگا کۆمەڵایەتییانەی زیاتر دووچاری لەرزین و پەشێوی دەبێت، چونکە باسی بەجیهانیبوونی تاکەکان لەجیهانی خێزانەوە دەبات بەرەو جیهانی تر و دەچێتە ناو کولتوورە لۆکاڵییە کلاسیکییەکانەوە کە ژیانی خێزان تیایدا جێگیرە. بەجیهانیبوون ئەجێندایەکی نوێ بەسەر کۆمەڵگەکانی جیهاندا دەسەپێنێت، کە بەشێوەیەکی ڕوون کار لە خێزان دەکات، لەڕێی خستنەڕووی چەمکی نوێی خێزان و پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەز و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی. سیستەمی بەهاکان بە گرنگترین پێکهاتەی ناسنامەو ناسنامەی کولتوورو کۆمەڵگەکان. کە ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە بەهای خێزانی و پەیوەندییەکان و پاراستنی

نەریت و ڕاستگۆیی و بەهای کات و شەرم و شکۆ و بەهای کارکردن و لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی و... . زۆر کات گەنج لە زۆر بەهای باو تێ ناگات و زۆربەی ئەو بەهایانە پێچەوانەی ئاراستەی هزری و کولتوور ئەودەبن. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لەنیوان قۆناغە مێژوویی و تەمەنی و زەمەنیەکان کە هەر نەوەیەی کۆمەڵگە پێیدا تێدەپەڕێت. ئەوەش گەنج وا لێدەکات کە تورە و یاخی بێت و دابڕانێک لەنیوان خۆی و کۆمەڵگەدا دروست بکات و کۆمەڵگە بە دواکەوتوو کۆنەخواز ناو بەرێت، چونکە لەگەڵ هزرو سیستمی بەهاکانی ئەودا ناگونجێت. لێرەوە جۆرێک لە ناپێوەری (اللامعيارية) درست دەبێت کاتێک سیستمی پێوەرەکان و دادەڕوخێت و پەشیوەی لەسیستمی بەهاکاندا ڕودەدات. چونکە بەهاکان دەستەوسان دەبن و چەند ڕێسایەکن کە ڕەفتاری تاک ئاراستە دەکەن وەک ئەوەی دابڕانێکی توند هەبێت لە نیوان پێوەرە کولتوورەکان و توانا کۆمەڵایەتییەکان و بونیادنانی تاکەکانی کۆمەڵگەدا تاکوو بتوانن پێکەوە کار بکەن و بەها باوەکانی کۆمەڵگەکەیان بپارێزن.

کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دەربڕی تایبەتمەندی جیاکەرەوە گشتییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک بریتییە لەو تایبەتمەندییە مەعریفی و ویژدانی و ڕەفتاریانەی کە ژیانی خەڵک پێکدێنێت و ژیان و مامەڵە و پەیوەندییەکانیان بە یەکترەوە و بەوانیترەوە ڕێکدەخات. بەهاکان لە کۆمەڵگەیەکەوە وەرگیراون، بەهاکان گۆڕان و تازەبوونەوە بەخۆیانەوە دەبینن، چونکە لێشاوە کولتوورەکان کاریان تێدەکەن، هەندێک بەها نامێنن و بەهای تر جێگەیان دەگرێتەوە، لەم بوارەشدا بەجیهانیبوونی کولتوور ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە ئاسانکردن هاتنی لێشاوە کولتوورەکان و لەرزاندنی سیستەمی بەهاکانی. لەم سەردەمەدا پێکگەیشتن و پەیوەندیکردن زۆر ئاسان بووە لەنیوان هەموو جیهاندا بۆیە لەو ڕێگەیەوە بەهاکان تێکەڵ بەیەکتر دەبن و لە گەڵ بەهاکانی جهیاندا.

**٣. ئامرازە مادییەکان (شێوازەکانی ژیان) :**

ڕەگەزە کولتووریەکان دابەشدەبن بۆ دوو بەشی سەرەکی، لەڕاستیشدا ئەم دابەشکردنەی (ڕالف لینتۆن) ڕەگەزە مادی و مەعنەوییەکان تێکەڵدەکات، بەڵام شەبەنگێکی فراوانتر و ڕەگەزە مادییەکان دەخاتەڕوو:

یەکەمیان: ڕەگەزە مادییەکانە، کە بریتیین لە هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ بەرهەمیهێناون و دەتوانرێت لەڕێی هەستەکانەوە بزانرێت، دووەمیشیان ڕەگەزە مەعنەوییەکانە، کە بریتییە لە جۆرەکانی ڕەفتار و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و بەهای داب و نەریتەکان.

دووەمیان: ڕەگەزە کولتووریەکان، ئەو شتانەن کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریان دێنێت، وەک ئامرازەکانی ماڵ و جل و بەرگ و هۆیەکانی گواستنەوە و شتی تری لەو بابەتە، بەڵام بەپێی دابەشکردنی ڕالف لینتۆن ڕەگەزەکانی کولتوور دابەشدەبن بۆ:

یەکەم: گشتییەکان، کە بریتییە لە هەموو ئەو پێکهاتە کولتوورییانەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە تیایدا هاوبەشن و بریتییە لە بناغەی کولتوور، وەک ئەو ڕواڵەتە گشتییانەی کە کەسێتی نەتەوەیی یا لۆکاڵی

هەر کۆمەڵگەیەک جیادەکاتەوە، وەک زمان و جلوبەرگی میللی و شێوازی نانخواردن و جۆری بینا و شێوازی ئاهەنگگێڕان و شیوەن. (Muzenda. Ethelia. 2013: 128)

دووەم: تایبەتییەکان: واتە لەناو هەمان کۆمەڵگەدا چەند ڕۆشنبیرییەکی لقی (تایبەت) هەن، کە کەرتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە لەیەکتری جیا دەکەنەوە و بریتییە لەو ڕەگەزە کولتوورییانەی گروپێکی دیاریکراوی تاکەکانی کۆمەڵگە تیایدا هاوبەشن، واتە ئەو ڕەگەزانەی کۆنترۆڵی ڕەفتاری کۆمەڵێک تاکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگە دەکەن، وەک ئەو داب و ڕۆڵە جیاوازانەی پەیوەستن بە چالاکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و باوەڕەکان. (بیلیتکتون ، ١٣٨٠: ٢٥٥)

شایەنی باسە بەجیهانیبوونی کولتوور شۆڕشیکی ڕیشەیی لە ڕەگەزە مادییەکاندا (شێوازەکانی ژیان) بەرپاکردووە بەهەموو جۆرەکانیەوە، لە تازەترین مۆدیلی جوانکاری و گۆڕینی شێوازی ڕووخسار و جەستە و جلوبەرگەوە تا دەگاتە دیکۆر و شێوازی بیناسازی و کەلوپەلی ناوماڵ. مۆبایل وایکردووە کە زۆر بەکەمی تەلەفۆنی نۆرماڵ بەکاربێت. پۆستی ئەلکترۆنی و جێبەجێکردنەکانی سۆشیال میدیا، بایەخی نامەی کاغەز و فەرمانگەی پۆستەی کەمکردۆتەوە. دوکاندارێک و مامۆستایەک دەتوانن هەمان جۆری مۆبایل بەکار بهێنن. (أمین،٢٠٠١: ٣٧). لێرەدا دەتوانین بڵێین بەجیهانیبوونی کولتوور جەخت لەسەر لێشاوی جیهانی و ئەو شتانە دەکاتەوە کە مادین و خێرا دەگوازرێنەوەو کاریگەرییان لەسەر ڕەمزەکان و وێنەی کۆمەڵایەتی و لایەنی کولتوورو ستایڵی ژیان و شێوازی کولتوورەکانی ناوچەکان بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵات هەیە. چونکە بەجیهانیبوونی کولتوور، بەجیهانیبوونی بەهاو نۆرم و ئایدیا ڕۆژئاواییەکانە، ئەوانەی لەناو براندی بازرگانی و بەرهەمی بەکاربەریدا خۆیان شاردوەتەوە، شتێکی سروشتیشە کە هەموو بەها کولتوورییەکان لەبەردەم ئەو شالاوە بەهێزەی بەجیهانیبوونی کولتووردا لەناو بچن و بتوێنەوە (Giddens. 2009:28).

کوردستانیش بێبەش نەبووە لەو ڕکابەرییە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی زۆرێک لە سیماو دیاردە مادیی و مەعنەوییەکان، کە نەبەستراونەتەوە بە کولتوور و ناسنامەوە، بەڵکو لەلای زۆرێک لە گەنجەکانی کۆمەڵگەوە بەستراونەتەوە بە کولتوور و ڕۆشنبیرییە ڕۆژئاواییەکانەوە. سەبارەت بە کوردستان، بەجیهانیبوونی کولتوور بەجیهانیبوونی کولتوور دیارترین روخساری بەجیهانیبوون و هەستیارترینیەتی، چونکە خێراییی بەجیهانیبوونی کولتوور گۆڕینی بەها و دیدگەو نۆرمەکانی پێوەیە و کاریگەریی لەسەر شێوازی ژیان و پرۆسەی ناسنامە، بەتایبەت لەناو لاوانی کورددا هەیە. نەوەی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی، دوو نەوەی کۆن و نوێ پێکەوە دەبەستێتەوە؛ واتا نەوەی کلاسیک و نەوەی مۆدێرن دەگەیەنێتە یەکتر.

لەم بوارەدا بەجیهانیبوون پەیوەست دەبێت بە تایبەتمەندی تاک و ناسنامەی کولتوور و بەها و دابونەریتەکانەوە، هەرچەند زۆر لەسەر بابەتی بەجیهانیبوونی ئابووری و سیاسی و بازرگانی نووسراوە، بەڵام بەجیهانیبوونی کولتوور بەوشێوەیە بایەخی پێنەدراوە لەسەر ئاستی ناوەڕۆک و

ستراتیژەکانی. بەپێی گۆڕانی سەردەم و نزیکبوونەوەی فەرهەنگەکان لە یەکتر و زۆربوونی جۆری هەڵبژاردنی ستایڵ، دوو جۆر پێوەری ماددی و مەعنەوی، شێوازی ژیانی خەڵک دیاری دەکەن:

یەکێکیان لەڕێی چەند پرسیارێکەوە دەردەکەوێت و بەگوێرەی حەزی تاک بۆ هەڵبژاردنی جۆرەکانی فیلم، سەفەر، خۆشگوزەرانی، ئاوات و خولیاکان و. . . جۆرە ناسنامەیەک دەخاتەڕوو. ئەوەی دیکە فیزیکییەو لە چۆنێتی مۆدی پرچ، خەملاندن، کۆنترۆڵکردنی لەش، دەربڕینی وشەکان، خوو، ڕاگرتنی ئاژەڵی ناوماڵ، نموونەی بازاڕکردن و کڕین و بەکارهێنانی کاڵای بیانی و فەرامۆشکردنی کاڵای خۆماڵی. گرنگیدان بە بە ڕواڵەت وپانتۆڵی شۆڕ یان پانتۆڵی هیپ هۆپ. یان جینزی تەسک سەبارەت بەکچان و لاساییکردنەوەی ناهۆشیارانەی ڕەفتاری ڕۆژئاوایی و بایەخدان بەجۆری سەرتاشین.. دەردەکەوێت. کەواتە شێوازی ژیان کۆمەڵەیەکی ڕەفتار و چالاکیی تاکە لەناو ژیانی ڕۆژانەیدا. واتا شێوازی ژیان دەبێتە کارکردی ڕۆژانە؛ ئەم کارانە لەناو پۆشین، خۆراک و شێوازی کار و هاموشۆ لەگەڵ دۆستان دەردەکەون کە ناسنامەی تاک دیاری دەکەن.

کەواتە شێوازەکانی ژیان کۆمەڵە نۆرم، شێوەی ڕەفتار، حەز بۆ هەر شتێک لەخۆ دەگرێت و پەیوەندیی بە ویست، بۆچوون و ڕەفتاری تاک و گرووپ و فەرهەنگەوە هەیە. تەنانەت دەکرێ بڵێین کولتووریش تەنها بریتینییە لە کۆمەڵە نەریت و باوەڕێک، بەڵکو بریتییە لە چۆنێتیی و شێوازی ژیانە. هەروەها کولتوور بە گوێرەی کۆمەڵگەکان گۆرانی بەسەردا دێت، تەنانەت لەیەک کۆمەڵگەشدا جیاوازی کولتوور هەیە، ئەو هەلومەرجانەی بەسەر کۆمەڵگەدا دێت پاڵ بەخەڵکەوە دەنێت کە بیرکردنەوەو باوەڕەکانیشیان دەستکاری بکەن و شێوازی ژیان و گوزەرانیان بگۆڕن و بە جۆری زانیاری و ئەزمونیاندا بچنەوە. هەروەها چاو بە سیستمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا بگێڕنەوەو شتەکان جارێکیتر هەڵبسەنگێننەوە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕەگەزەکانی کولتوور جیاوازن و دەشێت گۆڕانیان بەسەردا بێت.

## ئەرکەکانی ناسنامە

ناسنامە وەک تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی چەندین ئەرک بەجێدێنێت، ئەوەش وادەکات ناسنامە بەهێز و ڕەگ داکوتراو بێت و لە بونیادی کۆمەڵگەدا جێی دیار و ئامادەبێت. بێگومان ناسنامە هەروا بە ئاسانی بەرهەمنایەت، بەڵکو بەرهەم و ئەنجامی چەندین کارلێک و پرۆسەی زۆر ئاڵۆزە، دەرەنجامی ئاوێتەبوونی مێژووە لەگەڵ ئێستاداو لە ئایندەشدا خۆیان نمایش دەکەنەوە، ئەوە وێڕای ئامادەیی ئاینی و کۆمەڵایەتی و کولتوور باو (خليفة، ٢٠٠٥: ١٧).

**دیارترین ئەرکەکانی ناسنامە ئەمانەی خوارەوەن (Yoomi. 2012: 29) :**

أ. بەردەوامیدان بە کەلەپوری کۆمەڵ (پاراستنی مێژوو) : ناسنامە فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ مانەوەی نەتەوەو پاراستنی قەوارەکەی و ئینتیمای مێژوویی، بۆنموونە وێڕای هەرەسی هەموو هێماکانی ژیان

و لەبەریەک هەڵوەشانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵام ئاینەکان توانیویانە خۆیان بگرن و بمێننەوە، تەنانەت هەر لەسەر بنەمای ئەو ناسنامەیەش بەرەنگاری ئیمپریالیزم ببنەوە.

ب. ئەرکی هارمۆنیکی: ناسنامە ئەرکی ئەوە دەگرێتە ئەستۆی خۆی، کە جۆرێک لە هارمۆنیکییەت و پێکەوە گونجاندن و ئاوێتە بوونی هزری و ئایدیۆلۆجی لەنیوان خەڵکدا دروستبکات. ئەوەش دەبێتە فاکتەرێک بۆ پێکەوەژیان و یەکتر دەوڵەمەندکردنی ناسنامە لاوەکییەکان، چونکە لەمکاتەدا هەموویان یەک کانگایان هەیە و مەرجەعیان یەکە. پێکەو گونجان بناغەی مانەوەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانە، ئەو حاڵەتەش تەنها لەکاتێکدا فەراهەمدەبێت کە هەستێکی هاوبەش لەنیوان توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێت، ئەم لایەنەی ناسنامە لایەنێکی گرنگە و دەتوانین بڵێین لایەنی شاراوەی ناسنامەیە و ئەو دەبێتە هەوێنی بەردەوامیدان بە نەتەوە.

ج. ئەرکی بەرگریکردن: ناسنامە دەبێتە ڕەگەزنامەیەکی ڕەسەن و ڕۆڵی لە پاراستنی ڕەگەزە نەگۆڕەکانی کۆمەڵدا هەیە. ئەرکی بەرگریکردن لە ناسنامە، پشتبەستووە بە خۆگری و نەڕوخان، ئەوەش لە مێژووەوە سەرچاوە دەگرێت و وزەی بەرگریکردن دەدات بە نەتەوە.

ئەگەر بڕوانینە نەتەوەیەکی وەک کورد، ئەو ڕاستییە دەبینین کە وێڕای ئەو هەموو هەڕەشەی لەناوبردن و تواندنەوەیە و سەرباری نەبوونی هیچ قەوارەیەکی سیاسی بۆ پاراستنی، کەچی کورد توانیوێتی خۆی بپارێزێت و ناسنامەکەی وون نەکات.

## <u>جۆرەکانی ناسنامە:</u>

ناسنامە تەنها یەک شێوە نییە، بەڵکو چەندین جۆری ناسنامە هەیە، کە هەر تاکێک دەشێت لەبازنەی چەند جۆرێک لەو ناسنامانەدا لەیەک کاتدا بخولێتەوە، جۆرەکانی ناسنامەش وەک: ناسنامەی کەسی و ناسنامەی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی ئاینی ناسنامەی نەتەوەیی و ناسنامەی چینایەتی و ناسنامەی نەژادی (الهوية العرقية) و ناسنامەی نیشتیمانی و ناسنامەی گریمانەیی (افتراضی) و ناسنامەی جێندەری و ناسنامەی کولتووریی (ساروخان، ١٣٨١: ٣٣١).

## ناسنامەی کولتووریی

بریتییە لەو تایبەتمەندییانەی دەربڕی هەستکردنە بە ئینتیما لای تاکەکانی قەوارەیەکی دیاریکراو لەڕێگەی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروستدەبێت، لەمیانەی ئەم پرۆسانەشدا خەڵک فێردەبن چۆن خۆیان لەوانی تر جیابکەنەوە، لەڕووی ئەو لێکچوون و جیاوازیاینەی لەبواری کۆمەڵایەتیدا بەهایان هەیە کە لەسەردەمی منداڵیدا هەندێک ناسنامە گرنگییەکی بنەڕەتییان هەیەو بەدرێژایی ژیان و بەشێوەیەکی ڕێژەیی بە نەگۆڕی دەمێننەوە، چونکە ناسنامە تاکڕەهەند نییە، بەڵکو هەمیشە بەهۆی پەیوەیدنییەکانی لەگەڵ ئەوانیتردا دروستدەبێت (إبراهيم،٢٠٠٣: ١١٩). ناسنامەی کولتووریی پەیوەندی نێوان جیهانی دەرەکی و ناوەکی ڕێکدەخات. بەگوێرەی ئایدیاو باوەڕی کۆمەڵگەیش ڕەوی کۆمەڵەکە خۆی دیاری دەکرێت و لەیەک کاتدا ڕێکخەری پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو کۆمەڵگەکانی دیکەیە.

ناسنامەی کولتوور بریتییە لە هەر کولتوورێک یان کەسێک. چونکە تاکیش لەژێر کاریگەری کۆمەڵێکی کولتووردایە، یان لەژێر کاریگەری ئەو کولتوورەدایە کە تێیدا گەورەبووەو سەر بەوە (المحروقي، ٢٠٠٤: ٧٧). ناسامەی کولتووریی لە کۆمەڵێک ئەدگارو فۆرم و نۆرمی کولتووریی بنەڕەتی و جێگیر، وێڕای ئەوەش واتای هەماهەنگی نێوان ئەقڵ و ناسنامە دەگەیەنێت. هەروەها ناسنامەی کولتووریی تێکەڵەیەکی هارمۆنیکە لە وێناو یادەوەری و هێماو نۆرم و داهێنان و ئاوات و خەونی کەسێک یان گروپێک، ئەو گروپەش دواتر نەتەوە دروستدەکەن بەهەموو ناسنامەو ژیاریانەوە. هەر ناسنامەیەکیش جیاوازی هەیە لەگەڵ ژیارو ناسانامەکانی تردا لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە (مجاهد، ٢٠١٢: ٣٢).

ناسنامەی کولتوور گوزارشتێکی بنەڕەتییە لە تایبەتمەندی مێژووی کۆمەڵێک خەڵک کە ناودەنرێن نەتەوە، هەموو سنووره ڕێدراوەکان و نەدراوەکان دیاری دەکات. کەواتە ناسنامەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆمەڵێک کەڵەکەبووی کولتووریی و مەعریفی، جا ئەو مەعریفەیە لە دابونەریتی خێزان و کۆمەڵگەوە هاتبێت و بووبێتە بەشێک لەسروشتی تاک، یان لە ئاینەوە هاتبێت (البلوي، ٢٠٠٢: ٢١١). ناسنامەی کولتوور چەند ئەرکێکی کۆمەڵایەتی فرەلایەن ئەنجامدەدات، لەوانە:

١. ئەرکی دەروونی: لەم لایەنەوە ناسنامەی کولتوور کەسێتی تاک لە هەناوی خۆیدا فۆرمەڵە دەکات، واتە فۆرمێکی تایبەتی دەداتێ، چونکە فۆرمی بیرکردنەوەو زانینی و چۆنێتی گوزارشتکردن لە ژیانیان دەکات(Abbas . 2005:14 ).

٢. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە. ناسنامەی کولتووریی دەبێتە هەوێنی یەکگرتوویی کۆمەڵگە، هیچ کۆمەڵگەیەک بێ ناسنامەیەکی کولتووریی کە هەموویان لەسەری هاودەنگ بن نایەتە بوون، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش کۆمەڵگەیەکی فرە ناسنامەی کولتوور پێکەوە بلکێنرێن، دواجار هەر لێکدەترازێن، دەشێت گەلی سیاسی فرە ناسنامەی کولتووریی بێت و لەچەند ناسنامەیەکی کولتووریی جیاواز پێکهاتبێت (عباس، ٢٠١٦: ١٩٥).

بەجیهانیبوونی کولتوور بووە هۆی دەرکەوتنی کولتوورێکی نوێ، ئەوکلتورەش دەڵێت: مرۆڤ مافی خۆیەتی هەر کولتوورێک هەڵدەبژێرێت بە مەرجێک کە بەگونجاوی بزانێت بۆ دەرخستنی تواناکانی خۆی و وەبەرهێنانیان، تاکو بتوانێت بەرهەمهێنەرێکی باش بێت، مافی کولتووریش بە گوێرەی ماددەی یەکەمی جاڕنامەی بنەماکانی هاوکاری کولتووری نێودەوڵەتی دانپێدانراوە، کە دەڵێت هەر کولتوورێک ڕێزی تایبەتی خۆی هەیەو دەبێت بپارێزرێت و هەر گەل و نەتەوەیەکیش مافی خۆیانە کولتوور خۆیان بپارێزن و گەشەی پێبدەن. هەموو کولتوورەکان وێڕای هەمەچەشنی و جیاوازییان، بەشێکن لە کەلەپور جیهانی و مرۆڤایەتی، هەموو مرۆڤایەتیش هاوبەشن لەو کولتوورەدا (Fukuyama. 2019: 8).

ناسنامە بەوە دەناسێنرێت کە ڕابردوویەکی تەواو گرێدراوە بە تاکەوە، ئەم ڕابردووەش داڕێژەری سەرجەم قۆناغەکانی ژیانی تاک دەبێت بە هەموو ئەو دابونەریت و سیفەت و سروشت و مەعریفە و زانیارییانەوە کە پێیاندا تێپەڕبووە، لەبەرئەوەی ئەمانە لەناخی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵاون. هەرچەندە تاک بە سروشتی خۆی لەناو کۆمەڵەکەی خۆیدا دەژی کە لە تاکی تریش پێکهاتووە. بەمەش کۆمەڵگە پێکدێت،

کاتێک ئەو تاکە تێکەڵ بە کۆمەڵەکە دەبێت، لێرەوە تاک لەهەمانکاتدا وەردەگرێت و دەبەخشێت، کاریگەر دەبێت و کاری تێدەکرێت. لێرەوە ئەم پەیوەستبوون و ڕاکێشانەی لەناو کۆمەڵگەدا بەریدەکەوێت، وای لێدەکات ناسنامەی خۆی و کەسێتی خۆی درووستبکات، لەڕێگەی شێواز و نموونە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە پێشینەکان و باوباپیران دایانناوە، هەروەها لەڕێگەی هەوڵی خۆشیەوە بەو بەشداریکردنەی خودی خۆی لەناو هەمان کۆمەڵگەدا بەریدەکەوێت.

مرۆڤ لەژیانی ڕۆژانەیدا هەوڵدەدات ئەوەی خۆی لەبارەی خۆیەوە دەیزانێت، بیگەیەنێت بەخەڵکانی تر. ناسنامە کاتێک دروستدەبێت کە خەڵکی دەیانەوێت وێنەی خۆیان بگەیەنن بەوانیترو دەشێت لەوەشدا سەرکەوتووبن و دەشێت شکستیش بێنن. ناسنامە تەنها پەیوەست نییە بە دیدی خۆمانەوە بۆ خۆمان، بەڵکو دیدی ئێمەش بۆ ئەوانیتر و دیدی ئەوان بۆ ئێمە ڕۆڵی تێدا دەبینێت، هەموو ئەمانەش پێکەوە بەشدار دەبن لە بونیادنانی ناسنامەدا. بەڵام ئەو گەلەش لە جومگە مێژوییە هەستیارەکاندا بەئاسانی هەڵدەوشێتەوە، چونکە خاوەنی یەک ناسنامە نین – گەلانی عێراق وەک نموونە.

## <u>گرنگی کولتوور لە بونیادنانی ناسنامەدا:</u>

کولتوور لەڕووی زاراوەوە، واتە کۆمەڵێک لە باوەڕ و بەهاو ڕێسا کە تاک بەخۆشی خۆیان وەریدەگرن و بەرجەستەی دەکەن. چونکە کولتوور هێز و دەسەڵاتێکی هەیە کە دەتوانێت ئاکار و ئامانجی کۆمەڵگە ئاراستە بکات، دەتوانێت دونیابینی خەڵکەکەی دەستنیشان بکات و هەموو شتەکانیان بۆ دیارییکات، بەنموونە حەزیان لە چی بێت، چی بخۆن، چی بپۆشن، چۆن گفتوگۆ بکەن، چ یارییەک بکەن و کێ ببێتە پاڵەوانە مێژووییەکانیان. واتە کولتوور زانست و مەعریفەیەک نییە کە ئامادەبێت و کۆمەڵگە بتوانێت بەدەستیبێنێت و لەمەودایەکی کورتدا بەرجەستەی بکەن، بەڵکو دیاردەیەکە بەدرێژایی زەمەن کەڵەکە دەبێت و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوە، لەڕێگەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە. منداڵان لەکاتی گەشەکردنیاندا سەرجەم ڕەگەزەکانی کولتوور وەردەگرن و لەخۆیاندا بەرجەستەیدەکەن (دمون،٢٠٠٥: ١٨٩). کەواتە کولتوور ڕەگەزێکی بنەڕەتییە بۆ دیاریکردنی مانای ناسنامە، بەڵام ناسنامەی کولتوور مانایەکی گەورەتر لەهەردووکیان دەگەیەنێت، وەک ئەوەی دەوترێت "ناسنامەی کولتوور بریتییە لە کۆی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان و ئەخلاقی و ئاینی و ئایدیۆلۆژی تیۆری کە کۆمەڵگە دایدەڕێژێت. بەجۆرێک کە چیتر ئەو ڕیککەوتن و ئایدیۆلۆژییانە دەبنە یاسایەکی پابەند و بنەڕەتی لەکۆمەڵگەدا و تێپەڕاندنیان ئەستەم دەبێت، بۆ ئەوە نەبێت کە زیاتر گەشەیان پێبدرێت (الفلالي، ٢٠١٤: ١٣٢).

زۆرێک لە توێژەران ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە کولتوور بەستراوەتەوە بە ناسنامەوەو سەرهەڵدانی ناسنامە دەگەڕێنەوە بۆ تێکەڵبوون و هەڵقولانی لە کولتوورو و ڕۆشنبیری چینە دیاریکراوەکان. هەرچەندە ڕەوشیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، یەکەم ناسنامەی تاک بریتییە لەو ڕۆشنبیرییەی لە ژینگە بیستراو و بینراوەکەیەوە وەردەگیرێت و هەوڵدەدات نوێنەرایەتی بەرجەستەی

بکات و بکات، هەندێک لەو ڕۆشنبیریەش لە کۆمەڵگەدا تایبەتمەندە و هەندێکیشی هاتۆتە ناو کۆمەڵگەکەوە (هاد ، ٢٠١٠: ٣٣). ناسنامە بناغەیەو بونیادەکەی لەسەر دروستدەبێت، لەبەرئەوەی ئینتیمای ڕەگەزی یەکەمین شتە لەکۆمەڵگە کۆمەڵایەتییەکانداو لەهەمووشیان سەرەکیترە، لێرەوە ناسنامەی تاک دەبێتە چارەسەر و بناغەیەکی سەرەکی کۆمەڵ، لەبەرئەوەی ئەم کۆمەڵە تاک بە تاکی پەیوەستدەکات و ڕۆشنبیری بۆ دەگوازێتەوە، بێئەوەی بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵەکانی تر، لەم بارەشدا ناسنامە پێش تاک دەکەوێت و هیچ بوارێکی نادات ئەم ناسنامەیە هەڵنەگرێت و لەگەڵی تێکەڵ نەبێت (دمون، ٢٠٠٥: ١٦). هەرچەندە ناسنامە وێنایەکی تەواوی نییە و ناڕوونە، بەڵام کاریگەری هەیە لەسەر ئاوەزی تاک و دروستبوونی وێناکان و لێکچوونەکان و تێکەڵبوون لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە و بەشەکانی لە زمان و ئاین و ڕۆشنبیری و بۆماوەیی، ئەمەش لەسەر هەڵسوکەوتی تاک بەجوانی دەردەکەوێت و توانای هەڵبژاردن و دیاریکردنی ئامانجەکانی پێدەبەخشێت، بۆیە ناسنامە مەرجە بابەتییەکانی تایبەت بە کۆمەڵگە دیاریدەکات (محمدی، ٩٨:١٣٨١).

ئەگەر بڕوانینە کۆمەڵگەکان، دەبینین هەریەکەیانکۆمەڵە بنەمایەکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و فکرییان تێدایە، ئەمانە دەبنە پێکهێنەری گشتی و هەندێک بنەمای تریشی وەک (نەتەوە، ئاین، بنەما فکرییەکان). دەشێت کێشەی ناسنامە دروستبێت و بژی و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و ورد بەشداری بابەتە ژیارییەکان بێت و کارلێک بکات و پێکهاتە سەرەکییەکان دیاربکات. هەندێکجار دەبێتە هۆکاری دروستبوونی ناسنامەی تاقانە و داخراو لەسەر خۆی، نەجوڵاو و نەگۆڕ دەبێت و پاشان توانای تێکەڵبوونی نامێنێت لەگەڵ دەوروبەردا (Bennett. 2006:37).

هەرچەندە کولتوور لەکۆمەڵگەدا هەر ئەوەیەو تاکەکانیش هەر ئەوە وەردەگرن، لەبەر ئەوەی ئەندامن لەو کۆمەڵگەیەدا و دەبێتە ناسنامەیان. پەیوەندی مرۆییانەی تاک بە کۆمەڵگەوە لەسەر بنەمای ئەندامبوون دەبێتە ڕێگای ڕاست بۆ بوونیاد نانی ناسنامەیەک، کە بتوانێت گەشەبکات و پێشبکەوێت. بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە تاک خۆی ناسنامە و کولتوور خۆی هەڵدەبژێرێت و دەتوانێت ئەو ڕۆشنبیرییە دروستبکات کە لە زۆرێک لە بوارەکاندا دەیخوازێت. لێرەوە کاریگەری و ڕۆڵی دامودەزگاکان وەک پەروەردەو فێرکردن و دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکان دێتە پێشەوە، بۆئەوەی هاوسەنگی ڕابگرێت و پشتگیری لە ناسنامە کولتوورییەکانمان بکات، بۆیە ناسنامە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بە داهاتووەوە، بەمەش ڕۆشنبیری و سیستەمی ڕۆشنبیری باو بۆ سەرکەوتن کاریگەر دەبێت بە هەڵبژاردە سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتییەکانەوە، نەک هەر ئەمە بەڵکو کاریگەریشی دەبێت لەسەر هەڵسوکەوتی سیاسی تاکەکان. (مارکیە، ٢٠٠٥: ٢٠).

لەڕاستیدا هەموو پێناسەکان دەگەنە یەک ڕێگە، ئەویش ئەوەیە کە چەمکی ناسنامەی کولتووریی ڕەنگدانەوەی ناسنامەی کۆمەڵی (الهوية الجماعية)، بەڵام بەدیوەکەی تریشیدا دەتوانین بڵێین ناسنامەی کۆمەڵ شتێک نییە جگە لە ناسنامەی کولتوور، ناسنامەی کولتوور و ژیاری هەر نەتەوەیەک چارەنووسی نەگۆڕ و خەسڵەت و سیفەتی هاوبەشی هەموو تاکەکانی نەتەوە پێکدێنێت، ژیاری

نەتەوەیەک جیادەکاتەوە لە ژیاری نەتەوەکانی تر و مۆرکێکی تایبەت دەدات بەو ژیارە و جیایدەکاتەوە لە گشت ئەوانیتر. بەدرێژایی مێژوو ڕوویندەداوە کە جیهان بەم شێوەیەی ئێستا سیمبولەکان و کالای کولتوور و بەکاربەری و گەنجانەی هاوردەکردبێت، وەک ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدات. هاوردەکردنی ئەو کولتوورە بەکاربەری و گەنجانەیە، هەر لە خواردەمەنییەوە بۆ پاڵەوانی فیلمەکان هەموویان لەیەک سەرچاوەوە دێن کە لەهەموو جیهاندا ئامادەیە، ئەوەش وامان لێدەکات باسی هەڵوێستی کولتوور ناوخۆیی بەتایبەتی کولتوور کوردی بکەین لەهەمەبەر شالاوی کولتوور ڕۆژئاواییدا. لە ئێستادا گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی زۆر و خێرایە، ئەویش بە هۆکاری ئەو کرانەوەیەی کە بەجیهانیبوون هێناویەتیە ئاراوە و لەم ڕێگەیەوە ڕۆشنبیری و زانیارییەکان زۆر بە ئاسانی دەگەنە هەموو کۆمەڵگەیەک و بڵاودەبنەوە، دەرئەنجامەکەشی ئەوەیە کە ناسنامە بارودۆخی جیوەیی وەرگرتووە و ڕەنگاوڕەنگ خۆی دەنوێنێت، ئەمەش وادەکات تاک بۆ دروستکردن و بوونیادنانی ناسنامە پشتی پێببەستێت لە قولایی و ناوەندی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیەوە، ئەم ناسنامەیەش دەبێتە باڵەخانەیەکی جیاواز و تایبەتی ئەو تاکە.

## چۆنێتی پاراستنی ناسنامە

ئەو توێژینەوانەی لە دیدی سۆسیۆلۆژییەوە باسی ناسنامە دەکەن، یان وەک زاراوەیەک لەڕووی زمانەوانییەوە باسیدەکەن، یاخود دەیبەستنەوە بە چەندین چەمکی زمانەوانییەوە کە هەریەکەیان لە گۆشە نیگایەکی جیاوازەوە سەرچاوەیان گرتووە. تەنانەت کاتێکیش باسی چارەسەر دەکەن، دەبینین چارەسەری تیۆری و گشتی دێننەوە بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە.

بەڵام چڕکردنەوەی بابەتەکان لەسەر ناسنامە و گەنج بەتەنها زۆر دەگمەنن، چونکە هەردوو چەمکەکە فرەڕەهەندن و لەگەڵ چەندین چەمکی تردا بەیەکدا چوون، ئەمە وێڕای ئەوەی پرسی ناسنامە وەک بارستەیەکی مرۆیی فرەلایەنە، بەجۆرێک ناسنامەیەک کۆیان ناکاتەوە. بەڵگەش بۆ ئەوە، هەر کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی مێژوویەکی تایبەت بەخۆیان هەیە، کولتوورێکی خۆیان هەیە، کە وابەستەی دابونەریتی خۆیانە، تەنانەت زمان و زمانزا ناتوانێت لەناو دەوڵەتێکدا پێکەوە کۆیانبکاتەوە. (مارکیە، ٢٠٠٥: ٣١). بەگشتی چارەسەری گونجاو بۆ پاراستنی ناسنامە پەیوەست بە گەنجانەوە، دەبێت پابەند بێت بە کۆمەڵێک دیسپلینەوە، ئەو دیسپلینانەش بتوانن هەموو سیستەم و یاساکان پتەو بکەن. بەتایبەتی ئەو سیستەم و یاسایانەی هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە، یان دەویسترێت لەسەر شێوازی ڕۆژئاوایی بونیادبنرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بایەخ بدرێت بە دەزگاکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (التنشئة الاجتماعية)، کە گرنگترینیان بریتییە لە خێزان، کە دەبێت چاودێری منداڵەکانیان بکەن، چاودێری میدیاکان بکەن بە هەموو جۆرەکانیەوە. بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی بەجیهانیبوون و ئەوەی بەجیهانیبوون دەیەوێت لەسەر هەموو ئاستەکان دروستیبکات، کە گرنگترینیان ئاستی کولتوور و بڵاوکردنەوەی کولتوور بەکاربردنە، ئەم بەجیهانیبوونەش دەیەوێت هزری لاوان زۆر سادە بکاتەوە.

بەشێوەیەکی سەرەکی خێزان بە بزوێنەرێکی بەهێز دادەنرێت بۆ پاراستنی ناسنامە، بەوپێیەی خێزان ئەو ناوەڕۆکەیە کە بایەخ بەم توێژەی تەمەن و ڕۆشنبیرکردنیان دەدات (الحسين، ۲۰۰۱: ۲۱).

کەواتە هۆکارەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی وەک خێزان وقوتابخانە وراگەیاندن سیستمی سیاسی وئەمانە هۆکاری پاراستنی ناسنامەی تاکن لە نێو کۆمەڵگە .بمانەوێت ناسنامەکەمان بپارێزین یەکێکی دیکە لە پایە گرنگەکانی پاراستنی ناسنامەی گەنجان، بریتییە لە پاراستنی کولتوور ڕەسەنی کۆمەڵگە و دەبێت ئەو کولتوورەش ئەقڵانی بێت، چونکە کولتوور ئەقڵانی دەکرێت بەرگە بگرێت و هۆشیاری هزری بپارێزێت و پایەکانی ناسنامە بپارێزێت لە کۆی سیستەمدا جێدەستیان دیار بێت. خێزان و کولتوور دوانەیەکن، گرنگترین بنچینەکانی پاراستنی ناسنامە لەئەستۆ دەگرن، ئەگەر بناغەی یەکەم بەهێزو پتەو بوو، ئەوکات ڕێژەی پاراستنی ناسنامە بەهێزتر دەبێت و هەر خۆی لەخۆیدا هەستی ئینتما بەهێزتر دەکات. ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانی و هاوڵاتیبوون لای گەنجان، بەسیفەتی هاوڵاتی کارا بەهێزتر دەبێت، لەبەرئەوە پرۆسەی پاراستنی ناسنامە وا دەخوازێت، هەوڵی هەمەلایەن بدرێت بۆ بەرگریکردن لەو شتانەی تەوژمی ڕۆژئاوا دەیەوێت بونیادیان بنێت.

**<u>دووەم: توێژی گەنج</u>**

وەک دەردەکەوێت چەمکی گەنج ئاسان و سادە بێت و بتوانین هەموو ماناکانی لێکبدەینەوە، جیاوازییەکە لەو دەلالەتەدایە کە ئەو زاراوەیە بەگوێرەی هەر باوەڕێکی هەڵیگرتووە، بۆیە ئاسان نییە یەک پێناسەی بۆ بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توێژەران هەوڵدەدەن پێناسێکی تەواوی گەنجان بکەن و بابەتەکانی گەنجان دیاریبکەن. لەبەئەوەیە دەبینین تاکە پێناسەیەک نییە بۆ چەمکی گەنج، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆی جیاواز، کە گرنگترینیان بریتین لەجیاوازی لەو ئامانجانەی پێناسەکانیان لەپێناودا دەکرێت و هەروەها جیاوازی لەنێوان ئەو چەمک و هزرانەی شیکاری دەروونی و کۆمەڵایەتییان لەسەر بنیات دەنرێت.

گەنجێتی قۆناغێکی تەمەنە، لەو قۆناغەدا مرۆڤ لەڕویی جەستەیی و دەرونی و ئەقڵی و کۆمەڵایەتیەوە پێدەگات، هەروەها ئەم قۆناغە بە هێزو توانای جەستەیی دەناسرێتەوە بەڵام گەنج کەم ئەزمونن و زۆر هەستیارن لەهەمبەر ڕەوشی دەوروبەر (آبادي، ۲۰۰٥:۳۰۲). هەروەها بەو کەسە دەوترێت کە تەمەنی لەنێوان (۱۷-۲٥) ساڵدا بێت، ئەم بۆچوونەش بەرمەبنای ئەو ڕاستییە دامەزراوە، کە مرۆڤ لەو قۆناغەی تەمەندا گەشەی فسیۆلۆژی تەواو بووە بەڵام گەشەی دەروونی و ئەقڵی تەواو نەبووە، بۆیە ئەو لە قۆناغێکدایە لەنێوان منداڵی و پیاوەتی تەواودا (الزيودي، ۲۰۰٦: ۲۳). هەروەها هەندێکیتر پێناسەی دەکەن دەڵێن گەنجێتی بریتییە لە قۆناغێک کە تێیدا بونیادی ئەندامی و وەزیفی پێکهاتەکانی جەستەی ئینسان تەواو دەبێت، وەک ماسولکەکان و هۆرمۆنەکان و...، هەروەها لەڕووی بایۆلۆژیەوە گەنجێتی بریتییە لە کامڵبوونی گەشەی جەستەیی تاک وەک درێژی و پانی و هەموو ئەندامەکانی جەستە (سليمان،۲۰۰۲:۱۳۱).

نەتەوەیە یەکگرتووەکان تەمەنی گەنج بە (١٥-٢٤) ساڵ دیاریدەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بڵێین پێناسەی گەنج لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ ئەویتر دەگۆڕێت، بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵیداوە پێناسێکی تر بۆ گەنج دابڕێژێت، تاکو هەر کۆمەڵگەیەک لەگەڵ واقیعی خۆیدا بیگونجێنێت. بۆیە پێشنیازی کردووە تەمەنی گەنجێتی درێژبکرێتەوە بۆ (٣٥) ساڵ. ((United Nations. 2020:11 گەنجان توێژێکی فراوانی کۆمەڵگەن، نابێت هەموویان وەک یەک سەیر بکرێن، بەڵکو جیاوازی گەورە هەیە لەنێوانیاندا لەڕووی خوێندن و ئاستی ڕۆشنبیری و شوێنی نیشتەجێبوون و چینایەتییەوە.

چەمکی گەنجان لەڕووی زاراوەوە ئاسان و سادەیە و دەتوانین هەموو مانا کۆمەڵایەتی و دەروونی و دیموگرافییەکانی لێکبدەینەوە، جیاوازییەکە ئەو دەلالەتەیە کە ئەو زاراوەیە بەگوێرەی هەر باوەڕێک هەڵیگرتووە، بۆیە ئاسان نییە یەک پێناسەی بۆ بکرێت (فهمي، ٢٠٠٧: ٥٠). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، توێژەران هەوڵدەدەن پێناسێکی تەواوی گەنجان بکەن و بابەتەکانی گەنجان دیاریبکەن. بۆیە دەبینین تاکە پێناسەیەک نییە بۆ چەمکی گەنج، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆی جیاواز، کە گرنگترینیان بریتییە لەجیاوازی لەو ئامانجانەی پێناسەکانیان لەپێناودا دەکرێت و هەروەها جیاوازی لەنێوان ئەو چەمک و هزرانەی کە شیکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی لەسەر بنیات دەنرێت (عباس، ٢٠١٧: ٤٣).

پێناسەی ڕێکاری بۆ گەنج: توێژێکی کۆمەڵایەتی پێکدێنن، کە ئاماژە دەدەن بە قۆناغێکی تەمەنی دوای هەرزەکاری، لەو قۆناغەدا نیشانەکانی کامڵبوونی کۆمەڵایەتی و دەروونی و بایۆلۆژی گەنج بوونیان هەیە، لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لەو گەنجانەیەکە خوێندکارن لەنێو کۆلیجەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا دەخوێنن و خوێندکارن، بە هەردوو ڕەگەزی (نێر ومێ) وە ولە دەوامی بەیانیان و بەردەوامن لەخوێندن و تەمەنیان لەنێوان (١٨-٢٥)ساڵیدایە.

**گەنجی زانکۆ** (University Youth) ئەو توێژەی کۆمەڵن کە بەردەوامن لە بەدەستهێنانی پلەی زانستی پاش بەدەستهێنانی پلەی بەکالۆریۆس، کە تەمەنیان لەنێوان (١٨_٣٥) ساڵدایە، (ديڤي، ١٩٩٨: ٧٤) گەنجێتی قۆناغێکی تەمەنە، لەو قۆناغەدا مرۆڤ لەڕووی جەستەیی و دەروونی و ئەقڵی و کۆمەڵایەتییەوە پێدەگات، هەروەها ئەم قۆناغە بە هێزو توانای جەستەیی دەناسرێتەوە، بەڵام گەنج کەم ئەزموونن و زۆر هەستیارن بەرامبەر ڕەوشی دەوروبەر (آبادي، ٢٠٠٥: ٣٠٤). بۆچوونێکی تر هەیە، کە قۆناغی گەنجێتی دابەشدەکات بەسەر دوو قۆناغدا، قۆناغی یەکەمی گەنجێتی یا قۆناغی لاوێتی و هەرزەکاری، کە لە باڵبوونەوەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە کامڵبوون (سن الرشد)، واتە ئەو تەمەنەی یاسای مەدەنی دیاری دەکات و بریتییە لە (٢١) ساڵ، ئیدی لەو تەمەنەوە تاک هەموو بەرپرسیارێتییە مەدەنییەکانی خۆی هەڵدەگرێت. قۆناغی دووەم بریتییە لە قۆناغی پێگەیشتن (سن الرشد) تا دەگاتە (٣٠) ساڵی. بەڵام تایبەتمەندی وڵاتان و سروشتی گەنجانی ئەو ناوچانە وا دەخوازێت، هەندێک جیاکاری بکرێت و زیاتریش بایەخ بدرێت بەتەمەنی پێش پانزە ساڵی، بەڵکو ڕەنگە ڕەوشی ئەم وڵاتانە وا بخوازێت، سەرپەرشتیکردنی لاوان بۆ سەروو (٢٥) ساڵی درێژە بکێشێت (جوزيف، ٢٠٠٧: ٢١). بەمانایەکی تر، گەنجی زانکۆ قۆناغێکە کە مرۆڤ تێیدا بە هۆشیارییەوە بەگوێرەی ڕێساکانی پێگەیشتن

لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ژیان دەکات. بۆ نموونە دەبینین گەنج لەو ماوەیەدا ئەزموونی ئەو پێوەرانە دەکات کە وەریگرتوون و ئەو کەموکورتییانە دیاریدەکات کە لە ژیانی واقیعیدا بۆی دەردەکەوێت. ئەوەش وا دەکات گەنج زۆر هەستیاربن بەرامبەر ناوەڕۆکی پێگەیەشتنی کۆمەڵایەتی (دورتیە،٢٠١١: ٧٣)

گەنج بریتییە لەو توێژەی کۆمەڵگە کە تیایدا لەتەمەنێکی دیاریکراودا دەچنە زانکۆ، ئەو تەمەنەش بەزۆری لەنێوان (١٧-٢٥)ساڵیدا دەبێت، لەو تەمەنەشدا مرۆڤ تواناو هێزی زۆری هەیە و دەتوانێت داهێنان بکات و هزری نوێ وەربگرێت، زۆر هەستیار دەبێت بەرامبەر ڕەوش و گۆڕانکاریی نوێ و پڕە لە گیانی ڕووبەڕوو بوونەوەو سەرکێشی و بەرەنگاربوونەوەی واقیع و کێشەکانی. ئەو تەمەنەش وەک قۆناغی پلاندانان بۆ ئایندە سەیر دەکرێت، بەڵام پێویستی بە ئەزموون و شارەزایی و خۆئامادەکردن و شیاندن هەیە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ژیان. گەنجانی زانکۆ ئەو گەنجانەن کە سەردەمی خوێندنی ئامادەییان تەواو کردووە و گەیشتوونەتە زانکۆ، گروپێکی ناو کۆمەڵگەن و کێشەو گرفتەکانیان هەمان کێشەی کۆمەڵگە و گەنجانە بەگشتی، بەڵام گەنجانی زانکۆ ئەوەیان لێ چاوەڕوان دەکرێت، مەوداکان لەنێوان کۆمەڵگەی خۆیان و کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا کورتتر بکەنەوە (خوج،٦٧:٢٠٠٨)

**پێناسەی ڕێکاری بۆ گەنجی زانکۆ**: ئەو گەنجانانەن کە لەزانکۆ یان لە ناوەندێکی زانستی و مەعریفیدا دەخوێنن، بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەبوارێکی دیاریکراودا. لەم توێژینەوەیەشدا گەنجی زانکۆ مەبەست لە خوێندکارانی بەکالۆریۆسن لەدەوامی بەیانیان، کە بەردەوامن لە خوێندن بە هەردوو ڕەگەزی (نێر ومێ) لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و تەمەنیان لەنێوان (١٨-٢٥) ساڵدایە.

## <u>تایبەتمەندی گەنج:</u>

گەنجان توێژێکی فراوانی کۆمەڵگەن، نابێت هەموویان وەک یەک سەیربکرێن، بەڵکو جیاوازی گەورە هەیە لەنێوانیاندا لەڕووی خوێندن و ئاستی ڕۆشنبیری و شوێنی نیشتەجێبوون و چینایەتییەوە، لەم بارەیەوە دەتوانین گەنجان بکەین بەچەند بەشێکەوە (بلقاسمي، ٢٠١١: ٦٣) :قۆناغی گەنجێتی گرنگترین قۆناغی ژیانە، چونکە لەوکاتەدا کەسێتی تاک دروستدەبێت و ڕەنگ دەگرێت، کەسێتی تاکیش لەڕێگەی وەرگرتنی ئەزموون و توانستەوە پێدەگات، هەروەها لەڕێگەی وەرگرتنی زانیاری و پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە کە تاک بەویستی خۆی ئەزموونیان دەکات. قۆناغی گەنجێتی بەکورتی واتە ئەو قۆناغەی تاک تێیدا لە ئایندە دەڕوانێت و خولیاو ئاواتی گەورەی هەیە (العنزي، ٢٠٠٤: ١٩).

تایبەتمەندی گەنج بە شێوەیەکی گشتی لەم قۆناغەدا زۆرن، بەڵام سەرەکیترینیان ئەمانەن:

**١-تایبەتمەندی جەستەیی:**

خاڵی سەرەتا لە گواستنەوەی تاک لە قۆناغی منداڵییەوە بۆ قۆناغی گەنجێتی بریتییە لە باڵقبوون، چەمکی باڵقبوونیش بۆ ئاماژەدان بە دیاردەیەی فسیۆلۆژی بەکاردێت کە پێگەیشتنی جەستەیە، بۆ نموونە قۆناغی پێش باڵقبوون ئاماژەیە بۆ ئەو قۆناغەی دەکەوێتە پێش گەشەکردنی تایبەتمەندییە سێکسییەکانی بەرایی، دووەمیش بە دەرکەوتنی چەند نیشانەیەکی جەستەیی و فسیۆلۆژی دیاریکراو دەناسرێتەو، جا چ لای کوڕان بێت یان کچان (الجمعة ، ٢٠١٢: ١٨).

لایەنی جەستەیی بەوە دەناسرێتەوە، کە بەردەوام دەبێت لە گەشەکردندا تا دەگاتە کامڵبوون و ڕزگاربوون لە تێکچوونی ماسولکەیی و دەماری، هەروەها بەرگری دژی نەخۆشییە خراپەکان لەم قۆناغەدا زیاتر و بەهێزتر دەبێت بەراورد بە قۆناغەکانی پێشووتر. هەروەها درێژی و کێش زیاددەکات و هێزی جەستە زیاتر دەبێت و غەریزەکان هەوڵدەدەن خۆیان دەربخەن، ئەوە وێڕای چەندین گۆڕانکاری تر لەڕووی شێوەو دەنگ و وزەوە (الكواري،٢٠١٣: ٧١). ئەم قۆناغە گۆڕانی زۆر لە شێوەی گەنجدا ڕوودەدات، ئیدی نەرمی و ناسکی کە شێوازی قۆناغی منداڵی بوون، نامێنن و زبری و ڕەقی جێگەیان دەگرێتەوە، ئەویش بەهۆی تێکچوونی ڕژێنەکانی ئەندامانی جەستەوە ڕوودەدات، بەتایبەتی هەردوو دەست و هەردوو قاچ و لوت. (الزیود، ٢٠٠٦: ٤١).

**٢-تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی:**

قۆناغی گەنجێتی بەوە دەناسرێنەوە ، کە مرۆڤ دەتوانێت لەیەک کاتدا هەم بەرزترین ئاستی تاکەکەسی خۆی بسەلمێنێت و هەم تێکەڵبوونی لەگەڵ گروپدا بسەلمێنێت، تاکو بیسەلمێنێت دەتوانێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت. سەرەڕی ئەو گۆڕانکارییانەی لە جەستەیدا ڕوویانداوە، لەم قۆناغەدا گروپ کاریگەری زیاتری دەبێت لەسەر تاک، بەتایبەتی هاوڕێ و هاوکارەکان. (العكايشي، ٢٠٠٣: ٢٦). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە مانای ئەوە نییە گەنجان بەگشتی وەک یەک کۆمەڵی هاوشێوەو هارمۆنی لەڕووی جەستە و شێوەوە سەیربکرێن، لەبەرئەوەی گەنجێتی قۆناغێکە سروشتییە، ئەگەر گەنجان جیاواز بن لەیەکتر چ لەشێوەی ئەندامەانی جەستە یان لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، وێڕای ئەوەش دەشێت گەنجان وەک کۆمەڵێک سەیر بکرێن کە جیاوازن لە منداڵان و پێگەیشتوان. (خوج، ٢٠٠٧: ٨١).

گەنجان بەرەنگاری زۆر بزاڤی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، تا دەبنە هاوڵاتییەکی ئاوێزان لەگەڵ کۆمەڵگەکەیاندا. ئەو ماوەیە لە قۆناغی پشبەستن بەخەڵکەوە دەگوێزێتەوە بۆ قۆناغی پشتبەخۆبەستن و سەربەخۆیی ڕێژەیی، ئەوان لە قۆناغی فێربوونەوە دەگوێزنەوە بۆ قۆناغی بازاڕ و کارکردن، لەماڵەوە دەگوێزنەوە بۆ ژینگەی دەرەوە (سليمان. ٢٠٠٢: ١١٠). هەروەها لە ژیانی خێزانی ماڵە باوکەوە دەگوێزنەوە بۆ پێکهێنانی خێزانی تایبەت بەخۆی. هەر لەم تەمەنەدا حەزدەکەن پەیوەندی لەگەڵ گەنجانی تردا ببەستن، کە سەر بە کۆمەڵ و گروپی جۆراو جۆرن، هەروەها لەم قۆناغەدا گیانی هاوکاریکردنیان زۆر دەبێت، کە هەندێکجار وەک یاخیبوون دەردەکەوێت، دواتر حەز بەدەسەڵاتی کۆنترۆڵکردن دەکەن، پاشان ڕوودەکەنە ئاقڵبوون و حەز بە چاکسازي دەکەن، دواتر دەستدەکەن بە چاکسازی، دوای ئەوە

فێردەبن چۆن کارەکانیان تا کۆتایی بەجێبگەیەنن. (الجمعة ، ٢٠١٢: ١٣٣). لەگەڵ ئەوانەشدا، خوێندکاری زانکۆ لەم قۆناغەدا هەڵگری دوو تێڕوانینی جیاوازە، یەکێکیان خاوەن هێزێکی گەورەیە لەڕووی بایۆلۆجییەوە بۆ تێرکردنی غەریزە و پێداویستییە بایۆلۆجییەکانی، ئەویتریان لەڕووی سۆسیۆلۆجییەوەیە، کە نوێنەرایەتی کولتوور دەکات و لەهەوڵی دەستکاریکردنی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیدایە و دەیەوێت گۆڕانکاری تێیدا بکات. (الزیودی: ٢٠٠٦: ٣٦)

لەم ڕوانگەیەوە تیۆری (بۆشایی نێوان نەوەکان) پەیدادەبێت، کە باوان هەوڵدەدەن پارێزگاری لە بەها و دابونەریتەکان بکەن، لە لایەکی ترەوە نەوەکان هەوڵی گۆڕانکاری دەدەن، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ جیاکاری لەنێوانیاندا، بە واتای پچڕانی پەیوەندی نێوان ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو دێت (سلیمان. ٢٠٠٢: ١٨٩).

لەم بارودۆخەدا مرۆڤ دەبێتە قوربانی ئەو کارە کۆمەڵایەتییانەی ناتوانێت حوکمیان بەسەردا بدات یان بەجوانی لێیان تێبگات، هاوکات ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی تەکنەلۆجیا دروستیکردوون و کاریگەرییان کردۆتە سەر پەیوەندییەکان و بەهاکان و زمان و شێوازی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت توێژی گەنج، وا سەیر دەکرێت ئامرازەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکاری دروستبوونی ئەو بۆشایی و نائارامییە بێت کە لەنێوان نەوەکانی ئەم سەردەمەدا هەیە.

**٣- تایبەتمەندی دەروونی:**

مەسەلەی جەوهەری لەقۆناغی گەنجێتیدا بریتییە لە شڵەژانی پەیوەندییەکانی نێوان گەنج و کۆمەڵگە، لەو قۆناغەدا گەنجان حەزدەکەن کۆمەڵگە وەک یاخی و هەڵاتوو لە قوتابخانەو پاڵەوانی وەرزشی سەیریان بکەن. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان گەنجان لەم قۆناغەدا خراپە و زیاتر ڕوو لە ململانێ و لێک دوورکەوتنەوەیەو گەنجان واقیع قبووڵ ناکەن (البلوي،2002: 18)

بەگشتی ئەو تایبەتمەندییانەی باسمان کردن، هەموویان پێکەوە گرێدراون، چونکە جیاوازییەکی وا نییە لەنێوان گۆڕانە بایۆ کیمیاییەکاندا. کاتێک گەنج دەگاتە قۆناغی باڵقبوون، لەو کاتەدا ڕژێنی دەرەقی زیاددەکات و دەکشێت بۆ چەندین بوارو دەرکەوتەی تری ژیان، لەبەرئەوە لەسەر چەندین ئاست گۆڕانکاری لەگەنجدا ڕوودەدات، ئەگەر سەرنجی شڵەژانی ڕەفتاری هەرزەکار بدەین تاکو ئەو کاتەی دەتوانێت جوڵەکانی خۆی ڕێکبخاتەوە بەشێوەیەک بگونجێت لەگەڵ گەشەی نوێدا، تێدەگەین ئەو شڵەژانە لەچییەوەیە. ئەگەر سەیری جێکەوتی ئەو شڵەژانەی گەنج بکەین لەسەر کۆمەڵگە، ئەوکاتە تێدەگەین، ئەو گۆڕانکارییە قووڵە چ جێکەوتێکی دەبێت لەسەر دەروونی گەنج. (العکایشي،٢٠٠٣: ٣٢)

**٤- تایبەتمەندییە ئەقڵییەکان:**

گەشەی ئەقڵی و سۆزداری لەم قۆناغەدا بەرهەمی ئەزموون و کارەکانی قۆناغەکانی پێشووترە، بۆیە لەم قۆناغەدا خەڵک زۆر جیاوازن لەڕووی گەشەی دەروونی و ئەقڵی و جەستەییەوە، سۆزیش ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە ژیانی گەنجاندا و وای لێدەکات زاڵبێت بەسەر کاردانەوەو هەستەکانی و زیاتربوونی هەستی سەربەخۆیی. (رعد، ٢٠٠٦: ٥٣) :لەم قۆناغەدا مرۆڤ زیاتر ڕۆمانسی و میسالی

دەبێت، ئەو خووەش لە کارو کردەوەکانیدا دەردەکەوێت، ئەو هەوڵ دەدات هەمیشە ڕای تایبەتی خۆی هەبێت و هەڵوێستی جیاوازی خۆی لەهەموو بوارێکدا دەربخات، بەو هۆیەشەوە هەمیشە ڕەخنە دەگرێت، هەمیشە بەپێی بنەمای (پێویستە وابێت، نەک وایە) واقیع دەپێوێت (کنعان، ٢٠٠٨: ٢١).

گەنجان هەوڵدەدەن خۆیان لەهەر فشارێک ڕزگاربکەن، تاکو بتوانن گوزارشت لەخۆیان بکەن و هەست بەئازادی بکەن، ئەویش لەڕێی داهێنانی مۆدێلی کولتووری نوێوە، وەک جۆری بەرگ پۆشین.

**<u>ئاراستەکانی گەنج</u>**

لێرەدا چەند ئاراستەیەک سەبارەت بە گەنجێتی دەستنیشان دەکرێت کە ئەمانەن:

**١- ئاراستەی بایۆلۆژی:**

ئەم ئاراستەیە جەخت لەسەر حەتمیەتی بایۆلۆژی دەکاتەوە، بەو پێودانگەی گەنجێتی قۆناغێکی تەمەنە یان سوڕێکی ژیانی مرۆڤە، سوڕی گەشەی مرۆڤ، کە تیایدا پێگەیشتنی ئەندامی و فیزیکی تەواودەبێت، هەروەها ئەقڵ و دەروونی کامڵ دەبێت، لەتەمەنی (١٥)ساڵییەوە دەستپێدەکات تا (٢٥) ساڵی، هەندێکیتریش لە (١٣) ساڵ تا (٣٠) ساڵ دایدەنێن (الزیود، ٢٠٠٦: ٣٣). ئاراستەی بایۆلۆژی جەخت لە سەرەتای دەستپێکردن دەکاتەوە لە قۆناغی گەنجێتیدا، کە لەو ماوەیەدا گۆڕانکاری خێرا و قوڵ لەشێوەی گەنجدا ڕوودەدات، ئیدی شێوەی منداڵی لادەچێت و شێوەی پیاوەتی و زبری دەردەکەوێت، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنە فسیۆلۆژییەکانی جەستەی گەنج. ئەم ئاراستەیە جەخت لەسەر گۆڕانی جەستە و بایۆلۆژی گەنجان دەکاتەوە، بەتایبەتی کە لەم قۆناغەد ئەو گۆڕانکارییانە لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێدا ڕوودەدات (فهمي، ٢٠٠٧: ٥٧).

**٢- ئاراستەی سایکۆلۆژی:**

ئەم ئاراستەیە پێیوایە گەنجێتی ڕەوشێکی تەمەنییە بۆ گەشەکردنی بایۆلۆژی – گەشەی ئەندامی– لەلایەک، بەڵام لەلایەکی ترەوە پەیوەستە بە کولتوور کۆمەڵگەوە، هەر لەسەرەتای باڵق بوونەوە تا ئەوکاتەی تاک دەچێتە جیهانی پێگەیشتوان و گەورانەوە، ئیدی لەو قۆناغەدا پرۆسەی تێکەڵبوونی تەواوی بە کۆمەڵگەوە دروستدەبێت. ئەم پێناسەیە دەیەوێت مەرجەکانی تەمەن و کولتوور کۆمەڵگە پێکەوە گرێبدات لەکۆمەڵگەی گۆڕاو و نەگۆڕدا (Muzenda. 2013: 132).

**٣- ئاراستەی کۆمەڵایەتی:**

ئەم ئاراستەیە وەک ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی سەیری گەنج دەکات نەک تەنها وەک دیاردەیەکی بایۆلۆژی، بەو مانایەی کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی هەیە، ئەو سیفەتانە لەهەر توێژێکدا بێت ئەو توێژە گەنجە (العکایشي،٢٠٠٣: ٢١٣). هەروەها هەندێکیتر وەک قۆناغێک بۆ سازدانی تاک بۆ لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، وەک هاوسەرگیریکردن و پێکهێنانی خێزان و بەئەندامبوون لە ڕێکخراوە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتییەکاندا، واتە بتوانن بەرپرسیارێتی یاسایی لەئەستۆ بگرن. لەبەرامبەردا هەندێکیان چەمکی گەنجێتی بەگوێرەی پێوەری زەمەنی دەناسێنێت، هەندێکیتریش بەهۆی

تایبەتمەندی و خواست دەیناسێنێت (الجمعة ، ٢٠١٢: 16). وێڕای هەموو ئەوانەش، گەنجێتی ئەو قۆناغەیە کە مرۆڤ دەتوانێت تێیدا بەهاو باوەڕی نوێ وەربگرێت، واتە هەندێک خواستی دەبێت کە پەیوەست نییە بە خواستە بنەڕەتییەکانەوە، بەڵکو پەیوەست دەبێت بە خواستی کۆمەڵایەتییەوە، کە هەندێک جار ئەو خواستانە وا دەخوازێت سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە. چەمکی گەنجێتی پەیوەستە بە هەموو بوارەکانەوە، جا دەروونی بێت یان کۆمەڵایەتی یان دەروون – کۆمەڵایەتی بێت (فهمي،٢٠٠٧: ٨٥).

**٤- ئاراستەی دیموگرافی ::**

توێژەران ئاماژە بەوە دەدەن، گەنجان ئەو کەسانەن کە تەمەنیان خوار بیست ساڵە، هەندێکیتر دەڵێن گەنج ئەو کەسەیە تەمەنی لە بیست ساڵ کەمتر بێت، ئەوەش بەگوێرەی ناوچەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە وڵاتانی گەشەکردوودا کەمترە لەگەنجێتی لەوڵاتانی پێشکەوتوودا و لە وڵاتانی گەشەکردوودا قۆناغی گەنجێتی زووتر تەواودەبێت لەچاو وڵاتانی پێشکەوتوودا (فهمي،٢٠٠٧: ٨٥).

**٥-ئاراستەی فکریەکان:**

ئەم ئاراستەیە پێی وایە کە گەنجان لە قۆناغیکی پێگەشتنی بیرو باوەر وفکریدان وحەز بە ئاراستەی سەربە خۆی فکری دەکەن وپێشوازی لە گۆڕانکاری وبیروبۆجوونی نوێ دەکات بەشداری سیاسی بکەن .

## <u>تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی گەنجانی زانکۆ:</u>

گەنجانی زانکۆ هەمان ئەو قسانەیان بەسەردا دەچەسپێت کە بەسەر گەنجانی تردا دەچەسپێت، بەڵام هەندێک تایبەتمەندی تر هەیە کە تەنها گەنجانی زانکۆ هەیانە، چونکە ئەوان لە ناوەندێکی زانستی و مەعریفیدا دەژین و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان دیاریبکەن. ئەوەش وایان لێدەکات هەست بە بەرپرسیارێتییەکی زیاتر بکەن بەرامبەر کۆمەڵگە، بەتایبەتی سەبارەت بە کێشەکانی کۆمەڵگە. ئەوەش وایانلێدەکات هەندێک تایبەتمەنێتی خۆیان هەبێت و پلەی بەشداربوونیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەدا بەوپێیە دەپێوەرێت: (Miles. 2015: 12).

**گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەش ئەمانەن:**

**١- کارایی و دینامیکی:**

ئەم کاراییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە گەنجانی زانکۆ دەگەنە قۆناغێکی کامڵبوونی بایۆلۆژی و فسیۆلۆژی لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە گەشەی دەروونی و کۆمەڵایەتییان تەواودەبێت. قۆناغی زانکۆ کۆتایی هەزەکاری و سەرەتای گەنجێتییە، بۆیە لەو قۆناغەدا بەتەواوەتی نزیکبوونەوە لە قۆناغی پیاوەتی یان مێینەیی و دوورکەوتنەوە لە قۆناغی هەرزەکاری دەردەکەوێت، جگە لەوەی ئەم قۆناغە ئامادەگییە ئەقڵییەکان و ئاست و ئارەزووەکانی دەردەکەون، بەو شێوەیەش سەردەمی زانکۆیی دەستپێدەکات و گەنج ئامادەدەبێت (کنعان، ٢٠٠٨: 27).

گەنجانی زانکۆ هەمیشە بەهای نموونەییان هەیە و هیوا و ئاواتی کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە، ئەوان لە خوێندنی زانکۆیاندا فێری ئەو بەهایانەی دەبن، کە لەناو خێزان و کۆمەڵگەکەیان وەری دەگرن وەریانگرتووە هەندێک جار ئەوەندە بەس نابێت هەمیشە گەنج لە هەوڵی تاقیکردنەوەوە ئەزموون وەرگرتن دەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ پێدراوەکانی واقیعەکەیاندا بگونجێت، ئەوەش پاڵیان پێوەدەنێت بۆ بەریەککەوتن لەگەڵ واقیعەکەیاندا.

**٢- ئارەزووی سەربەخۆبوون و هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە فشارو شێوەکانی خۆسەپێنی کۆمەڵایەتی:**

هەوڵدان بۆ دەربازبوون لە هەر شێوەیەک لە شێوەکانی فشاری سەپێنراو، بۆ ئەوەی گەنجانی زانکۆ گوزارشت لە خۆیان بکەن و هەست بە ئازادی بکەن، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندێتییەکانی گەنجانی زانکۆ، ڕێژەی ئەو ڕاڕاییەش زیاتر دەبێت کاتێک گەنجانی زانکۆ خۆیان لەگەڵ گەنجانی دەرەوەی زانکۆدا بەراورد دەکەن. هەندێک لە گەنجان کە نەهاتوونەتە زانکۆ، لەو تەمەندەدا کاری پیاوان دەکەن، وەک ژنهێنان و پارەپەیداکردن و خەرجکردنی پارە بەئارەزووی خۆیان، ئەمە لەکاتێکدا گەنجانی زانکۆ ناتوانن پارە پەیدابکەن، بەڵکو بەزۆری پشتدەبەستن بە بەخێزانەکانیان. کۆمەڵگەش هەروەک کەسانێک سەیریان دەکەن کە ناتوانن بەرپرسیارێتی هەڵبگرن (البلوي، ٢٠٠٢: ٤٥).

**٣- بوونی کولتوورێکی گەنجانە لەنێوان توێژی گەنجاندا بڵاودەبێتەوە، بەتایبەتی گەنجانی زانکۆ:**

ئەوەی ئەم کولتوورە بەرهەمدێنێت چەند ڕەگەزێکە کە سروشتی جیهانییان هەیە، وەک هەڵاوسانی قەبارەی توێژی گەنجان لەجیهاندا. دەبینین لەزۆربەی کۆمەڵگەکانی وڵاتانی گەشەکردو و پێشکەوتووشدا توێژی گەنجان زۆرینەی کۆمەڵگە پێکدێنن، ئەمە وێڕای ئەوەی بەجیهانیبوون بۆتە هۆی تێکەڵبوونی کولتوورەکان و زیادبوونی تێکەڵی لەنێوان وڵاتانی جیهاندا، وەکئەوەی جیهان بووبێتە گوندێکی بچوک. لەم دواییەدا جیهان بەتەواوەتی لەیەکتر نزیکبۆتەوە، ئەوەش بەهۆی شۆڕشی تەکنۆلۆژی و گەیاندن و پەیوەندیکردن و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەوە، هەروەها میدیاش، هەموو ئەمانە جیهانیان کردووە بەیەک و وایکردووە کولتوورەکان بەئاسانی بەیەکتر بگەن، ئەوەش وایکردووە گەنجانی زانکۆ لەگەڵ هەموو کولتوورەکاندا بەئاسانی تێکەڵبن و بکەونە ژێر کاریگەری کولتوورەکانی ترەوە. (الحسین، ٢٠٠١: ١٦٣)

زۆربەی زانایانی کۆمەڵناسی لەو بڕوایەدان گەنجان هەڵگری کولتوورێکی تایبەتن، کە بە بەشێکی کولتووری گشتی کۆمەڵگا لە قەڵەم دەدرێت. لەو ڕوانگەیەی کە گەنجێتی قۆناغێکی گەشەی مرۆڤەکانە پێداویستی و مەیل و توانایەکان وا لەگەنجان دەکەن کە هەڵگری وردە کولتوورێکی دیاریکراو بن. دەشێ هەر ئەو هۆکارە بێت بووبێتە هۆی لەباربوونی تەمەنی گەنجیەتی بۆ گۆڕان و وەرگرتنی شێوازی نوێی ژیانیان.

**٤- توانای وەرگرتنی بیروبۆچوونی نوێ:**

جۆش و خرۆشی گەنجانی زانکۆ و یوتۆپی بوونیان و سەتیرییان بۆ واقیع، وایان لێدەکات زیاتر هزری تازە وەربگرن، هەربۆیە هزرە تازەکان بەخێرایی لەناو گەنجان و بەتایبەتی گەنجانی زانکۆدا بڵاودەبێتەوە،لەبەر ئەوەشە زۆربەی ڕەوتە فکرییەکان هەوڵدەدەن گەنجان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

**٥- توانای کارکردن لەگەڵ پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا:**

کاتێک گەنجانی زانکۆ لە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیانەوە لە خێزان و زانکۆ و هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکانی تردا کۆمەڵێک ڕۆڵ دەبینن، لەوێوە دەتوانین بڵێین گەنجانی زانکۆ بریتین لە وزەیەکی دینامیکی کاریگەر تا بەرزترین ئاست، دەشێت ئەم توانایەش بەکاربهێنرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە کۆمەڵگەییەکاندا بەکارلێککردنی ئیجابییانە لەگەڵ توێژەکانی تری کۆمەڵگەدا. (البلوي، ٢٠٠٢: ٣٨)

**٦- ڕای تایبەتی گەنجانی زانکۆ لەئاست کێشە کۆمەڵگەییەکاندا:**

لەبەرئەوەی گەنجانی زانکۆ حەزیان بە سەربەخۆییە، دەیانەوێت لەهەر کێشەیەکدا (وەک کێشە سیاسییەکان) خۆیان بسەلمێنن و ڕای تایبەتی خۆیان هەبێت، ڕەنگە ڕای سەردەمییانەیان هەبێت، کە پشتبەستوو بێت بە میکانیزمە پێشکەوتووەکانی بە جیهانیبوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشە هەنوکەییەکان.

**٧- ئارەزووی گۆڕینی واقیع:**

گەنجانی زانکۆ توانای ئەوەیان هەیە وەڵامی گۆڕانکارییەکانی دەوروبەریان بدەنەوەو شتە نوێیەکان وەربگرن و حەزبکەن ئەو واقیعە بگۆڕن کە هەیەو ئەوان بەشدارنەبوون لە دروستکردنیدا (سالم، ٢٠١٧: ٢١٣). لەوەی ڕابورد، ڕووندەبێتەوە کە نابێت پێناسی گەنجانی زانکۆ بەو شێوەیە بکەین کە هەر قۆناغێکی تەمەنەو لەچوارچێوەی ئەو قۆناغەدا چەند دیاردەیەکی گەنجانی زانکۆ دەردەکەوێت، بەڵکو دەبێت ئەو دیدە بگۆڕین بە دیدێکی پێشکەوتووتر، کە گەنجی زانکۆیی وەک تاک و کۆمەڵ، کۆمەڵێک سیفەتی فسیۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە. ئەمانە دیارترین سیفەتەکانی گەنجانی زانکۆن، جگە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کە کێشەی هەموانە بە گەنجانی زانکۆیشەوە.

## <u>خواست و کێشەکانی گەنجانی زانکۆ:</u>

**١- پێداویستیەکانی گەنجانی زانکۆ:**

پۆلێن بەندی بۆ پێداویستیە مرۆییەکان زۆرن، بەڵام گرنگترین پۆلێن بەندی بریتییە لە هەرەمی پۆلێن بەندی زانای دەرونناسی ئەمریکی (ئەبراهام ماسلۆ (Abraham Maslow))، کەتیایدا پێداویستیەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی هەرەمی ڕێکخراون، بەجۆرێک بەپێداویستی فسیۆلۆجییەکان دەستپێدەکات، کەکۆمەڵێک پێداویستی لەخۆدەگرێت و هەموو مرۆڤایەتی پێویستیانە بۆ مانەوەیان لەژیان وەک ئاو، هەوا، خواردن، پشودان پاشان پێداویستی ئارامی و ئاسایش دێت کەئەویش پێداویستی پاراستنیەتی

لەو ترس و دڵەڕاوکێیانەی، دەبنە مەترسی بۆ سەر لایەنی دەروونی وجەستەیی. دوابەدوای ئەوەش پێداویستی ئینتماو خۆشەویستی دێت کە هەستکردنیەتی بەوەی بەشێکە لەکۆمەڵێکی دیاریکراو جا ئەو کۆمەڵە خێزان، کۆمەڵەی هاوڕێ و هاوپیشە یان دامەزاوەیەک بێت (صالح،٢٠١٨: ٤٢)، پاشان پێداویستی ڕێزگرتن دێت . ئەم پێداویستیە دووجۆر ڕێزگرتن لەخۆ دەگرێت، یەکێکیان ڕێزگرتنی کەسەکەیە لەخودی خۆی کە بریتییە لەوەی هەست بەگرنگی و بەها و ڕۆڵی خۆی بکات و ئامانج و پلانی بۆ ژیانی هەبێت. ئەویتریان ڕێزگرتنیەتی لەلایەن کەسانی ترەوەو بەگرنگ تەماشاکردن و پەسەند کردنیەتی لەبەرئەوەی چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی لەلایەن کۆمەڵگە و دەوروبەریەوە کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی کەسەکە بۆ خودی خۆی. چونکە مرۆڤ ئاوێنەی کۆمەڵگەکەیەتی، کەدەکرێت ئەم ڕێزگرتنە بەڕێگای پێگە و بەها و سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی و ناوبانگ بەدەستی بهێنێت (فهیم،٢٠٠٧: ٩٩- ١٠٠).

کۆتا پێداویستی بەدیهێنانی خودە، کە تیایدا دەگاتە بەرزترین ئاستی ڕەزامەندبوون لەخۆی و خەڵکانی ترو جیهان بە مانا فراوانەکەی دەبینێت، زیاتر لەوەی گرنگی بەکێشەکانی خۆی بدات گرنگی بەکێشەکانی کۆمەڵگە دەدات و پێیوایە هەڵگری پەیامێکە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و دەبێت پابەندبێت پێیەوە ( 2011: 103،Sengupta).

لەسەرەتایترین پێداویستیەکانی خوێندکارانی زانکۆ پێداویستییە فسیۆلۆجییەکانن پاشان پێداویستی ئارامی و ئاسایش دێت، کە دەبێت هەست بەوە بکەن ئارامی و ئاسایشیان لەناو زانکۆ و کۆمەڵگەدا پارێزراوە، پاشان هەست بکەن بەشێکن لەزانکۆ و کۆمەڵگە و خۆشیان دەوێن و پەسەندیان دەکەن. لەم دۆخەدا پەیوەست دەبن پێیانەوە و ئینتمایان بۆیان دەبێت، بەمەش دەگەنە پلەی بەدەستهێنای ڕێز، کە دوو لایەنە، ڕێز لەخود کە بەهۆیەوە بەهاو گرنگی ڕۆڵ و کارەکانیان دەزانن. لایەنەکەی دیکە ڕێز لێگرتنیانە لەلایەن زانکۆ و کۆمەڵگەوە، لەڕێگای ئەنجامدانی ئەو ئەرک و کار و بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتیانەی لە ئەستۆیان بووە لەزانکۆ و کۆمەڵگە بەدەستیان هێناوەو لەم ڕێگایەوە دەتوانن پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پێگەی پەسەندکراو لەنێو زانکۆ و کۆمەڵگە و لای هاوڕێکانیان بەدەست بهێنن، پاشان دەگەنە پلەی بەدیهێنانی خود، لەم ئاستەدا بەتەوای متمانەیان بەخۆیان و تواناکانیان دەبێت و دەزانن ئەوەی دەیانەوێت دەتوانن بیکەن. گەنجان وەک بەردی بناغەی کۆمەڵگە سەیر دەکرێن و گرنگترین ڕەگەزی بەرهەمهێنانیشن. ئەوان نەوەی هێزو توانا و وزەو کارامەیی و ئەزموونن، کە لەکاتی کارکردن و بەرهەمهێناندا پشت بەخۆیان دەبەستن، بەتایبەتی ئەوانەیان کە بڕوانامەیان هەیە و ماوەیەکی ژیانیان بە خوێندن و پسپۆڕی وەرگرتنەوە تەرخانکردووە. خواست بریتییە لە حاڵەتی کەمهێنان و نەبوونی و پەشوێی جەستەیی و دەروونی، ئەگەر ئەو خواستانە تێر نەکرێن، جۆرێک لە تێکچوون و نیگەرانی و دڵتەنگی لای ئەو گەنجە دروست دەبێت ( 2011: 104،Sengupta).

لە کاتێکدا لەدۆخی فەراهەمنەبوونی پێداویستی و داخوازیەکانیان ئەوا خۆشەویستی و ئینتمایان بۆ زانکۆ و کۆمەڵگە لاواز دەبێت، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەکانیان دروست

دەکات و ئەو بڕوایەیان لا دروست دەبێت کە کۆمەڵگەو دامەزراوەکانی پێویست ناکات خۆیانی بۆ ماندوو بکەن. گەنجانیش خواستی تایبەت بە خۆیان هەیە و دەبێت تێربکرێن، تاکو هەست بە بوونی خۆیان بکەن و پێگەی خۆیان لەکۆمەڵگەدا بدۆزنەوە، زۆربەی توێژینەوەکانیش بایەخیان بە خواستەکانی گەنجانی زانکۆ داوە و دەتوانین لەم خاڵانەدا کورتیان بکەینەوە: (ابو شعيرة، ٢٠١٤: ٢٢٧)

**أ- پێداویستی جەستەیی و تەندروستی:**

ئەو پێداویستییانەن کە تایبەتن بە پاراستنی ژیان و جەستەی دروست و دوور لە نەخۆشی و شێواندن، وەک پێویستبوونی خواردن و خواردنەوە و چاودێری تەندروستی گونجاو و یاریکردن و وەرزش و بایەخدان بە ڕێکخستنی ماسولەکەکانی جەستە.

**ب- پێداویستی دەروونی:** ئەو پێداویستییانەن کە تایبەتن بە دەروون دروستی گەنجان و بەدیهێنانی هاوسەنگی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا، گرنگترین ئەو پێداویستییانەش ئەمانەن:

١- پێداویستی خۆسەلماندن و هەستکردن بەسەربەخۆیی.

٢- پێداویستی خۆشەویستی و پەسەندێتی و قبووڵکردن لەلایەن خەڵکانی ترەوە، بەتایبەتی لەدەرەوەی خێزان.

٣- پێداویستی بڕوانامە و سەرکەوتن.

٤- پێداویستی ئاسایش و کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و شڵەژاوی، کە بەهۆی بیرکردنەوە لە ئایندە توشی گەنجان دەبێت.

**ج- پێداویستی ئەقڵی و مەعریفی:** واتە پێداویستی پەیوەست بە تێرکردنی ئارەزووی ڕۆشنبیری و مەعریفی و خوێندن و ڕێزگرتن لە ڕاوبۆچوونەکانی، وەک پێداویستی وەرگرتنی زانست و زانیاری و ئەزموونی زانستی پێداویستی دەستەبەرکردنی بەرنامەی ڕۆشنبیری پێداویستی تێگەیشتن و ڕێزگرتن لە بۆچوونەکانی لەلایەن گەورەکانەوە (علاونة، ٢٠١٧: ٢٦١).

**د- پێداویستی کۆمەڵایەتی:** ئەو پێداویستییانەن کە پەیوەستن بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، وەک دەستکەوتنی ئیش و پێکهێنانی خێزان و چوونە ناو کۆمەڵ و گروپی سیاسی و پیشەیی و بەشداریکردن لە کێشەکانی کۆمەڵگەدا(البلوي، ٢٠٠٢: ١٣٢) .

**هـ- پێداویستی خۆشگوزەرانی (الحاجات الترفيهية)** :ئەو پێداویستییانەن کە پەیوەستن بە تێرکردنی خولیاکانی گەنجان و پاراستنیان لە لادان و بەسەربردنی کاتی بێکاری بەشێوەیەکی دروست، وەک: (ابو شعيرة، ٢٠١٤: ٢٣٢)

١- ئەنجامدانی خولیاکان و یاری و کاری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و هونەری.

٢- هەبوونی شوێنی گونجاو و دامەزراوەی شایستە، کە گەنجان بتوانن خولیاکانی خۆیانی تێدا بەرجەستە بکەن و کاتی بێکارییان لەو شوێنانەدا بەسەربەرن.

٣-هەبوونی کەسانی پسپۆڕ بۆ هاوکاریکردنی گەنجان لە پەیڕەوکردنی خولیاکانی خۆیان و بەسەربردنی کاتی بێکارییان.

**٢-کێشەکانی گەنجانی زانکۆ:**

کێشە بریتییە لەو هەڵوێست و هەلومەرجانەی هەڕەشە لە ئارامی کۆمەڵگە دەکەن، واتە ئەو هەڵوێستانەن کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەو تاک دەبنەوە و توانستەکانی کۆمەڵگەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان ناتوانن بەرەنگاریان ببنەوە و کاریگەرییان دەبێت لەسەر زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگە. (الحسين، ٢٠٠١: ١١٣) کێشەی گەنجانیش ڕەوشێکی نەخوازراوی کۆمەڵایەتییەو لێکترازانی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات، هەروەها پاساوێکە بۆ گۆڕانکاری، بەهۆی چەندین ڕەفتاری خراپ یان ململانێی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا، هەروەها مانای وایە کە تاکەکان ناتوانن بە ئاسانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕێکبخەن و ئەنجامیبدەن. ئەو کێشەو گرفتانەش وادەخوازن کە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، واتە هەر هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی کە وادەخوازێت بگۆڕدرێت بەرەو باشتر. چەندین کێشە هەیە کە ڕوودەکەنە گەنجان و کاریگەرییان دەبێت لەسەر توندوتیژی گەنجان، لەم بارەشدا کۆمەڵگە ناتوانێت چارەسەری کێشەکانی گەنجان بکات، تا بەهۆیەوە گەنج بتوانێت ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆی ببینێت، وەک: (تومي. ٢٠١٦: ٢٨٨)

**١- کێشەی دەستبەتاڵی:**

زۆربەی گەنجانی زانکۆ لە پشووی هاوینەدا ئەو کێشەیەیان هەیە، ئەم دیاردەیەش لەشاردا زیاترە وەک لەگوند، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی گەنجانی زانکۆ دەستکورتن و ناتوانن ویستە مادییەکانیان بەدیبێنن، وەک وەرزش و کات بەسەربردن و.. ، بۆیە دەبینین کێشەکانیان زیاتر دەبێت و ناتوانن کاتی بێ کارییان پڕبکەنەوە (عباس، ٢٠١٦: ٩٨). هەڵکشانی ڕێژەی بێکاری لەنێو گەنجاندا، دەبێتە هۆی تێکچوونی ئارامی کۆمەڵگە و نەبوونی سەرچاوەی داهات، دەبێتە هۆی ئەوەی گەنجان نەتوانن خواستە بنەڕەتییەکانی خۆیان بەدەستبێنن، وەک خواردن و خورادنەوەو جلوبەرگ. هەموو ئەوانەش سەردەکێشن بۆ دروستبوونی توندوتیژی و نەمانی ئینتیمای نیشتمانی (فهمي، ٢٠٠٩: ٦٤).

**٢-کێشەی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و پیشەیی گەنج:**

زۆربەی گەنجانی زانکۆ هەست بەنیگەرانی دەکەن، چونکە ناتوانن حەزەکانی خۆیان بەدیبێنن، ئەوەش بەهۆی خۆ سەپێنی گەورەکان لەخێزان و کۆمەڵگە و زانکۆدا. ئەوان ناتوانن بژاردەکانی خۆیان دیاریبکەن و ئەوەش وادەکات تەنانەت دوای دەرچوونیش لە زانکۆ ڕۆڵی کۆمەڵایەتییان بە ویستی خۆیان هەڵنەبژێرن. (فهمي،٢٠٠٩: ٦٥).

**٣- کێشەی بێبەشبوون لەبۆنە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا:**

نەبونی ستراتیژێکی ڕۆشن وایکردووە گەنجانی زانکۆ نەتوانن بەشێوەیەکی کارا بەشداربن لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، بەڵکو کاتێک سیستەمی سیاسی هەوڵ دەدات ڕای خۆی بسەپێنێت بەسەر گەنجدا، بەتایبەتی گەنجانی زانکۆ و ناهێڵێت بەشداری لەو ڕێکخستن و بەرنامانەدا بکات کە تازە دامەزرێنراون، ئەوەش وایکردووە گەنجێکی زۆر لە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی دووربکەونەوە (كنعان، ٢٠٠٨: ١٠٩).

### ٤- کێشەی تێرنەبوونی خواستە بنەڕەتییەکان:

بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستیبژێوی لەبەر چەندین هۆی جیهانی و ناوخۆیی، گەنجان ڕووبەڕووی واقیعێکی ئابووری خراپ دەبنەوە و ناتوان ئاوات و خولیاو خواستەکانیان بێننەدی، گەنجانی زانکۆ دوای دەرچوونیان لە زانکۆ ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی ئابووری دەبنەوەو ناتوانن خێزان پێکبێنن و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان دیاریبکەن و کێشەی ئابووری سەخت دێتە ڕێیان، وەک کێشەی گەیاندن و خواردن و نیشتەجێبوون (کنعان، ٢٠٠٨: ١٠٩).

## جێکەوتی ژینگەی زانکۆیی لەسەر گەنجانی زانکۆ:

زانکۆ بەگرنگترین دەزگای خوێندنی باڵا دادەنرێت لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، زانکۆ خەونی هەموو گەنجێکە، زانکۆ هەوڵدەدت کۆمەڵگە پێشبخات، لەسەر هەموو ئاستە پسپۆڕی و ئەکادیمییەکان پەرە بە وزەی گەنجان بدات، زانکۆ زۆر گرنگە لە دروستکردنی نەوەکانی داهاتوودا، بەتایبەتی کاتێک زانکۆ پەیوەست دەبێت بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە. کەواتە دەبێت زانکۆ ژینگەیەک بێت نەک تەنها بۆ فێرکردنی زانست و وەرگرتنی زانیاری، بەڵکو دەبێت ژینگەیەکیش بێت بۆ پەروەردەکردن و پارێزگاریکردن لە دیسپلینە کۆمەڵایەتییەکان و بەهاکان (تومي. ٢٠١٦: ٢٧٩).

کەواتە زانکۆ دەزگایەکی پەروەردەیی زانستی ڕێکخراوە، کە لەلوتکەی دەزگای خوێندندایە، زانکۆ تاک لەڕووی پیشەییەوە ئامادەدەکات و توێژینەوەی زانستی دەکات و پلانی گشتگیر دادەڕێژێت و توێژینەوەی ئەکادیمی ئامادەدەکات بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە، لێرەوە دەبینین خوێندنی باڵاو دەزگاکانی بایەخێکی زۆریان پێدراوە لەلایەن وڵاتانی پێشکەوتوو و گەشەکردوشەوە، ئەویش بەدەستەبەرکردنی زانکۆی باش بۆ گەنجانی زانکۆ (الزیودي، ٢٠١٦: ٦٧). بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و کولتوور و بڵاوبونەوەی نێت و سۆشیال میدیا، ئەم ژینگە پەروەردەییە لە دوو لایەنەوەکاری تێکراوە، لایەنێکی ئەرێنی کە هەموو میکانیزمە زانستییەکانی خستۆتە بەردەستی گەنجان. بەڵام ئەوەش بەشێوەیەکی نەرێنی شکاوەتەوە بەسەر گەنجاندا لەسەر ئاستی بەهایی و ئەخلاقی، چونکە لەخۆبایی بوون بەتەنها لە ژیانی زانکۆ و لەسەر ئاستی خوێندنی باڵادا نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی شێوازی ژیانیان و بەها و مۆدەو شێوازی قسەشیان ڕەنگیداوەتەوە (کنعان، ٢٠٠٨: ١٣١). هەرچەندە زانکۆ بەلای ئەوانەوە وەک یاسایەکی کۆمەڵایەتی لێهاتووە، کە لەلایەن کۆمەڵێکەوە داڕێژراوە و مەرجی دەرچوونیش تیایدا وابەستەیە بە یاسای ناو زاکۆ، ئینجا پەسەندکردنی کۆمەڵایەتی، هەرکاتێکیش لەسەر ئاستی زانکۆ ڕەتکایەوە ئەوە لەناو کۆمەڵێشدا ڕەتدەکرێتەوە. (علاونة، ٢٠١٧: ٢٨١) .

گرنگی زانکۆ لەوەدایە بتوانێت پارێزگاری لە ناسنامەی تایبەتی کۆمەڵگە بکات، لای گەنجان بە تایبەتی و لەنێویشیاندا خوێندکارانی زانکۆ، پێویست و گرنگە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو

و ئارام، لەبەرئەوەی خوێندکارانی زانکۆ توێژێکی گەنج و ئایندەی کۆمەڵگەن و ئەوانن لە داهاتوودا کاروباری دامەزراوەکانی کۆمەڵگە بەڕێوەدەبەن و نەوەی دوای خۆیان پێدەگەیەنن. زانکۆ گەورەترین توێژی کۆمەڵگە لەخۆدەگرێت کە توێژی گەنجانە، زانکۆ ئامرازێکە لەئامرازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کولتوور و سایسی و ئابووری، بەتایبەتی ئەگەر کەشێکی لەباری هەبێت بۆ ئامادەکردنیان.

## پوختە

لەم بەشەدا تیشکمان خستە سەر پرسی بەجیهانیبوونی کولتوورو کاریگەرییەکانی لەسەر ناسنامەی گەنج، هەوڵمانداوە ئەو کاریگەرییە نەرێنی و ئەرێنییانە دەربخەین کە هەڵمەتی بەجیهانیبوون جێیدێڵێت لەسەر جەستەی کولتووری لۆکاڵی و کاڵکردنەوەی ناسنامەی گەنج، لەڕێگەی گۆڕینی کولتوورەوە. ئاراستەی توێژەران و بیرمەندان و فەیلەسوفەکانی سەردەم لەهەمبەر بەجیهانیبوونی کولتووردا چەند ئاراستەیەکی لێک جوودان، یەکەمیان ئەوانە بوون کە دژی بەجیهانیبوونن بەهەموو شێوەکانیەوە و وایدەبینین بەجیهانیبوون هەوڵدەدات هەموو کولتوورو سنوورو سەروەری وڵاتان بسڕێتەوە لەبەرژەوەندی تاکە کولتوورو تاکە ئابووری و تاکە دەسەڵاتی زلهێزی جیهانی، تەنانەت هەندێک لەوانە لەبری بەجیهانیبوون زاراوەی (بەئەمەریکیبوون) بەکاردێنن، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە جیهان هەمووی لە ژێر پەیڕەوی یەک کولتووری ئەمریکی دەبێت یان بە ئەمریکاکردنی جیهان. هەروەها ئاراستەی دووەم ئەو بیرمەندانەن کە پێیانوایە بەجیهانیبوون یاسایەکی ئاسایی ژیانەو هیچ مەبەستێکی لەدواوە نییە، بەڵکو دەرەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا خۆیەتی. ئەم ئاراستەیە وایدەبینێت بەجیهانیبوون هیچ مەترسییەک دروستناکات بۆ سەر کولتوور و ناسنامەی گەلان. بەڵام ئاراستەی سێهەم وایدەبینێت کە بەجیهانیبوون ڕووی باش و خراپی هەیە و حەتمیەتێکی مێژووییە، گرنگە ئێمە بزانین بە چ شێوەیەک سوود لەڕووی ئەرێنی ئەو دیاردەیە دەبینین و بەچ شێوەیەکیش ڕووی نەرێنی دوور دەخەینەوە. لە باسی مێژووی بەجیهاییبووندا هەندێکیان دەیگێڕنەوە بۆ مێژوویەکی کۆن، هەر لەسەردەمی گریکەوە تاکو بە ئاینە ئاسمانییەکان دەگات، هەندێکیش دەیگێڕنەوە بۆ سەدەی پانزەهەمی زاینی (١٤٠٠)، بەڵام لە هیچ سەردەمێکدا هاوشێوەی ئەم سەردەمە بەجیهانیبوون نەبۆتە پرۆسەیەکی وا بەهێز، کە جیهان توشی نیگەرانی بکات، هەڵبەت لەمەشدا تەکنەلۆجیا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە بەتایبەتی بۆ بەجیهانیبوونی کولتوور.

کەواتە لەم بەشەدا مەبەستمان لە کولتوور هەموو ئەو نۆرم و بەها و ئایدیاو نەریت و شێوازی ژیانەیە کە کۆمەڵگەیەک لەنەوەکانی پێشووترەوە بۆی ماوەتەوە. بەجیهانیبوونی کولتوور بریتییە لە زاڵبوونی کولتوورێک بەسەر هەموو جیهاندا، بەجۆریک هەموو جیهان لەیەک قاڵبدا بتوێتەوە، ڕشتەیەکی تیکەڵاو لە کەلەپوور و مێژوو و زمان و بیروباوەڕ و دابونەریت و بەهای ئەو کۆمەڵگەیانە هەڵدەگرێت، بۆئەوەی هەمووی ببێتە یەک کولتوورو یەک ناسنامە. دوا قۆناغی بەجیهانیبوونیش ئەوەیە کە ئێستا

تێیدا دەژین، بەڵام ئایا ئاینده چی لێدێت؟ ئەوە پرسیارێکە دەبێت چاوەڕوان بین زەمەن وەڵامی بداتەوە. هەروەها بەجیهانیبوون چەندین ڕەهەندی هەیەو یەکلایەنە نییە، وەک ڕەهەندی ئابووری و زمان، زۆربەی بیرمەندان وایدەبینن بەجیهانیبوون لەبنەڕەتدا دیاردەیەکی ئابووریەو دواتر پەلدەکێشێت بۆ ناو ڕەههەندەکانی دیکە.

هەروەها ئامانجەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور، کە هەوڵدەدات ئەتەکێت و جۆری ژیان و بەرگ و بیرکردنەوەی گەلان یەکبخات، لەوەشدا ڕەهەندی ئابووری دەردەکەوێت، بۆ بەکاربردنی کاڵاکانی خۆیان لە جیهاندا. پاش ئەوە باسی تایبەتمەندییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوورمان کردو ئەم دیاردەیە کولتوورێکی کراوەیە بەسەر جیهانداو هەموو ئامرازەکانی کاریگەری لەژێر دەستدایە، وەک ئامرازی هێز و تەکنەلۆجیاو میدیاو بڕیاری نێودەوڵەتی، کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕی ئینتەرنێت و مۆبایل و. . ، کە ئامرازگەلێکن لایەنی بەهێز و باڵادەست بە ئارەزووی خۆی بەکاریاندێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانی. باسی دامەزراوەکانی بەجیهانیبوونمان کرد، ئاماژەمان بەوە کرد، ئەو دامەزراوانەی بەجیهانیبوونی کولتوور زۆرن، وەک دەزگاکانی گەیاندن و پەیوەندیکردن و میدیا، دوای ئەوانیش ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دێن، وەک بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی و کۆمپانیا فرەنەتەوەکان، لەسەروو هەمووشیانەوە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئەنجومەنی ئاسایش کرۆکی ئەو کۆمەڵەیەیەو لەوێوە سیاسەتی جیهانی دادەڕێژرێت و دەسەپێنرێت بەسەر وڵاتانی لاوازتردا.

لەم بەشەدا پوختەی ئەم بەشە بەمشێوەیە ڕێکدەخەینەوە لەم بەشەدا تیشکمان خستە سەر ناسنامە و ناسنامەی گەنج و تایبەتمەندی و ئەرک و سەرچاوەکانی ناسنامە، سەرەڕای گرنگی کولتوور لە بونیادنانی ناسنامەدا هەروەها باسی گەنجمان کردوە. لەپێناسەی ناسنامەدا چەندین پێناسەمان هێناوەتەوە، بۆ ئەوەی بە وردی لەم چەمکە تێبگەین، دواجار توێژەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ناسنامە بریتییە لە پێگە و ژیان و ڕێکەوتنی کۆمەڵە مرۆڤێک لەسەر کۆمەڵێک بیروباوەڕ و هزر و چەمک و دابونەریت، کە جۆری ژیانی ڕۆژانەیان ڕێکدەخات و دیسپلینی دەکات. ئەو ناسنامەیەش جیایاندەکاتەوە لە خەڵکانی دەوروبەریان و شانازی پێوەدەکەن. توێژەر پێناسەی گەنج دەکات و دەڵێت: ناسنامەی گەنج هەڵسوکەوت رەفتار و کولتووری و جۆری بڕیارەکان و کارو چالاکییەکانی تاک و کۆمەڵ گەنج دیاریدەکات، کە کولتوور و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکەی پێدەناسرێتەوە.

هەروەها ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کولتوور، زمان و بەهاکان و ئامرازە مادییەکانن، پێکهێنەری سەرەکی کولتوورن، بەجیهانیبوون دێت کاردەکات لەسەر گۆڕینی ئەم سێ ڕەگەزەی کولتوور، بەنموونە زمان دەکەوێتە ژێر کاریگەری زمانی ئینتەرنێت کە زمانی ئینگلیزییە، بۆیە دەبینین ناو گەنجاندا بەزۆری زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنرێت، یان بەلایەنی کەمەوە زۆربەی تێرمەکان بە ئینگلیزی

دەوترێنەوە، ئەوەش کاریگەریی دەبێت لەسەر شێواندنی زمان و لەئایندەدا بەهێواشی زمانی ئینگلیزی جێگەی زمانی دایک دەگرێتەوە.

بەهاکان بە یەکێک لە گرنگترین کۆڵەکەکانی ناسنامەو ناسنامەی کولتوور دادەنرێن، چونکە فرمانێکی بنەڕەتی ئەنجامدەدەن، ئەویش پاراستنی جێگیری کۆمەڵگەکان و کۆنترۆڵکردنیانە بەپێی ئەو پێوەرانەی کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەسەری ڕێککەوتون و دەرچوون لێیان بەجۆرێک لە لادانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. بەهاکانیش بەهەمان شێوە گۆڕانکارییان تێدا دەبێت، چونکە لەڕێگەی سەتەلایت و فیلمی ئەمەریکی و هۆلیوود و تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بەهاکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە و گەلانی ژێردەست و دواکەوتووش لەژێر هەژموونی ئەواندا دەبن. بەگشتی کۆمەڵگە دڵگراندەبن بە وە دابونەریت و بەها کۆنەکانیان وەلا بنێن و شەرمیش لەوە دەکەن پەیڕەوی نەریتە نوێیەکان بکەن. بەڵام هیچ کولتوورێکیش بوونی نییە کە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتبێت و ئەوەی هەیە ڕێژەی ئەم گۆڕانکارییانە جیاوازن و چوونیەک نین.

لەڕێگای ئەو پرۆسەیەوە چەند توخمێک یان کۆمەڵەیەکی کولتووریی لە کولتوور یان کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کولتوور، یان کۆمەڵگەیەکی تر دەگوازرێتەوە، وردە وردە لەناو کولتوورەکەی تردا وەردەگیرێت و دەبێتە هۆی ڕوودانی گۆرانکاری. بەشێوەیەکی گشتیش، تەواوی کولتوورێک پێشئەوەی بگۆڕێت و هەندێک لە توخمەکانی هەڵبژێردرێن، لەلایەن کۆمەڵگەیەکی ترەوە قبووڵناکرێت. کاتێک کولتوور تەشەنە دەکات، مەبەست لێی ئەوەیە کە دابونەریت، بیروباوەڕ، کەرەستە و ئامراز، تەکنیک و هونەر، چیرۆک و حیکایەتەکان، لەوانەیە لەناو میللەتێکەوە یان لەجێگەیەکەوە بۆ ناو میللەتێکی دیکە یان جێگایەکی تر بڵاوبێتەوە، بۆیە دەبینین زۆربەی بەهاو نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ئامرازە مادییەکانیش بەشێکی بنەڕەتین و کولتوور بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ بەرهەمیهێناون و دەتوانرێت لەڕێی هەستەکانەوە پەییان پێببرێت، لەبەرامبەریشدا ڕەگەزە مەعنەویەکان بریتین لە جۆرەکانی ڕەفتار و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و بەها دابونەریتەکان.

گەنج وەک پێکهاتەیەکی بنەڕەتی کۆمەڵگەو فاکتەری سەرەکی گۆڕینی کۆمەڵگەکان، بەتایبەتیش گەنجانی زانکۆ کە توێژی ڕۆشنبیرن، ئەوان لەیەک کاتدا کارتێکراون و کاریگەریشن، کارتێکراون بە هەموو ئەو شەپۆلە ڕۆشنبیری و کولتووریەی لەجیهاندا سەرهەڵدەدات، کاریگەریشن لەسەر گۆڕینی ئاراستەی کۆمەڵگەکانی خۆیان. لەڕووی بایۆلۆژی و سایکۆلۆژییەوە گەنج بەو توێژە دەوترێت کە پەیوەستە بە کولتوور کۆمەڵگەوە، واتە لە پێناسی سایکۆلۆژیدا بۆ گەنج هەردوو ڕەهەندی تەمەن و کولتوور ڕۆڵدەگێڕن. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە گەنج تەواو پەیوەست نییە بە تەمەنێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو لەم دیدەدا گەنج ئەو کەسەیە کە توانی گۆڕان و گۆڕینی هەبێت واتە بەهاو باوەڕی نوێ وەربگرێت و بشتوانێت گۆڕانکاری لەبەهاو باوەڕی کۆمەڵگەدا بکات.

لەهەمانکاتدا گەنجانی زانکۆ کێشەو گرفتی تایبەت بەخۆیشیان هەیە، وەک بێکاری، بەتایبەتی لەوەرزی هاویندا، هەروەها کێشەی دارایی، بەتایبەتی ئەو خوێندکارانەی لەدەرەوەی شارەکانی خۆیاندا

دەخوێنن و پێویستییان بە خەرجی زیاترو شوێنی مانەوە هەیە. کێشەی کۆمەڵایەتی گەنجانی زانکۆ لەوێدایە کە کۆمەڵگە گوێیان لێناگرێت و لەهەمانکاتیشدا ناتوانن بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت هەڵسوکەوت بکەن. ژینگەی تایبەتی زانکۆ کاریگەری زۆری هەیە لەسەریان، زانکۆ دەزگایەکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییە، لوتکەی دەزگای فێربوونە، بەپێی کۆمەڵێک ڕێساو یاسا دەبێت خوێندن تەواو بکەن و بروانامە بەدەستبێنن.

# بەشی سێیەم : کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج

باسی یەکەم : سیماکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەکۆمەڵگەی کوردیدا

باسی دووەم : جێکەوتەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور

باسی سێیەم : کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج

## باسی سێیەم:بەجیهانیبوونی کولتوور و کاریگەری لەسەر ناسنامەی گەنج

### یەکەم: سیماکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەکۆمەڵگەی کوردیدا

بەجیهانیبوون لەکوردستاندا چەندین ئاستەنگی لەخۆیدا هەڵگرتووەو کاریگەری هەبووە لەسەر توێژەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتی گەنجان، چونکە ئەو قۆناغەی تەمەن قۆناغی دروستبوونی کولتوور و کۆمەڵایەتییە، هەر لەم قۆناغەدا مرۆڤ دەتوانێت بیری تازە وەربگرێت و بیروباوەڕی نوێ و بەها و کاری نوێ پەیڕەوبکات. بەجیهانیبوونی کولتوور لەهەرێمی کوردستاندا، ئاماژەیەکە بۆ پرۆسەی کۆپیکردنی کولتوور بە دیدی ڕۆژئاوا بەتایبەتی لە پرسە کولتوورییەکاندا و بڵاوکردنەوەی ئەو کۆپییانە بەسەر جیهاندا، بۆ ئەوەی هەموو پەیڕەوییبکەن بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئایا یەک کولتوور دەشێت بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک پەیڕەوییبکرێت، یان زیانی دەبێت بۆ هەندێک کۆمەڵگە.

ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی سڕینەوەی تایبەتمەندی و دروستبوونی جیهانی بەجیهانیبوون و ئاوێتەبوونی تەواوی ئەویتر، مانشێتی میدیای ڕۆژئاوا کار لەسەر ئەم پرۆسەیە دەکەن و کۆپی کولتوور بەرهەمدێنن، بۆ ئەوەی قەناعەت بە خەڵک بکەن کە ئەوان پێشناکەون و سەردمییانە ناژین و شارستانی نابن، تەنها کاتێک نەبێت کە کولتوور خۆراوئایی کۆپی بکەن و لەهەموو شتێکدا لاسایی بکەنەوە. ئینتەرنێت سنوری نیشتمانە جیاوازەکان ناناسیت لەکوێدا پەیوەندی ئەلکترۆنی هەبوو ئەو لەوێدا ئامادەیە، لەم قۆناغەی دنیادا جارێکی تر دەچێتەوە بۆ گوند، بەڵام گوندێک شوێنی هەموو مرۆڤەکانی تیابێتەوە، گوندێک کە شەقامێکی لە نیۆرک و گەڕەکێکی لە ئەمستەردامەو کۆڵانیکی لە سلێمانییە (قانع، ٢٠١٢: ١٤).

لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و بەتایبەتی لەدوای ڕووخانی حکومەتی بەعسی عێراق، ئەم گۆڕانکارییانە خێراییەکی بەرچاویان بەخۆوەوە دەبینی، ئەمەش بەهۆی پەرەسەندنی شارنشینییەوە. هاتنی ژمارەیەکی بەرچاو کۆمپانیای بیانی، هاتنە ناوەوەی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی وەکو مۆبایل و ئینتەرنێت، کە شێوازی پەیوەندیکردنی تاکەکانیان لە ڕووبەڕووەوە گۆڕی بۆ ئۆنلاین، ئەمانەش کۆمەڵێک گۆڕانکارییان لە بەها و کولتوور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەدا دروستکرد. وردە وردە زێدەبوونی خێزانی بچووک و هەڵوەشانەوەی خێڵ و نەمانی پەیوەندی خیلایەتی و کەمبوونەوەی ڕۆڵی پەیوەندیی خزمایەتی و خوێن، لەبەرامبەر بەرژەوەندی مادیدا و بڵاوبوونەوەی بەها دیموکراتییەکان و دەرکەوتنی نیشانەکانی دروستبوونی بازاڕی کوردی (میران،٢٠١٠: ١٩). بەسەرنجدانەوەش لەو گۆڕانکارییانەی کە ئاماژەمان پێکردن، دەتوانین بڵێین دەیانەوێت بەها و دابونەریتە کۆنەکان بگۆڕن و بەها نوێیەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا باڵادەست بکەن. ئەم ڕێکخراوانە هەرچەندە خواستەکانیان لۆکاڵییە و تایبەتە بە کوردستان، بەڵام لەژێر کاریگەری فکری جیهانی و سەردەمی بەجیهانیبووندا کاردەکەن (میران. ٢٠٠٩: ٤٧).

مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت و بزوتنەوەی ژنان، چەند نموونەیەکی ئەو بزووتنەوانەن، کە بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوور و ئەم گۆڕانکارییانەوە سەریانهەڵداوە، چونکە هەڵوەشاندنەوەی خێزانی درێژکراوەتەوە بۆ پەرەسەندنی خێزانی بچوک و کارکردنی ژنان لە کەرتی گشتی و تایبەتدا و بۆتە هۆی گەشەکردنی بیر و خواستی یەکسانیخوازی لای ژنان، هەر ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی تایبەت بە مافی ژنان و جێندەر لەکوردستاندا سەرهەڵبدەن و هەوڵی گۆڕینی پاشماوەی بەهاکانی سیستەمی دەرەبەگایەتی بدەن و تەنانەت هەندێکجار بۆ بەرگری لەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر ژنان کراون، دەست بۆ خۆپیشاندان و کۆڕ و کۆبوونەوە دەبەن (أبو رياش،٢٠٠٦:٨٧).

زیاد لەوانەی باسکران، ئەو بەرنامە ڕاستەوخۆیانەی لەڕێی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە بڵاودەکرێنەوە، وەک بەرنامەی من جیاوازم و کوردئایدڵ و ستارئەکادیمی و پێشبڕکێی شاجوان و ئەوانیتر، بەشداربوون لە گۆڕینی دابونەریتدا، بەوەی کە بەرنامەی ڕۆژئاوایین بە ڕازاندنەوەی کورد. لەبەرئەوە کۆمەڵگەی کوردیش لەڕووی کولتووریەوە لەڕێگەی هۆکاری جۆراوجۆرە زەفەری پێبراوە، ئامانجیش لەمە بەتاڵکردنەوەی کۆمەڵگەیە لە ناسنامە و کولتوورە نیشتمانییەکەی. لە لایەکیترەوە، مۆدیل تەنها وەک هونەر و چێژ نەماوەتەوە، بەڵکو بووە بە وەبەرهێنان و پیشەسازی تەنانەت بۆ کچانی نمایشکار، چونکە کۆمپانیا زەبەلاحەکان دەستیان بەسەر جلوبەرگ و مۆدیلدا گرتووە، بەمەش مۆدیل بووە بە زۆرەملی نەوەک خۆویستی و ئەوەی لەگەڵیدا نەڕوا ئەوا بە دواکەوتوو ناودەبرێت، لەگەڵ ئەوەی مۆدیل تەنها لە جلوبەرگدا کۆنابیتەوە، قژبڕین و ماکیاجی جوانکاری و کەمالیاتی تریش لەخۆدەگرێت (ئەلسەید، ٢٠٠٧: ١٨٦). دەتوانین ئاماژە بەهەندێک لە بەجیهانیبوونی کولتوور لەهەرێمی کوردستان بکەین لەوانە:

١- گۆڕینی بەهاکان و شێوازی بەکاربردن لەڕێگەی جەختکردنەوە لەسەر مارکە بازرگانییە جیهانییەکان و بڵاوبوونەوەی شێوازی بەکاربردنی ڕۆژئاوا، ئەوەش هەڕەشەیەکە لەسەر کولتوور و ناسنامەی نەتەوەکەمان، بەتایبەتی دوای ئەوەی نەوەکانمان و گەنجانمان دوای خۆمان بەتەواوەتی لەگەڵ ئەوکولتوورەدا تێکەڵدەبن کە هاوردەکراوە و هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتووەتەوە.

٢- پاشەکشەی بەردەوامی زمانی کوردی لە هەموو بوارەکاندا لەبەردەم زمانی بیانیدا و زاڵبوونی زمانی بیانی بەسەر زمانی خۆماڵیدا. ئێستا زمانی ئینگلیزی بووەتە زمانی ڕەسمی لەکوردستاندا و قوتابخانەی تایبەت هەیە کە تەنها بەزمانی ئینگلیزی وانە دەڵێنەوە، سەرباری بەکارهێنانی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن و لە بەشەکانی خوێندنا و هەروەها وەک زمانی گفتوگۆی ڕۆژانەدا (میران، ٢٠٠٩: ٧١).

٣- پاشەکشەی بەردەوامی میدیای کوردی لەبەردەم بڵاوبوونەوەی میدیای ڕۆژئاوا و کەمتەرخەمی کورد لە پاراستنی کولتوور خۆیدا. زاڵکردنی بەهاکانی ڕۆژئاوا و جۆری ژیانیان و کردنەوەی قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ بیانی و ڕۆژئاواییەکان.

٤- بڵاوبوونەوەی دیاردەی توندوتیژی و سێکس و بەدڕەووشتی لە هۆکانی ڕاگەیاندن و سینەما و کەناڵە ئاسمانییەکان و لەسەر هیڵی ئینتەرنێت، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەهاکان لەهەندێک لە کۆمەڵگە پارێزگارەکاندا بەتایبەت لە کۆمەڵگە کوردیدا.

٥- بە شێوازکردنی بەهاکان و وەکیەک خستن بۆ هەموو مرۆڤەکان لە خواردن و خواردنەوە و لەبەرکردن و پەیوەندییە خێزانییەکان و نێوان دوو ڕەگەزەکە، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی بەهای بەکاربردنی سەرمایەداری.

٦-بەجیهانبوونی کولتوور هەوڵدەدات کولتوورێکی جیهانی بەرهەمبێنێت، ئەم کولتووورە بایەخ دەدات بە یەکخستنی بەهاکان سەبارەت بە خێزان و ژن و گرنگیدان بە بابەتی جێندەر و گۆڕینی ڕۆڵی و پێگەی ژن، واتە یەکخستنی بێسنوری کولتوور، میکانیزمی ئەم کارانەش دەزگاکانی ڕاگەیاندنن. گواستنەوە لە حاڵەتی خێزانی یەکگرتووەوە بۆ خێزانی لەبەریەک هەڵوەشاو، گواستنەوە لەشێوازی ماڵی تەقلیدییەوە بۆ ماڵی هاوچەرخ.

## دەستەبژێری گەنجی بەجیهانیبوو

دەستەبژێری گەنجی بە جیهانیبوو، توێژێکن لە سەرپەرشتان و بەڕێوەبەران لە ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا، کە بەشێوەیەکی گەورە پشت بە هاوکاری دەرەکی دەبەستن لە چالاکیەکانیاندا بەتایبەت ڕۆژئاوا، ئەوانەش لە گەنجەکانی چینی ناوەندن کە بەڕێوەبردنی بڕیارە سیاسییەکان و ئاراستەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەبەن بەڕێوە. ئەوانیش دەستەبژێرێکی ناسراون، بە مانای ئەوەی ئەو وتارانە بەکاردەهێنن کە لەو دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەوە سەرچاوەیان گرتووە کە هاوکاری چالاکی ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان دەکەن، لەگەڵ ئەوەی پێکهاتووە لەو چالاکانەی کە ڕاهێنراوی کارگێڕی پیشەیین، ئەم توێژەش پێکهاتوون لەوانەی بەزمانی ئینگلیزی قسەدەکەن و دەتوانن ڕاپۆرتی خولی بۆ بەخشەرەکان بنووسن، لەبەر گرنگی هاوکاری دارایی ساڵانە یان خولی مانگانە (المحروقي، ٢٠٠٤: ١٣٧). ئەم دەستەبژێرە ڕەوایەتییان لەڕێی پەیوەندییە جیهانییەکانەوە بەدەستدەهێنن، ئەوان بەتەواوەتی زانیاری وردیان هەیە سەبارەت بە ئەجێندا جیهانییەکان، لەو پانتاییەدا دەجوڵێن کە ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییە بەخشەرەکان بۆیان کێشاون. دەستەبژێرە بەجیهانیبووەکە گروپێکن لە دەرچووی زانکۆکان، هەندێکیان لە چالاکانی سیاسین، لەگەڵ ئەوەشدا توانای دارایی و کارگێڕییان هەیە و توانای گفتوگۆکردنیان بە ئینگلیزی هەیە و مەیلیان بۆ وەرگرتنی کولتووری ڕۆژئاوایی هەیە (اسحاق، ٢٠٠٥:١٦٣).

ئەم دەستەبژێرە بەجیهانیبووە لەژێر سێبەری زیادکردنی هاوکارییە پێشکەشکراوەکاندان لەلایەن حکومەت و هەماهەنگەکانەوە، کە بووەتە هۆی دروستبوونی هەرەمێکی نوێ لەنێو ڕێکخراوەکاندا، بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە بەخشەرەکان دەیسەپێنن، بووەتە هۆی بەرپابوونی توندی لەنێو ڕێکخراوەکاندا بۆ وەرگرتنی هاوکاری.

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی ئەمەریکییەکان، گرنگییاندا بە واژۆکردن لەسەر بەڵێننامەی وەرگرتنی هاوکاری، لەبەرئەوە زۆرێک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئامادەن بە نوێنەرایەتی بەڕێوەبەر و کارمەندانیان لەسەر واژۆکردن لەسەر بەڵێننامەکە (الكواري ، ٢٠١٣: ١٤١). گۆڕانکاری لە کولتوور و هەڵسوکەوتی ئەو دەستەبژێرەی گەنجەکاندا ڕوودەدات کە کاریگەرن بە ڕۆژئاوا بەرامبەر بە بڵاوکردنەوەی بەهاو کولتووری دوور لە بەهاو کولتووری وڵاتی خۆیان، ئەویش بەدڵنیاییەوە بەها و کولتووری بەخشەری دەرەکییە کە لە کۆتاییدا بە بەرژەوەندی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان کۆتایی دێت، بەتایبەت لەبواری کولتووری بەکاربردندا بۆ گەرەنتی هەڵسوڕانی داینەمۆی پیشەسازی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان، بەهەمانشێوە بۆ بەها ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەندی بە دیموکراتی و مافی مرۆڤ و پێگەی ئافرەتەوە هەیە (السحمراني،٢٠٠٠: ١٤٧).

گەنجی بەجیهانیبوو لەسەر ئەو ڕۆشنبیرە کوردانە جێبەجێ دەبێت کە لە زانکۆکان یان لە کەرتی حکومی و تایبەتدا کاردەکەن، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە، ڕۆشنبیرە خوێندەوارەکان کاریان تێکراوە و کاریگەرن بە بەجیهانیبوونی سەردەمی نوێ. ئەوان هەڵدەستن بە پیشکەشکردنی زانیاری لەسەر کولتوور و ناسنامەی کۆمەڵگە و نیشتمانەکەیان، لەبەرئەوەی ئەوان باشتر زانان بە کۆمەڵگەکەیان و دەتوانن هەستن بە توێژینەوە لەڕێگەی خول و سیمیناری تەکنیکی و وانەبێژییەوە، بۆ بەدەستهێنانی دوو ئامانج:

یەکەمیان، دووبارە بنیادنانەوەی بیری ڕۆشنبیری کوردی کە گونجاوبێت لەگەڵ کولتوور و ناسنامەی کۆمەڵگە و نیشتمانیان.

دووەم پێشکەشکردنی زانیاری زۆر بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، بۆ ئەوەی زیاتر بتوانن هەستن بە داڕشتنەوە و دانانی ڕامیارییەکان، کە زیاتر بە توانایان دەکات و ڕاهێنانی کاریگەری هەیە لەسەر کۆمەڵگە، بەمەش ڕۆشنبیری بوو بە هۆکارێک لە هۆکارەکانی بڕینی کولتوور و هاوکارە بۆ داڕشتنەوەی کولتوورێکی نوێ کە لەسەر بنەمای فیکرێکی هاوسۆز بۆ ڕۆژئاوا دانرابێت.

هەروەک دیارە زانکۆ بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی و بنەڕەتی لە کۆڵەکەکانی بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەردەمییانەی کراوە دەزانرێت، کە لەسەر بنەمای بیری پێشکەوتوو و فێرکردن دادەمەزرێ و لەیەک کاتدا چەندین مەودای گەورە و مەترسیدار لەخۆ دەگرێت، لەبەرئەوەی کرداری فێربوون چەندین مەودای کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی هەیە، بەدەر لەوەی کردارێکی بەردەوامە و پەیوەست نییە بە شوێن و زەمەن و نەوەیەکی دیاریکراوەوە (ربيعة، ٢٠١٧: ٢١٨). بەجیهانیبوون کاریگەری لەسەر پرۆگرامی خوێندنی باڵا دروستکردووە، گرنگترین ئەو کاریگەرییانە دەکرێت بەتایبەتی لەڕووی پەروەردەییەوە بن. لەسەردەمی نوێدا و بەتایبەتی لە ساتەوەختی دروستبوونی کولتوورێکی جیهانیدا، بەگشتی پرۆسەی پەروەردەکردن و ئامرازەکانی و شێوازەکەشی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بەو هۆکارەی پەروەردەکردن بووەتە پەروەردەیەکی فەرمی و گرنگییەکی زۆر بە زانست و زانیاری دەدرێت و دەزگای وەکو دایەنگا و باخچەی ساوایان و قوتابخانە یان زانکۆکان ئەنجامیدەدەن، بەپێچەوانەی

پەروەردەی پێشوو و بەتایبەتی کۆمەڵگەی سەرەتاییەوە، کە نافەرمی بووە و خێزانەکان و کۆمەڵگە بەگشتی ئەو ئەرکەیان لەئەستۆدا بووە (ئەلسەید، ٢٠٠٧: ٦٢).

هەروەها لە دونیای بە جیهانیبوندا کار لەسەر بە دیموکراتیبوون کراوە، مەبەست لە بەدیموکراتیبوون گۆڕانی دەوڵەتانی دنیایە بۆ دیموکراتی، بەتایبەت دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان، ئەم دەوڵەتانە کاریانکردووە بۆ بەجیهانیبوونی گەنجەکان و بیروبۆچوونیان و کولتوورە دیموکراتییەکەیان، لەڕێی هۆکارە ڕاگەیاندنە جیاجیاکان و ئینتەرنێت و ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە، بەڵام بە دوو ئاراستەی جیاواز (وطفة، ٢٠١٠: ٢٦١) :

یەکەم: گشتاندنی نموونەی دیموکراتی ڕووکەش لەهەموو جیهاندا، بەجۆرێک ناتوانریت گەشە بەجیهانیبوون بدریت بەبی کرانەوەی بازاڕ و سیستەمی ڕامیاری بەیەکەوە.

دووەم: کەڵەکەبوونی جیاوازی بارودۆخی ژیانی دارایی و زانیاری لەنێوان تاکەکان و گروپەکاندا بەیەکەوە، لە ئەنجامی ئەم دوو ئاراستەیەدا پاشەکشە لە بەرەو دیموکراتیبوونی ڕووکەشی بۆ دیموکراتی ڕاستەقینەدا ڕوودەدات، پاڵپشت بەوەی پێشوو، بە جهیانیبوون بەشداربوو لە بڵاوکردنەوەی دیموکراتی بە بەجیهانیبوون لەسەرجەم جیهاندا، بەتایبەت دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان، دیموکراتی بەجیهانگیربوون سەرجەم وڵاتانی دنیا دەبرێت، لەڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دەستەبژێری ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە.

بەڵام لەسەر ئاستی کوردستان دیموکراسیەت بە ڕووکەش دادەنرێت، کە هۆکارەکانی بەجیهانیبوونی کولتووری وەک هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ئینتەرنێت و هەروەها دەستەبژێرە بەجیهانیبووەکە، بەشداربوون لە بڵاوکردنەوەی دیموکراتی بەرجەستە و زۆرینەی جەماوەری کوردستان هەڵگری ئاراستەی دیموکراتی بەرجەستەن، کە خۆی لە پشتگیریکردنی ژمارەیەک لە بنەما و بەهای دیموکراتیدا دەبینێتەوە، وەک: ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ڕۆژنامەگەری، پەرلەمانی هەڵبژێردراو و هەڵبژاردنی خولی و هەڵگری دیموکراتی ڕاستەقینەیە، کە خۆی لە بەرهەڵستکاری بەرامبەر دەسەڵاتدا دەبینێتەوە بۆ کاری نادیموکراتی. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کولتووری ڕامیاری نزیکترە لە دیموکراتی زیاتر بۆ نادیموکراتی، ئەمەش کولتوورێکی شێوە دیموکراتییە.

یەکێک لە بابەتە گرنگەکان کە پێویست بخرێتە ڕوو پرۆگرمەکانی خوێندنی باڵایە، پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەزۆربەی قۆناغە مێژووییەکان و کۆمەڵگەکاندا گرنگییەکی زۆری هەبووە و بایەخێکی زۆری پێدراوە، هەموو کۆمەڵگەیەک یان کولتوورێک ڕێگایەکی تایبەتی پەروەردەکردن و پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنی هەیە، ئەوەش هۆکارێکە بۆ گواستنەوە و پارێزگاریکردن لە کولتوور کۆمەڵگە و دروستکردنی کەسێتی و شێوازی هەڵسوکەوتکردنی ئەندامانی کۆمەڵگە لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا. کۆمەڵگەی کوردیش هەر لەسەرەتاوە جۆرێک لە پەروەردەی هەبووە، کە جیایکردۆتەوە

لە کۆمەڵگە و کولتوورەکانی تر و ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و جوگرافی ئەو سەردەمانە بووە کە تیایدا دروستبووە.

لەئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا، بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە پەیوەندییەکانی نەوەی نوێ بە جیهانی دەرەوەی خێزان لەڕێگای تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردن و ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زۆر فراوان بووە، بەو جۆرە منداڵ و گەنج بەردەوام زانیاری نوێ وەردەگرن و کەسانێکی نوێ دەناسن، تەنانەت بێ ئەوەی بەریەککەوتنیان هەبێت و بیانبینن، ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی دایکوباوک و خێزانەکان نەتوانن بەو جۆرە منداڵەکانیان پەروەردە بکەن، کە تەنها خۆیان و کولتوور کوردی مەبەستێتی، هەربۆیە ئەستەمە پەروەردەکاران بیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو و تەنها لەسەر بنەمای زانیارییەکانی خۆیان و کولتوورەکەیان منداڵەکانیان پەروەردە بکەن و فێری دەمارگیرییان بکەن.

## <u>بە ڕۆژئاوا بوون و کاریگەری لەسەر گەنج</u>

بە ڕۆژئاوایی بوون بریتییە لە باڵادەستی ئاراستەی ڕۆژئاوا، یان پەنابردن بۆ (ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا)،لەلایەکی ترەوەدەناسێنرێت بەخواستن یان بەڕۆژئاوایی بوون، بەمانای دروستکردنی کەلێنێک لەنێوان مرۆڤ و چواردەوریدا، کاتێک خودەپێچرێتەوە بە هەستی نامۆبوون و بیرکردن وهەڵکەندران و دابڕان و پەیوەست نەبوون (نعیمي،٢٠١٧: ٢٠٥). لەژێر سێبەری بەجیهانیبووندا کە هەوڵدەدات جیهان وەک لادێیەکی بچووک لێبکات، بەهۆی پێشکەوتنی کەرتی پەیوەندیکردن و تەکنیکی نوێوە، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتییەکان و بەتایبەتی کوردستان، لەڕووداوەکانی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا دەژی، وەک ئەوەی کە لەکۆمەڵگەکەی خۆیدا ڕوودەدات، لەڕێی هۆکار و تەکنیکی بەجیهانیبوونی کولتووری وەک کەناڵە ئاسمانییەکان و ئینتەرنێت و مۆبایل و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەستەبژێرانی بەجیهانیبوون ڕامیاری و دەستوەردان لە پرۆگرامی خوێندن لەسەر ئاستی خوێندنگەکان و زانکۆکان، کە ئامانجی داگیرکردنی کۆمەڵگەکانە لەڕووی کولتووریەوە، لە ڕێگەی بە ڕۆژئاواکردنی تاکەکان لە دابونەریتەکانیان و کۆنباوەکان و بەهاکانیان و هەڵسوکەوتیان (پەروەردەیان)، هەروەها دەرهێنانیان لە دەروونی خاوەنەکانیان (عباس، ٢٠١٦: ١٩٠).

بەڕۆژئاواکردن ئەو گۆڕانەیە کە لەکۆمەڵگەیەکی نارۆژئاواییدا ڕوودەدات، لەزۆربەی بوارە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و. . . تد، لەژێر کاریگەری هۆکار و تەکنیکەکانی بەجیهانیبوونی کولتووریدا، کە کاریگەر دەبێت پێی یان کۆمەڵگەی پێدابەشدەبێت. لەسایەی بە ڕۆژئاواکردنی تاک لە دابونەریت و بەهاکانیدا، کەلێنێک لەنێوان کەسی بە ڕۆژئاوابوو لەگەڵ چواردەورەکەیدا درووستدەبێت و بەڕۆژئاوابوون ڕوودەدات. بەهاو نەریتی ڕۆژئاوایی بڵاوبوونەوەیەکی بەرفراوانی هەیە بۆ بەهاو نەریتە ڕۆژئاواییەکانی سەرمایەداری و سەربەستی، کە لەسەر بنەمای مادی و دامەزراوە، وەک:

خۆپەرستی، کولتووری بەکاربردن، توندوتیژی، تاوان، ماددەی هۆشبەر، بەدڕەووشتی و پەیوەندییە ڕەگەزییە ناشەرعییەکان (محەمەدی، ٢٠٠٧: ٩٨-٩٩).

بەڵام لەسەر ئاستی کوردستان، ئەوەی کەباسکرا لە هۆکار و کەرەستە و تەکنیکەکانی بەجیهانیبوونی کولتووری و کاریگەرییەکانی لەسەر زمان و کولتوور و شێوازی ژیانی کۆمەڵگەکەی و ناسنامەی کورد بۆ بارێکی ڕۆژئاوا، بەشێوەیەک کە هاونیشتمانی لەمێژوو و چواردەوری و بەهاکانی و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی، لەباشترین بارودۆخیدا بگۆڕێت بۆ تەنها بەکاربەرێکی شتومەک و چەمکە ڕۆژئاوابووەکان، لەژێر پشتیوانی و پاڵپشتی ڕۆژئاواییەکاندا بۆ دەسەڵات و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، هەوڵیش دەدات بۆ دۆزینەوەی ئەوەی پێیدەوترێت کوردێکی ڕۆشنبیر، بە دووربوونێکی تەواو لە بەها و نەریت و ناسنامە و خەمەکانی گەلەکەی و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان. بەجۆرێک لەجۆرەکان، کاریگەری بەڕۆژئاوابوون بەڕوونی لە جلوبەرگ و شێوازی پەیوەندیکردن و لە دەرکەوتەکانی بەڕۆژئاوابوونی گەنج، کە بریتییە لە بڵاوبوونەوەی بنەما و بەهای سەربەستی و سەرمایەداری وەک کولتووری بەکاربردن و ماددی بوون و دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ و ئافرەت و هیتر، لەژێر سێبەری ئامادەنەبوونی بەرژەوەندی و بۆ پاراستنی ناسنامەی نیشتمانی، ناسنامەی خۆی، هەروەها ئامادەنەبوونی بابەتەکانی تایبەت بەگەنجان و خەمەکانیان، وەک بێکاری و گرنگینەدان بە گەنج و نەهێشتنی خەونەکانیان، یان توندڕەوی و گۆشەگیری و لاوازی پابەندبوون و دڵسۆزی بۆ نیشتمان ناسنامەی خۆیان.

## نامۆبوونی گەنجی زانکۆ و بە جیهانیبوون

یەکێکە لەگرنگترین ئەو کێشانەی بەرەورووی گەنجان دەبێتەوە، بەتایبەتی لە پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان و لەگەڵ خەڵکی تریشدا، جا لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بێت، یان دەروونی، یاخود سیاسی بێت. نامۆبوون بەگوێرەی ئەو کایانەی تێیدا چالاکە، چەندین مانای هەیە، وەک هەستکردن بە ئینتیما یان بێئینتیمایی و بێزاربوون لەژیان، هەستکردن بەدەستەوسانی و نەتوانینی بەرەنگاربونەوەی واقیع و داهاتوو، نەگونجاندن لەگەڵ خود و خەڵکیشدا. لەلایەنی تیۆرییەوە، نامۆبوون وەک داڕشتەنەوەیەک بۆ بێبەهابوونی مرۆڤ باسدەکات، پێیوایە نامۆبوون واتە بێئرخکردنی مرۆڤ وەک دەرەرەنجامی چەندین فاکتەری پەیوەست بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆجی سەردەم (ابو شعیرة، ٢٠١٤:١٩٦). ئامرازەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور، وەک مۆبایل و ئینتەرنێت و کەناڵە ئاسمانیەکان و کۆچکردن ، وادەکەن گەنجان توشی شڵەژان ببن سەبارەت بە چۆنێتیی پێشبینیکردنی داهاتوو، ئەوەش گەنجان تووشی دڵەراوکێ و بێزاری دەکات، ئەم هەموو دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەش دەتوانێت دیاردەی ڕەتکردنەوەی یاخیوونی گەنجان ڕوونبکاتەوە بۆمان، بەهۆیەوە گەنجان لەژیانی کۆمەڵایەتی دەکشێنەوە و دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان لای گەنجان و پەڕاوێزبوون و هەستکردن بە دابڕان لە ئامانجە کولتووریەکانی کۆمەڵگە.

پێویستە هەڵوەستەیەک بکەین لەسەر ئەو هۆیانەی وادەکەن گەنجان ئەو هەڵسوکەتانە بنوێنن لەحاڵەتی نامۆبووندا، (سالم، ٢٠١٧: ١٧٢)، دەتوانین ئەو هۆکارانەش دابەش بکەین بەسەر هۆکاری ناوەکی و دەرەکیدا: (عباس، ٢٠١٦: ١٢٩)

**أ- هۆکارە ناوەکییەکان:**

١- شڵەژان لەناسنامەدا: کە لەسەرەتای هەرزەکاریدا سەرهەڵدەدات و دەبێتە هۆی نامۆبوونی خود، چەند هۆکارێکی هەیە، وەک لاوازی و نەبوونی جێگیری مادی و مەعنەوی لەو ژینگەیەدا کە گەنج تێیدا دەژی، ئاماژەکانی ئەم نامۆبونەش وەک: ناکۆکی بەردەوام و توندی خێزانی، هەرزەکار کاتێک تووشی توندوتیژی دەبێت، ئیدی هەست بە ڕێزی خۆی و کۆمەڵگەکەی ناکات.

٢- ناکۆکی نێوان توانای بەردەست و خولیا: گەنج لەو قۆناغەدا لە مامەڵەکردن لەگەڵ تواناکانی بەردەستدا بە قورسی و کزیی بەها ئەخلاقییە باوەکانی ناو کۆمەڵگە و نەبوونی کەسی پێشەنگ کە بتوانێت ڕێنمایی گەنج بکات بۆ هەڵسەنگاندنی خولیا و تواناکانی. سەرەڕای نەبوونی ئارامیی دەروونی گەنجان و هەستنەکردن بە ئاسایش لەلایەکی تریشەوە گەنجان خۆیان ناتوان بەجوانی لەو پێوەرانە تێبگەن کە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ڕێکدەخەن.

ب- هۆکارە دەرەکییەکان:

١- زاڵبوونی باوکان و دەستوەردانیان لەژیانی گەنجدا، لەڕوانگەی گەورەیی و بەرپرسیارێتییەوە، گەنجەکە وەک منداڵێک سەیردەکەن کە پێویستی بە ڕێنماییکردن و ئامۆژگاری هەبێت، ئەم حاڵەتەش ڕێگردەبێت لەبەردەم پێگەیشتنی گەنج و مامەڵکردنی لەگەڵ واقیعدا. ناکۆکیی نێوان گەنج و ئەو ڕووداوە خێرایانەی ڕوودەدەن، ئەویش بەهۆی کەمی ئەزموونیەوە بۆ قبوڵکردنی بەهاکان و ڕەفتار و نەریتەکانی تایبەت بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بەردەوام و یەکدوای یەک.

٢- ترس لە ئایندە و دامەزراندن و کارکردن: نەبوونی جێگرەوەیەک بۆ وەبەرهێنان و پڕکردنەوەی کاتەکانی بێئیشی. جیاکاری لەنێوان نێر و مێ یان لەنێوان گەورەو بچوکدا، ئەوەش ڕێگردەبێت لە خۆگونجاندن لەناو کۆمەڵگەدا. ناکۆکی نێوان دامەزراوە زانستییەکان، کە گەنجان بەشێک دەبن لەو ناکۆکییە یان دەبنە قوربانی ئەو ناکۆکییانە، ئەوەش زیاتر تووشی نامۆبوونیان دەکات.

٣- ڕەتکردنەوەی هەمووشتێک وەک دیاردەیەکی پەیوەست بە گەنجێتییەوە، بەڵام ئەم دیاردەیە بەهۆی گۆڕانکارییە خێراکانەوە لەهەموو کاتەکاندا زەقتر و توندتر دەبێت، کاتێک تاک هەستناکات بەوەی کۆمەکێکی ئیجابی دەکرێت لەلایەن ئەو گروپەی ئینتیمای بۆیان هەیە. کاتێک گەنج هەستدەکات کاریگەری نیە لەسەر هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان.

تەکنیکی ئینتەرنێت لەڕووی ئەوەی لە پێگەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دابینیکردووە لەڕێی جیهانی گریمانەییەوە، بەشدارە لە زیادکردنی ڕێژەی نامۆبوون لەلای گەنجانی کورد بەژیانی ڕاستەقینەیان و ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، کاتێک کەسەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستییەکانی

ڕۆژانە، ڕووبەڕووی ژیانی تالی ڕۆژانە دەبێتەوە و خۆی لە بێکاری و نەبوونی و بوونی کاتی بەتاڵ و بەربەستەکان و ڕێگە پێچاوپێچەکانی ژیاندا دەبینێتەوە.

## **قەیرانی ناسنامە لای گەنجان**

گەنجێتی قۆناغێکە کە مرۆڤ تێیدا بە هۆشیاریەوە بەگوێرەی ڕێساکانی پێگەیشتن لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ژیان دەکات لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ ئەویتر دەگۆڕێت ئەویش بەگوێرە کولتوور باوی کۆمەڵگە. قۆناغی گەنجێتی لە نیوان ١٥-٣٠ ساڵی، کەلەو ماوەیەدا گەنج بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری جەستەیی و ئەقڵی دەروونی کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕێت و هەریەکیکیان توانایەکی جیاوازیان هەیە لەگەشەکردندا توانای داهێنان و فێربوو و بەرهەمهێنان و ویستی گۆڕانکاریشیان لەیەکێکەوە بۆ ئەویتر دەگۆڕێت S. Miles. 2015:14)). جیهانی ئەمڕۆ وەک جاران نییە، بەتایبەت دوای شۆڕشی زانیاری و تەکنەلۆجیا و ئەو چەمکە نوێیانەی بەهەرشێوەیەک بێت کاریگەرییان هەبووە لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی لای گەنجان. ئەوان زۆر بە پەرۆشەوە ئەو ئامرازانە بەکاردێنن، بێئەوەی هیچ هۆشیارییەکیان لەبارەیەوە هەبێت، یان هیچ پێوەرێکیان هەبێت بۆ چۆنێتی بەکارهێنان و جیاکردنەوەی لایەنی باش و خراپی تەکنەلۆجیا، قەیرانیش ساتی تێکچوونی هاوسەنگییە لەسەر ئاستی ناسنامە بەڵکو تەنانەت لەسەر ئاستەکانی تریش، وەک ڕەفتار و بەهاکان( Nilan . 2006: ٢٣).

گەنجانی ئەم سەردەمە لەبەردەم چەندین کارتێکەری هەمەجۆردان، کە بەچەندین مەبەستەوە ئاراستەیان دەکرێت، ئەو ئامانج و مەبەستانە زۆربەیان دژ بەیەکترن، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی هاوچەرخ خاوەنی چەندین دەزگای جۆراو جۆرن و شێوازی ژیانیشیان هەمەجۆرە، بۆیە گەنجی سەردەم خۆی لەبەردەم چەندین ڕەوشی جیاوازدا دەبینێتەوە، ئایا لە سیستەمی ئابووریدا بێت، یان لە سیستەمی پەروەردەدا، یاخود سیستەمی سیاسی، کولتووری و ڕۆشنبیری و میدیا. . تردا (علاونة، ٢٠١٧: ٢٦١).

ئەم ڕەوشە گەنجی تووشی جۆرێک لە قەیرانی ئابووری و بەهایی کردووە، کە دەبێتە هەڕەشەش لەسەر کۆمەڵگە و هەوڵەکانی گەشەپێدانی گەنجان هەڵدەوشێنێتەوە. لای گەنجان بەتایبەتی و لەنێویشیاندا خوێندکارانی زانکۆ، پێویست و گرنگن بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی پیشکەوتوو و ئارام، لەبەرئەوەی خوێندکارانی زانکۆ توێژێکی گەنج و ئایندەی کۆمەڵگەن و ئەوانن لە داهاتوودا کاروباری دامەزراوەکانی کۆمەڵگە بەڕێوەدەبەن و نەوەی دوای خۆیان پێدەگەیەنن (عبدلي، ٢٠١١: ١٩٦). ناسنامە لەڕێکردنێکی بەردەوامدایە، هەندێک قۆناغیشی تێدایە ئارام و بەردەوام بووە، دابڕانیشی تێدا دەبێت. لێرەدا گەنج خۆی لە دووڕیانێکدا دەبینێتەوە و قەیرانەکە بەتەواوەتی لەبەردەمیدا دەردەکەوێت، لەکاتی گواستنەوە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیتر، دەکەوێتە نێوان دژبەیەکییەکی گەورەوە، لەهەمان کاتیشدا سوود لە تەکنەلۆجیا دەبینێت. ئەم تەکنەلۆجیایە کاریکردووەتە سەر بڵاوکردنەوەی بەهاکانی بەکاربردنی خۆراکی و سەپاندنی نموونەی کولتوور ڕۆژئاوا و قوڵکردنەوەی بەهاکانی ملنان و لەناوبردنی هەمەجۆر لەکۆمەڵگەدا، ئەوەش لەلایەن ئیمپراتۆری میدیای جیهانییەوە کاری لەسەر

دەکرێت، بەتایبەت ئامرازەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور، کە بەهۆیانەوە کاردەکەنە سەر کولتوور و ناسنامەی گەنج، لەڕێگەی بەها و زمان و سیوازی ژیان ، بەتایبەت مۆدێلی جیهانی ئەوروپا و شێوازی ژیانیان و جۆری خواردنیان و پۆشاک و هونەر و زۆر شتی تریش. (العكايشي، ٢٠٠٣: ١٣٦)

چەمکی قەیران دژیەکی گەورەی تێدایە لەنێوان دوو شت یان زیاتردا، ئەو دژیەکییەش ململانێیەکی توند لەخۆدەگرێت، لەسەر ئاستی ئەخلاقیش ئەم ململانێیە کاتێک دەردەکەوێت کە کەسێک لەنێوان دوو ئەرکی هاوشێوەدا لەڕووی گرنگییەوە سەری لێتێکدەچێت، وەک ململانێ لەنێوان بەگوێکردنی دایکوباوکێکی ناکۆکدا. (رعد، ٢٠٠٦: ٦٤). قەیرانی ناسنامە لای گەنجان و ڕەنگدانەوەی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەون: (كنعان، ٢٠٠٨: ١٦١)

١- هێرشی کولتوور: بەکاربردنی مادی و زاڵبوونی لۆجیکی قازانجی خێراو هەڵکشانی ڕەمەکی تاکگەرایی، لەبەرامبەریشدا داکشانی ڕۆڵی ئەخلاق و داڕمانی بەهاکان بەهۆی دەستکەوتە زانستییە گەورەکانەوە.

٢- هەستکردن بەنامۆیی تاک بەهۆی ئەو هەموو گۆڕانکارییە گەورەیەی مەدەنیەتی خۆرئاوا بەخۆوەی دەبینێت: کە بەهۆیەوە هەستدەکات هیچ توانایەکی نەماوە لەدنیادا، دوای ئەوەی هیچ بایەخێکی لە جیهانی نوێدا نەماوە.

٣- ئەم هەستە وایکردووە مرۆڤ ڕۆڵی نەمێنێت و هەست بە بەهای خۆی نەکات و ڕێبازی گومانگەرایی زاڵ بێت بەسەر حەقیقەتی ڕەها و یەقیندا و باوەڕ بە ڕێژەییبوونی شتەکان زاڵ بێت.

٤- پاشەکشەی ڕۆڵی ئاین و پێشکەوتنی بایۆلۆجیەوە، وایکردووە مرۆڤ جەستەی خۆی پیرۆز بکات.

دەشێت بڵێین، سادەترین بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە تەنها ئەوە نییە کە هیچ شتێک لە کولتوور باوو باپیران نازانن، بەڵکو دەبینی زۆر حەزیان لەهەندێک گۆرانی و ڕۆشنبیرییەکی سادەی هاوچەرخە . ئەم ڕەوشە ڕاماندەکێشێت بۆ ئەو حاڵەتەی ناسنامە. ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر گەنجاندا دێن، دەیگێڕنەوە بۆ کۆمەڵێک میکانیزم، کە بەهەموویان هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی بەجیهانیبوون پێکدێنن، ئەوانەش وەک تەکنەلۆجیای زۆر پێشکەوتوو و زۆر ورد، کەناڵە ئاسمانییەکان، ئینتەرنێت، کۆچکردن، بازاڕەکان، بەڵام خۆ مەترسی لە کرانەوەی ئەقڵمەندیدا نییە بەسەر کولتوور بەرامبەردا، بەڵکو مەترسییەکە لەوەدایە بەتەواوەتی کاریگەری ئەو کولتوورە هێند سەرنجت ڕابکێشێت کە لە کولتوور خۆت بەباشتری بزانیت.

بەو شێوەیە ئەو کەسانە لەکەسانی دڵبەند بەو کولتوورە بینایەوە دەبنە میکانیزمێک بۆ داگیرکردنی کولتوور، بەشێوەیەک تایبەتمەندی کولتوور خۆماڵی تێکبدات و هەڕەشەی تواندنەوەی لێبکات، کولتوورێکی نوێ دەروستدەکات لەناو کولتوور کۆمەڵایەتیدا لەیەک کۆمەڵگەدا، ئەوەش بەهۆی لاوازی هارمۆنیکی کولتوور گەنجان و کولتوور کۆمەڵگەوە ڕوودەدات، بێگومان ئەمەش گرنگترین ئامانجی بەجیهانیبوونە، کە دەیەوێت لە ئایندەدا ڕەفتارەکانی مرۆڤ بە ویستی خۆی پێکبێنێت و دابونەریتەکانی بگۆڕێت، ئەوەش ئێستا لە ناسنامە و کولتوور لاوەکی گەنجاندا ڕەنگیداوەتەوە.

هەروەها دەتوانین بڵێین پرۆسەی بەراوردکردن بەردەوام دەبێت لای گەنجان لە کاتێکدا دەیانەوێت جهیانێکی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن کە ڕەنگدانەوەی بەهاکانی مۆدێرنە بێت، وەک جیاکردنەوەی دەزگای دینی لە نێوان هەرد کایەی گشتی و تایبەتدا. وەک زانراوە بەهاکانی مۆدێرنە ڕۆڵێکی گرنگی گێراوە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی غەربیی سەردەمدا، کە ئێستاش جێگەی مشتومڕ و جەدەلی سیاسی و سەندیکای و ئەکادیمی و بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتیە.

## کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ئاکاریەکانی گەنج لەسەردەمی بەجیهانیبووندا

خێزان پێگەیەکی گەورە و گرنگییەکی گەورەی هەیە لە پەروەردەکردنی نەوەکان و دروستکردنی گەنج و پیاو و هاونیشتمانی چاکەخوازدا، بە چاکبوونی خێزان کۆمەڵگە چاکدەبێت و بە خراپبوونی خێزان کۆمەڵگە خراپدەبێت، ئەگەر هاتوو پارێزراو و پتەو و یەکگرتوو و یەکبێت، زەحمەت دەبردرێت، لەبەرامبەریشدا خێزانە لێکهەڵوەشاو و ڕووخاو و پەشێو و ڕۆژئاواییەکان لەناوەوەیاندا، بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداردەبن لە تێکدانی ڕەوشتی تاکەکانیان و خراپی پەروەردەکردنیاندا، بەزۆریش دەبنە هۆکاری نەخۆشییە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکان (محەمەدی، ٢٠٠٧: ١٦٢). لەلایەکیترەوە، بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێی ئامراز و هۆکار و دەزگاکانیەوە، بەشێوەیەک لەشێوەکان بەشدارە لە هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان و لێکترازانیان. لەڕێی سکرینێکی بچووکەوە لەژووری نانخواردن، دەتوانین ئەو هۆکارانە ببینین کە لە کەناڵە ئاسمانییەکان و ئینتەرنێت و ئەوانیترەوە ڕۆڵی پەروەردەیی خێزان دەبینن و کاردەکەن بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی تاکە جیاوازەکان لە بەها و دابونەریت و کولتوور و بنەما دوورەکان لەچواردەوری خۆیان.

لەبەرئەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، هاوشان لەگەڵ تێکچوونی باری ئابووری و ڕامیاری و هۆکاری تر لە دەرکەوتنی کێشە کۆمەڵایەتی و ڕەووشتییەکان کە لەوەوپێش نەبوون، یان بەشداربوون لە بڵاوکردنەوەی هەندێکیاندا کە ببێت بەدیاردەی هەستپێکراو وەک: بوونی پەیوەندی ناشەرعی و خیانەت و بێزێزی کردن بەرامبەر کەسانی تر، بەدڕەوشتی، ڕەگەزبازی و مادە هۆشبەرەکان (مەریوان، 2012: ٦9).

لەسەر ئاستی کوردستان، ئەمانە نەگەیشتوونەتە ئاستی دیاردە، بەڵام ئاماژەکان بۆ وریاکردنەوە لە مەترسی بڵاوبوونەوەی بەتایبەت لە زانکۆکاندا و هۆکاری بڵاوبونەوەی، دەگەڕێنرێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانە تێکچوونی باری ئابووری، بێکاری، پاشەکشەکردنی بەها دینی و کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵی هۆکانی ڕاگەیاندن لە پیشاندانی فیلمەکان و زنجیرە و گۆرانییە بێ ڕوو و سەرنج ڕاکێشەکان کە ئامانجی گەنجەکانن، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی وشیاری بە تێگەیشتن لە هاوسەرگیری بەتایبەت لەلایەن کچانەوە. پەیوەندی نێوان کوڕوکچ لەکوردستان و بەتایبەت لە نێوەندەکانی زانکۆدا، وەک سەرپێچییەکی گەورە دەردەکەوێت بەرامبەر دابونەریت و فەرمانە ئاینییەکان، سەرلێشێوانێکی ئاشکرای تێدایە بۆ یاساو ڕێساکان، کاریگەری لەسەر پەروەردەی خێزانی هەیە، سەرەڕای بوونی وەک بەکەمزانینی

کەرامەتی ئافرەت و مافەکانی بەفیڕۆدەدات، بەتەنها لایەنە مادییەکە ناگرێتەوە، بەڵکو تەکنەلۆجیا لەگەڵ خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک بەهای تایبەتی خۆیەتی. تێبینی دەکەین خێزان و بەها خێزانییەکان گۆڕانکارییان بەسەر هاتووە، مەسەلەی کوشتن لەسەر شەرەف. . . تد بەلگەی ئەو گۆڕانکارییانەن.

کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور بە ئامرازەکانی جەختکردنەوە لە ئازادی مرۆڤ و تاکگەرایی، تا ئاستی ئازادبوون لە هەموو کۆت و بەند و ئاکار و دابونەریتەکان و زیادبوونی ڕێژەی تاوان، نەک هەر لە وڵاتانی دواکەوتوودا، بەڵکو لە وڵاتانی دەوڵەمەند و پێشکەوتوویشدا، زیادبوونی ڕێژەی هەژاری و بێکاری و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (سالم. ٢٠١٧: ٢٢١).

ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەلایەن توێژی هەڵبژاردەی بەجیهانیبوونەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، ئەمانە بەشدارن لەبڵاوکردنەوەی کولتووری ڕۆژئاوایی لەنێو ناوەندە جیاوازەکا و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا، لەڕێی خستنەڕووی بیروبۆچوون و کولتووری جیهانی، کە بەستراوە بە بارودۆخی ناوخۆییەوە، بەوەی کە ئەجێندا جیهانییەکان دانەبڕاون لە ئەجێندا نیشتمانییەکان، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەتواناتر بن بەرامبەر بەرژەوەندی دەوڵەت. بەمانای لاوازکردنی دەوڵەت و بەهێزکردنی ڕێکخراوە ئەهلییەکان، هاوکاریکردنی سیکتەری تەندروستی و دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ و ئافرەتان، بە کەرتە گرنگەکان دادەنرێت، کە بەخشەرەکان بایەخی پێدەدەن و لەهەمانکاتیشدا کەرتی پێویستن بۆ گەل، بەڵام بەمەبەستی لاوازکردنی ڕۆڵی پرۆژەی دەوڵەتی داهاتوو، بەڵگەش بۆ ئەوە، هاوکاریکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکانە، کە بایەخ بە بوارەکانی ژیان دەدەن بە بودجەیەک کەزیاترە لەو بودجەیەی بۆی تەرخانکراوە، ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەڵدەستن بە دەستخستنە ناو بڕیارە ڕامیارییەکان، وەک هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمان و هەڵگیرسانی پرۆسەی دانوستات لەگەڵ قەوارەی پێکهێنانی حکومەتدا.

بەجیهانیبوون جێکەوتی زۆری هەیە لەسەر پەروەردەو فێرکردن، ئەم جێکەوتەش بەئاشکرا لەسەر کۆمەڵگەی کوردی دەردەکەوێت، کاتێک دەبینین ڕێبازەکانی خوێندن دەگۆڕێن، بەتایبەتی لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەییدا.

لەم سەردەمەدا، بەهۆی زاڵبوونی بەجیهانیبوونەوە چەمکی خوێندن و فێرکردن و پەروەردە گۆڕانی ڕیشەییان بەسەرداهاتووە، لەگەڵ بەجیهانیبووندا دەرکەوت کە پەروەردە پێداویستییەکی گرنگە بۆ مانەوەو ئاسایشی نەتەوەیی (علاونة، ٢٠١٧:١٣١). بڵاوبوونەوەی خوێندنگە و زانکۆ بیانییەکان، خوێندنی کولتووری نوێ، ئاشنابوون بە ناسنامەی گەلانی تر، نەوەیەکی نوێ پێدەگەیەنێت کە تەواو دابڕاوە لە کولتوور و مێژوو و پەیوەستبوون بە ناسنامە و نیشتمانەوە، بەهۆی ئەو پرۆگرامانەی لەڕێی خوێندنگە و زانکۆ بیانییەکان و بە بیروبۆچوونی دیاریکراوەوە دەوترێنەوە، بێئەوەی خوێندکاران یان کەسوکاریان بەمەترسییەکەی بزانن. (محەمەدی، ٢٠٠٧: ١٤٤)

بەڵام لەم دواییانەدا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، خوێندنگەو زانکۆی بیانی بەتایبەتی ئەمەریکی و بەریتانی و فەرەنسی و لوبنانی بڵاوبووەتەوە و بەشێوەیەکی بەرچاو پەیوەندیکردن پێیانەوە

زیادیکردووە، سەرەڕای زۆری کرێی خوێندن بەشێوەکی بەرچاو. هۆکارەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

یەکەم: بەرەو دواوەچوونی خوێندنی حکومی لەهەرێمی کوردستاندا کە زۆرینەی دانیشتوان پێیانوایە نەوەی ئاستنزم لەڕووی زانستییەوە پێدەگەیەنێت.

دووەم: بایەخنەدانی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بە ژێرخانی خوێندنگە حکومییەکان بەتایبەت لە لادێکاندا، تایبەتمەندییەکانی خوێندنگە تایبەتەکان بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە بایەخدانی بە زمانە بیانییەکانەوە هەیە بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، کە زۆرباش زانینی بۆتە مەرجی سەرەکی بۆ کارکردن. لەکاتێکدا لەلایەن حکومەتەوە بەپێی پێویست بایەخ بەزمانی ئینگلیزی نادرێت. سەرەڕای تایبەتمەندییەکان و شێوازی فێرکردن و وانە وتنەوەی پێشکەوتوو لە خوێندنگە تایبەتەکاندا، ئەمەش لە لە خوێندنگە حکومییەکاندا نییە.

## <u>دووەم: جێکەوتەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور</u>

## -جێکەوتەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر کۆمەڵگە کوردی:

بەجیهانیبوونی کولتوور تێکەڵەیەکە لە ئەرێنی و نەرێنی، بەوەی کە لەنێویدا دوو نموونە لەخۆدەگرێت: یەکەم مرۆڤ ناتوانێت لەدەستکەوتەکانی دەربازبێت، کە بەردەستبوونیان بووە بە پێویست، وەک: ئینتەرنێت، مۆبایل، کەناڵە ئاسمانییەکان. . . تد. بەڵام نموونەی دووەم بە ناوخۆیی بوونی ڕۆژئاوایە، کە ئامانجی سەپاندنی کولتووری وڵاتە ڕۆژئاواییەکانە لەبری کولتووری جیهانی هەمەجۆر، لەڕێی زۆرێک لە هۆکار و دامەزراوە و کەرەستە کولتوورییەکانەوە (عبدالحمید. ٢٠٠٦: ١١٩-١٢٠).

### <u>یەکەم: جێکەوتە ئەرێنییەکان</u>

جێکەوتە ئەرێنییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەمانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١) بوونی گۆڕانکاری جۆری لە چەشن و ئاستی خزمەتگوزاری هەواڵیدا، کە هۆکانی ڕاگەیاندن لەڕێی سەتەلایت و میدیای ئەلەکترۆنییەوە پێشکەشی دەکەن و بەشداریدەکات لە خستنەڕووی کێشە بۆ جیهان بەشێوەیەکی ئاشکرا، لەگەڵ خستنەڕووی ڕاستی لە گەڕانەوە بۆ زەوی نیشتمان.

٢) بەجیهانیبوونی کولتوور کەناڵی پەیوەندیکردنی بەهێز دەکاتەوە لەنێو وڵاتانی دنیادا، لەڕێی سەرجەم هۆکارەکان و داهێنانەکانیەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی زانیاری وشیاری بڵاودەکاتەوە و ئاڵوگۆری پێدەکەن. ئاشنابوون بە ڕۆشنبیری، وێژە، کولتوور جیهانی و بەتایبەتی ڕۆژئاوایی سوودمەندبوون لە کەرەستە و ئامرازە نوێیەکان

٣) ڕێکردن لەگەڵ بابەتە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمی و جیهانی، لەبەرئەوەی یارمەتی هاونیشتمانیانی دەدات لە ڕزگاربوون لە کۆتوبەندی میدیای فەرمی و

سنووردار و کرانەوەی بەرامبەر بە ژمارەیەکی زۆر لە کەناڵە ئاسمانییە جیهانییەکان، کە بەشدارن لە گەشەپێدانی زانیاری و تێگەیشتن بۆ تاک و گەشەکردنی هۆشی.

٤) داهێنانەکانی بەجیهانیبوونی کولتووری، ڕووی ڕاستەقینەی وڵاتانی سەرمایەداری و داگیرکەرانی خستەڕوو، کە ئامانجیان دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان و سامانیانە.

٥) بەجیهانیبوونی کولتوور وادەخوازێت هەوڵ بدەین بۆ ڕێکخستنی تەواوی کارەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی خەونەکانی تاک. سەرباری هەوڵدان بۆ کامڵبوون و وەرگرتنی گۆڕانکاری. فێری ڕاستگۆیی و بوێری و ئازایەتیت دەکات لەوتنی ڕاستیدا و ڕۆشنی لەگەڵ ئەوانیتر و خودی خۆتدا.

٦) بەجیهانیبوونی کولتوور هەوڵدەدات برەو بەبونیادنانی ئایندە بۆ ڕۆڵەکانی نیشتمان بدات و دەمانگەیەنێتە شێوەیەک لە شێوەکانی خۆگونجاندن لەگەڵ جیهاندا لەڕووی کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی ژیان.

٧) دەشێت سوود لە زانیاری و نێت ببینین، بۆئەوەی بەردەوام ئاگاداری ڕووداوە زانستییەکان بین لەبواری پزیشکی و ئەندازیاری و کۆمەڵایەتیدا، لەحاڵەتێکدا ئەگەر کادری شیاو هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆجیای نوێد. بەوشێوەیە دەتوانین بە دەستکەوتە نوێیەکان ئاشنابین.

٨) پشتەستن بە تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ، بۆ پەیوەندیکردن و زانیاری دەستکەوتن و کۆمەککردنی گەشەپێدانی بەردەوام، ئەوانەش سوودی باشیان دەبێت و ئاستی خۆشگوزەرانی خەڵک بەرزدەکەنەوە.

٩) تێکەڵبوونی وڵاتانی گەشەکردوو لەگەڵ ئابووری جیهانیدا و زیاتر گلدانەوەی دارایی لەگەڵ کۆمپانیا لۆکاڵی و نێودەوڵەتییەکاندا بەگوێرەی لێهاتوویی، فراوانکردنی بازاڕی نێودەوڵەتی لەڕێگەی بازرگانییەوە، خستنەبازاڕ و ڕیکلامکردن بۆ زۆربەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ شوێنە گەشتیاری و دێرینەکان، بۆ برەودان بە کایەی گەشتیاری لەوڵاتدا. ئاسانکاریکردن بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کولتوور لەنێوان کولتوور و گەلەکاندا.

١٠) سوودبینین لە ڕێکخراوی شەرعی نێودەوڵەتی و ڕێزگرتن لە یاسای نێودەوڵەتی، سەبارەت بە پرسەکانی وڵاتانی گەشەکردوو و جیهانی سێهەم. بەرەو دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و فرەیی چوون و بڵاوبوونەوەی بەهاکانی بەجیهانیبوون، واتە هەرەسهێنانی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان و پەیڕەوکردنی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی.

## دووەم: جێکەوتە نەرێنییەکان

جێکەوتە نەرێنییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەمانەدا خۆیان دەبیننەوە:

١) ئەم کولتوورە گرنگی بە بەها کۆمەڵگەییەکان نادات و نرخ بۆ ناسنامە و ئینتیما و کارکردن پرسی ژینگە زیادبوونی ڕێژەی کۆچکردن دانانێت. هەوڵ بۆ پانکردنەوەی کولتوور و ژیاری نیشتیمانی و لۆکاڵی و دروستکردنی جۆرێک لە نامۆبوون لەنێوان تاک و مێژووەکەی و میراتی کولتوور و ژیاریی باب و باپیران دەدات. چونکە کولتوور بەجیهانیبوون کولتوورێکی تەواو مادییە، هیچ بوارێکی تێدانییە بۆ هەست و سۆز و خۆشەویستی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو هەمیشە مادە پیرۆزدەکات و ڕکابەرکان پاندەکاتەوە و هەر بەهایەکی تر ڕەتدەکاتەوە.

٢) بەستنی کۆنگرەی جیهانی سەبارەت بە کێشەکانی ژینگە و دانیشتوان و توێژە پەراوێزخراوەکانی وەک ژنان، کە دەبێت بە دیدێکی ڕۆژئاواییەوە سەیر بکرێن، ئەوەش لەڕێگەی فۆرمەڵەکردنەوەی جیهانی سێهەم، بەشێوەیەک ڕێگە خۆش بکات بۆ بەرپرسی کۆمپانیا فرەنەتەوەکان و سەرمایەگوزارانی بیانی، کە لەژینگەیەکدا بژین هاوشێوەی ژینگەکەی خۆیان بێت، بێ لەبەرچاوگرتنی خواستەکانی وڵاتانی گەشەکردوو.

٣) چاندنی بەها خۆرئاواییەکان لەژێر ناوی کولتوور جیهانیدا، بڵاوکردنەوەی چەمکی وا کە تەبا بێت لەگەڵ کولتوورو ژیاری خۆرئاوادا و ڕۆچوون بەناو کۆمەڵگەکانی تردا، بۆ لاوازکردنی بناغەکانی ئەو کۆمەڵگەنەی دواکەوتوون. کولتوور بەجیهانیبوون هەوڵدەدات ڕوخساری کولتوور لۆکاڵی بگۆڕێت و دەیەوێت چەند نەوەیەک پێبگەیەنێت کە خەسڵەتی تایبەت بەخۆرئاوایان هەبێت. سەرباری ملکەچکردنی کۆمەڵگە بۆ کەمینەیەکی خاوەن بەرژەوەندی، کە بڕیار لەسەر ویست و حەزەکانی کۆمەڵگە دەدات و خۆیشی وابەستەی بەرژەوەندییەکانی دەزگا سەرمایەدارییە زەبەلاحەکانە.

٤) هەوڵدان بۆ پلیشاندنەوەی ناسنامە و کەسایەتی نیشتیمانی و لۆکاڵی و جارێکیتر لەقاڵبدانەوەی و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی لەچوارچێوەی ناسنامەو کەسێتییەکی جیهانیدا، واتە گواستنەوە لە تایبەتەوە بۆ گشتی، بەجۆرێک تاک مەرجەعیەتی خۆی لەدەستبدات و دەست لە ئینتیمای خۆی هەڵبگرێت و لە ڕەگوڕیشەی خۆی بپچڕێت.

٥) بڵاوبوونەوەی گیانی بەکاربردن، بەشێوەیەکی بەربڵاو زیدەڕۆیی لە بەرکاربردن لەنێو دەوڵەمەندەکاندا و ئاوات خواستنی هەژاران بەو حاڵەتە، سەرەنجام بڵاوبوونەوەی هەستی ڕقلێبوونەوە لەناو چینەکانی کۆمەڵگەدا. زیادبونی جیاوازییەکانی نێوان دەوڵەمەند و هەژاران لەجیهاندا، زۆربەی هەژارەکانیش لەوڵاتانی تازە گەشەکردوودان.

٦) ولآتانی پێشکەوتوو لەپێگەیەکی پێشکەوتوودان، ڕێژەی بێکاری لەوێ کەمە، بەڵام پشکی ولآتانی گەشەکردوو و جیهانی سێهەم، لە بێکاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی و برسێتیدا زۆرە، جێکەوتەکانی بەجیهانیبوون بریتییە لە ئەگەری کۆچی بەکۆمەڵ و تیرۆر و نەخۆشی و پەتای مەترسیدار لەسەر ولآتانی هەژار بەتەنها، بەڵام دەشێت بگوێزرێنەوە بۆ ولآتانی دەوڵەمەندیش.

٧) بەجیهانیبوون بەشداربووە لە بڵاوکردنەوەی تاوانکاری جیهانی لەسەر چەندین ئاست، گرنگترین فاکتەریش لەم بوارەدا بریتییە لە نەمانی سنوری نەتەوەیی، کە بووەتە هۆی بڵاوبونەوەی قاچاخچێتی و بازرگانی نایاسایی، وەک گواستنەوەی سەرمایە لەولآتێکەوە بۆ ئەویتر، لێکترازانی یەکێتی سۆڤێتی جارانیش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی چەک و دەستکەوتنی چەک بەڕێگەیەکی ئاسان، ئەوەش یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی تاوانکارەکان بەرەنگاری دەوڵەت ببنەوە.

٨) پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژی بۆتە هۆی نەمانی ئاسایشی ئابووری و وەزیفی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی ئامانجی کۆمپانیا گەورەکان بریتییە لە دەستکەوتنی قازانجی زیاتر بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی کرێکاران، کە زۆرجار تووشی دەرکردن و دوورخستنەوە دەبن و دەیانکەنە بار بەسەر کۆمەڵگەوە. دەشێت ئەم حاڵەتە ئەو کەسە بکاتە کەسێکی تاوانکار و بەو هۆیەوە بەهاکانی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی تێکبچێت.

٩) گەشەکردنی ڕۆڵی کۆمپانیا فرەنەتەوەکان و بڵاوبوونەوەی کارگەکانیان ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە زیاتر پیسبوونی ژینگە و ئاووهەوا و خۆراک، ئەوەش کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر تەندروستی و چالاکی مرۆڤ.

١٠) هەناردەکردنی کالآو خزمەتگوزاری و زانیاری و هزرێک کە کولتوور خۆرئاوا بەرهەمیهێناوە، بێ پابەندبوون بەهیچ بەهایەکی ئەخلاقی و یاسایی. کەمکردنەوەی تواناکانی ولآتانی گەشەکردوو، تا نەتوانن سیاسەتەکانی خۆیان پەیوەست بە گەشەپێدانەوە دابڕێژن، بەگوێرەی تواناو هەلومەرجی تایبەت بە خۆیان و تایبەتمەندی گەلەکانیان، ئەویش بەهۆی بەرزبوونەوەی تێچووی گەشەپێدان.

## باسی سێیەم : کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج

بەجیهانیبوون بۆتە مۆدێلی گوتارو وتار و ڕووداوەکان، تەنانەت لە گفتوگۆی ڕۆژانەشدا لەنێوان خەڵکدا باسی بەجیهانیبوون دەکرێت، جا ئایا لێی تێبگەن یان نا، هەموو جەخت لەسەر لایەنی ئابووری دەکەنەوە، کە گوایە بەجیهانیبوون کار لەسەر دروستکردنی ئابوورییەکی جیهانی یەکگرتوو دەکات، بەڵام لایەنی گەورەی بەجیهانیبوونیان لەبیرچۆتەوە کە هەوڵدەدات بۆ ئەوەی ناسنامەیان بسڕێتەوەو و وایان لێبکات لەگەڵ مۆدێلی بەکاربەری بەجیهانیبووندا ڕێبکەن، ئەم لایەنە گرنگە بریتییە لەناسنامە و هەموو ئەو مانا و دەلالەتانەی هەڵیدەگرن. ولاتانی سەرمایەدار کە خاوەنی بەجیهانیبوونن، بەباشی لە گرنگی بەجیهانیبوون تێدەگەن. (سبیلا، ٢٠٠٧: ١١٩)

بەجیهانیبوون وەک ئاستەنگێک دەبینرێت لەبەردەم ناسنامەدا، وێڕای ئەوەی بەجیهانیبوون وەک بابەتێک سەیردەکرێت کە پەیوەستە بە بابەتە بازرگانی و ئابوورییە نێودەوڵەتییەکانەوەو پەیوەندی بە ناسنامەی نەتەوەییەوە نییە، بەڵام پرسە کولتووریەکانیش ئامانجێکی بنەڕەتی بەجیهانیبوونە، کە لەڕێگەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بازرگانییەوە بەکاردێنرێت، بە بیانوی بازرگانیکردن بە مادەی بینراوو دەنگی و شتی ترەوە، ئەو شتانەش دەنێرێت کە پەیوەستن بە خستنەڕووی بابەتە کولتووریەکان کە کولتوور ئەمریکییان هەڵگرتووە بە هەموو ئەو کاریگەرییانەی جێیاندێڵێت لەسەر گەنجان و هەرزەکاران، چونکە بەجیهانیبوون لە ژینگەیەکدا سەریهەڵداوە کە هەموویان کۆچەرین و هیچ ناسنامەیەکی نەتەویی تایبەتیان نییە و ئەو چاوگانەی کۆچیان لێوە کردووە، جیاوازن. (سبیلا، ٢٠٠٧: ١٢٦)

جێکەوتەکانی بەجیهانیبوون لەسەر ناسنامە، لەچەند خاڵێکدا پوختدەکەینەوە، کە ئەمانەن:

١- بەجیهانیبوون هەوڵدەدات یەک مۆدێل لەهەمبەر فرە کولتوورییەک دروستبکات کە ناسنامە بڕیاری لەسەر دەدات.

٢-بەجیهانیبوون هەوڵدەدات تایبەتمەندی گەلان لەناوبەرێت، ئەمە لەکاتێکدا ناسنامە بڕیار لەسەر ئەو فرەییە دەدات.

٣- ناسنامە لەگشتییەوە دەگوازرێتە بۆ تایبەت، لە گشتگیرەوە بۆ سنوردار، بەڵام بەجیهانیبوون لەگشتییەوە بۆ گشتگیر و لە بێسنورەوە بۆ ناهارمۆنیک.

٤- بەجیهانیبوون وەک هێرشێکی کولتوور وایە، کە جێکەوتی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر کولتوورە لۆکاڵییەکان.

٥- بڵاوبونەوەی زمانی ئینگلیزی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا لەسەر حسابی زمانی دایک، هەڕەشەیەکە بۆ سەر ناسنامەی کولتوور.

کەواتە بەجیهانیبوونی کولتوور واتە دروستبوونی جیهانێکی بێسنوور، کە تێیدا هزر و بیر و زانیاری و هەواڵ و بەها و نۆرم و ئاکارەکان بە ئازادییەکی تەواو هاتوچۆ دەکەن و لەسەر ئاستی هەموو جیهان دەگوازرێنەوە، و دەوڵەتانیش دەسەڵاتیان بەسەر ئەو گواستنەوەیەدا نییە مەگەر لەسنورێکی

کەمدا نەبێت. شۆڕشی پەیوەندکردن هەموو دابڕانێکی جوگرافی هەڵوەشاندەوە، بەدەر لەو وڵاتانەی کە سیستەمێکی تۆتالیتار دەسەڵاتی هەیە تیایاندا و وڵاتەکانیان خنکاندووە، وەک کۆریای باکوور و کوبا، ئەمەش کاریگەری ڕیشەیی هەبووە لەسەر هەموو کولتوورە لۆکاڵییەکان و بەها و نۆرمی کۆمەڵگە جیاوازەکان (الزيودي، ٢٠١٦: ٢٧٠)

لەئێستادا چیتر کولتوور زاڵ ئەو کولتوورە نییە کە دایکوباوک و خێزان و قوتابخانە دەیدەنە تاکەکان، بەڵکو کاریگەری دەرەکی و زانیاری سۆشیال میدیا ڕۆڵی بنەڕەتی دەبینێت لە پەروەردەدا. دەتوانین بڵێین ئەم سەردەمە سەردەمی ئاڵنگاری کولتوورییە بەهەموو مانایەک، چونکە کۆمەڵگەکان بەتەواوەتی بەسەر شارستانی خۆرئاوادا کراونەتەوە، باق و بریقی خۆرئاواش ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەوەی گەنجان بکەونە بەر ئەو لێشاوە کولتوورییەی ڕوویان تێدەکات. (الزيودي، ٢٠١٦: ٢٧١)

گەنجان توێژێکی گرنگی کۆمەڵگەن و داینەمۆی گۆڕانکارییەکانن، خاوەنی وزە و هێزی لەبننەهاتوون، ئومێدی ئێستا و داهاتوون، قۆناغی گەنجێتی، قۆناغی گەڕان و دۆزینەوەی ناسنامەیە، یاخیبوون و سەرکێشی لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی گەنجانن، گەنجان دەیانەوێت ژیانێکی باشتر و جیاوازتر لە باووباپیرانیان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، حکومەت و دەسەڵات لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا پشتگیری و پاڵپشتی گەنجان و لاوان دەکەن، هانیاندەدەن بەوەی خۆیان بن و بوونی خۆیان بسەلمێنن، هۆشیاریان دەکەنەوە لەوەی کە هەرگیز ڕێگە نەدەن لەژێر هیچ ناو و بیانویەکدا ماف و ئازادییان لێ زەوتبکرێت،) (الزيودي، ٢٠٠٦:١٥٣) بەجیهانیبوونی کولتوور بۆتە دیاردەیەکی بەجیهانیبوون، واتە بە پانتایی جیهان کولتوورەکان لەژێر کاریگەری بەجیهانیبووندان، تەنانەت وڵاتانی پێشکەوتووی ژێر هەژموونی کولتوور ئەمەریکی هەست بەوە دەکەن کە کولتوورەکەیان لەژێر هەڕەشەدایە. (عیسانی، ٢٠٠٦: ٤٠)

لەلایەکیترەوە، دەستگرتن بە نەریتە کۆنەکان لەژێر پاساوی ڕەسەنایەتیدا، نەبوونی مەیل بۆ دیموکراسی و بەهاکانی، کە زیاتر وەک دژەدین و دژەنەریتی خۆیان لێیدەڕوانن، دەرئەنجام کۆمەڵگەیەکی داخراوی بەرهەمهێناوە و ژینگەیەکی خوڵقاندووە، کە مرۆڤەکان لەم کۆمەڵگەیانەدا خۆشبەخت نین، تاک لەم کۆمەڵگەیانەدا وەک تاک بوونی نییە، تەنانەت لە پۆشینی جلوبەرگیشدا ئازاد نییە. هەندێک لە نەریت و پارادایمەکانمان هۆکارن لە بە شەرمەزار بینینی چەند جۆرێکی " ئیش"، بەڕاددەیەک کە ئاستەنگ بۆ هاوسەرگیری دروستدەکەن. یاسا و ڕێسای هاوسەرگیری لەڕووی ئابوورییەوە سەختە و دیسان دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم هەندێک گەنجدا، سەباری بوونی چاودێری لەلایەن کۆمەڵگەوە بەشێوەیەکی خنکێنەر. (بلقاسمي،٢٠١٢: ٤٥)

نەریتپارێزی، چاودێری چڕی کۆمەڵگە، کە تەنانەت لە ڕووکەشی دەرەوەی ماڵەکان و دیکۆری نێو ماڵەکانیشدا ڕەنگیداوەتەوە، مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی لەو جۆرەدا خۆشبەخت نییە و وەک زیندان لێی هەڵدێت. لەبەر ئەو هۆیانەی باسمانکردن، گەنجان لەژێر کاریگەری ئامرازەکانی بەجیهانیبووندا وەک سۆشیال میدیاو ئابووری و بازاڕ و کرانەوەی جیهان بەسەر یەکتردا، هەوڵدەدەن بگەن بەو جیهانەی ئازادی و خۆشبەختییان بۆ دەستەبەر دەکات، ئەویش جیهانی خۆرئاوایە، خۆرئاواش خوڵقێنەری

دیاردەی بەجیهانیبوونە. مرۆڤ بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی، بەشوێن یۆتۆپیادا وێڵن، لەئێستاشدا ئەو یۆتۆپیایە لە بەجیهانیبووندا دەبیننەوە، بۆیە گەنجان هەوڵدەدەن لاسایی ئەو ستایلە لەژیان بکەنەوە یان هەوڵبدەن بگەن بەو یۆتیۆپیایەی کە بەجیهانیبوون لەڕێگەی میدیاو سۆشیالمیدیاوە بەرهەمی دێنێت. (طیبة، ٢٠٠٧: ٦٤)

سۆشیال میدیا کە بەهێزترین میکانیزمی بڵاوبونەوەی کولتوور بەجیهانیبوونە، هەمیشە هەوڵی بۆ بەستنی پەیوەندی تاکەکان لەسەرتاسەری جیهاندا داوە، کوردستان وەک ئەوەی ئێستا بەڕووی جیهاندا کراوەتەوە، تاکەکان ئازادن لەبەکارهێنانی هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وەک هەندێک وڵات نییە کە لێناگەڕێن بەشێک لەو تۆڕانە لەناوخۆی وڵاتەکانیاندا بەکاربهێنرێن. لەکوردستاندا بەکارهێنەران ئازادن و بەشێکی زۆر لەم تۆڕانە بەفراوانی لەلایەن هەردوو ڕەگەزی نێر و مێوە بەکاردەهێنرێ. (عەبدوڵلا. ٢٣:٢٠١٨) ئەم میکانزمە دەرچەیەکە بۆ ئەوەی گەنجی کورد بتوانێت بەسەر جیهاندا بکرێتەوە و بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو جیهانەوە، لەوەشەوە کولتوور بەجیهانیبوون هەڵبگرێت. هەڵبەتە پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە گەنجی کورد هەر لەڕێگە سۆشیالمیدیاوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕەوتە نەریتخوازەکان و تەنانەت تیرۆریستانیشەوە، ئەوەش دیاردەیەکی تایبەت نییە بە کوردستان، بەڵکو دەشێت بڵێین گەنجانی وڵاتە دواکەوتووەکان لەهەمان باری دەروونیدا دەژین. لەلایەکیترەوە گەنجی کورد بە کولتوورەکەشی نامۆیە، لەوێشدا هەستدەکات ئەم کولتوورە سەپێنراوە بەسەریدا، چونکە کولتوورێکی عەرەبیە، چ وەک ئایین، چ وەک دابونەریتەکان، بۆیە بەئاسانی دەتوانێت خۆی دابماڵێت لەو کولتوورە. ئەم ڕەوشە دەروونی و هزرییەش پاڵ بە گەنجی کوردەوە دەنێت ڕووبکاتە کولتوورێکی زاڵتر، کە بە پێشکەوتوتری دەزانێت و هەستدەکات لەوێدا زیاتر خۆی دەبینێتەوە، نەک لەکولتوورەکەی خۆیدا کە بەکولتوورێکی ڕەسەنی نازانێت.

لێرەدا بەڕۆشنی دەردەکەوێت کە زاڵبوونی کولتوور بەکاربردن (الاستهلاک) بەسەر هەموو کولتوورە مادی نامادیەکانیتردا، جا هزری بێت یان نا، ئەو زاڵبونەش شێوازێکی هیستیری وەرگرتوە بەشێوەیەک لە ڕێی میدیاوەو ئامرازەکانی بەجهیانیبوون وتەکنە لۆجیا وئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەموو شتێکیان کرۆتدە جیهانی و بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەو بەرهەمانە ساخ دەکەنەوە، ئەم کولتوورە دەیەوێتی تاکگەریی و سودگەرایی و قازانجێ خێرا بکاتە ئامانجت هەموو کەسێک، هەندێکیتریش وەک جۆرێک لە کۆنترۆڵکردن سەیری دەکەن.

ئەگەر سەیری دۆخی گەنجی کوردیش بکەین، دەبینین بێبەش نین لەم کێشەیە، چونکە لە گۆڕەپانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردیدا گەنج بێ ناسنامە و ونبووە و بواری نادرێت خۆی بناسێنێت و لەزمانی خۆیەوە باسی کێشەکانی بکات یان ئیرادەی سەلماندنی خود و ناسینی ناسنامەی خۆی نیە، هەربۆیە ناسنامەیەکی پێدراوە کە ناسنامەی خۆی نییە، ئەرکێکی پێسپێردراوە ئەرکی ئەو نیە. لەو کاتەدا لەجیاتی گەڕان بەدوای ناسنامەی گەنجایەتی و دۆزینەوەی خەسڵەتەکانی و ممارەسەکردنی مافەکانی وەک گەنجێک ئەوا نامۆیی بەرۆکی دەگرێت و نایەڵێت لە جەوهەری گەنجایەتی بژی و هەموو قۆناغەکانی

گەشەی کەسایەتی تێکەڵ بەیەکتری دەکات، ئەوکاتە کەسێکی مشەخۆر دەبێت، خوێندکارانی زانکۆش وەک گەنج ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە بۆنەتەوە و نامۆن بەخۆیان و کۆمەڵگەکەیان و ناسنامەکەیان وا هەست دەکەن گرنگی و قورساییان لەژیاندا نیە، پێیان وایە هەموو دنیا نامۆیە بە ئەوان و دوورن لێی.

هەروەها ژیان بێ مانا دەبینن و ئامانجی ڕوونیان بۆ ژیان نابێت و هەست بە دوورە پەرێزی و بێزاری دەکەن لەو کۆمەڵگەیەی تیایدان، ئەمەش ئەیانبات بەرەو گۆشەگیری کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە تەنهای و لاواز بوونی ناسنامە و ئینتما و لاوازی متمانە بە خۆ بوونیان لەم دۆخەدا خوێندکاران هەستی لەدەستدانی ناسنامەکەیان دەکەن.

کەوا بێت گەنج دەیەوێت ئازاد بێت و بەو شێوازە ڕەفتار بکات کە خۆی دەیخوازێت، بەڵام لەبەرامبەر ئەم بیر و هزرەی گەنجدا کاردانەوەی ئەخلاقی و بۆچوونی سەیر و سەمەرە سەبارەتیان لەکۆمەڵگەدا دروست دەبێت. بەجۆرێک زۆرجار ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەفتار و بیر و هزرەکانی گەنج نامۆ دەرکەون و وەک ناشرینیەک تەماشا بکرێن و لۆمەبکرێن و پەسەند کراو نەبن،کە دروست ئەوەیە گەورەکان هەڵبدەن لێیان تێبگەن و بزانن مەبەست و داواکاریان چیە نەک لۆمە و سەرزەنشت بکرێن. دەتوانین زیاتر ئاشنا بین بەو زانیاریانەکە لە لایەنی پراکتیکی دەستمان دەکە وێت پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاوەکە.

## پوخته

لەم بەشەدا تیشکمان خستە سەر پرسی بەجیهانیبوونی کولتوور لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا و جێکەوتی ئەم پرۆسەیە لەسەر ناسنامەی گەنجمان بەتایبەتی ڕوونکردەوە. کوردستانیش وەک هەر شوێنێکیتری جیهان کەوتۆتە ژێر کاریگەری شەپۆلی بەجیهانیبوونەوە، چونکە کوردستان ژینگەیەکی کراوەیە بەڕووی جیهاندا، دەشتوانین بڵێین بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق، کولتوورێکی کراوەی هەیە و زیاتر دەتوانێت کارلێک لەگەڵ کولتوور جیهانیدا بکات. لەم کایەیەشدا میدیا و سۆشیالمیدیا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە لۆکاڵییەکان ڕۆڵیان هەیە، جگە لە دیاردەی کۆچکردن بەرەو خۆرئاوا، کە ئەوەش جێکەوتی زۆری هەبووە لەسەر کۆمەگەی کوردەواری و کرانەوەی زیاتری بەڕووی بەجیهانیبووندا.

سیماکانی ئەم بەجیهانیبوونە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە زۆر بواردا دەردەکەون، لەوانە هەبوونی دەستەبژێرێکی بەجیهانیبوو، کە پشت بە هاوکاری دەرەکی دەبەستن، ئەو دەستەبژێرەِ کاردەکات لەپێناو بڵاوکردنەوەی بەهای خۆرئاوایی لە کۆمەڵگەی کوردەوایدا و کاریگەری زۆری لەسەر گەنجان داناوە. یەکێتکیتر لە سیماکانی بەجیهانیبوون بریتیبوو لە پرسی دیموکراسیەت، وتمان ئەو دیموکراسیەتە شتێکی ڕووکەشییە و ەکاردەهێنرێت بۆ گواستنەوەی کولتوور بەجیهانیبوون، هەروەها یەکێک لەو بابەتانەی باسکرا پرسی ژن بوو. لەبواری مافی ژناندا بەجیهانبوون کاریگەری زۆری داناوە، بەتایبەتی لەڕێگەی ڕێکخراوەکانی ژنان و فیمینیستەکان و. . تد.

هەروەها لەڕێگەی خوێندنەوە بەهاکانی بەجیهانیبوون بڵاودەکرێتەوە لەهەرێمدا، بەتایبەتی زانکۆ و قوتابخانە ئەهلییەکان و ئەوانەی بەزمانی بیانی دەخوێنن. ئەوانە تەنانەت ڕەفتار و بیرکردنەوەشیان وەک کەسێکی خۆرئاوایی لێدێت. بەڕۆژئاواکردن ئەو گۆڕانەیە کە لەکۆمەڵگەیەکی ناڕۆژئاوادا ڕوودەدات، لە زۆربەی بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و. . تد، لەژێر کاریگەری هۆکار و تەکنیکەکانی بەجیهانیبوونی کولتووری‌دا کە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە یان کۆمەڵگەی پێ دابەشدەبێت. لەسەر ئاستی کوردستان، ئەوەی کە باسکرا لە هۆکار و کەرەستە و تەکنیکەکانی بەجیهانیبوونی کولتووری و کاریگەرییەکانی لەسەر زمان و کولتوور و شێوازی ژیانی کۆمەڵگەکەی و ناسنامەی کورد بۆ بەهایەکی ڕۆژئاوایی، بەشێوەیەک کە هاونیشتمانی لە مێژوو و چواردەوری و بەهاکانی و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی لە باشترین بارودۆخیدا، بگۆڕێت بۆ تەنها بەکاربەرێکی شتومەک و چەمکی ڕۆژئاوابوو بە پاڵپشتی ڕۆژئاواییەکان، بۆ دەسەڵات و ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

نامۆبوون یەکێکە لەگرنگترین ئەو کێشانەی بەرەوڕووی گەنجان دەبێتەوە، بەتایبەتی لە پەیوەندییەکانی نێوان خۆیاندا و لەگەڵ خەڵکی تریشدا، جا لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی یان دەروونی یان سیاسی بێت.

دامەزراوەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن وگەیاندن و کرانەوەی سنوورەکان دا دەگونجێت، بەتایبەتی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن وگەیاندن و کۆچکردنە وەک ئینتەرنێت و تەلەفزیۆن و

مۆبایل، وادەکەن گەنجان تووشی شڵەژان ببن، سەبارەت بە چۆنێتیی پێشبینیکردنی داهاتوو، ئەوەش گەنجان تووشی دڵەڕاوکێ و بێزاری دەکات، ئەم هەموو دڵەڕاوکێ و نیگەرانییە دەتوانێت دیاردەی ڕەتکردنەوەی یاخیوونی گەنجان ڕوونبکاتەوە بۆمان، کە بەهۆیەوە گەنجان لەژیانی کۆمەڵایەتی دەکشێنەوە و دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان لای گەنجان و پەراوێزبوون و پساندنی کۆتەکان و هەستکردن بەدابڕان لە ئامانجە کولتوورەکانی کۆمەڵگە. پێویستە هەڵوەستەیەکیش بکەین لەسەر ئەو هۆیانەی وا دەکەن گەنجان ئەو هەڵسوکەوتانە بنوێنن لەحاڵەتی نامۆبووندا.

بەهۆی بەجیهانیبوونەوە کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگە پارێزخوازەکاندا زۆر بەرزبوونەوەتە، چونکە کۆمەڵگەکان دەیانەوێت پارێزگاری لە کولتوور و دابونەریتی خۆیان بکەن، لەکاتێکدا بەجیهانیبوون کۆمەڵگە بەرەو کرانەوە دەبات. وتمان لە کوردستاندا ئەم حاڵەتە نەبۆتە دیاردەیەکی زەق و بەرچاو، بەڵام بەرەو بەدیاردەبوون دەچێت. کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور بە ێ دامەزراوەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن وگەیاندن و کرانەوەی سنوورەکان دا دەگونجێت، بەتایبەتی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن وگەیاندن و کۆچکردنە جەختکردنەوە لە ئازادی مرۆڤ و تاکگەرایی، تا ئاستی ئازادبوون لە هەموو کۆتوبەند و ئاکار و دابونەریتەکان و زیادبوونی ڕێژەی تاوان، نەک هەر لە وڵاتانی دواکەوتوودا، بەڵکو لە وڵاتانی دەوڵەمەند و پێشکەوتوویشدا، کاریگەری هەبووە لەسەر زیادبوونی ڕێژەی هەژاری و بێیاری و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

لەکۆتای لایەنی تیۆریدا دەتوانین جەخت بکەینەوە لەسەر کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بە پێی سەرچاوەو تیۆرەکانی پێشوو وەک لە ئامانج وگریمانەکاندا ئاماژەمان پێداوەبۆ گەشتن بە پەیوەندی نیوان هەردوو گۆڕاووی (بەجیهانیبوون وناسنامە) وە لە بەشی داهاتوودا کە لایەنی پراکتیکیە وەک تەواوکەری لایەنی تیۆریەکە لە بەشی داهاتوودا ئاماژەی پێدەکەین و هەوڵ دەدەین لە راوبۆجونی لێتوێژەران و لە ڕەوشی کۆمەلگای توێژینەوەکەمان بگەینە راست و دروستی ئەو کاریگەریە کە لە نێوان دوو گۆڕاوی توێژینەوەکەماندا.

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە (Theoretical framework)




وێنەی (٢) هێڵکاری چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە \ توێژەر

# دەروازەی دووەم

# لایەنی پراکتیکی

-

**بەشی چوارەم :** خستنەڕووی خشتە و ئەنجامی ئامانجەکان و شیکارکردنیان

**باسی یەکەم :** خستنە رووی خشتە و شیکارکردنیان

**باسی دووەم :** خستنە ڕووی ئەنجامی ئامانج و گریمانەکان و شیکارکردنیان

**باسی سێیەم :** ئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

# باسی یەکەم: خستنە ڕووی خشتە و شیکارکردنیان

## بەشی چوارەم : خستنەڕووی خشتە و ئەنجامی ئامانجەکان و شیکارکردنیان

### باسی یەکەم: خستنەڕووی خشتە و شیکارکردنیان

دوای ئەوەی زانیارییەکامان کۆکردەوە بەو ئامرازانەی باسکران و وردبینی لە پرسیارەکانی ڕاپرسییەکەدا کرا و دڵنیابووین لەوەی وەڵامەکان تەواون و هیچیان تێک نەچوون، پاشان هەڵدەستین بە پۆلێنکردنی داتا ئامارییەکان و بەتاڵکردنەوەی وەڵامی توێژراوەکان و گۆڕینیان بۆ ژمارە. دواتریش دانانیان لەنێو خشتەی ئاماریدا، بەمەبەستی شیکردنەوەیان بە شێوازێکی زانستی پراکتیکی و پۆلێنکردنی ئەو داتایانەی بەدەستیهێناون لەڕێگەی ڕاپرسییەوە بەپێی بەرنامەی (SPSS). لەم بەشەدا ئەنجامەکانی توێژینەوەی داتا ئامارییە سەرەتاییەکان و گفتوگۆکردنیان خراوەتەڕوو، لەگەڵ بەراوردکردنی بە توێژینەوە هاوشێوەکان لەو شوێنەی پەیوەندیدارە بە ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانەوە.

**١-ڕەگەزی نموونەکە:**

ڕەگەزی نموونەکەمان بریتییە لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، وەرگیراون لە ناو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (زانکۆکانی دایک)، بە نموونە (سلێمانی، سەلاحەددین، دهۆک، هەڵەبجە) بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوون و تێڕوانینە جیاوازەکانی ڕەگەزی (نێر، مێ)، گۆڕاوی ڕەگەز گرنگی تایبەتی پێدەدرێت لەزۆربەی توێژینەوەکاندا بۆ دەرخستنی خەسڵەتە جیاوازەکانی هەر دوو ڕەگەز. لەم توێژینەوەیەشدا ڕەگەز، وەک فاکتەرێکی گرنگ وەرگیراوە، بۆ زانینی ڕاو بۆچوونی هەردوو ڕەگەزو ئەو جیاوازییانەی کە لەبارودۆخیاندا هەیە. (بڕوانە خشتەی ٤).

خشتەی (٤)

ڕەگەزی نموونەکە

| ڕەگەز | دووبارەکان | % |
|---|---|---|
| نێر | 239 | 62. 7 |
| مێ | 142 | 37. 3 |
| وەڵامنەدراوەتەوە | 3 | 0. 8 |
| کۆی گشتی | 384 | 100 |

نموونەی توێژینەوەکەمان بە ڕێژەی (٦٢. ٧%) لەڕەگەزی نێرو (٣٧. ٣%) لەڕەگەزی مێن. هەروەها (٣) یەکەی نموونەکە بەبێ مەبەست وەڵامی نەداوەتەوە لەبەر هەر هۆکارێک بێت، کە دەکاتە تەنها (٠. ٨%) ی نموونەکە. تێڕوانینی گەنج بۆ بەجیهانیبوونی کولتوور وەڵامی نێر ڕێژەی زۆرینەی وەرگرتوە. هەروەک لە خشتەی (٤) دا ڕەگەزی نموونەکە دیاریکراوە.

**٢-تەمەنی نموونەکە:**

تەمەنی نموونەی توێژینەوەکەش هەروەک چۆن لە سەرجاوەکاندا ئاماژەمان پێکردوە بە پشت بەستن بە پێناسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە لە نێوان (١٨-٢٥) ساڵە ئاستە جیاوازەکانی تەمەن، هەڵگری کۆمەڵێک بیروبۆچوون و بیرکردنەوەی دیاریکراون، کە بەتێڕوانینی جیاواز بابەت و دیاردە و کێشە کانی ناو کۆمەڵگە دەخەنەڕوو، چونکە هێزو تواناو چالاکی و هەڵچوونەکان لەقۆناغێکی تەمەنەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی تەمەن گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بۆ دەرخستنی لەوەڵامدانەوەی سەبارەت بە بەجیهانیبوونی کولتوور خراونەتەڕوو،لەخشتەی (٥) دا ئەوە خراوەتە ڕوو.

خشتەی (٥)

تەمەنی نموونەکە

| تەمەن | دووبارەکان | % |
|---|---|---|
| 18-19 | 136 | 35. 4 |
| 20-21 | 135 | 35. 1 |
| 22-23 | 89 | 23. 1 |
| 24-25 | 24 | 6. 2 |
| کۆی گشتی | 384 | 100 |

وەک لە خشتەی (٥) دا دەردەکەوێت، تەمەنی نموونەکەمان دەکەوێتە نێوان (١٨-٢٥) ساڵ، ئەوەش ئەو تەمەنەیە کە خوێندکار لە زانکۆ دەخوێنێت. لە (١٨ و ١٩) ساڵیدا دەچنە زانکۆ وەلە (22 و ٢٣) ساڵیدا کۆتایی بە خوێندنی زانکۆ دەهێنن، ئەمەش یەک دەگرێتەوە لەگەڵ پێناسەی گەنجدا، کە لە بواری تیۆریدا دەستنیشانمان کردوە. گەورەترین گروپی تەمەنی نموونەکەمان تەمەنیان لەنێوان (١٨-١٩) ساڵیدان بە ڕێژەی (٣٥. ٥%)، ئەوانەش کە تەمەنیان (٢٠-٢١) ساڵە ڕێژەیەکی زۆر نزیکن لە ڕێژەی یەکەم کە دەکاتە ٣٥. ١%. تەمەنەکانی دیکە ڕێژەیەکی کەمتری نموونەکە پێکدەهێنن.

خشتەی (٦)

تەمەنی نموونەکەو ناوەندی ژمارەیی و لادانی پێوەری

| گەورەترین | بچووکترین | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | قەبارەی نموونە |
|---|---|---|---|---|
| 25 | 18 | 20. 38 | 1. 96 | 384 |

گروپی تەمەنی (٢٢-٢٣) ڕێژەی (٢٣. ١%) نموونەکە پێکدەهێنن، لە کاتێکدا گروپی تەمەنی (٢٤-٢٥) ساڵی تەنها (٦. ٢%) پێکدەهێنن لە نموونەی توێژینەوەکەدا. ناوەندی ژمارەیی تەمەنی نموونە دەکاتە (٢٠. ٣٨) و لادانی پێوەریش دەکاتە (١. ٩٦) وەک لە خشتەی (٦) دا دیارە.

**٣-پسپۆڕیی نموونەکە:**

سەبارەت بە پسپۆڕیی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی پسپۆڕییە جیاوازەکانی زانستی سروشتی و زانستی مرۆڤایەتی وەرگیراوە لە کۆلێجەکانی زانکۆکانی هەرێم لە خشتەی (٧) دا ئاماژەکراوە.

خشتەی (٧)

پسپۆڕی نموونەکە

| زانستی | دووبارەکان | % |
|---|---|---|
| زانستی سروشتی | 166 | 43. 2 |
| زانستی مروڤاییەتی | 218 | 56. 8 |
| کۆی گشتی | 384 | 100 |

وەک لە خشتەی (٧) دادەردەکەوێت نموونەکە لە هەردوو بەشە زانستییە سروشتی و مرۆییەکان وەرگیران. ڕێژەی زانستە مرۆییەکان بەرزترە، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە زانستە مرۆییەکان زیاتر بوار دەڕەخسێنێت بۆ خوێندکاران تا گوفتوگۆ لەسەر ئەو باس و بابەتانە بکەن و زیاتر کاتیان بۆ تاوتوێکردنیان دەبێت بە بەراوورد بەکۆلێژە زانستییەکان، ئەمانەش هاوکار دەبن بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتوور و کێشە و باسەکانی ناو کۆمەڵگە و زانکۆ، کە دەبێتە پاڵنەرێک بۆیان، تا زیاتر لە ڕووداوەکان تێبگەن، گرنگی پێبدەن و بەشداربن تیایدا. ڕێژەی نموونەکە لە زانستە سروشتییەکان (٤٣. ٢%) و لە زانستە مرۆییەکانیش (٥٦. ٨%) بوو.

**٤-نموونەی توێژینەوەکە بە پێی زانکۆ:**

لەم توێژینەوەیەدا زانکۆکانی هەرێم بە نموونە وەرگیراون واتە توێژینەوەکە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە (زانکۆکانی دایک) بە نموونە (زانکۆی سەلاحەدین- زانکۆی سلێمانی- زانکۆی دهۆک- زانکۆی هەڵەبجە) هەروەک لە خشتەی (٨) دا دیارە.

خشتەی (٨)

نموونەی توێژینەوەکە بە پێی زانکۆ

| زانکۆ | دووبارەکان | % |
| --- | --- | --- |
| سلێمانی | 115 | 30. 2 |
| سەلاحەدین | 153 | 40. 2 |
| دهۆک | 98 | 25. 7 |
| هەڵەبجە | 15 | 3. 9 |
| کۆی گشتی | 384 | 100 |

لەخشتەی (٨) دا نموونەکەمان بەرزترین ڕێژەی لە زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر وەرگیراوە، کە دەکاتە (٤٠. ٢%)، هۆکارەکەش بۆ زۆری ژمارەی خوێندکاران لەو زانکۆیە دەگەڕێتەوە، هەروەکو لە باسکردنی چوارچێوەی نموونە وەرگرتن لە بەشی میتۆدۆلۆجیادا باسمان کردووە. دوای زانکۆی سەلاحەین، زانکۆی سلێمانی دێت بەڕێژەی (٣٠. ٢%)، دوای زانکۆی سلێمانیش زانکۆی دهۆک دێت بە ڕێژەی (٢٥. ٧%)، دوا زانکۆش کە کەمترین ڕێژەی نموونەکەی بەرکەوتووە زانکۆی هەلەبجەیە، کە قەبارەی نموونەی ئەو زانکۆیە تەنها (٣. ٩%) ی نموونەکە پێکدەهێنێت، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بچووکی زانکۆکەو کەمی ژمارەی خوێندکارەیەکانی بەبەراورد لەگەڵ سێ زانکۆیەکەی دیکە.

**٥-شوێنی نیشتەجێبوون:**

ئەم گۆڕاوەش گرنگە لەم توێژینەوەیەدا بخرێتەڕوو، بەهۆی ئەو جیاوازییەی کە هەیە لە بەهاو نەریتی کۆمەڵایەتی هەر ناوچەیەک، شار، قەزا، ناحیە، یان گوند. لە وەڵامی لێتوێژەرەواندا دەردەکەوێت شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوەکە. هەروەک لە خشتەی (٩) دا دیارە نموونەی توێژینەوەکە بەوپێیەی کە لەسەر ئاستی هەرێم وەرگیراون دابەشکراون بەسەر هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمدا.

خشتەی (٩)

نموونەی توێژینەوەکە بە پێی شوێنی نشتەجێبوون

| پارێزگا | دووبارەکان | % |
|---|---|---|
| سلێمانی | 115 | 29. 9 |
| هەولێر | 153 | 39. 8 |
| دهۆک | 98 | 25. 5 |
| هەڵەبجە | 15 | 3. 9 |
| وەڵامنەدراو | 3 | 0. 8 |
| کۆی گشتی | 384 | 100 |

خشتەی (٩) کە تایبەتە بە شوێنی نشتەجێبوون دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژەی نموونەکە لە پارێزگای هەولێرە، هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە بەپێی زانکۆکان نموونەکەمان دابەشکردووە و زانکۆی سەلاحەدین زۆرترین خوێندکاری هەیە، بەهەمان شێوە دوای پارێزگای هەولێر، پارێزگای سلێمانی دێت و دوای ئەویش پارێزگای دهۆک، لەکۆتایشدا بە قەبارەیەکی زۆر بچووکتر لە هەموویان پارێزگای هەڵەبجە دێت.

## پرسیارەکانی تایبەت بە تەوەرەکانی فۆرمی پێوەری توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا جگە لە پرسیارە گشتییەکان (ڕەگەز، تەمەن، پسپۆڕی، زانکۆ و شوێنی نیشتەجێبوون)، پرسیارەکانی دیکە لە سێ تەوەردا کۆکرابوونەوە (بەجیهانیبوونی کولتوور، ناسنامەی گەنج، بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج). تەوەری یەکەم کە تەوەری بەجیهانیبوونی کولتوورە (٢٤) برگە بوو.

## ١-بڕگەکانی تایبەت بە تەوەری بەجیهانیبوونی کولتوور

خشتەی (١٠)

بڕگەکانی تایبەت بە بەجیهانیبوونی کولتوور

| بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | هیچ ڕایەکم نییە | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدانیم | ناوەندی ژمارەیی سەنگکراو | لادانی پێوەری | بەهای تی T تێست | Sig. | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بووەکان % | دووبارە بووەکان % | دووبارە بووەکان % | دووبارە بووەکان % | دووبارە بووەکان % | | | | | |
| لەگەڵ بەجیهانیبووندام | 107 | 120 | 127 | 20 | 10 | 3. 77 | 1. 00 | 15. 00 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 27. 9 | 31. 3 | 33. 1 | 5. 2 | 2. 6 | | | | | |
| گۆڕانی کولتوورم بەلاوە پەسەندە | 67 | 111 | 72 | 84 | 50 | 3. 16 | 1. 31 | 2. 38 | 0. 02 | بەڵگەدارە |
| | 17. 4 | 28. 9 | 18. 8 | 21. 9 | 13. 0 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور کێشەکولتوورەکانم بۆزیاد دەکات | 61 | 108 | 127 | 60 | 28 | 3. 30 | 1. 13 | 5. 14 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 15. 9 | 28. 1 | 33. 1 | 15. 6 | 7. 3 | | | | | |
| واهەست دەکەم داب ونەریتی کۆمەڵگەکەم خەریکە لەناودەچێت | 158 | 171 | 26 | 21 | 8 | 4. 17 | 0. 93 | 24. 79 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 41. 1 | 44. 5 | 6. 8 | 5. 5 | 2. 1 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور بە مانای کرانەوەی کۆمەڵگەکەم دێت بەرووی جیهاندا | 113 | 165 | 64 | 35 | 7 | 3. 89 | 0. 99 | 17. 63 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 29. 4 | 43. 0 | 16. 7 | 9. 1 | 1. 8 | | | | | |
| لەگەڵ سودوەرگرتنیت لە ئەزمونە کولتوورە جیهانیەکان | 127 | 168 | 62 | 15 | 12 | 4. 00 | 0. 97 | 20. 24 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 33. 1 | 43. 8 | 16. 1 | 3. 9 | 3. 1 | | | | | |
| ڕەزامەندی بە بڵاوبونەوەی بەهای نوێ لە کۆمەڵگەکەت | 82 | 155 | 85 | 48 | 14 | 3. 63 | 1. 06 | 11. 66 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 21. 4 | 40. 4 | 22. 1 | 12. 5 | 3. 6 | | | | | |
| ڕۆشنبیری نوێ لە کۆمەڵگەکەم بڵاوبوەتەوە | 96 | 158 | 57 | 54 | 19 | 3. 67 | 1. 14 | 11. 54 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 25. 0 | 41. 1 | 14. 8 | 14. 1 | 4. 9 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بڵاوبونەوەی دیموکراسیەت لە کۆمەڵگەکەم | 80 | 129 | 105 | 48 | 22 | 3. 51 | 1. 12 | 8. 94 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 20. 8 | 33. 6 | 27. 3 | 12. 5 | 5. 7 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بڵاوبونەوەی یەکسانی جێندەری لە کۆمەڵگەکەم | 83 | 137 | 97 | 47 | 20 | 3. 56 | 1. 11 | 9. 90 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 21. 6 | 35. 7 | 25. 3 | 12. 2 | 5. 2 | | | | | |
| بەجیهانیبوون نامۆی کردوم بەکۆمەڵگەکەم | 51 | 101 | 128 | 87 | 17 | 3. 21 | 1. 07 | 3. 89 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 13. 3 | 26. 3 | 33. 3 | 22. 7 | 4. 4 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبونەوەی ستایلی نوێی و خواردنی ڕۆژئاوای | 70 | 148 | 71 | 62 | 33 | 3. 42 | 1. 20 | 6. 78 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 18. 2 | 38. 5 | 18. 5 | 16. 1 | 8. 6 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە سڕینەوەی بەهای ئاکاری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەم | 64 | 108 | 81 | 83 | 48 | 3. 15 | 1. 28 | 2. 27 | 0. 02 | بەڵگەدارە |
| | 16. 7 | 28. 1 | 21. 1 | 21. 6 | 12. 5 | | | | | |
| | 77 | 120 | 64 | 82 | 41 | 3. 29 | 1. 30 | 4. 33 | 0. 00 | بەڵگەدارە |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە زۆربوونی کەنالەکانی تەلەفزیۆن کۆمەڵگەکەم | 20. 1 | 31. 3 | 16. 7 | 21. 4 | 10. 7 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبونەوەی ئینترنێت | 101 | 127 | 53 | 72 | 31 | 3. 51 | 1. 28 | 7. 77 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 26. 3 | 33. 1 | 13. 8 | 18. 8 | 8. 1 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە جێگرتنەوەی زمانە نێودەوڵەتی لە زمانە ناوخۆیەکانی کۆمەڵگەکەم | 80 | 136 | 65 | 63 | 40 | 3. 40 | 1. 27 | 6. 15 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 20. 8 | 35. 4 | 16. 9 | 16. 4 | 10. 4 | | | | | |
| بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە بەکارهێنانی زمانی بیانی وەک زمانێکی ڕەسەن دەزانم | 56 | 88 | 80 | 97 | 63 | 2. 94 | 1. 31 | -0. 89 | 0. 37 | بەڵگەدار نییە |
| | 14. 6 | 22. 9 | 20. 8 | 25. 3 | 16. 4 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبونەوەی هزری نوێ ی هەمەجۆر لە کۆمەڵگەکەم | 102 | 191 | 55 | 27 | 9 | 3. 24 | 0. 95 | 18. 87 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 26. 6 | 49. 7 | 14. 3 | 7. 0 | 2. 3 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە زۆربوونی ئامراز وکەرەستەکانی ژیان بەهەمووجۆرەکانیەوە | 121 | 173 | 59 | 24 | 7 | 2. 66 | 0. 94 | 20. 45 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 31. 5 | 45. 1 | 15. 4 | 6. 3 | 1. 8 | | | | | |
| بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە زۆربەی کاتەکانم بە سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە بەسەردەبەم | 47 | 56 | 79 | 137 | 65 | 3. 44 | 1. 26 | -4. 75 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 12. 2 | 14. 6 | 20. 6 | 35. 7 | 16. 9 | | | | | |
| بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە زۆربەی کاتەکانم لەسەر ئینتەرنێتم | 80 | 114 | 55 | 90 | 45 | 4. 04 | 1. 33 | 3. 60 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 20. 8 | 29. 7 | 14. 3 | 23. 4 | 11. 7 | | | | | |
| بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە زمانی کوردیم بەلاوە گرنگ نیە چونکە زمانێی نێودەوڵەتی نیە | 63 | 65 | 45 | 99 | 112 | 3. 91 | 1. 46 | -4. 61 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 16. 4 | 16. 9 | 11. 7 | 25. 8 | 29. 2 | | | | | |
| بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە حەز دەکەم بە شێوازێکی نوێیە سەردەمیەوە دەرکەوم | 79 | 126 | 94 | 55 | 30 | 3. 98 | 1. 19 | 7. 25 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 20. 6 | 32. 8 | 24. 5 | 14. 3 | 7. 8 | | | | | |
| حەز بە کولتوور کۆمەڵگەکەم دەکەم | 156 | 144 | 44 | 25 | 15 | 2. 70 | 1. 06 | 19. 22 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 40. 6 | 37. 5 | 11. 5 | 6. 5 | 3. 9 | | | | | |

سەبارەت بە بڕگەکانی تەوەری بەجیهانیبوونی کولتوور دەردەکەوێت هیچ بڕگەیەکی لاواز نییە، چونکە ناوەندی ژمارەیی هیچ بڕگەیەک لە (٢. ٦) کەمتر نییە، بەڵکو ناوەندی ژمارەیی هەموو بڕگەکانمان لەسەرووی (٢. ٦) ەوەن. بەگشتی (١٠) بڕگەمان هەیە کە ئەمانەن (بەجیهانیبوونی کولتوور واتە زۆربوونی ئامراز و کەرەستەکانی ژیان بەهەموو جۆرەکانیەوە، حەز بە کولتوور کۆمەڵگەکەم دەکەم، بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە بەکارهێنانی زمانی بیانی وەک زمانێکی ڕەسەن دەزانم، بەجیهانیبوونی کولتوور واتە سڕینەوەی بەهای ئاکاری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەم، گۆڕانی کولتوورم بەلاوە پەسەندە، بەجیهانیبوون نامۆی کردووم بەکۆمەڵگەکەم، بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبونەوەی هزری نوێی هەمەجۆر لەکۆمەڵگەکەمدا، بەجیهانیبوونی کولتوور واتە زۆربوونی

کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لەکۆمەڵگەکەمدا، بەجیهانیبوونی کولتوور کێشە کولتوورییەکانم بۆ زیاددەکات، بەجیهانیبوونی کولتوور واتە جێگرتنەوەی زمانە نێودەوڵەتییەکان لە زمانە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەکەم) هێزی برگەی ئەمانە لەنێوان (٢. ٦ و ٣. ٤) دان، واتە هێزی بڕگەیان ناوەندە لە پێوەرەکەدا یان دەتوانین بڵێین ئەوانەن کە نە لەگەڵیدان و نە لەگەڵیدانین. لە بەرامبەردا (١٤) بڕگەی دیکەمان هەیە کە بەهێزن، واتە ئەوانەن کە لەگەڵیدان و هاوڕان و هێزی بڕگەیان لەنێوان (٢. ٦١ و ٣. ٤) دایە کە ئەم بڕگانە بوون (بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبونەوەی ستایلی نوێ و خواردنی ڕۆژئاوایی، بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورییەوە زۆربەی کاتەکانم بە سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە بەسەردەبەم، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بڵاوبونەوەی دیموکراسیەت لەکۆمەڵگەکەمدا، بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبونەوەی ئینتەرنێت، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بڵاوبونەوەی یەکسانی جێندەری لە کۆمەڵگەکەمدا، ڕەزامەندی بە بڵاوبونەوەی بەهای نوێ لە کۆمەڵگەکەتدا، رۆشنبیری نوێ لە کۆمەڵگەکەمدا بڵاوبوەتەوە، لەگەڵ بەجیهانیبووندام، بەجیهانیبوونی کولتوور بە مانای کرانەوەی کۆمەڵگەکەم دێت بەڕووی جیهاندا، بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتووریەوە زمانی کوردیم بەلاوە گرنگ نییە، چونکە زمانێکی نێودەوڵەتی نییە، بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورییەوە حەزدەکەم بە شێوازێکی نوێی سەردەمییەوە دەربکەوم، لەگەڵ سوود وەرگرتنیت لە ئەزمونە کولتوورییە جیهانییەکان، بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتووریەوە زۆربەی کاتەکانم لەسەر ئینتەرنێتم، وا هەستدەکەم دابونەریتی کۆمەڵگەکەم خەریکە لەناودەچێت (بڕوانە خشتەی١٠).

لەم خشتەیەدا دەرکەوت کە برگەکانمان بەڵگەدارن، تەنها بڕگەی (بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە بەکارهێنانی زمانی بیانی وەک زمانێکی ڕەسەن دەزانم) بەڵگەدار نییە هەروەک لە خشتەکەدا دیارە بەهای (تی تێست T) ئەم بڕگەیە، کە دەکاتە (0.89 -) بچوکترە لە بەهای خشتەی بەهای (تی تێستT). هەروەها بەهای بەڵگەداری ( (Sigکە دەکاتە 0. 37) ) گەورەترە لە (٠،٠٠٥) بەمەش دەردەکەوێت کە بەڵگەدارە نییەو لە ئاستی متمانەی (٩٥%).

واتە لەم تەوەرەدا هیچ بڕگەیەکی لاوازمان نەبوو، ئەوانەی کە زۆرترین ڕێژە لەگەڵیدا نین، یان هیچ لەگەڵیدا نین، زۆرترین ژمارەی برگەکان ئەوانەبوون کەوا زۆرترین ڕێژەیان بەرامبەر بوو بە لەگەڵیدام (بڕوانە خشتەی١٠).

خشتەی (١١)

ئاستی بەڵگەداری تەوەری بەجیهانیبوونی کولتوور

| | |
|---|---|
| ناوەندی ژمارەیی | 83. 54 |
| لادانی پێوەری | 12. 19 |
| بەهای تی تێست | 15. 34 |
| بەڵگەداری | بەڵگەدارە |

لەخشتەی (١١) دا دەردەکەوێت ناوەندی ژمارەیی تەوەری بەجیهانیبوون دەکاتە (٨٣. ٥٤) و لادانی پێوەرییەکەی دەکاتە (١٢. ١٩). بەهای تی تێست دەکاتە (١٥. ٣٤) کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی تی تێست و بەهای بەڵگەداریش دەکاتە (٠,٠٠٠) کە بچووکترە لە (٠,٠٠٥)، بەمەش دەردەکەوێت کە بەڵگەدارە لە ئاستی متمانەی (٩٥%).

## ٢-بڕگەکانی تایبەت بە تەوەری ناسنامەی گەنج

خشتەی (١٢)

برگەکانی تایبەت بە بە تەوەری ناسنامەی گەنج

| بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | هیچ ڕایەکم نییە | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدانیم | ناوەندی ژمارەیی سەنگکراو | لادانی پێوەری | بەهای تی T تێست | Sig. | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بووەکان % | دووبارە بووەکان % | دووبارە بووەکان % | دووبارە بووەکان % | دووبارە بووەکان % | | | | | |
| ناسنامەی من واتە ناسینی بەهای کولتوور کۆمەڵگەکەم | 178 | 130 | 52 | 21 | 3 | 4. 20 | 0. 92 | 25. 37 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 46. 4 | 33. 9 | 13. 5 | 5. 5 | 0. 8 | | | | | |
| وشیاری گرنگم هەیە سەبارەت بە ناسنامەکەم | 140 | 170 | 51 | 18 | 5 | 4. 10 | 0. 92 | 22. 22 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 36. 5 | 44. 3 | 13. 3 | 4. 7 | 1. 3 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ دەرکەوتنی ڕەفتاری نوێ | 108 | 197 | 56 | 15 | 8 | 3. 99 | 0. 89 | 24. 16 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 28. 1 | 51. 3 | 14. 6 | 3. 9 | 2. 1 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ کاڵبونەوەی ناسنامەی خۆم | 73 | 115 | 90 | 71 | 35 | 3. 31 | 0. 88 | 22. 17 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 19. 0 | 29. 9 | 23. 4 | 18. 5 | 9. 1 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ وونکردنی ناسنامەکەم | 50 | 98 | 89 | 98 | 49 | 3. 01 | 1. 23 | 4. 97 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 13. 0 | 25. 5 | 23. 2 | 25. 5 | 12. 8 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ هەڵوەشانەوەی ناسنامەکەم | 51 | 70 | 83 | 111 | 69 | 2. 80 | 1. 24 | 0. 08 | 0. 93 | بەڵگەدارنییە |
| | 13. 3 | 18. 2 | 21. 6 | 28. 9 | 18. 0 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لەدەستدانی ناسنامەی کەسایەتی خۆم | 45 | 64 | 72 | 121 | 82 | 2. 66 | 1. 30 | -3. 03 | 0. 003 | بەڵگەدارە |
| | 11. 7 | 16. 7 | 18. 8 | 31. 5 | 21. 4 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازبوونی هەستی هاوڵاتیبونم | 49 | 73 | 72 | 112 | 78 | 2. 75 | 1. 30 | -5. 14 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 12. 8 | 19. 0 | 18. 8 | 29. 2 | 20. 3 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە لاوازکردنی ووشیاریم بەرامبەر ناسنامەکەم | 39 | 98 | 74 | 95 | 78 | 3. 05 | 1. 32 | -3. 75 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 10. 2 | 25. 5 | 19. 3 | 24. 7 | 20. 3 | | | | | |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵگەکەم هۆکارن بۆ پاڵپشتیکردنی ناسنامەکەم | 100 | 153 | 76 | 40 | 15 | 3. 04 | 1. 30 | -2. 95 | 0. 003 | بەڵگەدارە |
| | 26. 0 | 39. 8 | 19. 8 | 10. 4 | 3. 9 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازبوونی ناسنامەی بەکۆمەڵایەتی بوونم | 52 | 96 | 95 | 101 | 40 | 4. 14 | 1. 08 | 13. 41 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 13. 5 | 25. 0 | 24. 7 | 26. 3 | 10. 4 | | | | | |
| تەکنەلۆجیا هۆکارێکە بۆلاواز بوونی ناسنامەکەم | 52 | 99 | 92 | 93 | 48 | 1. 21 | 1. 21 | 0. 80 | 0. 425 | بەڵگەدار نییە |
| | 13. 5 | 25. 8 | 24. 0 | 24. 2 | 12. 5 | | | | | |
| بەکارهێنانی زمانی کوردی هۆکارێکە بۆ پاراستنی ناسنامەکەم | 176 | 131 | 41 | 28 | 8 | 3. 74 | 1. 24 | 0. 57 | 0. 566 | بەڵگەدار نییە |
| | 45. 8 | 34. 1 | 10. 7 | 7. 3 | 2. 1 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بەکار هێنانی زمانی بیانی | 96 | 150 | 87 | 29 | 22 | 3. 70 | 1. 01 | 22. 11 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 25. 0 | 39. 1 | 22. 7 | 7. 6 | 5. 7 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بەرۆژئاوای کردنی گەنجی کورد | 76 | 134 | 93 | 59 | 22 | 3. 11 | 1. 10 | 12. 49 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 19. 8 | 34. 9 | 24. 2 | 15. 4 | 5. 7 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازبوونی ناسنامەی هاوڵاتیبوونم | 61 | 96 | 91 | 95 | 41 | 3. 51 | 1. 14 | 8. 19 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 15. 9 | 25. 0 | 23. 7 | 24. 7 | 10. 7 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە یەک ناسنامەی جیهانی لەنێو گشت ناسنامەکاندا | 84 | 124 | 100 | 55 | 21 | 2. 96 | 1. 25 | 1. 68 | 0. 094 | بەڵگەدار نییە |
| | 21. 9 | 32. 3 | 26. 0 | 14. 3 | 5. 5 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە لاوازکردنی وشیاریم بەرامبەر ناسنامەکەم | 43 | 90 | 107 | 96 | 48 | 3. 62 | 1. 14 | 8. 71 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 11. 2 | 23. 4 | 27. 9 | 25. 0 | 12. 5 | | | | | |
| حەزدەکەم بە هاوڵاتیەکی جیهانی بناسرێم | 112 | 126 | 68 | 45 | 33 | 4. 17 | 1. 20 | -0. 68 | 0. 496 | بەڵگەدار نییە |
| | 29. 2 | 32. 8 | 17. 7 | 11. 7 | 8. 6 | | | | | |
| شانازی بە ناسنامەی کوردبوونمەوە دەکەم | 214 | 81 | 50 | 18 | 21 | 3. 94 | 1. 25 | 9. 73 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 12. 2 | 14. 6 | 20. 6 | 35. 7 | 16. 9 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە لەسەر دروست بوونی ناسنامەی گەنج | 135 | 130 | 85 | 29 | 5 | 4. 59 | 1. 16 | 19. 78 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 35. 2 | 33. 9 | 22. 1 | 7. 6 | 1. 3 | | | | | |
| شانازی بە موسڵمان بوونی خۆم دەکەم | 303 | 32 | 31 | 10 | 8 | 4. 51 | 1. 00 | 18. 50 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 78. 9 | 8. 3 | 8. 1 | 2. 6 | 2. 1 | | | | | |
| بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە کولتوور و ناسنامەکەم بپاریزم | 262 | 74 | 34 | 10 | 4 | 3. 77 | 0. 90 | 34. 68 | 0. 00 | بەڵگەدارە |
| | 68. 2 | 19. 3 | 8. 9 | 2. 6 | 1. 0 | | | | | |

**تەوەری ناسنامەی گەنج دووەم تەوەری توێژینەوەکەمانە**، ئەم تەوەرەش بڕگەکانی هێندەی بڕگەکانی تەوەری سەرەوەن کە دەکاتە (٢٤) بڕگە. سەبارەت بە بڕگەکانی تەوەری ناسنامە، دەبینین جیاوازی نێوان بۆچوونەکان کە خۆی لە ناوەندی ژمارەییەکان و بڕگەکاندا دەبینێتەوە، زۆرترە وەک لە تەوەری بەجیهانیبوون، لەم تەوەرەدا بەهەمانشێوەی تەوەری بەجیهانیبوون هیچ بڕگەیەکی لاوازمان نییە (ئەوانەی ناوەندی ژمارەییان لە خوار (٢. ٦) بێت.

بەگشتی (١٠) بڕگە ئەوانەن کە هێزیان ناوەندییە، واتە نە لاواز و نە بەهێزن و هێزی بڕگەیان دەکەوێتە نێوان (٢. ٦١ و ٣. ٤)، کە ئەم بڕگانەن (بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لەدەستدانی ناسنامەی کەسایەتی خۆم، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازبوونی هەستی هاوڵاتیبوونم، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ هەڵوەشانەوەی ناسنامەکەم، تەکنەلۆجیا هۆکارێکە بۆ لاوازبوونی ناسنامەکەم، بەجیهانیبوونی کولتوور واتە یەک ناسنامەی جیهانی لەنێو گشت ناسنامەکاندا، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ ونکردنی ناسنامەکەم، کۆمەڵگەکەم هۆکارە بۆ پاڵپشتیکردنی ناسنامەکەم، بەجیهانیبوونی کولتوور واتە لاوازکردنی وشیاریم بەرامبەر ناسنامەکەم، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بەڕۆژئاواییکردنی گەنجی کورد، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ کاڵبوونەوەی ناسنامەی خۆم).

بڕگە بەهێزەکان کە هێزیان دەکەوێتە نێوان (٣. ٤١ و ٤. ٢) ژمارەیان (١١) بڕگەیە، کە ئەمانەن (بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازبوونی ناسنامەی هاوڵاتیبوونم، بەجیهانیبوونی کولتوور واتە لاوازکردنی وشیاریم بەرامبەر ناسنامەکەم، بەکارهێنانی زمانی کوردی هۆکارێکە بۆ پاراستنی ناسنامەکەم، بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە کولتوور و ناسنامەکەم بپارێزم، شانازی بە ناسنامەی کوردبوونمەوە دەکەم، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ دەرکەوتنی رەفتاری نوێ، وشیاری گرنگم هەیە سەبارەت بە ناسنامەکەم، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازبوونی ناسنامەی بەکۆمەڵایەتی بوونم، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازبوونی ناسنامەی بەکۆمەڵایەتی بوونم، حەزدەکەم بە هاوڵاتیەکی جیهانی بناسرێم). جگە لە بڕگە بەهێزەکان دوو بڕگەی زۆر بەهێزیشمان هەیە کە هێزەکەیان لە نێوان (٤. ٢١-٥) دایە، کە ئەم دوو بڕگەیەن (شانازی بە موسڵمان بوونی خۆمەوە دەکەم و بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە لەسەر دروستبوونی ناسنامەی گەنج). بڕوانە خشتەی (١٢).

لە خشتەی (١٢) دا دەرکەوت کە بڕگەکانمان بەڵگەدارن تەنها ئەم بڕگانە نەبێت، کە ئاماژەیان پێدەکەین بەڵگەدار نین. (بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەکەم و تەکنەلۆجیا هۆکارێکە بۆلاوازبوونی ناسنامەکەم و بەکارهێنانی زمانی کوردی هۆکارێکە بۆ پاراستنی ناسنامەکەم و بەجیهانیبوونی کولتوور واتە یەک ناسنامەی جیهانی لەنێو گشت ناسنامەکانداو حەزدەکەم بە هاوڵاتییەکی جیهانی بناسرێم) هەروەک لە خشتەکەدا دیارە بەهای (تی تێست T) ئەم بڕگانە بچوکترە لە بەهای خشتەی بەهای (تی تێستT). هەروەها بەهای بەڵگەداری ( Sig) گەورەترە لە (٠،٠٠٥) بەمەش دەردەکەوێت کە بەڵگەدارنییەو لە ئاستی متمانەی (٩٥%).

خشتەی (١٣)

ئاستی بەڵگەداری تەوەری ناسنامەی گەنج

| | |
|---|---|
| ناوەندی ژمارەیی | 88.98 |
| لادانی پێوەری | 12.94 |
| بەهای تی تێست | 22.68 |
| بەڵگەداری | بەڵگەدارە |

لە خشتەی (١٣) دا دەردەکەوێت ناوەندی ژمارەیی تەوەری ناسنامەی گەنج دەکاتە (٨٨,٩٨) و لادانی پێوەری تەوەرەکەش دەکاتە (٩٤. ١٢). هەروەها بەهای تی تێست دەکاتە (٢٢,٦٨) کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی تی تێست، بەهای بەڵگەداریش دەکاتە (٠,٠٠٠) کە بچووکترە لە (٠,٠٠٥)، بەمەش دەردەکەوێت کە تەوەری ناسنامەی گەنج بەڵگەدارە لە ئاستی متمانەی (٩٥%).

### ٣-تەوەری بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج

خشتەی (١٤)

تەوەری بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج

| برگەکان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | هیچ رایەکم نییە | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدانیم | ناوەندی ژمارەیی سەنگکراو | لادانی پێوەری | بەهای تی T تێست | Sig. | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بووەکان % | دووبارە بووەکان % | دووبارە بووەکان % | دووبارە بووەکان % | دووبارە بووەکان % | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ دروست بوونی یەک کولتوور لەهەمووی جیهاندا | 140 | 86 | 101 | 44 | 13 | 3. 60 | 0. 83 | 35. 12 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 36. 5 | 22. 4 | 26. 3 | 11. 5 | 3. 4 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ وەلانانی بیری گەنجی کورد سەبارەت بە کولتوورەکەی | 107 | 112 | 93 | 47 | 25 | 3. 41 | 1. 16 | 13. 04 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 27. 9 | 29. 2 | 24. 2 | 12. 2 | 6. 5 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازکردنی ئاستی ئینتیما سەبارەت بە ناسنامەی گەنج | 84 | 92 | 129 | 56 | 23 | 3. 14 | 1. 20 | 9. 75 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 21. 9 | 24. 0 | 33. 6 | 14. 6 | 6. 0 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لەدەستدانی ناسنامەی گەنج | 65 | 84 | 111 | 88 | 36 | 3. 22 | 1. 16 | 6. 98 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 16. 9 | 21. 9 | 28. 9 | 22. 9 | 9. 4 | | | | | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ نامۆبونی گەنج بەرامبەر ناسنامەکەی | 66 | 97 | 108 | 82 | 31 | 3. 40 | 1. 22 | 2. 26 | 0. 024 | بەڵگەدارنییە |
| | 17. 2 | 25. 3 | 28. 1 | 21. 4 | 8. 1 | | | | | |
| | 98 | 92 | 86 | 81 | 27 | 3. 63 | 1. 20 | 3. 63 | | بەڵگەدارە |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 0.000 | | | | 7.0 | 21.1 | 22.4 | 24.0 | 25.5 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ باوەڕنەمانی گەنج بەرامبەر ناسنامەی نیشتیمانەکەی |
| بەڵگەدارە | 0.000 | 6.18 | 1.26 | 3.58 | 19 | 54 | 81 | 126 | 104 | گەنجانی کورد خەریکن ناسنامەی کۆمەڵایەتیان خۆیان لەدەست دەدەن بەهۆی بەجیهانیبوونەوە |
| | | | | | 4.9 | 14.1 | 21.1 | 32.8 | 27.1 | |
| بەڵگەدارە | 0.000 | 10.60 | 1.16 | 3.63 | 17 | 49 | 103 | 124 | 91 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارەبۆ دەست بەسەر گرتنی بەهای مادی و مەعنەوی کولتوور کۆمەڵگەکەم |
| | | | | | 4.4 | 12.8 | 26.8 | 32.3 | 23.7 | |
| بەڵگەدارە | 0.000 | 10.21 | 1.11 | 3.44 | 19 | 40 | 95 | 142 | 88 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارەبۆ هێنانەکایەی ناسنامەی نوێی لەناوگەنجاندا |
| | | | | | 4.9 | 10.4 | 24.7 | 37.0 | 22.9 | |
| بەڵگەدارە | 0.000 | 11.18 | 1.10 | 3.85 | 22 | 58 | 108 | 120 | 76 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازکردنی ئاستی ئینتیما گەنج سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەی |
| | | | | | 5.7 | 15.1 | 28.1 | 31.3 | 19.8 | |
| بەڵگەدارە | 0.000 | 7.63 | 1.14 | 3.13 | 9 | 21 | 106 | 129 | 119 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ فراوان کردنی پەیوەندیەکان لەنێوان ناسنامەی گەنجان لەسەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهاندا |
| | | | | | 2.3 | 5.5 | 27.6 | 33.6 | 31.0 | |
| بەڵگەدارە | 0.000 | 16.76 | 1.00 | 3.65 | 39 | 77 | 118 | 96 | 54 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ لەناوچونی ناسنامەی گەنج |
| | | | | | 10.2 | 20.1 | 30.7 | 25.0 | 14.1 | |
| بەڵگەدار نییە | 0.036 | 2.11 | 1.19 | 3.35 | 20 | 36 | 104 | 124 | 100 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ ناساندنی یەک ناسنامەی تاک لەسەر ئاستی جیهان |
| | | | | | 5.2 | 9.4 | 27.1 | 32.3 | 26.0 | |
| بەڵگەدارە | 0.000 | 11.31 | 1.12 | 3.80 | 28 | 65 | 106 | 115 | 70 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆفێر کردنی گەنجی کورد بە نامۆبوون |
| | | | | | 7.3 | 16.9 | 27.6 | 29.9 | 18.2 | |
| بەڵگەدارە | 0.000 | 5.84 | 1.17 | 3.11 | 19 | 38 | 73 | 126 | 128 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ زۆر بونی خوێندنگەی بیانی وئەهلی |
| | | | | | 4.9 | 9.9 | 19.0 | 32.8 | 33.3 | |
| بەڵگەدارە | 0.00 | 13.56 | 1.15 | 3.27 | 40 | 101 | 93 | 75 | 75 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆئەوەی زۆربەی کاتەکانم بە سەیری تەلەفزیۆن بەسەر دەبەم |
| | | | | | 10.4 | 26.3 | 24.2 | 19.5 | 19.5 | |
| بەڵگەدار نییە | 0.081 | 1.75 | 1.28 | 3.83 | 37 | 83 | 84 | 98 | 82 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆئەوەی ئینتەرنێت زۆر بەکار بهێنم |
| | | | | | 9.6 | 21.6 | 21.9 | 25.5 | 21.4 | |
| بەڵگەدارە | 0.000 | 4.18 | 1.28 | 3.39 | 14 | 36 | 64 | 157 | 113 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بڵاو بونەوەو فێربونی زمانی بیانی |
| | | | | | 3.6 | 9.4 | 16.7 | 40.9 | 29.4 | |
| بەڵگەدارە | | 15.26 | 1.07 | 3.47 | 24 | 78 | 100 | 89 | 93 | |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 0.000 | | | | 6. 3 | 20. 3 | 26. 0 | 23. 2 | 24. 2 | بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی ئامرازەکانیەوە هۆکارێکە بۆ لاواز بوونی ناسنامەکەم |
| بەڵگەدارە | 0.000 | 6. 19 | 1. 23 | 3. 34 | 28 | 53 | 98 | 119 | 86 | بەجیهانیبوونی کولتوور کاردەکات بۆ بە یەک کولتوور هەمووجیهان |
| | | | | | 7. 3 | 13. 8 | 25. 5 | 31. 0 | 22. 4 | |
| بەڵگەدارە | 0.000 | 7. 81 | 1. 19 | 3. 36 | 33 | 59 | 112 | 103 | 76 | بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی زمانەوە هۆکارێکە بۆ گۆڕینی ناسنامەی گەنج |
| | | | | | 8. 6 | 15. 4 | 29. 2 | 26. 8 | 19. 8 | |
| بەڵگەدارە | 0.000 | 5. 59 | 1. 21 | 3. 49 | 21 | 74 | 112 | 100 | 77 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە لەڕێگەی تایبەتمەندیەکانیەوە کار دەکات بۆ گۆڕینی ناسنامەی گەنج |
| | | | | | 5. 5 | 19. 3 | 29. 2 | 26. 0 | 20. 1 | |
| بەڵگەدارە | 0.000 | 6. 06 | 1. 16 | 3. 50 | 22 | 55 | 103 | 119 | 85 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ وەلاَنانی بیری گەنجی کورد سەبارەت بە ناسنامەکەی |
| | | | | | 5. 7 | 14. 3 | 26. 8 | 31. 0 | 22. 1 | |
| بەگەدارە | 0.000 | 8. 42 | 1. 15 | 3. 38 | 27 | 43 | 109 | 120 | 85 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ زەقکردنەوەی پێداویستە لاوەکیەکان و زاڵبوونی بەسەر پێویستیە سەرەکیەکاندا |
| | | | | | 7. 0 | 11. 2 | 28. 4 | 31. 3 | 22. 1 | |
| بەگەدارە | | 8. 50 | 1. 16 | 3. 63 | 32 | 60 | 93 | 127 | 72 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ ناساندنی ناسنامەی گشت وڵاتان لە ڕێگەی ئامرازەکانیەوە |
| | | | | | 8. 3 | 15. 6 | 24. 2 | 33. 1 | 18. 8 | |

تەوەری سێیەم وەک لە بۆچوونەکانی نموونە و ناوەندی ژمارەییدا دەردەکەوێت، نزیکییەکی زیاتری هەیە و کەمتر هەست بە جیاوازی دەکرێت لەنێوان بڕگەکاندا، بە جۆرێک کە جیاوازی نێوان ناوەندە ژمارەییەکان زۆر کەمە. وەکو دوو تەوەری پێشوو هیچ بڕگەیەکی لاواز نییە کە ناوەندە ژمارەییەکەی کەمتر بێت لە (٢. ٦)، ئەو بڕگانەش کە نە بەهێزن و نە لاوازن، واتە ناوەندە ژمارەییەکەیان دەکەوێتە نێوان (٢. ٦١-٣. ٢)، ژمارەیان لەم تەوەرەدا زۆر کەمترە لە کۆی (٢٨) بڕگە. تەنها (٣) بڕگە دەکەونە ئەو مەودایەوە، ئەوانیش بریتین لە بڕگەکانی (بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ زۆربوونی خوێندنگەی بیانی و ئەهلی، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان ناسنامەی گەنجاندا لەسەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهاندا، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازکردنی ئاستی ئینتیما سەبارەت بە ناسنامەی گەنج).

تێکڕای (٢٥) بڕگەکەی دیکە هەموویان بڕگەی بەهێزن، واتە ناوەندی ژمارەییان لەسەرووی (٣. ٢١) دەبێت، کە ئەم بڕگانەن (بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لەدەستدانی ناسنامەی گەنج، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆئەوەی زۆربەی کاتەکانم بە سەیری تەلەفزیۆنەوە بەسەر دەبەم، بەجیهانیبوونی کولتوور کاردەکات بۆ بە یەک کولتوورکردنی هەموو جیهان، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ ناساندنی یەک ناسنامەی تاک لەسەر ئاستی جیهان، بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی زمانەوە

هۆکارێکە بۆ گۆڕینی ناسنامەی گەنج. بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە لەڕێگەی تایبەتمەندیەکانییەوە کاردەکات بۆ گۆڕینی ناسنامەی گەنج، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بڵاوبوونەوەو فێربونی زمانی بیانی، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ نامۆبونی گەنج بەرامبەر ناسنامەکەی، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ ناساندنی ناسنامەی گشت وڵاتان لەڕێگەی ئامرازەکانیەوە، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ وەڵانانی بیری گەنجی کورد سەبارەت بە کولتوورەکەی، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ هێنانەکایەی ناسنامەی نوێ لەناو گەنجاندا، بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی ئامرازەکانیەوە هۆکارێکە بۆ لاواز بوونی ناسنامەکەم، بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی بەهاوە، هۆکارێکە بۆ گۆڕینی ناسنامەی گەنج، بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی شیوازەکانی ژیانەوە هۆکارە بۆ گۆڕینی ناسنامەی گەنج، گەنجانی کورد خەریکن ناسنامەی کۆمەڵایەتی خۆیان لەدەستدەدەن بەهۆی بەجیهانیبوونەوە، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ دروستبوونی یەک کولتوور لەهەموو جیهاندا، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ باوەڕنەمانی گەنج بەرامبەر ناسنامەی نیشتیمانەکەی، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ دەست بەسەر گرتنی بەهای مادی و مەعنەوی کولتوور کۆمەڵگەکەم، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ وەڵانانی بیری گەنجی کورد سەبارەت بە ناسنامەکەی، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ لەناوچونی ناسنامەی گەنج، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ زەقکردنەوەی پێداویستییە لاوەکییەکان و زاڵبوونی بەسەر پێداویستییە سەرەکیەکاندا، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ فێرکردنی گەنجی کورد بە نامۆبوون، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆئەوەی ئینتەرنێت زۆر بەکاربهێنم، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازکردنی ئاستی ئینتیمای گەنج سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەیی).

(بڕوانە خشتەی ١٤)

دەرکەوت کە بڕگەکانمان بەڵگەدارن تەنها ئەم بڕگانە نەبێت کە ئاماژەیان پێدەکەین بەڵگەدار نین ئەمانەن (بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ نامۆبونی گەنج بەرامبەر ناسنامەکەی و بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ ناساندنی یەک ناسنامەی تاک لەسەر ئاستی جیهان و بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆئەوەی ئینتەرنێت زۆر بەکار بهێنم) هەروەک لە خشتەکەدا دیارە بەهای (تی تێست T) ئەم بڕگانە بچوکترە لە بەهای خشتەی بەهای (تی تێستT). هەروەها بەهای بەڵگەداری ( (Sig گەورەترە لە (٠،٠٠٥) بەمەش دەردەکەوێت کە بەڵگەدارە نیە و لە ئاستی متمانەی (٩٥%).

خشتەی (١٥)

ئاستی بەڵگەداری تەوەری بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج

| | |
|---|---|
| ناوەندی ژمارەیی | 90.3 |
| لادانی پێوەری | 18.43 |
| بەهای تی تێست | 6.74 |
| بەڵگەداری | بەڵگەدارە |

لە خشتەی (١٥) دا دەردەکەوێت ناوەندی ژمارەیی تەوەری بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج دەکاتە (٩٠,٣) و لادانی پێوەرییەکەی دەکاتە( ١٨,٤٣). بەهای تی تێست دەکاتە (٦ .٧٤) کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی تی تێست و بەهای بەڵگەداریش دەکاتە (0.000) کە بچووکترە لە (0.005)، بەمەش دەردەکەوێت کە بەڵگەدارە لە ئاستی متمانەی (٩٥%).

## پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان

مەبەست لە پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بۆ زانینی ئاستی پەیوەندی بوونە بە دوو گۆڕاوەوە هەر بۆیە توێژەر ئەم ئامرازە ئامارییەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی پەیوەندی و ئاستی پەیوەندی بوونی نێوان گۆڕاوەکان چەندەو هەروەها گۆڕاوەکان تا چەند پەیوەندی بە یەکترەوەو تاچەند کاریگەرییان لەسەر یەک دەبێت.

### ١- گۆڕاوی ڕەگەزو بەجیهانیبوونی کولتوور

**خشتەی (١٦)**

**پەیوەندی نێوان گۆڕاوی ڕەگەز و بەجیهانیبوونی کولتوور**

| | ڕەگەز | | | بەجیهانیبوونی کولتوور |
|---|---|---|---|---|
| Spearman's rho | ڕەگەز | Correlation Coefficient | 1 | 0. 088 |
| | | (Sig. (2-tailed | . | 0. 087 |
| | | N | 381 | 381 |
| | بەجیهانیبوونی کولتوور | Correlation Coefficient | 0. 088 | 1 |
| | | (Sig. (2-tailed | 0. 087 | . |
| | | N | 381 | 384 |




وێنەی (١) پەیوەندی نێوان گۆڕاوی ڕەگەزو بەجیهانیبوونی کولتوور

بەجهیانیبوونی کولتوور لەڕێگەی ئامرازەکانی بەجیهانیبوون و هەروەها تەکنەلۆجیای سەردەم و سۆشیاڵ میدیا بەتایبەت ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) بەتایبەت توێژی گەنج لە زانکۆ کە بەرکەوتەی ئەم جیهانە نوێیەیەو هەمیشە هەوڵی گەڕان بەدوای نوێگەریدایە بەجهیانیبوونی کولتوور هەمیشە بەدوای نمایشی ئامرازو

تەکنەلۆجیای نوێ دەکات و لە ڕێگەی ئەوەشەوە هەوڵی هێنانی کولتووری نوێ و ناسینی کولتووری جیهانی دەدات. ئەمەش هەروەک لەلایەنی پراکتیکیەکەدا ئاماژەی پێدراوە. لە خشتەی (١٦) دا دەردەکەوێت، بەهای پەیوەندی دەکاتە (٠,٠٨٨)، کە بەهایەکی زۆر نزیکە لە سفر، هەروەها بەهای (Sig. ) دەکاتە (٠,٨٧٠) کە بەرزترە لە بەهای (٠,٠٠٥) لەڕووی ئاماریەوە ئاماژەدار نییە و بەمەش دەردەکەوێت هیچ پەیوەندییەک نییە لەنێوان گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ) و بەجیهانیبوونی کولتوور. واتە هەردوو ڕەگەزەکە وەکو یەک کاریگەرن بە بەجیهانیبوونی کولتوور. ئەگەر سەرنجی وێنەی (١) بدەین کە شێوەی (scatter plot) و خاڵەکان دادەنێت بۆ پیشاندانی دوو گۆڕاوی جیاواز، دەردەکەوێت کە خاڵەکان لە گرافەکەدا بەجۆرێک دابەشبوون کە هیچ پەیوەندییەک پیشان نادات.

### ٢- گۆڕاوی ڕەگەز و ناسنامەی گەنج

خشتەی (١٧)

پەیوەندی نێوان گۆڕاوی ڕەگەز و ناسنامەی گەنج

| Spearman's rho | ڕەگەز | | | ناسنامە |
|---|---|---|---|---|
| | ڕەگەز | Correlation Coefficient | 1 | 153** . |
| | | (Sig. (2-tailed | . | 0. 003 |
| | | N | 381 | 381 |
| | ناسنامە | Correlation Coefficient | 153** . | 1 |
| | | (Sig. (2-tailed | 0. 003 | . |
| | | N | 381 | 384 |




وێنەی (٢) پەیوەندی نێوان گۆڕاوی رەگەز و ناسنامەی گەنج

سەبارەت بە پەیوەندی (Corrolaition) ی نێوان گۆڕاوی ڕەگەزی نموونە و گۆڕاوی ناسنامەی گەنج، دەردەکەوێت پەیوەندییەک پیشاندەدات، بەڵام زۆر لاوازە، چونکە دەکاتە تەنها (٠. ١٥٣) کە زۆر نزیکە لە سفرەوە (چونکە بەهای پەیوەندیی دەکەوێتە نێوان (١+ و ١-)، هەرچەند بەهایەکە لە (١+ و ١-) نزیکتر بێت بەهێزی پەیوەندییەکە پیشاندەدات و چەندیش لە سفرەوە نزیک بێت لاوازتر دەبێت).

هەروەها بەهای (Sig. ) دەکاتە (٠,٠٠٣) کە بچووکترە لە (٠,٠٠٥)، بۆیە ئاماژەدارە لەڕووی ئامارییەوە. واتە گۆڕاوی ڕەگەز پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی هەیە لەگەڵ گۆڕاوی ناسنامەی گەنج، ئەگەرچی زۆر لاوازیش بێت. هەر لەبەرئەوەی بەهای پەیوەندییەکە لاوازە لە وێنەی (٢) دا ئەو پەیوەندییە دەرناکەوێت. بڕوانە خشتەی (١٧).

### ٣-گۆڕاوی ڕەگەزو بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج

خشتەی (١٨)

پەیوەندی نێوان گۆڕاوی ڕەگەزو بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج

| | | | ڕەگەز | بەجیهانیبوون وناسنامە |
|---|---|---|---|---|
| Spearman's rho | ڕەگەز | Correlation Coefficient | 1 | 116* . |
| | | (Sig. (2-tailed | . | 0. 023 |
| | | N | 384 | 381 |
| | بەجیهانیبوون و ناسنامە | Correlation Coefficient | 116* . | 1 |
| | | (Sig. (2-tailed | 0. 023 | . |
| | | N | 381 | 384 |

بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج




وێنەی (٣) پەیوەندی نێوان گۆڕاوی رەگەز بە بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنجەوە

سەبارەت بە پەیوەندی (نێوان گۆڕاوی ڕەگەزی نموونە و گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج، دەردەکەوێت بەهەمان شێوەی پەیوەندی پێشتر (گۆڕاوی ڕەگەزی نموونە و گۆڕاوی ناسنامەی گەنج) پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی لاواز هەیە لەنێوانیاندا کە دەکاتە (٠,١١٦)، و لەڕووی ئاماریشەوە ئاماژەدارە بەوەی بەهای Sig. دەکاتە ( ٠,٠٢٣).کە بچووکترە لە (٠,٠٠٥ )بەڵام لەبەرئەوەی پەیوەندییەکە زۆر لاوازە و کاریگەرییەکی وەهای نییە، دەبینین لە وێنەی (٣) دا کە پێویستە ئەو پەیوەندی ە پیشانبدات، هیچ پەیوەند یەک پیشان نادات، چونکە بەهاکەی زۆر کەمە و لە سفرەوە نزیکە نەک (١ +یان ١-). بڕوانە خشتەی (١٨).

## ٤-گۆڕاوی تەمەن و بەجیهانیبوونی کولتوور

خشتەی (١٩)

پەیوەندی نێوان گۆڕاوی تەمەن و بەجیهانیبوونی کولتوور

| | | | تەمەن | بەجیهانیبوونی کولتوور |
|---|---|---|---|---|
| Spearman's rho | تەمەن | Correlation Coefficient | 1 | 0. 006 |
| | | (Sig. (2-tailed | . | 0. 912 |
| | | N | 384 | 384 |
| | بەجیهانیبوونی کولتوور | Correlation Coefficient | 0. 006 | 1 |
| | | (Sig. (2-tailed | 0. 912 | . |
| | | N | 384 | 384 |




وێنەی (٤) پەیوەندی نێوان گۆڕاوی تەمەن و بەجیهانیبوونی کولتوور

سەبارەت پەیوەندی نێوان گۆڕاوی تەمەن و بەجیهانیبوونی کولتوور بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیی نییە و بەهایەکە هێندە کەمە وەک ئەوە وایە سفر بێت (٠,٠٠٦.) هەروەها بەهای (Sig. ) کە دەکاتە(٠,٩١٢) بەرزترە لە (٠,٠٠٥) بۆیە لە ڕووی ئامارییەوە لەڕووی ئاماریەوە ئاماژەدار نییە. و ئەوە پیشاندەدات هیچ پەیوەندییەک نییە. کاتێک تەماشای وێنەی (٤) دەکەین خاڵەکانی تەمەن لەسەر گرافەکە زۆر پەرتن و هیچ پەیوەندییەک لە نێوان هەردوو تەوەرەکە پیشان نادات. بڕوانە خشتەی (١٩).

### ٥-گۆڕاوی تەمەن و ناسنامەی گەنج

خشتەی (٢٠)

پەیوەندی نێوان گۆڕاوی تەمەن و ناسنامەی گەنج

| | | | تەمەن | ناسنامە |
|---|---|---|---|---|
| Spearman's rho | تەمەن | Correlation Coefficient | 1 | 0. 002 |
| | | (Sig. (2-tailed | . | 0. 961 |
| | | N | 384 | 384 |
| | ناسنامەی گەنج | Correlation Coefficient | 0. 002 | 1 |
| | | (Sig. (2-tailed | 0. 961 | . |
| | | N | 384 | 384 |




وێنەی (٥) پەیوەندی نێوان گۆڕاوی تەمەن و ناسنامەی گەنج

لە خشتەی (٢٠) پیشانیدەدات کە هیچ پەیوەستییەک بوونی نییە لەنێوان گۆڕاوەکانی تەمەن و ناسنامەی گەنجدا، بەوەی بەهای پەیوەندیەیی دەکاتە (٠,٠٠٢) کە وەک ئەوە وایە سفر بێت، هەروەها بەهای Sig. کە دەکاتە (٠,٩٦١) بەرزترە لە (٠,٠٠٥)، بۆیە لەڕووی ئامارییەوە هیچ لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نییە. وەک دەریشدەکەوێت گۆڕاوی تەمەن هیچ کاریگەرییەک پیشان نادات. هەروەها لە وێنەی (٥) دا دیارە خاڵەکان زۆر پەرتن و لە ڕۆڵی هیچ هێڵێک کۆنەبوونەتەوە کە ئاماژە بە پەیوەندییەک بکات، بەڵکو پەرشوبڵاون. بۆیە وێنەکەش وەک خشتەکە نەبوونی ئەو پەیوەندییە پیشاندەدات.

## ٦- گۆڕاوی تەمەن و بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج

خشتەی (٢١)

پەیوەندی نێوان گۆڕاوی تەمەن و بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج

| | | | تەمەن | بەجیهانیبوون و ناسنامە |
|---|---|---|---|---|
| Spearman's rho | تەمەن | Correlation Coefficient | 1 | 0. 034 |
| | | (Sig. (2-tailed | . | 0. 509 |
| | | N | 384 | 384 |
| | بەجیهانیبوون و ناسنامە | Correlation Coefficient | 0. 034 | 1 |
| | | (Sig. (2-tailed | 0. 509 | . |
| | | N | 384 | 384 |




بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج

وێنەی (٦) پەیوەندی نێوان گۆڕاوی تەمەن و بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج

هەروەک چۆن تەمەن لە پەیوەندیدا بە دوو گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوورو گۆڕاوی ناسنامەی گەنج هیچ پەیوەندییەکی پیشان نەدا، وەکو دیارە، لەگەڵ گۆڕاوی سێیەمیشدا کە گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنجە، هیچ پەیوەندییەک پیشاننادات. چونکە بەهای پەیوەندی دەرچوو زۆر لە سفرەوە نزیکە کە دەکاتە (٠،٠٣٤) و بەهای (Sig. ) کە دەکاتە (٠،٥٠٩) بەرزترە لە (٠،٠٠٥)، بۆیە لەڕووی ئامارییەوە هیچ لەڕووی ئاماریەوە ئاماژەدار نییە. هەروەها بە وردبوونەوە لە وێنەی (٦) دەردەکەوێت، خاڵەکان زۆر پەرتوبڵاون و هیچ پەیوەندییەک لەنێوان گۆڕاوی تەمەن و گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنجدا پیشانادات. بۆیە سەبارەت بە گۆڕاوی تەمەن دەتوانین بڵێین، گۆڕاوی تەمەن هیچ پەیوەندیەک دروستناکات لەگەڵ گۆڕاوەکانی توێژینەوەدا و گۆڕاوێکی بێکاریگەرییە. ڕەنگە هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە نموونەکەمان هەموویان گەنجن و جیاوازی تەمەنی نێوان گەورەترین (٢٥) ساڵ و بچووکترین (١٨) ساڵ تەنها (٧) ساڵە، ئەوە ماوە کەمەش گۆڕانی تێڕوانینی لای ئەوانەی تەمەنیان بچووکترە لەگەڵ ئەوانەی تەمەنیان گەورەترە دروست نەکردووە. بڕوانە خشتەی (٢١).

## ٧- گۆڕاوی زانکۆو بەجیهانیبوونی کولتوور

خشتەی (٢٢)

پەیوەندی نێوان گۆڕاوی زانکۆ و بەجیهانیبوونی کولتوور

| | | | زانکۆ | بەجیهانیبوونی کولتوور |
|---|---|---|---|---|
| Spearman's rho | زانکۆ | Correlation Coefficient | 1 | -0.005 |
| | | (Sig. (2-tailed | . | 0. 916 |
| | | N | 381 | 381 |
| | بەجیهانیبوونی کولتوور | Correlation Coefficient | -0.005 | 1 |
| | | (Sig. (2-tailed | 0. 916 | . |
| | | N | 381 | 384 |




وێنەی (٧) پەیوەندی نێوان گۆڕاوی زانکۆو بەجیهانیبوونی کولتوور

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان گۆڕاوی زانکۆ (زانکۆکانی سلێمانی، سەلاحەدین، دهۆک و هەڵەبجە) وەک لە وێنەی (٧) دا دیارە و بەجیهانیبوونی کولتوور بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیی نییەو بەهایەکە نزیکە لە سفر کە دەکاتە (-٠,٠٠٥) هەروەها بەهای Sig. کە دەکاتە (٠,٩١٦) بەرزترە لە (٠,٠٠٥)، بۆیە لەڕووی ئامارییەوە لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نییە. بەهەمان شێوەی بەهاکانی ناو خشتەکە، خاڵەکانی ناو گرافەکەش بەپێی هەردوو تەوەری (x و y) دابەش نەبوون و پەرتوبڵاون، کە نیشانەی نەبوونی پەیوەندییە لەنێوان ئەو دوو گۆڕاوەدا. بۆیە دەتوانین بڵێین خوێندکار لە هەر زانکۆیەکی هەرێم بێت (پارێزگایەک بێت، چونکە هەر زانکۆیەک لە پارێزگایەکە)، هیچ پەیوەندییەک دروست ناکات، چونکە هەمان بۆچوونە. بڕوانە خشتەی (٢٢).

### ٨- گۆڕاوی زانکۆ و ناسنامەی گەنج

خشتەی (٢٣)

پەیوەندی نێوان گۆڕاوی زانکۆ و ناسنامەی گەنج

| | | | زانکۆ | ناسنامە |
|---|---|---|---|---|
| Spearman's rho | زانکۆ | Correlation Coefficient | 1 | 0. 034 |
| | | (Sig. (2-tailed | . | 0. 513 |
| | | N | 384 | 381 |
| | ناسنامەی گەنج | Correlation Coefficient | 0. 034 | 1 |
| | | (Sig. (2-tailed | 0. 513 | . |
| | | N | 381 | 384 |




وێنەی (٨) پەیوەندیی نێوان زانکۆ و ناسنامەی گەنج

لە خشتەی (٢٣) دا دەردەکەوێت کە هیچ پەیوەندییەک بوونی نییە لەنێوان گۆڕاوەکانی زانکۆو ناسنامەی گەنجدا، بەوەی بەهای پەیوەندی دەکاتە ٠.٠٣٤ ) زۆر لە سفرەوە نزیکە، هەروەها بەهای (Sig. ) کە دەکاتە( ٠,٥٣١) بەرزترە لە (٠,٠٠٥)، بۆیە لەڕووی ئامارییشەوە هیچ لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نییە. هەروەها لە وێنەی (٨) دا دیارە کە خاڵەکان پەرتن و لە ڕۆڵی هیچ هێڵێک کۆنەبوونەتەوە کە ئاماژە بە پەیوەندییەک بکات. بۆیە وێنەکەش وەک خشتەکە نەبوونی ئەو پەیوەندییە پیشاندەدات لەنێوان گۆڕاوەکانی زانکۆ و ناسنامەی گەنجدا.

## ٩- گۆڕاوی زانکۆ و بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج

خشتەی (٢٤)

پەیوەندی نێوان گۆڕاوی زانکۆو بەجیهانیبوونی کولتوورو ناسنامەی گەنج

| | زانکۆ | | | بەجیهانیبوون و ناسنامە |
|---|---|---|---|---|
| Spearman's rho | زانکۆ | Correlation Coefficient | 1 | 0. 004 |
| | | (Sig. (2-tailed | . | 0. 933 |
| | | N | 381 | 381 |
| | بەجیهانیبوون و ناسنامە | Correlation Coefficient | 0. 004 | 1 |
| | | (Sig. (2-tailed | 0. 933 | . |
| | | N | 381 | 384 |

بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج




وێنەی (٩) پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی زانکۆ بە بەجیهانیبوونی کولتوورو ناسنامەی گەنج

سەبارەت بە گۆڕاوی زانکۆش وەک لە باسکردنی گۆڕاوی تەمەندا، دەتوانین بڵێن کە گۆڕاوی زانکۆش هیچ پەیوەندی و پەیوەندییەک دروستناکات لەگەڵ گۆڕاوەکانی توێژینەوەدا. لەمەشەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە گەنجانی کوردستان لە هەر زانکۆیەک بن، یان لە هەر پارێزگایەک لە پارێزگاکانی کوردستان، هیچ جیاوازییەک دروست ناکات سەبارەت بە هەر سێ گۆڕاوی توێژینەوەکە. لە هەردوو گۆڕاوەکانی (بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج) دا هیچ پەیوەندییەک لەپەیوەندیدا بە گۆڕاوی زانکۆوە بوونی نەبوو، بەهۆی بەهای پەیوستەییان کە نەک لاواز بوو، بەڵکو هەر نزیک بوون لە سفرەوە و بە نەبوو دادەنرێن. زانکۆ لەگەڵ ئەم گۆڕاوەش کە بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنجە هیچ پەیوەندییەک پیشانادات، چونکە بەهای پەیوەندیەیی دەرچوو هەر زۆر لە سفرەوە نزیکە کە دەکاتە( ٠.٠٠٤ ) و بەهای Sig. کە دەکاتە (٠،٩٣٣) بەرزترە لە (٠،٠٠٥)، بۆیە لەڕووی ئاماریشەوە هیچ لەڕووی ئاماریەوە ئاماژەدار نییە. بۆ دڵنیابوونی زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەوە، سەرنجدەدەینە وێنەی (٩) کە بە مەبەستی پیشاندانی پەیوەندیی دروستکراوە و دەردەکەوێت کە خاڵەکان زۆر پەرشوبڵاون و هیچ پەیوەندییەک لەنێوان گۆڕاوی زانکۆ و گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنجدا پیشانادات. بڕوانە خشتەی (٢٤).

## ١٠- گۆڕاوی پسپۆڕی و بەجیهانیبوونی کولتوور

خشتەی (٢٥)

پەیوەندی نێوان گۆڕاوی پسپۆڕی و بەجیهانیبوونی کولتوور

| | پسپۆڕی | | | بەجیهانیبوونی کولتوور |
|---|---|---|---|---|
| Spearman's rho | پسپۆڕی | Correlation Coefficient | 1 | 0. 01 |
| | | (Sig. (2-tailed | . | 0. 845 |
| | | N | 384 | 384 |
| | بەجیهانیبوونی کولتوور | Correlation Coefficient | 0. 01 | 1 |
| | | (Sig. (2-tailed | 0. 845 | . |
| | | N | 384 | 384 |




وێنەی (١٠) پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی پسپۆری و بەجیهانیبوونی کولتوور

وەک لە خشتەی (٢٥) دا دەردەکەوێت، هیچ پەیوەندییەک نییە لەنێوان گۆڕاوی پسپۆڕی (زانستی سروشتی و زانستی کۆمەڵایەتی) و بەجیهانیبوونی کولتووردا. بەوەی بەهای پەیوەندیەیی دەکاتە (٠. ٠١) کە بەهاکەی زۆر نزیکە لە سفر، هەروەها بەهای Sig. دەکاتە (٠,٠٨٤٥) بەرزترە لە بەهای (٠,٠٠٥)، ئەوەش ئەوە دەگەینێت کە لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نییەو بەمەش دەردەکەوێت هەردوو پسپۆڕییەکە وەکو یەک کاریگەرن بە بەجیهانیبوونی کولتوور. بۆ زیاتر دڵنیابوون لە نەبوونی ئەو پەیوەندییە دەبینین خاڵەکان لە وێنەی (١٠) دا بەجۆرێک دابەشبوون، کە هیچ پەیوەندییەک پیشان نادەن لەنێوان ئەو دوو گۆڕاوەدا.

### ١١- گۆڕاوی پسپۆڕی و ناسنامەی گەنج

خشتەی (٢٦)

پەیوەندی نێوان گۆڕاوی پسپۆڕی و ناسنامەی گەنج

| Spearman's rho | | | پسپۆڕی | ناسنامە |
|---|---|---|---|---|
| | پسپۆڕی | Correlation Coefficient | 1 | -0. 018 |
| | | (Sig. (2-tailed | . | 0. 72 |
| | | N | 384 | 384 |
| | ناسنامەی گەنج | Correlation Coefficient | -0. 018 | 1 |
| | | (Sig. (2-tailed | 0. 72 | . |
| | | N | 384 | 384 |




وێنەی (١١) پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی پسپۆری و ناسنامەی گەنج

لە خشتەی (٢٦) دا بە هەمان شێوەی پەیوەندی نێوان پسپۆڕی و بەجیهانیبوونی کولتوور، دەردەکەوێت کە هیچ پەیوەندییەک بوونی نییە لەنێوان گۆڕاوەکانی پسپۆڕی و ناسنامەی گەنجدا، بەوەی بەهای پەیوەندیەیی دەکاتە (-٠,٠١٨) کە زۆر نزیکە لە سفر، هەروەها بەهای Sig. کە دەکاتە( ٠,٧٢)گەورەترە لە (٠,٠٠٥)، بۆیە لەڕووی ئامارییەوە لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نییە. وەک دەریشدەکەوێت لەوبارەیەوە، گۆڕاوی پسپۆڕیش وەک گۆڕاوی تەمەن و زانکۆ هیچ کاریگەرییەک پیشان نادات، هەروەها لە وێنەی (١١) دا دیارە کەوا خاڵەکان پەرتن و لە ڕۆڵی هیچ هێڵێک کۆنەبوونەتەوە کە گومانی بوونی پەیوەندییەک بکەین. وێنەکەش وەک خشتەکە نەبوونی ئەو پەیوەندییە پیشاندەدات.

## ١٢- گۆڕاوی پسپۆڕی و بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج

خشتەی (٢٧)

پەیوەندی نێوان گۆڕاوی پسپۆڕی و بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج

| | پسپۆڕی | | | بەجیهانیبوون و ناسنامە |
|---|---|---|---|---|
| Spearman's rho | پسپۆڕی | Correlation Coefficient | 1 | -0. 021 |
| | | (Sig. (2-tailed | . | 0. 688 |
| | | N | 384 | 384 |
| | بەجیهانیبوون و ناسنامە | Correlation Coefficient | -0. 021 | 1 |
| | | (Sig. (2-tailed | 0. 688 | . |
| | | N | 384 | 384 |




وێنەی (١٢) پەیوەندیی نێوان پسپۆری و بەجیهانیبوونی کولتوور وناسنامەی گەنجەوە

لەخشتەی (٢٧) دیارە پسپۆڕی لەگەڵ گۆڕاوی سێیەمیش کە گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوورو ناسنامەی گەنجە، هیچ پەیوەندییەک پیشانادات، بەهەمان شێوەی پەیوەندی نێوان پسپۆڕی و دوو گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوور و گۆڕاوی ناسنامەی گەنج هیچ پەیوەندییەکی پیشاننەدا، چونکە بەهای پەیوەندیەیی (گۆڕاوی پسپۆڕی بە بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنجەوە) دەرچوو، زۆر لە سفرەوە نزیکە کە دەکاتە (-٠,٠٢١) و بەهای Sig. کە دەکاتە (٠,٦٨٨) بەرزترە لە (٠,٠٠٥)، واتە لەڕووی ئامارییەوە لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نییە. بەسەرنجدان لە وێنەی (١٢) دا دەردەکەوێت کە خاڵەکانی پسپۆڕی کە گۆڕاوی سەربەخۆییە، لەگەڵ گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنجدا هیچ پەیوەندییەک لەنێوان گۆڕاوی تەمەندا پیشان نادەن. بە مانایەکی دیکە خوێندکار چ لە زانستە سروشتییەکان بخوێنێت یان خوێندکار بێت لە بەشێکی زانستە مرۆییەکان، تێڕوانینیان هاوشێوەیە سەبارەت بە ئاماژەکانی بەجیهانیبوون و ناسنامەی گەنج، کە خۆی لە کۆمەڵێک بڕگەدا دەبیننەوە. وەک لە خشتەی (٢٧).

## ١٣-گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج و گۆڕاوی ناسنامەی گەنج

خشتەی (٢٨)

پەیوەندیی بەجیهانیبوونی کولتوورو ناسنامەی گەنج بە ناسنامەی گەنجەوە

| | | | ناسنامەی گەنج | بەجیهانیبوون و ناسنامە |
|---|---|---|---|---|
| Spearman's rho | بەجیهانیبوون و ناسنامە | Correlation Coefficient | 657** . | 1 |
| | | (Sig. (2-tailed | 0 | . |
| | | N | 384 | 384 |
| | ناسنامەی گەنج | Correlation Coefficient | 1 | 657** . |
| | | (Sig. (2-tailed | . | 0 |
| | | N | 384 | 384 |




وێنەی (١٣) پەیوەندیی بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج بە ناسنامەی گەنج

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج و گۆڕاوی ناسنامەی گەنج، دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ناوەندی یان بەهێز هەیە لەنێوانیاندا و کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە، هەروەها پەیوەندییەکە ڕاستەوانەیە، واتە چەندە ناسنامەی گەنج بەرجەستەتر بێت، بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج لای نموونەکە و دواتریش لای گەنجانی هەرێمی کوردستان بەرجەستەتر دەبێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە. بەهای پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاویش دەکاتە (٠. ٦٥٧) کە نزیکە لە (١) و بەهای Sig. کە دەکاتە (٠,٠٠٠) کەمترە لە (٠,٠٠٥)، واتە لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە. کاتێک سەرنج دەدەینە وێنەی (١٣) دەبینین خاڵەکان تاڕاددەیەکی زۆر بەڕۆڵی هێڵێکدا کۆبوونەتەوەو و زۆر کەم پەرشوبڵاوییان پێوە دیارە، کۆبوونەوەی خاڵەکان بەڕۆڵی ئەم هێڵەدا نیشانەی بوونی پەیوەندییە لەنێوان دوو گۆڕاوەکەدا. وەک لە خشتەی (٢٨)

## ١٤- پەیوەندیی بەجیهانیبوونی کولتوور بە بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج

خشتەی (٢٩)

پەیوەندیی بەجیهانیبوونی کولتوور بە بەجیهانیبوونی کولتوورو ناسنامەی گەنجەوە

| | | | بەجیهانیبوون و ناسنامە | بەجیهانیبوونی کولتوور |
|---|---|---|---|---|
| Spearman's rho | بەجیهانیبوون و ناسنامە | Correlation Coefficient | 406** . | 1 |
| | | (Sig. (2-tailed | | 0.000 |
| | | N | 384 | 384 |
| | بەجیهانیبوونی کولتوور | Correlation Coefficient | 1 | 406** . |
| | | (Sig. (2-tailed | 0.000 | |
| | | N | 384 | 384 |




وێنەی (١٤) پەیوەندیی بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج بە بەجیهانیبوونەوە

لەبارەی پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوور و گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج، وەک لە خشتەی (٢٩) دا دەردەکەوێت، پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوانیاندا هەیە و بەهاکەی دەکاتە (٠,٤٠٦) کە لەڕووی بەهێزی و لاوازی ئەو پەیوەندییە دەکرێت بڵێین ناوەندییە، چونکە لە (٠,٠٥) نزیکە، واتە دەکەوێتە ناوەڕاستی (. -١)، جگە لە بەهای پەیوەندیەیی بەهای (Sig. ) کە دەکاتە (٠,٠٠٠) و کەمترە لە (٠,٠٠٥)، واتە لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە و جەخت لە بوونی ئەو پەیوەندییە دەکاتەوە. بەهەمان شێوە وێنەی (١٤) ئەوە پیشاندەدات کە پەیوەندیی هەیە، چونکە خاڵەکان لەنێوان هەردوو تەوەری بەجیهانیبوونی کولتوور و تەوەری گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج لە ڕۆڵی یەک هێڵ کۆبوونەتەوە و پەرت نین.

## ١٥- بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج

خشتەی (٣٠)

پەیوەندی نێوان بەجیهانیبوونی کولتوورو ناسنامەی گەنج

| | | | بەجیهانیبوونی کولتوور | ناسنامەی گەنج |
|---|---|---|---|---|
| Spearman's rho | بەجیهانیبوونی کولتوور | Correlation Coefficient | 431** . | 1 |
| | | (Sig. (2-tailed | 0.000 | . |
| | | N | 384 | 384 |
| | ناسنامەی گەنج | Correlation Coefficient | 1 | 431** . |
| | | (Sig. (2-tailed | . | 0.000 |
| | | N | 384 | 384 |




وێنەی (١٥) پەیوەندیی بەجیهانیبوونی کولتوور بە ناسنامەی گەنجەوە

لە خشتەی (٣٠) دا دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان هەردوو گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوور بە ناسنامەی گەنجدا هەیە، واتە هەردووکیان کار لە یەکتری دەکەن و بەهێزبوونی هەر یەکێکیان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئەوی دیکە و پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. بەهای پەیوەندی نێوانیشیان دەکاتە (٠,٤٣٢)، کە بەهێزییەکەی ناوەندییە و پەیوەندییەکە نە لاوازە و نە بەهێزە، بەڵکو لە ناوەندە و لە( ٠,٠٥) نزیکە، هەروەها بەهای (Sig. ) کە دەکاتە (٠,٠٠٠) کەمترە لە (٠,٠٠٥)، واتە لەڕووی ئاماریییەوە ئاماژەدارە. سەبارەت بە پەرتبوونی خاڵەکانیش لە گرافی سکۆت پلۆتدا وەک لە وێنەی (١٥) دا دادەردەکەوێت، خاڵەکان لە ڕۆڵی هێڵێک لەنێوان هەردوو تەوەری گۆڕاوی سەربەخۆ (ناسنامەی گەنج) و گۆڕاوی پاشکۆ (بەجیهانیبوونی کولتوور) دا کۆبوونەتەوە و پەرشوبڵاو نین، کە نیشانەی بوونی پەیوەندییە.

# باسی دووەم: خستنەڕووی ئەنجامی ئامانج وگریمانەکان و شیکارکردنیان

## باسی دووەم: خستنەڕووی ئەنجامی ئامانج وگریمانەکان و شیکارکردنیان

لەم بەشەدا ئەنجامەکانی توێژینەوە بەپێی ئامانجەکان و گریمانەکان خراونەتەڕوو، لەگەڵ بەراوردکردنی بە توێژینەوە هاوشێوەکان لەو شوێنەی پەیوەندیدارە بە ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانەوە. دوای کۆتایهاتنی قۆناغی پۆلێنکردنی داتاکان و ڕێکخستنیان، توێژەر هەڵساوە بە شیکردنەوەی خشتە ئامارییەکان بەشێوەیەکی زانستی و بەشێوەیەکی لۆژیکییانە ڕاڤەیکردون. لەمەشدا پشتیبەستوە بە پێوەرەکانی شیکردنەوەی ئاماری، بۆ شیکردنەوەی ئەو دەرەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتووە.

## ئامانجەکانی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا ئامانجی سەرەکیمان بریتییە لە: زانینی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لە سەر ناسنامەی گەنج لە هەرێمی کوردستاندا. بۆ زانینی ئەو کاریگەرییەش، ئێمە چەند ئامانجێکی لاوەکیمان دەستنیشانکردووە کە بە ئامانجگەیشتنی ئەو ئامانجە لاوەکییانە، دەتوانین بزانین ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەش بەدیهاتووە یان نا، بۆیە لەخوارەوە یەک بەیەک هەوڵدەدەین ئەو ئامانجە لاوەکییانە بە پشتبەستن بە خشتەو هاوکۆلکە ئامارییەکان ڕوونبکەینەوە.

## <u>ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی تێگەشتنی گەنجان بەرامبەر بەجیهانیبوونی کولتوور.</u>

بۆ ئاشنابوون بە تێگەیشتنی گەنجان، پێویستدەکات جارێکی دیکە چاو بە خشتەی (٣١) و بڕگەکانی تایبەت بە جیهانیبووندا بخشێنینەوە. لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت ناوەندی ژمارەیی سەنگکراوی (پارسەنگ- مرجع) ی بڕگەکان بەرزە. ئەگەر تەماشای بەهاکان بکەین، دەبینین بەهای هەموو بڕگەکان لەسەرووی (٢. ٥) لە (٥) ە، واتە هیچ بڕگەیەکی لاواز نییە، بەڵکو زۆربەی بڕگەکان لەسەرووی (٣. ٢)ن، ئەوەش ئەو بڕگانەن کە دەتوانین بڵێین بەهێزن. ئەگەر هەندێک لە بڕگە بەهێزەکان بخوێنینەوە وەکو: وا هەستدەکەم دابونەریتی کۆمەڵگەکەم خەریکە لەناودەچێت، بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە زۆربەی کاتەکانم لەسەر ئینتەرنێتم، لەگەڵ سوود وەرگرتنت لە ئەزموونی کولتوورە جیهانییەکان، بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە حەزدەکەم بە شێوازێکی نوێی سەردەمییەوە دەربکەوم، بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە زمانی کوردیم بەلاوە گرنگ نییە، چونکە زمانێکی نێودەوڵەتی نییە، بەجیهانیبوونی کولتوور بەمانای کرانەوەی کۆمەڵگەکەم دێت بەڕووی جیهاندا، لەگەڵ بەجیهانیبووندام. هەموو ئەم بڕگانە کە هێزی بڕگەیان لەسەرووی (٣. ٧٥) ەوەیە، ئەوەمان پێدەڵێن کە گەنجانی کوردستان لە هەموو ناوچەکاندا، هەروەها بە ڕەگەزی جیاوازو پێگەی چینایەتی جیاوازەوە، زۆر لە ژێر کاریگەری بەجیهانیبووندان. لە ئەنجامی ئەو کاریگەرییەشەوە، کە شێوازی ژیانی نوێ هەڵدەبژێرن، زمانی کوردییان بەلاوە گرنگ نییە، لەگەڵ کرانەوەدان بەڕووی جیهاندا، پێیانوایە ڕۆشنبیری نوێ لە کۆمەڵگەکەیاندا بڵاوبووەتەوەو ڕەزامەندن بە بڵاوبوونەوەی بەهای نوێ.

## خشتەی (٣١)

## ئاستی تێگەشتنی گەنجان بەرامبەر بەجیهانیبوونی کولتوور

| ناوەندی ژمارەیی سەنگکراو | بڕگەکان |
|---|---|
| 4. 17 | وا هەستدەکەم دابونەریتی کۆمەڵگەکەم خەریکە لەناودەچێت |
| 4. 04 | بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورییەوە زۆربەی کاتەکانم لەسەر ئینتەرنێتم |
| 4 | لەگەڵ سوود وەرگرتنیت لە ئەزموونە کولتوورییە جیهانییەکان |
| 3. 98 | بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتووریەوە حەزدەکەم بەشێوازێکی نوێی سەردەمییەوە دەرکەوم |
| 3. 91 | بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتووریەوە زمانی کوردیم بەلاوە گرنگ نییە چونکە زمانێکی نێودەوڵەتی نییە |
| 3. 89 | بەجیهانیبوونی کولتوور بە مانای کرانەوەی کۆمەڵگەکەم دێت بەڕووی جیهاندا |
| 3. 77 | لەگەڵ بەجیهانیبووندام |
| 3. 67 | ڕۆشنبیری نوێ لە کۆمەڵگەکەم بڵاوبوەتەوە |
| 3. 63 | ڕەزامەندیت بە بڵاوبوزنەوەی بەهای نوێ لەکۆمەڵگەکەتدا |
| 3. 56 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بڵاوبوزنەوەی یەکسانی جێندەری لە کۆمەڵگەکەمدا |
| 3. 51 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بڵاوبونەوەی دیموکراسیەت لە کۆمەڵگەکەمدا |
| 3. 51 | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبونەوەی ئینتەرنێت |
| 3. 44 | بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتووریەوە زۆربەی کاتەکانم بە سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە بەسەردەبەم |
| 3. 42 | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبوونەوەی ستایلی نوێ و خواردنی ڕۆژئاوایی |
| 3. 4 | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە جێگرتنەوەی زمانە نێودەوڵەتییەکان لەزمانە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەکەم |
| 3. 3 | بەجیهانیبوونی کولتوور کێشەکولتوورییەکانم بۆ زیاددەکات |
| 3. 29 | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە زۆربوونی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لەکۆمەڵگەکەمدا |
| 3. 24 | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبوونەوەی هزری نوێی هەمەجۆر لە کۆمەڵگەکەمدا |
| 3. 21 | بەجیهانیبوون نامۆی کردوم بەکۆمەڵگەکەم |
| 3. 16 | گۆڕانی کولتوورم بەلاوە پەسەندە |
| 3. 15 | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە سڕینەوەی بەهای ئاکاری و کۆمەلایەتی کۆمەڵگەکەم |
| 2. 94 | بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورییەوە بەکارهێنانی زمانی بیانی وەک زمانێکی ڕەسەن دەزانم |
| 2. 7 | حەز بە کولتوور کۆمەڵگەکەم دەکەم |
| 2. 66 | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە زۆربوونی ئامراز و کەرەستەکانی ژیان بەهەموو جۆرەکانیەوە |

**بۆ ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە ئەم گریمانەیەمان هەیە (کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لە هەرێمی کوردستاندا لەئاستێکی بەرزدایە).**

بۆ ئەوەی بزانین ئایا ئەو کاریگەرییە هەیە یان نا، دەرکەوت کە هیچ برگەیەکی لاواز نەبوو. بگەڕێوە بۆ خشتەی (32) کە دەردەکەوێت گەنجانی کوردستان لەگەڵ ئەم برگانەدان کە (28) برگەن و باس لە کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور دەکەن لەسەر ڕەفتاری تاک، کاڵبوونەوەی ناسنامە، ونکردنی ناسنامە و هەڵوەشاندنەوەی ناسنامە، بەکارهێنانی زمانی بیانی، بەڕۆژئاواییکردنی گەنجان، حەزکردن بەوەی بە هاوڵاتی جیهانی بناسرێن و.. ، کە هەموو ئەو برگانە ئەو کاریگەرییە دەردەخەن.

خشتەی (32) T. Test

کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لەهەرێمی کوردستاندا لەئاستێکی بەرزدایە

**One-Sample Statistics**

| | N | Mean | Std. Deviation | Std. Error Mean |
|---|---|---|---|---|
| t2 | 384 | 88.9818 | 12.94242 | .66047 |

**One-Sample Test**

| | Test Value = 74 | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | 95% Confidence Interval of the Difference | |
| | t | df | Sig. (2-tailed) | Mean Difference | Lower | Upper |
| t2 | 22.684 | 383 | .000 | 14.98177 | 13.6832 | 16.2804 |

هەروەها لە هاوکۆلکەی پەیوەندییدا دەرکەوت، پەیوەندی هەیە لەنێوان بەجیهانیبوون و ناسنامەی گەنجدا، جگە لەوەش لە (T. Test) بۆ تەوەری بەجیهانیبوونی کولتووردا دەردەکەوێت، بەهای (T. Test) دەکاتە (٢٢,٦٨)، کە گەورەترە لەبەهای (T) خشتەیی و بەهای (Sig. ) دەکاتە (٠,٠٠٠)، کە بچووکترە لە (٠,٠٠٥) لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (٨٨. ٩٨)، کە گەورەترە لە (٧٤) کە بەهای تێستەکەیە، وەک لە خشتەی (٣٢) دا دەردەکەوێت. هەمووئەوانە پێماندەڵێن کە بەجیهانیبوون کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج و بەوەش دەتوانین بڵێین **گریمانەی یەکەممان کە دەڵێت: کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لەهەرێمی کوردستاندا لەئاستێکی بەرزدایە. سەلمێنراوە و دروستە.**

## ئامانجی دووەم: بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی زمانەوە.

ئەگەر سەرنجی خشتەی (٣٣) بدەین، دەبینین کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر گەنجان لەڕووی زمانەوە، نەک هەیە بەڵکو بەهێزیشە. بڕگەکان ئەوە پیشاندەدەن کە زمانی کوردی زمانێکی گرنگ نییە، چونکە نێودەوڵەتی نییە، هەروەها دەبینین بە نمرەی بەرز لەگەڵ فێربوونی زمانی بیانیدان، بەلایانەوە گرنگە زمان نێودەوڵەتی بێت.

لە ئامانجی یەکەمدا باسیان لە کرانەوە بەڕووی جیهاندا دەکرد، ئەگەر ئەویان ببەستینەوە بە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی بیانییەوە، تێدەگەین کە گەنجی ئێمە وەک نەوەی پێش خۆیان نین، کە زۆر گرنگی بە زمانی کوردی و پاراستنی ئەو زمانە دەدەن، ئەگەر خۆیان فێرە زمانی بیانیش کردبا، بەپلەی یەکەم زمانی عەرەبی و دووەم زمانی فارسی بوو، بەڵام لە ئێستای هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی بەرچاو بایەخ بە زمانی ئینگلیزی دەدرێت لە کردنەوەی خولی فێربوونی زماندا، وەک پەیمانگاکانی فێرکردنی زمان و کردنەوەی زانکۆکانی ئەمریکی عێراق لە سلێمانی، ئەمریکی لە دهۆک و پێش ئەوانیش زانکۆی کوردستان لە شاری هەولێر، سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆری قوتابخانەی ئینگلیزی زمانەکان، کە ڕۆژ دوای ڕۆژ هەم ژمارەی خۆیان و هەمیش خوێندکارەکانیان لەزیادبووندایە، لە بەرامبەریشدا بایەخنەدان بە زمانی کوردی و هەوڵنەدان یان هەوڵی کەم بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی و فارسی، نیشانەی کاریگەربوونێکی بەهێزە بە زمانە بیانییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە وێڕای ئینگلیزی، گەنجانی زۆر حەزیان لە فێربوونی زمانەکانی دیکەشە، وەک فەرەنسی، ئیسپانی، ئەڵمانی و کۆری.. .

خشتەی (٣٣)

بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی زمانەوە

| ناوەندی ژمارەیی سەنگکراو | بڕگەکان |
|---|---|
| 3. 91 | بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتووریەوە زمانی کوردیم بەلاوە گرنگ نییە چونکە زمانێکی نێودەوڵەتی نییە |
| 3. 74 | بەکارهێنانی زمانی کوردی هۆکارێکە بۆ پاراستنی ناسنامەکەم |
| 3. 7 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بەکار هێنانی زمانی بیانی |
| 3. 4 | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە جێگرتنەوەی زمانی نێودەوڵەتی لە زمانە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەکەم |
| 3. 39 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بڵاوبونەوەو فێربونی زمانی بیانی |
| 3. 36 | بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی زمانەوە هۆکارێکە بۆ گۆڕینی ناسنامەی گەنج |
| 2. 94 | بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتووریەوە بەکارهێنانی زمانی بیانی وەک زمانێکی ڕەسەن دەزانم |

**بۆ ئەم ئامانجەش ئەم گریمانەیەمان هەیە (بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی زمانەوە ).**

خشتەی (34)

بڕگەکانی تایبەت بەزمان

| بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | هیچ ڕایەکم نییە | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدانیم | ناوەندی ژمارەیی سەنگکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبووەکان % | دووبارەبووەکان % | دووبارەبووەکان % | دووبارەبووەکان % | دووبارەبووەکان % | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە جێگرتنەوەی زمانە نێودەوڵەتی لە زمانە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەکەم | 80 | 136 | 65 | 63 | 40 | 3. 40 |
| | 20. 8 | 35. 4 | 16. 9 | 16. 4 | 10. 4 | |
| بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورییەوە بەکارهێنانی زمانی بیانی وەک زمانێکی ڕەسەن دەزانم | 56 | 88 | 80 | 97 | 63 | 2. 94 |
| | 14. 6 | 22. 9 | 20. 8 | 25. 3 | 16. 4 | |
| بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورییەوە زمانی کوردیم بەلاوە گرنگ نییە چونکە زمانێکی نێودەوڵەتی نییە | 63 | 65 | 45 | 99 | 112 | 3. 91 |
| | 16. 4 | 16. 9 | 11. 7 | 25. 8 | 29. 2 | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بەکار هێنانی زمانی بیانی | 96 | 150 | 87 | 29 | 22 | 3. 70 |
| | 25. 0 | 39. 1 | 22. 7 | 7. 6 | 5. 7 | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بڵاوبونەوەو فێربونی زمانی بیانی | 113 | 157 | 64 | 36 | 14 | 3. 39 |
| | 29. 4 | 40. 9 | 16. 7 | 9. 4 | 3. 6 | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی زمانەوە هۆکارێکە بۆ گۆڕینی ناسنامەی گەنج | 76 | 103 | 112 | 59 | 33 | 3. 36 |
| | 19. 8 | 26. 8 | 29. 2 | 15. 4 | 8. 6 | |
| بەکارهێنانی زمانی کوردی هۆکارێکە بۆ پاراستنی ناسنامەکەم | 176 | 131 | 41 | 28 | 8 | 3. 74 |
| | 45. 8 | 34. 1 | 10. 7 | 7. 3 | 2. 1 | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بەکار هێنانی زمانی بیانی | 96 | 150 | 87 | 29 | 22 | 3. 70 |
| | 25. 0 | 39. 1 | 22. 7 | 7. 6 | 5. 7 | |

لە م خشتەی سەرەوەدا کە تایبەتە بە بڕگەکانی تایبەت بە بەجیهانیبوونی کولتوور، کاریگەری لەسەر گەنجان لەڕووی زمانەوە دەردەکەوێت، کە هیچ بڕگەیەکی لاواز نییە هێزەکەی یان ناوەندی ژمارەیی سەنگکراوی لەخوار (٢. ٦) ەوە بێت، تاکە بڕگەیەکیش کە بەهێز نییە، ئەو بڕگەیەیە کە دەڵێت: بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتورییەوە بەکارهێنانی زمانی بیانی وەک زمانێکی ڕەسەن دەزانم، کە ناوەندی ژمارەیی سەنگکراوی دەکاتە (٢. ٩٤)، واتە دەکەوێتە نێوان (٢. ٦١- ٣. ٢٠)، ئەوەش بەو مانایە دێت کە بەهێز نییە، بەڵام لاوازیش نییە. حەوت بڕگەکەی دیکە هەموویان بڕگەی بەهێزن کە هێزیان دەکەوێتە نێوان (٣. ٢١-٤)، بەمشێوەیە: (٣. ٣٦، ٣. ٣٩، ٣. ٤، ٣. ٧٠، ٣. ٧٤، ٣. ٩١ و ٣. ٩٤).

خشتەی (35) T. Test

بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی زمانەوە

**One-Sample Statistics**

| | N | Mean | Std. Deviation | Std. Error Mean |
|---|---|---|---|---|
| zmanekan | 384 | 23.5000 | 4.71152 | .24043 |

**One-Sample Test**

| | Test Value = 21 | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | 95% Confidence Interval of the Difference | |
| | t | df | Sig. (2-tailed) | Mean Difference | Lower | Upper |
| zmanekan | 10.398 | 383 | .000 | 2.50000 | 2.0273 | 2.9727 |

بەهای (T. Test) دەکاتە (١٠. ٣٩٨)، کە گەورەترە لەبەهای (T) خشتەیی کە دەکاتە (١. ٦٩٤) و بەهای (Sig. ) دەکاتە (٠,٠٠٠) کە بچووکترە لە (٠,٠٠٥)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، هەروەها ناوەندی ژمارەیی سەنگکراو دەکاتە (٥٠٠. ٢٣)،کە گەورەترە لە (٢١) کە بەهای تێستەکەیە. وەک لە خشتەی (٣٥) دا دەردەکەوێت. **لەمەوە دەتوانین بڵێین، گریمانەی دووەمان بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری لەسەر ناسنامەی گەنج هەیە لەڕووی زمانەوە، واتە گریمانەکەی توێژینەوەکەمان کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، پەسەندکراوە و سەلمێنراوە.**

## <u>ئامانجی سێیەم: زانینی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لە ڕووی بەهاوە</u>

سەبارەت بە کاریگەربوونی گەنجان بە بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕووی بەهاوە، بە سەرنجدان لە خشتەی (٣٦) کە (١٧) برگەی لەخۆگرتووە، دەردەکەوێت گەنجەکان کاریگەرن و ئەو کاریگەرییەش لە وەڵامەکانیاندا بەڕوونی دەردەکەوێت.

ئەوان بە نمرەی بەرز کە لەسەرووی (٤) لە (٥) یان نزیک (٤)، لەو باوەڕەدان کە دابونەریتی کوردەواری نزیکی لەناوچوونە، لەگەڵ سوودوەرگرتن لە ئەزموونە جیهانییەکان، باس لە دەرکەوتنی ڕەفتاری نوێ دەکەن و بەجیهانیبوون بە مانای کرانەوە بەڕووی جیهاندا دەبینن و پێیانوایە، ئاستی ئینتیمای گەنجان بۆ ناسنامەی نەتەوەیی بەرەو نزمییەو ڕەزامەندن بە بڵاوبوونەوەی بەهای نوێ لەکۆمەڵگەکەیاندا. بەهاکان پەیوەستن بە پاڵنەری ڕەفتارو ئەو هیواو ئاواتانەی مرۆڤ هەیەتی، بۆیە بەهاکان لەو چەمکانەیە کە زۆر بەکار دەهێنرێت. لەکاتێکدا خەڵک باسی شیتێکی گرنگ دەکەن، بەڵکو باسی ڕەفتاری تاکەکانیش دەکرێت. بەهاکان هاوڕا دەبن لەگەڵ دابونەریت و ئاراستەکانی لەوەدا کە پاڵنەرو وزەن بۆ ڕەفتارەکان و لەژێر کاریگەری ڕەوتی کولتووری کۆمەڵگەکانی تردا بەڵکە ئەوەش بەهۆی کرانەوەی کۆمەڵگەو بەریەککەوتنی کولتووروەو کۆمەڵێک بەها و نەریتی نوێ دەردەکەوێت و لەناو توێژی گەنجاندا بێگومان ئەوەش بەهۆی کاریگەری هۆکارەکانی گەشەسەندنی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە، ئەو بەریەککەوتنانە ڕوودەدەن لەڕێگەی دامەزراوەکانی بەجیهانیبوونی کولتوورو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندن و کرانەوەی سنوورەکان و کۆچکردن، فاکتەرن بۆ دەرکەوتنی بەهای نوێ. هەروەک چۆن لە تیۆری بڵاووبوونەوەی کولتوور و بەریەککەوتنی کولتووردا ئاماژەیان پێکردوە.

هەموو ئەو نمرە بەرزانە پێماندەڵێن، کە بەڵێ ناسنامەی گەنجانی هەرێمی کوردستان کاریگەرە، یان لە ژێر کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتووردایە، هەروەها بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی (T. Test) دەردەکەوێت کەوا بەهای ( (T. Test دەکاتە (٢٢. ٢٨٢) کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی و بەهای ئاماژەداری sig. ) ) دەکاتە (٠,٠٠٠) کە بچووکترە لە بەهای (٠,٠٠٥)، واتە ئاماژەدارە.

خشتەی (٣٦)

کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی بەهاوە

| ناوەندی ژمارەیی سەنگکراو | بڕگەکان |
|---|---|
| 4. 2 | ناسنامەی من واتە ناسینی بەهای کولتوور کۆمەڵگەکەم |
| 4. 17 | وا هەستدەکەم دابونەریتی کۆمەڵگەکەم خەریکە لەناودەچێت |
| 4. 1 | وشیاری گرنگم هەیە سەبارەت بە ناسنامەکەم |
| 4 | لەگەڵ سوود وەرگرتنیت لە ئەزموونە کولتووریە جیهانییەکان |
| 3. 99 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ دەرکەوتنی رەفتاری نوێ |
| 3. 89 | بەجیهانیبوونی کولتوور بە مانای کرانەوەی کۆمەڵگەکەم دێت بەرووی جیهاندا |
| 3. 85 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازکردنی ئاستی ئینتیمای گەنج سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەی. |
| 3. 67 | ڕۆشنبیری نوێ لە کۆمەڵگەکەمدا بڵاوبوەتەوە |
| 3. 63 | ڕەزامەندی بە بڵاوبونەوەی بەهای نوێ لە کۆمەڵگەکەتدا |
| 3. 63 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ دەستبەسەردا گرتنی بەهای مادی و مەعنەوی کولتوور کۆمەڵگەکەم |
| 3. 49 | بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی بەهاوە، هۆکارێکە بۆ گۆڕینی ناسنامە گەنج |
| 3. 41 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ وەلانانی بیری گەنجی کورد سەبارەت بە کولتوورەکەی |
| 3. 3 | بەجیهانیبوونی کولتوور کێشە کولتوورییەکانم بۆ زیاد دەکات |
| 3. 15 | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە سڕینەوەی بەهای ئاکاری و کۆمەلایەتی کۆمەڵگەکەم |
| 3. 14 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازکردنی ئاستی ئینتیما سەبارەت بە ناسنامەی گەنج |
| 3. 13 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان ناسنامەی گەنجان لەسەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهاندا |
| 3. 05 | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە لاوازکردنی وشیاریم بەرامبەر ناسنامەکەم |

**بۆ ئەم ئامانجەش ئەم گریمانەیەمان هەیە (دەڵێت بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی بەهاوە).**

بۆ تێستکردنی ئەم گریمانەیە و هەروەها باشتر تیشکخستنە سەری، سەرەتا خشتەی هێزی بڕگەکان دەخەینەڕوو، دواتریش لەڕێگای تی تێستەوە گریمانەکە تاقیدەکەینەوە، بەمەبەستی پەسەندکردن، یان ڕەتکردنەوە.

خشتەی (٣٧)

بڕگەکانی تایبەت بە بەها

| بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام دووبارەبووەکان\ % | لەگەڵیدام دووبارەبووەکان\ % | هیچ ڕایەکم نییە دووبارەبووەکان\ % | لەگەڵیدا نیم دووبارەبووەکان\ % | هیچ لەگەڵیدانیم دووبارەبووەکان\ % | ناوەندی ژمارەیی سەنگکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەجیهانیبوونی کولتوور کێشە کولتوورییەکانم بۆ زیاد دەکات | 61 | 108 | 127 | 60 | 28 | 3. 30 |
| | 15. 9 | 28. 1 | 33. 1 | 15. 6 | 7. 3 | |
| وا هەستدەکەم دابونەریتی کۆمەڵگەکەم خەریکە لەناودەچێت | 158 | 171 | 26 | 21 | 8 | 4. 17 |
| | 41. 1 | 44. 5 | 6. 8 | 5. 5 | 2. 1 | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور بە مانای کرانەوەی کۆمەڵگەکەم دێت بەرووی جیهاندا | 113 | 165 | 64 | 35 | 7 | 3. 89 |
| | 29. 4 | 43. 0 | 16. 7 | 9. 1 | 1. 8 | |
| لەگەڵ سوود وەرگرتنیت لە ئەزموونە کولتووریە جیهانییەکان | 127 | 168 | 62 | 15 | 12 | 4. 00 |
| | 33. 1 | 43. 8 | 16. 1 | 3. 9 | 3. 1 | |
| ڕەزامەندی بە بڵاوبونەوەی بەهای نوێ لە کۆمەڵگەکەتدا | 82 | 155 | 85 | 48 | 14 | 3. 63 |
| | 21. 4 | 40. 4 | 22. 1 | 12. 5 | 3. 6 | |
| رۆشنبیری نوێ لەکۆمەڵگەکەمدا بڵاوبووەتەوە | 96 | 158 | 57 | 54 | 19 | 3. 67 |
| | 25. 0 | 41. 1 | 14. 8 | 14. 1 | 4. 9 | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە سڕینەوەی بەهای ئاکاری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەم | 64 | 108 | 81 | 83 | 48 | 3. 15 |
| | 16. 7 | 28. 1 | 21. 1 | 21. 6 | 12. 5 | |
| ناسنامەی من واتە ناسینی بەهای کولتوور کۆمەڵگەکەم | 178 | 130 | 52 | 21 | 3 | 4. 20 |
| | 46. 4 | 33. 9 | 13. 5 | 5. 5 | 0. 8 | |
| وشیاری گرنگم هەیە سەبارەت بە ناسنامەکەم | 140 | 170 | 51 | 18 | 5 | 4. 10 |
| | 36. 5 | 44. 3 | 13. 3 | 4. 7 | 1. 3 | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ دەرکەوتنی رەفتاری نوێ | 108 | 197 | 56 | 15 | 8 | 3. 99 |
| | 28. 1 | 51. 3 | 14. 6 | 3. 9 | 2. 1 | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە لاوازکردنی ووشیاریم بەرامبەر ناسنامەکەم | 39 | 98 | 74 | 95 | 78 | 3. 05 |
| | 10. 2 | 25. 5 | 19. 3 | 24. 7 | 20. 3 | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ دەست بەسەر گرتنی بەهای مادی و مەعنەوی کولتوور کۆمەڵگەکەم | 91 | 124 | 103 | 49 | 17 | 3. 63 |
| | 23. 7 | 32. 3 | 26. 8 | 12. 8 | 4. 4 | |
| | 76 | 120 | 108 | 58 | 22 | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 3. 85 | 5. 7 | 15. 1 | 28. 1 | 31. 3 | 19. 8 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازکردنی ئاستی ئینتیما گەنج سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەی. |
| 3. 13 | 9 | 21 | 106 | 129 | 119 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ فراوان کردنی پەیوەندیەکان لەنێوان ناسنامەی گەنجان لەسەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهاندا |
| | 2. 3 | 5. 5 | 27. 6 | 33. 6 | 31. 0 | |
| 3. 49 | 21 | 74 | 112 | 100 | 77 | بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی بەهاوە، هۆکارێکە بۆ گۆڕینی ناسنامەی گەنج |
| | 5. 5 | 19. 3 | 29. 2 | 26. 0 | 20. 1 | |
| 3. 41 | 25 | 47 | 93 | 112 | 107 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ وەلانانی بیری گەنجی کورد سەبارەت بە کولتوورەکەی |
| | 6. 5 | 12. 2 | 24. 2 | 29. 2 | 27. 9 | |
| 3. 14 | 23 | 56 | 129 | 92 | 84 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازکردنی ئاستی ئینتیما سەبارەت بە ناسنامەی گەنج |
| | 6. 0 | 14. 6 | 33. 6 | 24. 0 | 21. 9 | |

وەک لەخشتەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، هیچ بڕگەیەکی لاواز نییە، هەموو بڕگەکان وەڵامدەرەوەکان زیاتر لەگەڵیدان تاکو ئەوەی لەگەڵی نەبن، هەروەها سەبارەت بە ناوەندی ژمارەیی سەنگکراو دەردەکەوێت هەموو بڕگەکان لاوازن، بەوەی بەهاکەیان سەروو (٣. ٢١) یە، بەم شێوەیە (٣. ٠٥، ٣. ١٣، ٣. ١٤، ٣. ١٥، ٣. ٣٠، ٣. ٤١، ٣. ٤٩، ٣. ٦٣، ٣. ٦٧، ٣. ٨٥، ٣. ٨٩، ٤. ٤، ٤. ١، ٤. ١٧، ٤. ٢). هەموو ئەوەی کە بڕگەکان بەهایان بەرزە و وەڵامدەرەوەکان لەگەڵیدان، نیشانەی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوورە لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی بەهاکانەوە. بۆ زیاتر دڵنیبوون لەوە ( T. Test) تاقیکرایەوەو دەرکەوت بەهای (T. Test) دەکاتە ( ٢٢,٢٨٢) کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی و بەهای( sig.) دەکاتە (٠,٠٠٠) کە چووکترە لە بەهای (٠,٠٠٥)،

خشتەی (38) T. Test

کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوی بەها

**One-Sample Statistics**

| | N | Mean | Std. Deviation | Std. Error Mean |
|---|---|---|---|---|
| zmanekan | 384 | 52.6667 | 8.10559 | .41364 |

**One-Sample Test**

| | Test Value = 48 | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | t | df | Sig. (2-tailed) | Mean Difference | 95% Confidence Interval of the Difference | |
| | | | | | Lower | Upper |
| zmanekan | 11.282 | 383 | .000 | 4.66667 | 3.8534 | 5.4799 |

ئەوەش نیشانەی ئاماژەداری ئامارییە، هەروەها بەهای ناوەندی ژمارەیی تێکڕای بڕگەکان دەکاتە (٥٢,٦٦) کە گەورەترە لە بەهای (T) تێست بەهای (Sig. ) (بەهای تاقیکاری) کە دەکاتە (. ٣ ٨٥). **بۆیە دەتوانین بڵێین گریمانەی سێیەمیشمان کە دەڵێت: بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی بەهاوە. سەلمێنراوە و ڕاستە.** بڕوانە خشتەی (38) .

**ئامانجی چوارەم: زانینی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی لایەنی ماددی (شێوازی ژیان) ەوە.**

شێوازی ژیانی سەردەمییانە، کە ئێمە هێدی هێدی پێشوازی لێدەکەین و ئەم پێشوازیلێکردنە دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)، دوای ڕاپەڕین کرانەوەمان بەڕووی جیهاندا دەستیپێکرد، کالای بیانی هاتن بۆ هەرێمی کوردستان و کەسانێکی زۆریش لە هەرێمەوە کۆچیان کرد بۆ ڕۆژئاوا. بەجیهانیبوون ڕۆڵی زۆری هەیە لە گۆڕینی شێوازی ژیان، ئەوەش تایبەت نییە بە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان بە تەنها، بەڵکو کۆمەڵگە کەمتر پێشکەوتووەکانیش پێی کاریگەر دەبن.

خشتەی (٣٩)

کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی لایەنی ماددی (شێوازی ژیان)ەوە

| ناوەندی ژمارەیی سەنگکراو | بڕگەکان |
|---|---|
| 4. 04 | بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورییەوە زۆربەی کاتەکانم لەسەر ئینتەرنێتم |
| 3. 98 | بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورییەوە حەزدەکەم بە شێوازێکی نوێی سەردەمییەوە دەربکەوم |
| 3. 83 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ ئەوەی ئینتەرنێت زۆر بەکار بهێنم |
| 3. 69 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ زەقکردنەوەی پێداویستییە لاوەکییەکان و زاڵبوونی بەسەر پێداویستییە سەرەکییەکاندا |
| 3. 51 | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبونەوەی ئینتەرنێت |
| 3. 47 | بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی ئامرازەکانیەوە هۆکارێکە بۆ لاواز بوونی ناسنامەکەم |
| 3. 44 | زۆربەی کاتەکانم بە سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە بەسەردەبەم |
| 3. 42 | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبونەوەی ستایلی نوێ و خواردنی ڕۆژئاوایی |
| 3. 4 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ ناساندنی ناسنامەی گشت وڵاتان لەڕێگەی ئامرازەکانیەوە |
| 3. 35 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ ناساندنی یەک ناسنامەی تاک لەسەر ئاستی جیهان |
| 3. 29 | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە زۆربوونی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لەکۆمەڵگەکەمدا |
| 3. 11 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ زۆر بونی خوێندنگەی بیانی وئەهلی |
| 2. 8 | تەکنەلۆجیا هۆکارێکە بۆ لاوازبوونی ناسنامەکەم |
| 2. 66 | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە زۆربوونی ئامراز و کەرەستەکانی ژیان بە هەموو جۆرەکانیەوە |

لەم توێژینەوەیەدا بۆ زانینی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لە هەرێمی کوردستاندا، کۆمەڵێک بڕگە لە پێوەرەکەدا جێگەیان کراوەتەوە کە گوزارشت لە شێوازی ژیان دەکەن. خشتەی (٣٩) وەک لە ئەنجامەکاندا دەردەکەوێت، ئەو بڕگانە زۆربەیان ناوەندە ژمێرەییەکەیان زۆر

بەرزە و بەشێکیشیان لە ناوەندەوە نزیکن، بەڵام ناوەندی ژمارەیی هیچ برگەیەک نزم نییە، ئەمەش مانای وایە ستایڵی ژیانیان لەژێر کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتووردایە، چونکە گەنجان زۆربەی کاتەکانیان لەسەر ئینتەرنێت بەسەردەبەن و دەیانەوێت بە شێوازێکی نوێی سەردەمییەوە دەربکەون، پێداویستییە لاوەکییەکان زیاتر زەقبوونەتەوە لای گەنجان و زاڵبوون بەسەر پێداویستییە سەرەکی یان بنەڕەتییەکاندا، کاتی زۆر بە سەیرکردنی تیڤییەوە بەسەر دەبەن، ستایڵی نوێ و خواردنە ڕۆژئاواییەکان زۆرتر بڵاوبوونەتەوە، سەرەڕای زیادبوونی ژمارەی خوێندنگە بیانی و ئەهلییەکان. . . هەموو ئەوانە لەگەڵ ئامانجی چوارەمی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا دێنەوە، کە دەیەوێت کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی لایەنی ماددی (شێوازی ژیان) ەوە بزانێت.

**بۆ ئەم ئامانجەش ئەم گریمانەیەمان هەیە ( (بەجیهانیبوونی کولتووره کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لە ڕووی لایەنی ماددی (شێوازی ژیان) ) ).**

خشتەی (٤٠)

برگەکانی تایبەت بە لایەنی ماددی (شێوازی ژیان).

| برگەکان | زۆر لەگەڵێدام<br>دووبارەبووەکان<br>% | لەگەڵێدام<br>دووبارەبووەکان<br>% | هیچ ڕایەکم نییە<br>دووبارەبووەکان<br>% | لەگەڵێدا نیم<br>دووبارەبووەکان<br>% | هیچ لەگەڵێدانیم<br>دووبارەبووەکان<br>% | ناوەندی ژمارەیی سەنگکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبونەوەی ستایلی نوێی و خواردنی ڕۆژئاوای | 70 | 148 | 71 | 62 | 33 | 3. 42 |
| | 18. 2 | 38. 5 | 18. 5 | 16. 1 | 8. 6 | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە زۆربوونی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن کۆمەڵگەکەم | 77 | 120 | 64 | 82 | 41 | 3. 29 |
| | 20. 1 | 31. 3 | 16. 7 | 21. 4 | 10. 7 | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبونەوەی ئینترنێت | 101 | 127 | 53 | 72 | 31 | 3. 51 |
| | 26. 3 | 33. 1 | 13. 8 | 18. 8 | 8. 1 | |
| بەجیهانیبوونی کولتوور واتە زۆربوونی ئامراز وکەرەستەکانی ژیان بەهەمووجۆرەکانیەوە | 121 | 173 | 59 | 24 | 7 | 2. 66 |
| | 31. 5 | 45. 1 | 15. 4 | 6. 3 | 1. 8 | |
| زۆربەی کاتەکانم بە سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە بەسەردەبەم | 47 | 56 | 79 | 137 | 65 | 3. 44 |
| | 12. 2 | 14. 6 | 20. 6 | 35. 7 | 16. 9 | |
| بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە زۆربەی کاتەکانم لەسەر ئینتەرنێتم | 80 | 114 | 55 | 90 | 45 | 4. 04 |
| | 20. 8 | 29. 7 | 14. 3 | 23. 4 | 11. 7 | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 3.98 | 30 | 55 | 94 | 126 | 79 | بەهۆی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە حەز دەکەم بە شێوازێکی نوێیە سەردەمیەوە دەرکەوم |
| | 7.8 | 14.3 | 24.5 | 32.8 | 20.6 | |
| 2.80 | 48 | 93 | 92 | 99 | 52 | تەکنەلۆجیا هۆکارێکە بۆلاواز بوونی ناسنامەکەم |
| | 12.5 | 24.2 | 24.0 | 25.8 | 13.5 | |
| 3.35 | 20 | 36 | 104 | 124 | 100 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ ناساندنی یەک ناسنامەی تاک لەسەر ئاستی جیهان |
| | 5.2 | 9.4 | 27.1 | 32.3 | 26.0 | |
| 3.47 | 24 | 78 | 100 | 89 | 93 | بەجیهانیبوونی کولتوور لەرێگەی ئامرازەکانیەوە هۆکارێکە بۆ لاواز بوونی ناسنامەکەم |
| | 6.3 | 20.3 | 26.0 | 23.2 | 24.2 | |
| 3.69 | 19 | 39 | 109 | 115 | 102 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ زەقکردنەوەی پێداویستە لاوەکیەکان و زاڵبوونی بەسەر پێویستیە سەرەکیەکاندا |
| | 4.9 | 10.2 | 28.4 | 29.9 | 26.6 | |
| 3.40 | 17 | 42 | 90 | 129 | 106 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ ناساندنی ناسنامەی گشت وڵاتان لە رێگەی ئامرازەکانیەوە |
| | 19 | 39 | 109 | 115 | 102 | |
| 3.83 | 37 | 83 | 84 | 98 | 82 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆئەوەی ئینتەرنێت زۆر بەکار بهێنم |
| | 9.6 | 21.6 | 21.9 | 25.5 | 21.4 | |
| 3.11 | 19 | 38 | 73 | 126 | 128 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ زۆر بونی خوێندنگەی بیانی وئەهلی |
| | 4.9 | 9.9 | 19.0 | 32.8 | 33.3 | |
| 3.27 | 40 | 101 | 93 | 75 | 75 | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆئەوەی زۆربەی کاتەکانم بە سەیری تەلەفزیۆن بەسەر دەبەم |
| | 10.4 | 26.3 | 24.2 | 19.5 | 19.5 | |

لە خشتەی (٤٠) کە تایبەتە بە بڕگەکانی تایبەت بە بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری لەسەر گەنجان لە ڕووی شێوازی ژیانەوە دەردەکەوێت کەوا هیچ بڕگەیەکی لاواز نییە کە بەهاکەی کەمتر بێت لە (٢,٦)، سێ بڕگە هەن کە نە بەهێزن و نە لاوازن بەڵکو هێزی بڕگەیان ناوەندییە و دەکەونە نێوان (٢,٦١ و ٣,٢٠) ئەوانیش ئەو سێ بڕگەیەن: بەجیهانیبوونی کولتوور واتە زۆربوونی ئامراز وکەرەستەکانی ژیان بەهەمووجۆرەکانیەوە، تەکنەلۆجیا هۆکارێکە بۆلاواز بوونی ناسنامەکەم، بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ زۆر بونی خوێندنگەی بیانی و ئەهلی. هەموو بڕگەکەی دیکە، بڕگەی بەهێزن کە هێزیان دەکەوێتە نێوان (٣,٢١-٤).

بەهای( T. Test )دەکاتە (6.447) کە گەورەترە لەبەهای( T )خشتەیی کە دەکاتە( 1.694) و بەهای ئاماژەداری دەکاتە (0.000) کە بچووکترە لە (0.005) ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە لە ڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە .

## ئامانجی پێنجەم: زانینی کاریگەری بە جیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بە پیی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، زانکۆ، پسپۆڕی).

### ١- زانینی کاریگەری بە جیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بە پیی گۆڕاوی ڕەگەز:

بۆ دەرخستنی ئەو کاریگەرییە، پشتدەبەستین بە هاوکۆلکەی چەمانەوە (الآنحدار – regression )، کە خۆی لەخۆیدا تەواوکەری هاوکولکەی پەیوەندییە و بۆ دەرخستنی جیاوازی و کاریگەری بەکاردێت.

خشتەی (٤١)

زانینی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز

**Model Summary**

| Model | R | R Square | Adjusted R Square | Std. Error of the Estimate |
|---|---|---|---|---|
| 1 | .115[a] | .013 | .011 | 12.17804 |

a. Predictors: (Constant), Gender

**ANOVA[a]**

| Model | | Sum of Squares | df | Mean Square | F | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Regression | 748.823 | 1 | 748.823 | 5.049 | .025[b] |
| | Residual | 56207.429 | 379 | 148.305 | | |
| | Total | 56956.252 | 380 | | | |

سەبارەت بە ڕەگەز، وەک ئەوەی لە خشتەی (٤١)دا دەردەکەوێت، هیچ کاریگەرییەک نابینرێت لەنێوان ڕەگەز و بەجیهانیبوونی کولتووردا، واتە بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری جیاواز ناخاتە سەر ناسنامەی گەنج بەپێی ڕەگەز، ڕەگەز لەو ناوەدا ئەو گۆڕاوە سەربەخۆیە نییە کە جیاوازی دروستبکات و کچان و کوڕانی گەنج هاوشێوەی یەکتر کاریگەر دەبن بە بە جیهانیبوونی کولتوور.

وەک دەردەکەوێت بەهای چەمانەوە ( الانحدار – regression)، (٠,١٣)یە کە زۆر کەمە، هەروەها بەهای( F) دەکاتە (٥,٠٤٩)، کە بچووکترە لە بەهای خشتەیی و بەهای ئاماژەداری دەکاتە (٠,٠٢٥) کە گەورەترە لە (٠,٠٠٥) و لەڕووی ئاماریەوە ئاماژەدار نییە.

## ٢- زانینی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی تەمەن

خشتەی (٤٢)

کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی تەمەن

**Model Summary**

| Model | R | R Square | Adjusted R Square | Std. Error of the Estimate |
|---|---|---|---|---|
| 1 | .007[a] | .000 | -.003 | 12.21328 |

a. Predictors: (Constant), Age

**ANOVA[a]**

| Model | | Sum of Squares | df | Mean Square | F | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Regression | 2.416 | 1 | 2.416 | .016 | .899[b] |
| | Residual | 56980.740 | 382 | 149.164 | | |
| | Total | 56983.156 | 383 | | | |

سەبارەت بە تەمەن، وەک لە خشتەی (٤٢) دا دەردەکەوێت، بەهەمان شێوەی گۆڕاوی ڕەگەز گەنجان لە تەمەنە جیاوازەکانیشدا بەشێوەی جیاواز ناکەونە ژێر کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوورییەوە. ئەو جیاوازییەی هەیە لەوە کەمترە کە لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار بێت، بۆیە تەمەنیش وەک گۆڕاوێکی سەربەخۆ کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج زیاد و کەم ناکات، بەوەی بەهای چەمانەوە (الانحدار – regression )، کە دەکاتە (٠,٠٠٣)، بەهایەکی یەکجار بچووکە و هەروەها بەهای (F )کە دەکاتە (٠,٠١٦) بچووکترە لە بەهای خشتەیی و بەهای ئاماژەداری دەکاتە (٠,٨٩٩) و گەورەترە لە (٠,٠٠٥) و لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نییە.

## ٣-زانینی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتووری لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی زانکۆ.

خشتەی (٤٣)

کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتووری لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوی زانکۆ

**Model Summary**

| Model | R | R Square | Adjusted R Square | Std. Error of the Estimate |
|---|---|---|---|---|
| 1 | .023[a] | .001 | -.002 | 12.25571 |

a. Predictors: (Constant), City

**ANOVA[a]**

| Model | | Sum of Squares | df | Mean Square | F | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Regression | 29.541 | 1 | 29.541 | .197 | .658[b] |
| | Residual | 56926.711 | 379 | 150.202 | | |
| | Total | 56956.252 | 380 | | | |

زانکۆ یەکێک لەگۆڕاوەکانی دیکەیە، کە بە گرنگمان زانی وەک گۆڕاوێکی سەربەخۆ تاقیبکەینەوە. وەک لە خشتەی (٤٣) دا دەردەکەوێت. زانکۆکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە) وەک گۆڕاوی سەربەخۆ، ئەو جیاوازییە پیشاننادەن و هاوشێوەی دوو گۆڕاوی تەمەن و ڕەگەز بەپێی زانکۆ جیاوازەکان کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر ناسنامەی گەنج ئەو جیاوازییە ئامارییە دروستناکات کە ئاماژەدار بێت. بەهای چەمانەوە (الأنحدار – regression ) کە دەکاتە (٠,٠٠٢)، بەهایەکی یەکجار بچووکە و هەروەها بەهای( F )کە دەکاتە (٠,١٩٧) بەهایەکی بچووکە و بچووکترە لە بەهای( F ) خشتەیی و بەهای ئاماژەداری دەکاتە (٠,٦٥٨) و گەورەترە لە (٠,٠٠٥) و لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نییە.

## 4- زانینی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتووری لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی پسپۆڕی:

خشتەی (٤٤)

کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتووری لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی

**Group Statistics**

| Specialty | N | Mean | Std. Deviation | Std. Error Mean |
|---|---|---|---|---|
| زانستی1 | 166 | 83.7711 | 12.95290 | 1.00534 |
| زانستی2 | 218 | 83.3761 | 11.61700 | .78680 |

**Independent Samples Test**

| | Levene's Test for Equality of Variances | | t- | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | F | Sig. | t | df | Sig. (2-tailed) |
| Equal variances assumed | 2.067 | .151 | .314 | 382 | .754 |
| Equal variances not assumed | | | .309 | 333.805 | .757 |

دوا گۆڕاوی سەربەخۆی ئێمە بۆ ئەم ئامانجە پسپۆڕییە، واتە ئایا بەپێی پسپۆڕی جیاوازی خوێندکاران لە زانستە مرۆیی و سروشتییەکاندا، کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر ناسنامەی گەنج جیاواز دەردەکەوێت یان جیاواز دەرناکەوێت، بەپێی هاوکۆلکەی ڕێگرەیشن دەرکەوت، ئەو جیاوازییە دروستناکات و پسپۆڕیش وەک سێ گۆڕاوەکەی پێشوو نابێتە هۆی دروستکردنی جیاوازی ئاماری وەک لە خشتەی (٤٣) دەردەکەوێت، بەوەی بەهای چەمانەوە (الأنحدار – regression )، کە دەکاتە (٠,٠٠٢) زۆر کەمە، هەروەها بەهای( F )دەکاتە (٠,٠٩٩) بچووکترە لە بەهای خشتەیی و بەهای ئاماژەداری دەکاتە (٠,٧٥٤) گەورەترە لە (٠,٠٠٥) و ئاماژەدار نییە.

خشتەی (45)

کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتووری لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، زانکۆ، پسپۆڕی)

**Model Summary**

| Model | R | R Square | Adjusted R Square | Std. Error of the Estimate |
|---|---|---|---|---|
| 1 | .016[a] | .000 | -.002 | 12.21196 |

a. Predictors: (Constant), Specialty

**ANOVA[a]**

| Model | | Sum of Squares | df | Mean Square | F | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Regression | 14.699 | 1 | 14.699 | .099 | .754[b] |
| | Residual | 56968.457 | 382 | 149.132 | | |
| | Total | 56983.156 | 383 | | | |

لەکۆتاییدا دەبێت بڵێین، بۆ زانینی ئەوەی کە کاریگەری بە جیهانیبوونی کولتووری لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، زانکۆ، پسپۆڕی) چۆنە؟ ئایا هەیە یان نا؟ دەگۆڕێت یان ناگۆڕێت؟ دەردەکەوێت هەر چوار گۆڕاو (ڕەگەز، تەمەن، زانکۆ، پسپۆڕی) بێ کاریگەرین و جیاوازی دروستناکەن.

**بۆ ئەم ئامانجەش ئەم گریمانەیەمان هەیە ( (کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، زانکۆ، پسپۆڕی) لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نییە) ).**

بۆ زانینی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، زانکۆ و پسپۆڕی)، پەنا دەبەینە بەر تێستەکانی (T. Test) بۆ ڕەگەز و پسپۆڕی و تێستی (ANOVA) بۆ تەمەن و زانکۆ.

## ١- کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز:

خشتەی (٤٦) T. Test

کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

**Group Statistics**

| | Gender | N | Mean | Std. Deviation | Std. Error Mean |
|---|---|---|---|---|---|
| :1 | Male | 239 | 84.6318 | 12.38995 | .80144 |
| | Female | 142 | 81.7324 | 11.81171 | .99122 |

**Independent Samples Test**

| | | Levene's Test for Equality of Variances | | t | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | F | Sig. | t | df | Sig. (2-tailed) |
| :1 | Equal variances assumed | 2.030 | .155 | 2.247 | 379 | .025 |
| | Equal variances not assumed | | | 2.275 | 307.705 | .024 |

سەبارەت بەوەی ئایا کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ئاماژەدارە یان ئاماژەدار نییە، دەردەکەوێت بەهای دەکاتە (٢,٢٤٧) کە بچووکترە لە بەهای خشتەیی کە دەکاتە (٢,٦٦)، هەروەها بەهای( sig )کە دەکاتە (٠,٢٥) گەورەترە لە بەهای (٠,٠٠٥)، بەوەش دەردەکەوێت کە کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی ڕەگەز ئاماژەدار نییە، بەمانایەکی دیکە هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە نێوان ناسنامەی گەنجان لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە کاریگەربوونیان بە بەجیهانیبوونی کولتوور. بڕوانە خشتەی (٤٦).

## ٢- کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی تەمەن:

خشتەی (٤٧) T. Test

کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوی تەمەن

**ANOVA**

Age

| | Sum of Squares | df | Mean Square | F | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|
| Between Groups | 311.033 | 61 | 5.099 | 1.416 | .031 |
| Within Groups | 1159.693 | 322 | 3.602 | | |
| Total | 1470.727 | 383 | | | |

سەبارەت بە تەمەنی خوێندکاران کە زۆربەیان تەمەنیان لەنێوان (١٨-٢٣)دایە، ئایا کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی تەمەن ئاماژەدارە یان ئاماژەدار نییە؟ پەنامان بۆ تێستی ANOVA برد، کە دەردەکەوێت بەهای F کە دەکاتە (١,٤١) و بچووکترە لە بەهای خشتەیی کە دەکاتە (٢,٣٦)، هەروەها بەهای sig کە دەکاتە (٠,٠٣١) گەورەترە لە (٠,٠٠٥)، بەوەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی تەمەن ئاماژەدار نییە، ڕەنگە هۆکاری سەرەکیش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو گەنجانە لەڕووی تەمەنەوە لەیەکتر نزیکن و هەموویان لە یەک نەوەدا جێگەیان دەبێتەوە، بۆیە جیاوازییەکانیان بەجۆرێک نین کە ئاماژەی ئاماری هەبێت. بروانە خشتەی (٤٧).

## ٣- کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی زانکۆ:

خشتەی (٤٨) T. Test

کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوی زانکۆ

**ANOVA**

University

| | Sum of Squares | df | Mean Square | F | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|
| Between Groups | 58.645 | 61 | .961 | 1.139 | .238 |
| Within Groups | 269.187 | 319 | .844 | | |
| Total | 327.832 | 380 | | | |

زانکۆ یەکێکە لەگۆڕاوەکانی دیکە، کە بەلای ئێمەوە گرنگ بوو بزانین ئایا کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنجان بەپێی گۆڕاوی زانکۆ ئاماژەدارە یان ئاماژەدار نییە، چونکە نموونەکە لە چوار زانکۆ وەرگیراوە، کە هەر زانکۆیەک لە پارێزگایەکە و دەشێت جیاوازی لەنێوانیاندا هەبێت، هەم لەبەر دووری هەمیش لەبەر جیاوازی ئەو پارێزگایانە لە یەکتر، بەڵام ئەوەی لە تێستی Fدا دەرکەوت ئەوە پیشان نادات، واتە بەپێی ئەو تێستە بێت جیاوازی ئاماری لەنێوان خوێندکارانی زانکۆ جیاوازەکاندا نییە، بەڵکو وەکیەکی و هاوشێوەیی لەنێوانیاندا هەیە لە کاریگەربوون بە بەجیهانیبوونی کولتوور، بەوەی بەهای (F )کە دەکاتە (١,١٣٩) بچووکترە لە بەهای خشتەیی کە دەکاتە (٢,٣٦)، لەلایەکی دیکەشەوە بەهای sig کە دەکاتە (٠,٢٣٨) گەورەترە لە بەهای (٠,٠٠٥). بروانە خشتەی (٤٨).

## ٤- کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوەکانی پسپۆڕی:

خشتەی (49) T. Test

کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی

**Group Statistics**

| Specialty | N | Mean | Std. Deviation | Std. Error Mean |
|---|---|---|---|---|
| 1زانستی | 166 | 83.7711 | 12.95290 | 1.00534 |
| 2زانستی | 218 | 83.3761 | 11.61700 | .78680 |

**Independent Samples Test**

| | Levene's Test for Equality of Variances | | t- | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | F | Sig. | t | df | Sig. (2-tailed) |
| Equal variances assumed | 2.067 | .151 | .314 | 382 | .754 |
| Equal variances not assumed | | | .309 | 333.805 | .757 |

سەبارەت بە پسپۆڕی دەردەکەوێت کە کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوون لەسەر ناسنامەی گەنج بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی (زانستە مرۆییەکان و زانستە سروشتییەکان) ئاماژەدار نییە لەڕووی ئامارییەوە، بەوەی بەهای(T. Test )بچووکترە لە بەهای خشتەیی( T )بە نمرەی ئازادی (٣٨٢)، هەروەها بەهای (sig )کە دەکاتە (٠,١٥١) گەورەترە لە (٠,٠٠٥)، بەوەش لەڕووی ئامارییەوە ئەو ئاماژەدار نەبوونە دەردەکەوێت. بڕوانە خشتەی (٤٩).

# باسی سێیەم: ئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردە وپێشنیازەکان

# باسی سێیەم: ئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە باسی چەمکی ناسنامە بکەین و ستراکتۆری ناسنامەی تاکی کورد لێک بدەینەوە، بەتایبەتی گەنجان و لەنێو ئەوانیشدا گەنجانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانمان وەک کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دیاریکردوە. ئینجا کاریگەری بەجیهانیبوونمان لەسەر ناسنامەی گەنجانی زانکۆ تاوتوێ کردوە. بەگوێرەی توێژینەوەکە و ڕاپرسییەکان و ئەو تیۆرەو گریمانانەی بەکارمانهێناون گەیشتوینەتە چەند ئەنجامێک:

١. نموونەی توێژینەکەمان بە ڕێژەی نزیکەی (٦٠%) لەگەڵ بەجیهانیبووندان، ئەوانەش کە لەگەڵیدا نین ژمارەیەکی زۆر کەمی نموونەکەن کە دەکاتە کەمتر لە (٨%). نموونەکە بەڕێژەی (٥٩%) لەو باوەڕەدان بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ دروستبوونی یەک کولتوور لەهەمووی جیهاندا. ئەمەش هەمان ڕاستی تیۆری بڵاوبوونەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە ئاماژە دەکات بەوەی لە تیۆری بڵاوبوونەوەی کولتووردا ئاماژە بەوە دەکات کە کۆی ئەو دیاردانەی بەهۆی گۆڕانی توخمەکان (وەک بەهاو زمان و ئاین و نەریت و کەرەستەو ئامرازە مادیەکان و.. ) ڕوودەدەن بەهۆی بەرکەوتنی بەردەوام و ڕاستەخۆی نێوان گەنجەکان کە هەر یەکەیان سەر بە کولتوورێکی جیاوازن (کوردی و غەربی وعەرەبی، ئیسلامی و مەسیحی. . . ) بەوەش مۆدێلە کولتوورییەکان دەگۆڕێت وەک (بەهاکان، زمان وکەرەستەو ئامرازە مادیەکان) و گوزارشت دەکات لە توخمە بنەڕەتییەکانی ناسنامەی گەنج.

٢. نموونەکە بە ڕێژەی (٤٦%) گۆڕانی کولتوور بە پەسەند دەزانن، لە بەرامبەردا بە ڕێژەی نزیکەی (٣٥ %) بە پەسەند نازانن. نموونەی توێژینەوە بەڕێژەیەکی بەرز کە دەکاتە زیاتر لە (٧٥%) پێیانوایە بەجیهانیبوونی کولتوور، واتە بڵاوبونەوەی هزری نوێی هەمەجۆر لە کۆمەڵگەکەم؛ هەروەها نزیکەی (٧٢%) نموونەکە لەوباوەڕەدان بەجیهانیبوونی کولتوورە بە مانای کرانەوە دێت بەڕووی جیهاندا؛ بەرێژەی ٥٦% لەو باوەڕەدان کە بەجیهانیبوونی کولتوور بەمانای بڵاوبوونەوەی ستایلی نوێ و خواردنی ڕۆژئاوایی دێت. هەروەک لە تیۆرەکەی ئەم ئەنجامە پاڵپشتی تیۆرەکەی (ئێڤریت ڕۆجەرز Everett Rogers) دەکات کە پێیوایە کەناڵەکانی پەیوەندیکردن پێکهاتەی سەرەکی بڵاوبونەوەی کولتوورو بەهاکانن. پەیوەندیکردن پرۆسەیەکە کە تیایدا بەشداربووان زانیاری دروست دەکەن و بەشداری پێدەکەن لەگەڵ یەکتردا بۆ گەیشتن بە تێگەیشتن و هەماهەنگی لەنێوانیاندا، ئەم پەیوەندیکردنە لە نێو کەناڵەکانەوە دەردەکەوێت، ڕۆجەرز ئەوە دەخاتەڕوو، کە بڵاوبوونەوەی کولتوور جۆرێکی تایبەتە لە پەیوەندیکردن.

٣. نزیکەی (٨٦%) نموونەکە وا هەست دەکەن داب و نەریتی کۆمەڵگەکەمان خەریکە لە ناو دەچێت، ئەوانەش کە ئەو هەستەیان نییە تەنها (٧. ٦%) نموونەکەن؛ نزیکەی (٧٩%) نموونەکە لەگەڵ سوودوەرگرتنن لە ئەزموونە کولتوورییە جیهانییەکان.

٤. نموونەکە بەڕێژەی (٥٤%) بە جیهانیبوونی کولتوور بە هۆکارێک بۆ بڵاوبوونەوەی دیمۆکراسییەت لە کۆمەڵگە، هەروەها بەڕێژەی (٥٧%) لەو باوەڕەدان هۆکارە بۆ بڵاوبوونەوەی یەکسانی جێندەری.

٥. نموونەکە بە ڕێژەی (٥٣%) دەیەوێت بە هۆی بەجیهانیبوونی کولتوورییەوە بە شێوازێکی نوێ و سەردەمییەوە دەرکەوێت، لەبەرامبەردا نموونەکە بە ڕێژەی (٢٢%) حەز بەوە ناکات. هەروەها نموونەکە بەڕێژەی نزیک لە (٨٠%) بەجیهانیبوونی کولتوور بە هۆکاری دەرکەوتنی رەفتاری نوێ لەقەڵەم دەدات؛ نموونەکە بە ڕێژەی (٥٥%) لەو باوەڕەدان بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بەڕۆژئاوایی کردنی گەنجی کوردو (٢١%) نموونەکەش وا بیرناکەنەوە. ئەم ئەنجامەش یەکدەگریتەوە لەگەڵ هەمان ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو کە سەلماندوە (ئینتەرنێت ومۆبایل و سەتەلایت)، فاکتەرن بۆ بڵاوبونەوەی کولتوورو گۆڕانی کولتوورو هاتنی کولتووری نوێ، بەڵام بۆتە فاکتەرێکی گرنگ لەسازکردنی خواستەکانی گۆڕان لەڕێگەی دروستکردنی ئاراستەی نائاسایی جا لەڕووی بەکارهێنان و ئالودەبوونەوە بێت، یان کۆی ئەو دیاردانەی لە ڕێگای بەریەککەوتن بەردەوام لە نێوان گەنجاندا کە هەر یەکەیان سەر بە کولتوورێکی جیاوازن بەرهەم دێت و سەردەکێشێت بۆ گۆڕانکاری لە مۆدێلە کولتوورەکانی کۆمەڵەکان هەروەک لە توێژینەوەکانی (کنعان. ٢٠٠٨) و (الحسین،٢٠٢١) و (ساروخان، ١٣٨١) ئەوەیان سەلماندوە.

٦. نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (٧٧%) شانازی بە ناسنامەی کوردبوونەوە دەکەن، ئەوانەش کە شانازی ناکەن ڕێژەکەیان بریتییە لە (١٠%). بە پێی تیۆری بڵاوبونەوەی کولتوور مرۆڤ لەڕێگای زمانەوە ڕابردوو و ئێستاو داهاتوو بەیەکەوە دەبەستێتەوە، زمان دەبێتەهۆی کەڵەکەبوونی زانستەکان لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا بەرەو داهاتوو، ئەمەش وادەکات بواری دەستگەیشتن بەم زانستانە لە شوێنەکانی دیکەشدا بڕەخسێت. کاتێک زمان جگە لە حاڵەتی قسەکردن شێوەی نووسینیش وەردەگرێت، توانای نوێ بۆ کەڵەکەکردنی کولتوور دێتەکایەوەو پرۆسەی گەشەسەندنی کولتوور خێرایی زیاتر بەخۆوە دەبینێت.

٧. نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (٨٧%) شانازی بە ناسنامەی موسڵمانبوونەوە دەکەن، ئەوانەش کە شانازی ناکەن ڕێژەکەیان بریتییە لە کەمتر (٥%).

٨. نموونەکە بەڕێژەی (٨٨%) بە ئەرکی خۆی دەزانێت کولتوور و ناسنامەکەی بپارێزێت، ئەوانەی ئەوە بە ئەرکی خۆیان نازانن ڕێژەیان کەمترە لە (٤%).

٩. نموونەی توێژینەوەکەمان بەڕێژەی (٨١%) پێیوایە وشیاری گرنگی هەیە سەبارەت بە ناسنامەکەی؛ ڕێژەیەکی کەمتری نموونەکە لەو باوەڕەدان بەجیهانیبوونی کولتوور واتە لاوازکردنی وشیاریم بەرامبەر ناسنامەکەم کە دەکاتە (٢٦%)، لەبەرامبەردا کە بەو جۆرە بیرناکەنەوە ڕێژەکە (٤٥%).

١٠.نموونەکە بە ڕێژەی (٦٩%) پێیانوایە بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ دروستبوونی ناسنامەی گەنج، کەمتر لە (١٠%) ئەو باوەڕەیان نییە.

١١.نمووکەمان بەرێژەی (٤٩%)، واتە نیوەی نموونەکە پێیوایە بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ کاڵبوونەوەی ناسنامەکەی، ئەوان بەوشێوەیە نایبینن ڕێژەیان تەنها (٢٨%) نموونەکەیە. هەروەها بە ڕێژەی (٣٩%) نموونەکە لەوباوەڕەدان بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ ونکردنی ناسنامەکەی، بەهەمان ڕێژەش واتە (٣٩%) ئەو بڕوایەیان نییە. ئەوانەی پێیانوایە بەجیهانیبوونی کولتوور دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەکەم ڕێژەیان زۆر کەمترە کە دەکاتە (٣١%) لە بەرامبەر (٤٧%) کە لەوباوەڕەدانین؛ هەروەها ڕێژەی ئەوانەش کەمە کە پێیانوایە بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لەدەستدانی ناسنامەی کەسایەتی خۆم و دەکاتە (٢٨%) لە بەرامبەر (٥٣%) کە لەو باوەڕەدا نین. ئەمەش پاڵپشتی ئەو ڕاستیە دەکات لە تیۆری بڵاوبونەوەی کولتوور دا ئاماژەی پێدەکات. بەجۆرێک ئەوەی دوێنی هیچ پەیوەندی بە کولتوورەوە نیە، بەڵام ئەمڕۆ دەبێتە بەشێک لە کولتوور. چونکە بڵاوبوونەوەی کولتوور دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەرتاسەرییە. ئەو ڕووداوانە بەریەککەوتن لەنێوان کولتوورەکاندا دروستدەکات و پرۆسەی بەریەککەوتن بەیەک ئاراسەتدا ناڕوات، ئەگەر پرۆسەکە لەنێوان کولتوورێکی پێشکەوتوو و کولتوورێکی دواکەوتوشدا بێت، بەڵکو دەبێت پرۆسەیەکی ئاڵوێری (تبادلي) بێت، واتە دانوستاندن ڕوودبدات. بێگومان ڕێژەی بەخشین و وەرگرتنیش جیاواز دەبێت، بۆیە ئەو کولتوور ئاڵوگۆڕە (التداخل الثقافي المتبادل) یەکتربڕینی کولتوورەکان دروستدەبێت. (بیلیتکتون ، ١٣٨٠: ٢٥٧) .

١٢.نموونەکە بە ڕێژەی (٦٠%) لەو باوەڕەدان گەنجانی کورد خەریکن ناسنامەی کۆمەڵایەتی خۆیان لەدەست دەدەن بەهۆی بەجیهانیبوونەوە. هەروەها بە ڕێژەی (٦٠%) پێیانوایە بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ هێنانەکایەی ناسنامەی نوێ لەناو گەنجاندا. هەر لەو سۆنگەیەوە نموونەکە بە ڕێژەی (٥٠%) وای بۆ دەچن بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازکردنی ئاستی ئینتیمای گەنج سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەیی. بە ڕێژەی (٦٤%) نموونەکە وای دەبینن بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان ناسنامەی گەنجان لەسەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهاندا، جگە لەوەش بە ڕێژەی (٥٨%) پێیوایە بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ ناساندنی ناسنامەی تاک لەسەر ئاستی جیهان. هەروەک لە تیۆری (ئیڤریت ڕۆجەرز Everett Rogers) ئاماژە بەوە دەکات ئینتەرنێت، وەک هۆکارێکی ڕێخۆشکەر بۆ بڵاوبووەنەوەی زانست و مەعریفە بۆ دوورترین شوێن لە کەمترین ماوەدا، لەم چەند ساڵانەی ڕابردوودا لەناکاو بڵاوبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. ئەم کولتوورە ئامرازێکی گرنگ و سەرەکییە، لەبەرئەوەی شێوەی ئۆنلاینی هەیەو ئەو سنوورە جوگرافی و ڕێگرییە جوگرافییانەی بڵاوبوونەوەی زانست کە هەتاکو ئێستا بوونیان هەبووە تێپەڕاندوون، نەمانی ئەم ڕێگرییانەش بووەتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی کولتوور. ئینتەرنێت

ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی کولتووری جیهانی دەدات و شێوازی نوێی بەڕێوەبردنی کولتوورو ڕێگاکانی بڵاوبوونەوەی بەرهەمدێنێت (روجرز، ٢٠١٤: ١٣٧).

١٣. ڕێژەیەکی بەرزی نموونەکە کە دەکاتە (٦٢%) حەزدەکەن بە هاوڵاتییەکی جیهانی بناسرێن، ئەوانەش کە ئەو حەزەیان نییە ڕێژەکەیان کەمترە لە (٢٠%). مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە ئەو دەرفەتە بۆ خەڵک دەڕەخسێنن، کە هەواڵی وەک گەشتوگوزار، ڕووداوەکان، خواردن و خواردنەوە و شێوازی جل پۆشین و وەرزش، لەبارەی خۆیان و هاوڕێکانیانەوە بەشدارد پێبکەن. ئەمە ڕەنگدانەوەی شێوازی ژیانی تاکەکان یاخود بەکاربەرانی ئۆنلاینە، یاخود ڕەنگدانەوەی شێوازە گشتگیرەکانی کولتوور ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تێیدا شتە هاوبەشەکان لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا بەشدەکرێت کە ئەمەش لە تیۆری بڵاوبوونەوە ئاماژەی پێکراوە. (استریناتي، ١٣٨٠: ٢٣٩)

١٤. نموونەکە بە ڕێژەی (٥٦%) لەو باوەڕەدان بەجیهانیبوونی کولتوور واتە جێگرتنەوەی زمانی نێودەوڵەتی لە زمانە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەکەم، لە بەرامبەردا ئەوانەی وا بیرناکەنەوە تەنها (٢٧%) نموونەکە پێکدەهێنن؛ هەروەها (٦٤%) نموونەکە دەڵێن بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بەکارهێنانی زمانی بیانی؛ لەلایەکی دیکەشەوە (٧٠%) نموونەکە پێیوایە بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بڵاوبونەوەو فێربوونی زمانی بیانی (٤٧%) نموونەکەش لەو باوەڕەدان بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی زمانەوە هۆکارێکە بۆ گۆڕینی ناسنامەی گەنج.

هەروەک لە تیۆری بڵاوبونەوەی کولتووردا باس لەکایەی پێگەیشتنی زمانەوانیشدا، کە کولتووراندن کاری کردۆتە سەر زمان و هەردەم هۆکارێک بووە بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی زمان و دەوڵەمەندکردنی زمان بە تێرم و چەمکی نوێ جا بە ڕاستەوخ بێت لەڕێگەی لێوەرگرتن بەهۆی تێکەڵاو بوونەوە، یان لەڕێگەی وەرگێڕانی بەرهەمە نوسراوەکان بەو زمانە یان بەهۆی جوڵەی بازرگانی کە بەوهۆیەوە چەندین تێرمی کاڵاو بازرگانی دەگوێزرێنەوە بۆ یەکتر. بەهۆی ئەم کولتووراندنەوە زمانەکان توانیویانە زیاتر خۆیان بگرن و بەردەوامی بدەن بەژیانی خۆیان و ڕەوتکردن لە گەڵ شارستانیی نوێدا. بێگومان هەر زمانێکیش ئاوێنەی ڕەوشی ئەو کۆمەڵگەیەو بەڵگەیە لەسەر پشکی ئەو زمانە لە مەدەنیەتدا. لەلایەکی ترەوە گۆڕاوی ڕەگەزی نموونە، گۆڕاوێکی گرنگ نییەو هیچ پەیوەندییەکی ئەرێنی یان نەرێنی پیشاننادات لە پەیوەندیدا بە گۆڕاوەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور، ناسنامەی گەنج و بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج، چونکە بەهای پەیوەندیەییەکە بۆ هەرسێ گۆڕاو زۆر نزیکە لە سفرەوە و دوورە لە (-١ و +١). بەهای پەیوەندیەیی دەکاتە (٠. ٠٨٨)، کە بەهایەکی زۆر نزیکە لە سفر، هەروەها بەهای ( (Sig. دەکاتە (٠. ٠٨٧) کە بەرزترە لە بەهای (٠,٠٠٥) لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نییە و بەمەش دەردەکەوێت هیچ پەیوەندییەک نییە لەنێوان گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ) و بەجیهانیبوونی کولتوور. واتە هەردوو ڕەگەزەکە وەکو یەک کاریگەرن بە بەجیهانیبوونی کولتوور. گۆڕاوی تەمەن بەهەمان شێوەی گۆڕاوی ڕەگەز، واتە تەمەنی گەنجەکان هیچ پەیوەندییەکی ئەرێنی یان نەرێنی لە پەیوەندیدا بە هەر

سێ گۆڕاوی توێژینەوەکە پیشانناداتن. هەروەک لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ناسنامەی ڕۆشنبیری لای گەنج جیاواز نییە بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی (زانستی و مرۆیی، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی) هەروەها بەجیهانیبوون کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی ڕۆشنبیری لای گەنج (کنعان. ٢٠٠٨)

١٥.گۆڕاوی زانکۆ (زانکۆکانی سلێمانی، سەلاحەدین، دهۆک و هەڵەبجە) کە لە هەمان کاتدا دەتوانین وەک گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوونیش بەپێی پارێزگا چاوی لێ بکەین بەهەمان شێوەی دوو گۆڕاوی ڕەگەزو تەمەن پەیوەندی پیشانناداتن لە پەیوەندیدا بە گۆڕاوەکانی توێژینەوە (بەجیهانیبوونی کولتوور، ناسنامەی گەنج و بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج) و بەهای پەیوەندیەییەکە بۆ هەرسێ گۆڕاو زۆر نزیکە لە سفرەوە و دوورە لە (-١ و +١). بەجیهانیبوونی کولتوور بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیی نییەو بەهایەکە نزیکە لە سفر کە دەکاتە (٠,٠٠٥ -) هەروەها بەهای Sig. کە دەکاتە (٠. ٩١٦) بەرزترە لە (٠,٠٠٥)، بۆیە لەڕووی ئامارییەوە لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نییە. بۆیە دەتوانین بڵێین خوێندکار لە هەر زانکۆیەکی هەرێم بێت (پارێزگایەک بێت، چونکە هەر زانکۆیەک لە پارێزگایەکە)، هیچ پەیوەندییەک دروستناکات و بۆچونێکە هەمان شتە.

١٦.گۆڕاوی پسپۆڕی خوێندکار (زانستە مرۆڤایەتییەکان و زانستە سروشتییەکان) بەهەمان شێوەی گۆڕاوەکانی ڕەگەز، تەمەن و زانکۆ لەڕووی ئاماریەوە ئاماژەدار نییەو پەیوەندی پیشانناداتن لەگەڵ گۆڕاوەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور، ناسنامەی گەنج و بەجیهانیبوونی کولتوورو ناسنامەی گەنج کە هەرسێکیان گۆڕاوی توێژینەوەن. پەیوەندی دەکاتە (٠. ٠١) کە بەهاکەی زۆر نزیکە لە سفر، هەروەها بەهای Sig. دەکاتە (٠. ٠٨٤٥) بەرزترە لە بەهای (٠,٠٠٥)، ئەوەش ئەوە دەگەیێنێت کە لەڕووی ئاماریەوە ئاماژەدار نییەو بەمەش دەردەکەوێت هەردوو پسپۆڕییەکە وەکو یەک کاریگەرن بە بەجیهانیبوونی کولتوور.

١٧.سەبارەت بە گۆڕاوەکانی توێژینەوە (بەجیهانیبوونی کولتوور، ناسنامەی گەنج و بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج) پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیەو پەیوەندییەکەش ئەرێنی و ڕاستەوانەیە، واتە بەهێزبوونی هەر یەکێک لەو گۆڕاوانە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی گۆڕاوەکەی دیکە. کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لە سەر ناسنامەی گەنج لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاستێکی بەرزدایە. کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور بەڕوونی دەردەکەون لەسەر ڕەفتاری تاک، کاڵبوونەوەی ناسنامە، ونکردنی ناسنامەو هەڵوەشاندنەوەی ناسنامە، بەکارهێنانی زمانی بیانی، بەڕۆژئاواییکردنی گەنجان، حەزکردن بەوەی بە هاوڵاتی جیهانی بناسرێن. کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لە سەر ناسنامەی گەنج لە ڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە. هەروەها لە هاوکۆلکەی پەیوەندییدا دەرکەوت، پەیوەندی هەیە لەنێوان بەجیهانیبوون و ناسنامەی گەنجدا، جگە لەوەش لە ( (T. Test بۆ تەوەری بەجیهانیبوونی کولتووردا دەردەکەوێت، بەهای ( (T. Test دەکاتە (٢٢. ٦٨)، کە گەورەترە لەبەهای (T) خشتەیی و بەهای پی ڤالیو دەکاتە (٠,٠٠٠)، کە

بچووکترە لە (٠,٠٠٥) لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (٨٨. ٩٨)، کە گەورەترە لە (٧٤) کە بەهای تێستەکەیە، دەردەکەوێت و هەموو ئەوانە پێماندەڵێن، کە بەجیهانیبوون کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج و بەوەش دەتوانین بڵێین گریمانەی یەکەممان کە دەڵێت: کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لەهەرێمی کوردستاندا لەئاستێکی بەرزدایە. سەلمێنراوەو دروستە.

کە ئەمەش هەمان ئەو ئەنجامەیە کەلە ئەنجامی توێژینەوەکەی (حسین،٢٠١٤) بەدەست هاتوە کە بریتیبوو لەوەی بەجیهانیبوون هۆکاری سەرهەڵدانی ناسنامەی نوێ و هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەکانی پێشووە. هەروەها ئەم ئەنجامەش پاڵپشتی تیۆری بڵاو بوونەوە دەکات بەوەی (ئیڤریت ڕۆجەرز Everett Rogers) لە تیۆری کەیدا پێی وایە کەناڵەکانی پەیوەندیکردن پێکهاتەی سەرەکی بڵاوبونەوەی کولتوور و بەهاکانن. پەیوەندیکردن پرۆسەیەکە کە تیایدا بەشداربووان زانیاری دروست دەکەن و بەشداری پێدەکەن لەگەل یەکتردا بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنی هەماهەنگی لەنێوانیاندا، ئەم پەیوەندیکردنە لە نێو کەناڵەکانەوە دەردەکەوێت، ڕۆجەرز ئەوە دەخاتە ڕوو بڵاوبوونەوە کولتوور جۆرێکی تایبەتە لە پەیوەندیکردن و ئەم پەیوەندییانە لە خۆدەگرێ: دوو تاک یان یەکەی تر لە لەخۆگرتن و کەناڵی پەیوەندیکرن. ئەویش ڕاگەیاندن و پەیوەندی نێوان تاکەکانە، دوو کەناڵی پەیوەندیکردنن، لە کاتێکدا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پیکهاتوون لە (ئینتەرنێت وسەتەلایت و مۆبایل، رادیۆ، کەناڵەکانی پەیوەندی نێو تاکەکان، پێک دێن لە دوو ڕێگا لە پەیوەندیکردن لە نێو دوو یان زیاتر لە کەسێک، لە لایەکی ترەوە بڵاوبوونەوە پرۆسەیەکی زۆر کۆمەڵایەتییە کە پەیوەندی بەیەکەوە بەستنی نێو تاکەکان لە خۆدەگرێ (استريناتي، ١٣٨٠: ٢٥٦ –٢٥٧)

١٨. بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لە ڕووی زمانەوە. بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری لەسەر گەنجان لە ڕووی زمانەوە دەردەکەوێت بەوەی لە ڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار بوو هەروەها هیچ بڕگەیەکی لاواز نەبوو، بەڵکو زۆربەی بڕگەکان بەهێزن. بەهای ( T. Test) بۆ خشتەی سەرەوە دەکاتە (١٠. ٣٩٨)، کە گەورەترە لەبەهای (T) خشتەیی کە دەکاتە (١. ٦٩٤) و بەهای ئاماژەداری دەکاتە (٠,٠٠٠) کە بچووکترە لە (٠,٠٠٥)، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە.

١٩. کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوورە لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی بەهاکانەوە. بۆ زیاتر دڵنیبوون لەوە (T. Test) تاقیکرایەوەو دەرکەوت بەهای (T. Test) دەکاتە (٢٢. ٢٨٢) کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی و بەهای sig. ) ) دەکاتە (٠,٠٠٠) کە چووکترە لە بەهای (٠,٠٠٥)، ئەوەش نیشانەی ئاماژەداری ئامارییە، هەروەها بەهای ناوەندی ژمارەیی تێکڕای بڕگەکان دەکاتە (٥٢. ٦٦) کە گەورەترە لە بەهای (T) تێست بەهای (Sig. ) (بەهای تاقیکاری) کە دەکاتە (٣٨). بۆیە دەتوانین بڵێین گریمانەی سێیەمیشمان کە دەڵێت: بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی بەهاوە. سەلمێنراوەو ڕاستە. بەجیهانیبوونی کولتوورە کاریگەری هەیە لەسەر

ناسنامەی گەنج لە ڕووی بەهاوە. بەهای بڕگەکانی تایبەت بەم گریمانەیە بەرز بوون، هەموو ئەوەی کە بڕگەکان بەهایان بەرزە و وەڵامدەرەوەکان لەگەڵیدان نیشانەی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی کولتوورە لەسەر ناسنامەی گەنج لە ڕووی بەهاکانەوەو بەپێی ئەزموونی تی تێستیش ئەو کاریگەرییە ئاماژەدار بوو.

٢٠. بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لە ڕووی لایەنی ماددی (شێوازی ژیان). هیچ بڕگەیەکی لاواز لەو بڕگانەی دانراون بۆ دەرخستنی ئەو کاریگەرییە لاواز نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەروەها بەپێی ئەزموونی ئاماری تی تێست کاریگەرییەکە ئاماژەدارە.

٢١. سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج و گۆڕاوی ناسنامەی گەنج، دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ناوەندی یان بەهێز هەیە لەنێوانیاندا و گاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە، هەروەها پەیوەندییەکە ڕاستەوانەیە، واتە چەندە ناسنامەی گەنج بەرجەستەتر بێت، بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج لای نموونەکە و دواتریش لای گەنجانی هەرێمی کوردستان بەرجەستەتر دەبێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە. بەهای پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاویش دەکاتە (٠. ٦٥٧) کە نزیکە لە (١) و بەهای (Sig. ) کە دەکاتە (٠,٠٠٠) کەمترە لە (٠,٠٠٥)، واتە لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە. دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان هەردوو گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوور بە ناسنامەی گەنجدا هەیە، واتە هەردووکیان کار لە یەکتری دەکەن و بەهێزبوونی هەر یەکێکیان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئەوی دیکە و پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.

٢٢. هەردوو تەوەری گۆڕاوی سەربەخۆ (ناسنامەی گەنج) و گۆڕاوی پاشکۆ (بەجیهانیبوونی کولتوور) دا پەرشوبڵاو نین، بەهای پەیوەندی نێوانیشیان دەکاتە (٠. ٤٣٢)، کە بەهێزییەکەی ناوەندییە و پەیوەستییەکە نە لاوازە و نە بەهێزە، بەڵکو لە ناوەندە و لە (٠. ٥) نزیکە، هەروەها بەهای (Sig. ) کە دەکاتە (٠,٠٠٠) کەمترە لە (٠,٠٠٥)، واتە لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە. هەردوو تەوەری گۆڕاوی سەربەخۆ (ناسنامەی گەنج) و گۆڕاوی پاشکۆ (بەجیهانیبوونی کولتوور) دا پەرشوبڵاو نین، کە نیشانەی بوونی پەیوەندییە لە نێوان هەردوو گۆڕاوەکەدا هەروەک لە ئەنجامەکەدا ئاماژەمان پێکردوە.

٢٣. دوو گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوور و گۆڕاوی بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج، پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوانیاندا هەیە و بەهاکەی دەکاتە (٠. ٤٠٦) کە لەڕووی بەهێزی و لاوازی ئەو پەیوەندییە دەکرێت بڵێین ناوەندییە، چونکە لە (٠. ٥) نزیکە، واتە دەکەوێتە ناوەڕاستی (٠. -١)، جگە لە بەهای پەیوەندیەیی بەهای (Sig. ) کە دەکاتە (٠,٠٠٠) و کەمترە لە (٠,٠٠٥)، واتە لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە و جەخت لە بوونی ئەو پەیوەندییە دەکاتەوە.

٢٤. لە کۆی هەموو ئەو دەرئەنجامانەدا دەرکەت کە بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی زمان و بەها و ڕەگەزی مادی (شێوازی ژیان). کە ئەمەش ئامرازەکانی تەکنەلۆجیای سەردەمە (ئیینتەرنێت و سەتەلایت و مۆبایل) دەگونجێت بەتایبەتی چونکە ئەو پێگەیە

تا ئێستاش پلەی یەکەمی وەرگرتوە لە بڵاوکردنەوەی کولتوور، بۆیە پاڵی پێوەناوین بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەین نەک تەنها لەبەر ئەوەی پێگەیەکە بۆ کۆمینیکەیشن و بەریەکەوتنی کولتوورەکان بەڵکو وەک پێگەیەکی کارایە بۆ بڵاوکردنەوەی کولتوورە جیاوازەکان بەتایبەتی لە نێو چینی گەنجاندا. ئەوەش هۆیەکی بابەتییە بۆ ئەوەی تیۆری بڵاوبونەوەی کولتوور بەکاربهێنین وەک نموونەیەکی گونجاو لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکەماندا و سازاوە لەگەڵ ئەو میتۆدە تیۆریەی پشتی پێبەستوە.

## دەرئەنجامی توێژینەوەکە

لە ژێر رۆشنایی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانین بگەین بەچەند دەرئەنجامێک کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین:

١. گەنجان لە قەیرانێکی گەورەی ناسنامەدان، لە نێوان ناسنامەی کورستانی- عێراق. هەروەها لە نێوان ناسنامەی نەریتی و ئەو ناسنامە مۆدێرنەی کە بەجیهانیبوون موژدەهێنەرییەتی و دەیەوێت ببێت بە هاوڵاتییەکی جیهانی. زۆر بەئاسانی دەتوانین سەرنج بدەینە حەزی گەنجان لەوەی ببن بە هاوڵاتییەکی جیهانی بەڵام زۆر ئاماژەش هەن کە رێگرن لەو حەزەی کە خۆیان دەبیننەوە لە وابەستەییە کۆمەڵایەتییەکان و کێشە ناوخۆیی و ناوچەییەکان و قەیرانە جۆراوجۆرەکان کە ناچار دەبێت زۆر جار بۆ ناسنامە نەریتییەکەی بگەڕێتەوە. لە لایەکەوە حەزی لەوەیە ببێتە هاوڵاتییەکی جیهانی و لەلایەکی دیکەوە شانازی بە ناسنامەی کوردبوونییەوە دەکات.

٢. یەکێک لە دەرئەنجامەکانی دیکە ئەوەیە کە گەنجان لەگەڵ بەجیهانیبوونی کولتووردان. حەزیان لە فێربوونی زمانی بیانی، شێوازی ژیانی رۆژئاواییانەیە و کاریگەرن بە بەها جیهانییەکان، ئەوان بەجیهانیبوونی کولتوور بە کۆمەڵێک رواڵەت لە هەرێمی کوردستان دەناسنەوە لەوانەش: زۆربوونی خوێندنگا نێودەوڵەتییەکان، زانکۆ ئینگلیزی زمانەکان، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ، ئێنتەرنێت و سەیرکردنی زۆری تیڤییەکان، هەوڵدان بۆ فێربوونی زمانی بیانی، بڵاوبوونەوەی هزری نوێ، بڵاوبوونەوەی کەرەستە و ئامرازە جۆراوجۆرەکان. هەروەها بە جیهانیبوونی کولتوور وەک هۆکار یان ئامرازێک دەبینن بۆ بڵاوبوونەوەی دیمۆکراسی، بۆ بڵاوبوونەوە و چەسپاندنی یەکسانی جێندەری، بۆ بڵاوبوونەوەی بەهای نوێ. واتە بە کورتییەکەی گەنجان زۆرتر بەجیهانیبوونی کولتوور وەک دەرفەتێک دەبینن بۆ باشتربوونی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و چیتر دابراو نەبن لەجیهانی دەرەوە کوەک نەوەکانی پێش خۆیان کە لەبەر هۆکارە مێژوویی، سیاسی و جوگرافییەکان دابڕاو بوون لە جیهانی دەرەوە. لە توێژینەوەی (2013 Gracious Muzenda and Ethelia) شدا هەمان دەرئەنجام بە دەست هاتوە ئاماژە بەوە دەکات کە بەجیهانیبوونی کولتووری بابەتێکی زۆر بەرفراوان و مەترسیدارە چونکە لەڕێگەی تۆڕی جاڵجاڵۆکەوە (نێت) دەگاتە هەموو شوێنێکی دونی،ا. ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات کەبەجیهانیبوونی کولتووری بەسادەیی بەردەوام

بوونی خێرایی تێکەڵ بەدڵنیاییەوە چەندین بۆشایی لێرەدا پەیدا دەبێت لەسەر بە ها و نەریت و زمان و ئاین و کولتوور اسنامەی گەنج دەبێت، کە ئەوەش دەیسەلمێنێت یەکێکی تر لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەکە ئەویش ئامنجی دووەمە بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی زمانەوە دەبینین کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر گەنجان لەڕووی زمانەوە، نەک تەنها هەیە بەڵکو بەهێزیشە. بڕگەکان ئەوە پیشاندەدەن کە زمانی کوردی زمانێکی گرنگ نییە، چونکە نێودەوڵەتی نییە، هەروەها دەبینین بە نمرەی بەرز لەگەڵ فێربوونی زمانی بیانیدان، بەلایانەوە گرنگە زمان نێودەوڵەتی بێت هەروەها ئەم راستیەش لە گریمانەکانەی دووەمدا سەلمێنروە.

٣. لە ئامانجی یەکەمدا باسیان لە کرانەوە بەڕووی جیهاندا دەکرد، ئەگەر ئەویان ببەستینەوە بە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی بیانییەوە، تێدەگەین کە گەنجی ئێمە وەک نەوەی پێش خۆیان نین، کە زۆر گرنگی بە زمانی کوردی و پاراستنی ئەو زمانە دەدەن، ئەگەر خۆیان فێرە زمانی بیانیش کردبا، بەپلەی یەکەم زمانی عەرەبی و دووەم زمانی فارسی بوو، بەڵام لە ئێستای هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی بەرچاو بایەخ بە زمانی ئینگلیزی دەدرێت لە کردنەوەی خولی فێربوونی زماندا، وەک پەیمانگاکانی فێرکردنی زمان و کردنەوەی زانکۆکانی ئەمریکی عێراق لە سلێمانی، ئەمریکی لە دهۆک و پێش ئەوانیش زانکۆی کوردستان لە شاری هەولێر، سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆری قوتابخانەی ئینگلیزی زمانەکان، کە ڕۆژ دوای ڕۆژ هەم ژمارەی خۆیان و هەمیش خوێندکارەکانیان لەزیادبووندایە، لە بەرامبەریشدا بایەخنەدان بە زمانی کوردی و هەوڵنەدان یان هەوڵی کەم بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی و فارسی، نیشانەی کاریگەربوونێکی بەهێزە بە زمانە بیانییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە وێڕای ئینگلیزی، گەنجانی زۆر حەزیان لە فێربوونی زمانەکانی دیکەشە، وەک فەرەنسی، ئیسپانی، ئەڵمانی و کۆری. . . تد.

٤. سەبارەت بە زمانی کوردی گەنجان ئەگەرچی حەزیان لە زمانی کوردییە، بەڵام ئاگادارن لەوەی کە زمانێکە نەیتوانیوە گەشە بەخۆی بدات بەجۆرێک کە لەگەڵ سەردەم بگونجێت، هەر لەبەر ئەو هەژاری و لاوازییەی زمانی کوردیشە کە گەنجان دەیانەوێ بەدیلیان هەبێت بۆ ئاگاداربوون لە جیهان و دروستکردنی پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە و ئاگاداربوون لە پێشکەوتنەکان و بێبەشنەبوونیان لە سوشیال میدیا و فیلم و ئەپە جۆراوجۆرەکان، هەربۆیەشە دەبینین کە مەیلێکی زۆریان هەیە بۆ فێربوونی زمانی بیانی و دەیانەوێ وەک بەدیلی زمانی کوردی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، هەروەها خاڵێکی سەرنج راکێش ئەوەیە کە پێچەوانەی نەوەی پێشوو کە زیاتر خۆیان فێرە زمانی عەرەبی و فارسی دەکرد، لە ئێستادا خۆیان فێرە زمانی ئینگلیزی دەکەن.

٥. سەبارەت بە بەهاکان بەهەمان شێوە گەنجانی کوردستان چونکە دابڕاو نین لە جیهانی دەرەوە و لە پەیوەندییەکی بەردەوامدان لەگەڵ جیهانی دەرەوە لە ڕێگەی ئێنتەرنێت بە پلەی یەکەم و تیڤی و راگەیاندنەکان بە پلەی دووەم، بە ڕادەیەکی زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بەها رۆژئاواییەکان و

هەروەها بێزارن لە دابونەریتی خۆمان، ئەوان پێیانوایە بە هۆی بە هۆی بەجیهانیبوونی کولتووریەوە بەهای نوێ و ڕەفتاری نوێ لە کۆمەڵگەدا سەریانهەڵداوە و بەڕووی جیهاندا کراونەتەوە. هەروەها وێرای ئەوەی دەڵێن کە بەجیهانیبوونی کولتوور مەترسییە بۆ سەر بەها ئاکاری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکەی، کاریگەری دەخاتە سەر ئینتیمای گەنج و هۆکارە بۆ دەست بەسەرداگرتنی بەهای مادی و مەعنەوی کولتوور کۆمەڵگەکەم، هەروەها هۆکارە بۆ وەلانانی بیری گەنجی کورد سەبارەت بە کولتوورەکەی بەڵام دەبینین لەگەڵیدایەو وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد وەک دەرفەتی دەبینن نەک هەڕەشەو مەترسی. هەروەها (الحسین،٢٠٢١) ئاماژەی بە هەمان دەرئەنجام کردوە لە توێژینەوەکەی کە بریتییە لەوەی کاریگەری نەرێنی بەجیهانیبوون لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەکنۆلۆژیی پەیوەندیکردندا خۆی دەبینێتەوە بەهۆی زۆر سادەکردنەوەی بەرنامەی میدیاو کولتووری بەجیهانیبوون ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر هێما نیشتیمانیەکان و زمان و مێژوو و ئینتیماو دابونەریت لەسایەی بەهاکانی بەجیهانیبووندا گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو نەریتی نوێ سەریهەڵداوە،

٦. شێوازی ژیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەتایباتی مۆدە و پۆشاک و خواردن و فۆلکلۆر. کە ئەوەش دەیسەلمێنێت یەکیکی تر لە ئامانجی چوارەم ئەم توێژینەوەیە بریتیبوولە زانینی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوورە لەسەر ناسنامەی گەنج لە ڕووی شێوازی ژیان . هەروەها ئەم ڕاستیەش لە گریمانەکانەی چوارەمدا سەلمێنرەوە.

٧. سەبارەت بە کاریگەربوونی گەنجان بە بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕووی بەهاوە دەردەکەوێت گەنجەکان کاریگەرن و ئەو کاریگەرییەش لە وەڵامەکانیاندا بەڕوونی دەردەکەوێت. لەو باوەڕەدان کە دابونەریتی کوردەواری نزیکی لەناوچوونە، لەگەڵ سوودوەرگرتن لە ئەزموونە جیهانییەکان، باس لە دەرکەوتنی ڕەفتاری نوێ دەکەن و بەجیهانیبوون بە مانای کرانەوە بەڕووی جیهاندا دەبینن و پێیانوایە، ئاستی ئینتیمای گەنجان بۆ ناسنامەی نەتەوەیی بەرەو نزمییە و ڕەزامەندن بە بڵاوبوونەوەی بەهای نوێ لەکۆمەڵگەکەیاندا دەکەن وحەخدەکەن بەهای نوێ بێتە نێو کۆمەڵگەکەیان ولەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا خۆیان بگونجێنن. هەروەها ئەم ڕاستیەش لە گریمانەکانەی سێەمدا سەلمێنرەوە.

٨. خاڵێکی دیکەی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە ئێمە هەست بە جیاوازی ناکەین لە نێوان گەنجان لە هەرێمی کوردستان لە ناوچە جیاوازەکان، بەڵام لەڕووی تێڕوانینیان بۆ بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج هیچ جیاوازییەکی بەڵگەدار هەستی پێناکرێت لە نێوان گەنجانی ئەو ناوچە جیاوازانە. ئەوە لەلایەک لە لایەکی دیکەوە ڕەگەزیش وەکو گۆڕاوێک ئەو کاریگەرییەی نییەو کچان و کوڕانی گەنج بیرکردنەوەیەکی هاوشێوەیان هەیە بۆ بەجیهانیبوونی کولتوورو ئاراستەکانیان وەک یەکن لەو بارەوە، هەروەها سەبارەت بە ناسنامەی گەنجیش هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەڵگەدار، بوونی نییە کە پێمان بڵێت کچان و کوڕان تێڕوانینکی جیاوازیان هەیە بۆ ناسنامەکەیان یان حەزکردنیان بەوەی ببن بە هاوڵاتی جیهانی.

٩. دەتوانین بڵێین ناسنامەی گەنجانی زانکۆ لەهەرێمی کوردستان جۆرێک لە ململانێی لەخۆگرتوە لەنیوان بەهاکانی مۆدێرنە، کە لێرەدا بە ناوی بەجیهانیبوون دەردەکەوێت، لەگەڵ بەهاو نەریتە پارێزخوازەکان، ئەم ململانێیە لەنێو توێژی خوێندکارانی زانکۆدا بەشێوەیەکی ڕوون ڕەنگیداوەتەوە. ئەو رەوشەی لە زانکۆکانی هەرێمدا هەیە ڕەوشێکی ئاساییە، چونکە لەو قۆناغەی تەمەنداو بەتایبەتی لە دەزگایەکی زانستیی وەک زانکۆدا دەبێت چاوەڕیی ئەو جۆرە ململانێیە بکەین، چونکە گەنج تازە چاو بەدنیادا هەڵدێنێت و ئەزموونی دەکات و وادەزانێت ئەم دەتوانێت دنیا بگۆڕێت. ئەو دنیایەی کە نەوەکانی پێش ئەو نەیانتوانیوە بیگۆڕن.

١٠. ناسنامە بەگشتی حاڵەتێکی گۆڕاوەو بەهایەکی جێگیر نیە لەیەک دۆخدا چونکە گەلێک لە ڕەگەزەکانی گۆڕاون، کاتێکیش هەندێک گۆڕاو هەبێت لەناو یەک پرسدا کەواتە ئەو شتەش گۆڕانی بەسەردا دێت، واتە ناسنامە ڕەوشێکی جێگیر و چەقبەستووی نییە. ئەمە بەشێوەیەکی گشتی بەلای زانایانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئینترۆپۆلۆژیەوە ڕاستە، بەڵام کاتێک بەم تیۆریانە ناسنامەی تاکی کورد دەخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ناسنامەی تاکی کورد زۆر زیاتر لە دراوسێکانی، واتە عەرەب و تورک و فارس، گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەوەش دەشێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە کورد خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو لەهەر وڵاتێکداو بەشێوەیەک بەرخوردی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە دەوڵەت و قەوارەی سیاسی سەربەخۆ و جێگیر بەشێکە لە ڕەگەزەکانی ناسنامە. ئەوەش وایکردوە تاکی کورد بگەڕێت بەشوێن خۆیداو تەنانەت بگەڕێت بەشوێن شتێکدا کە جیای بکاتەوە لە نەتەوەکانی دیکەو ناسنامەیەکی سەربەخۆی بداتێ. هەروەک لە توێژینەوەکەی (. Lene Arnett Jensen2010) ئاماژە بە هەمان دەرئەنجام کراوەکە ناسنامەی کولتووری دەکەوێتە ژێر کاریگەری تەمەن و و باکگراوندی کولتووری و ئاڵوگۆڕی کولتووری، لەکاتێکدا جیهان بۆتە گوندێکی ئەلیکترۆنیی بچوک هەموو زانیارییەکان پەخشدەکات و دەگاتە هەمووی جیهان. توێژینەکە بڕی کاریگەربوونی گەنجانی سەبارەت بە وەرگرتن و تێگەیشتن و سودبینین لە ئامرازەکانی بەجیهانیبوون و بەتایبەت سۆشیاڵ میدیا، جێکەوتی ئەو کولتوورە نوێیە لەسەر گەنجان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ڕۆژانە.

١١. تاکی کورد هەست بەو ناسنامەیە ناکات، بەتایبەتی لەهەرێمی کوردستاندا، لەوڵاتەکانی دیکەشدا (ئێران و تورکیا) ڕێگری دەکرێت لەوەی زمان و دابونەریتی خۆی بەکار بێنێت، بۆیە ناسنامەی گەنجی کورد ناسنامەیەکی جیوەیی و شێواوە، ئەو ئینتیمای بۆ زمان و کولتووری خۆی هەیە بەڵام چوارچێوەیەک نییە ئەو ئینتیمایە لەخۆیدا کۆ بکاتەوە. سەبارەت بە بەجیهانیبوون و گەنجی کورد بەتایبەتی لەزانکۆدا، دەتوانین بڵێین کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوون بەهەردوو دیودا نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ بە سەر ژیانی گەنجانی زانکۆوە دەرکەوتوە، چ لە جۆری جلوبەرگدا، چ لە ئاخاوتندا، چ لە شێوازی بیرکردنەوەو ڕادەربڕین. دەتوانین بڵێین خوێندکارانی زانکۆ لەئاستێکی بەرزدا باوەڕیان بە پیرۆزیەکانی نەتەوەو نیشتیمان لاواز بووە، ئەوەش بەشێکە لە کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوون و

گەڕان بەشوێن مانایەکدا بۆ ژیان، لە دنیای بەجیهانیبووندا خوێندنی باڵا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت و بەلێشاو خەڵک و زانست و زانیاری تەکنەلۆجیاو بەرهەم و سەرمایە بەبەردەوامی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. هاندانی گونجاندنی ئەو گەنجانەش لەو کۆمەڵگەیانەدا دەژین، دامەزراوەکانی خوێندنی باڵاو سیستەمی خوێندنی باو بەهۆی سیاسەتی بەجیهانیبوونەوە گۆڕانیان بەسەردا هاتوە. (United Nations. 2020:18 )

زۆر لەوانەی بەدواداچوون دەکەن بۆ پرسی ناسنامە لە ناو خوێندکارانی زانکۆدا پێیانوایە ڕەگەزە کۆنەکانی ناسنامە زۆریان بەرەو لە ناوچونن و رەگەزی نوێ جێیان دەگرێتەوە، ئەوەش واتە گۆڕانی ناسنامە بەشێوەیەکی گشتی. تەنانەت لەڕووی ئاینیشەوە ئەو دیاردەیە بەرچاوە، تێگەیشتن لەئایین لەنێوان ئێستاو ڕابوردوا جیاوازیەکی زۆری هەیە، ئەوەش وا دەگەیەنێت کە، کە ئایینیش بەهایەکی گۆڕاوە بەتایبەتی لەڕووی تێگەیشتنەوە، ئەو گەنجانەی زانکۆدا کە موحافیزەکارن یان نەریتخوازن، ئەوەش بەزۆری لە سۆشیال میدیاو لەناو هۆڵەکانی خوێندنیشدا دەردەکەوێت.

١٢. لەناو گەنجانی زانکۆدا کە ئاوێنەی کۆمەڵگەو ئاییندەن کەرتبوون و پەرتەوازەییەکی زۆر دەردەکەوێت، ناتوانین بڵێین ئێستا پرۆژەیەکی جدیمان هەیە بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی هەماهەنگ و هارمۆنیک، پێداویستی دیبەیت و دیالۆگ لەمڕۆدا لەهەر کاتێک پێویستترە بۆ نزیکخستنەوەی ئاراستەکان لەیەکدی. ڕاستە ئاراستەکان تا ئاستی دژیەکی (تناقض) لەیەکدی دورن، بەڵام فێربوونی شێوازی دیالۆگ و دیبەیت خۆی ڕێگە چارەیەکە بۆ لێکدی نزیک بونەوە. وەک وتمان لەناو گەنجانی زانکۆدا بەهۆی شاڵاوی بەجیهانیبوونەوە کێشەی نەتەوەو نیشتیمان ڕۆژ دوای ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە، تائاستێکی وەها کە ئەگەر لەو حەرەمەدا باسی خۆشەویستی نەتەوەو نیشتیمان بکرێت وەک قسەیەکی نامۆ دەردەچێت. دەتوانین بڵێین لەئێستادا گەنجی کورد بە ڕەوشی لەخۆنامۆبووندا (الاغتراب- Alienation) تێدەپەڕێت. کاتێک بەراورد دەکات لەنێوان ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی و وڵاتانی دیکەدا کە بەهۆی ئامرازەکانی تەکنەلۆجیای سەردەم و بەجیهانیبوونەوە بەردەوام کۆنتاکتی هەیە پێیەوە، نامۆبوون لە کولتوور و دابونەریت و تەنانەت زمان و پۆشینیش. (ساروخان، ١٣٨١) لە دەرئەنجامی توێژینەوەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد پێویستە کۆمەڵگە وێڕای ئەوەی بتوانێت سوود لە بەرهەمە کولتوورییەکان ببینێت، دەبێت بناغەی پێویست دابکوتێت بۆ ئاڵوگۆڕ لەگەڵ ئەو کولتوورە جیهانییەدا، نەک ببێتە کارلێکراو بەتەنها بەڵکو دەبێت کارتێکەریش بێت ئەمەش هەمان دەرئەنجام کە ئەم توێژینەوەیە بەدەستی هێناوە ئەنجام دراوە.

١٣. گەنجان بێجگە لەوە لە دڵەڕاوکێیەکی بەردەوامدا دەژین، ئەوەش کاریگەری هەیە لەسەر باری دەرونی و ناسنامەیشیان، ئەوان ئاییندەیان لا ڕوون نیە، کاتێک خوێندن تەواو دەکەن شوێنێک نییە ڕووی تێ بکەن بۆ ئەوەی بتوانن لەڕێگەی بڕوانامەکانیانەوە دابمەزرێن، ئەی چۆن بتوانن ژیانی خێزانی پێک بهێنن. سەبارەت بەهەرێمی کوردستان لەڕووی سیاسیەوە دیسان بارێکی شلۆق و ناجێگیرە. سەبارەت بە ئامانجی توێژینەوەکەشمان هەروەک لە ڕێگەی داتا ئامارییەکانەوە ئەوە

سەلمێنرا کە ئامانجی یەکەممان زانینی ئاستی تێگەشتنی گەنجان بوو بەرامبەر بەجیهانیبوونی کولتوور لە هەموو بڕگاندا کە هێزی بڕگەیان لەسەرووی (٣. ٧٥) ەوەیە، ئەوەمان پێدەڵێن کە گەنجانی کوردستان لە هەموو ناوچەکاندا، هەروەها بە ڕەگەزی جیاوازو پێگەی چینایەتی جیاوازەوە، زۆر لە ژێر کاریگەری بەجیهانیبووندان. لە ئەنجامی ئەو کاریگەرییەشەوە، کە شێوازی ژیانی نوێ هەڵدەبژێرن، زمانی کوردییان بەلاوە گرنگ نییە، لەگەڵ کرانەوەدان بەڕووی جیهاندا،هەروەها تێگەشتنی تەواویان هەیە لەسەر بەجیهانیبوونی کولتوورو پێیانوایە ڕۆشنبیری نوێ و کولتووری نوێ لە کۆمەڵگەکەیاندا بڵاوبووەتەوە، ڕەزامەندن بە بڵاوبوونەوەی بەهای نوێ.

١٤. شێوازی ژیانی سەردەمییانە، کە ئێمە هێدی هێدی پێشوازی لێدەکەین و ئەم پێشوازیلێکردنە دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)، دوای ڕاپەڕین کرانەوەمان بەڕووی جیهاندا دەستیپێکرد، کاڵای بیانی هاتن بۆ هەرێمی کوردستان و کەسانێکی زۆریش لە هەرێمەوە کۆچیان کرد بۆ ڕۆژئاوا. بەجیهانیبوون ڕۆڵی زۆری هەیە لە گۆڕینی شێوازی ژیان، ئەوەش تایبەت نییە بە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان بە تەنها، بەڵکو کۆمەڵگە کەمتر پێشکەوتووەکانیش پێی کاریگەر دەبن. لەم توێژینەوەیەدا بۆ زانینی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لە هەرێمی کوردستاندا، کۆمەڵێک بڕگە لە پێوەرەکەدا جێگەیان کراوەتەوە کە گوزارشت لە شێوازی ژیان دەکەن. وەک لە ئەنجامەکاندا دەردەکەوێت، ئەو بڕگانە زۆربەیان ناوەندە ژمێرەییەکەیان زۆر بەرزە و بەشێکیشیان لە ناوەندەوە نزیکن، بەڵام ناوەندی ژمارەیی هیچ بڕگەیەک نزم نییە. ئەمەش مانای وایە ستایڵی ژیانیان لەژێر کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتووردایە، چونکە گەنجان زۆربەی کاتەکانیان لەسەر ئینتەرنێت بەسەردەبەن و دەیانەوێت بە شێوازێکی نوێی سەردەمییەوە دەربکەون. پێداویستییە لاوەکییەکان زیاتر دەردەکەوێت لای گەنجان و زاڵبوون بەسەر پێداویستییە سەرەکی یان بنەڕەتییەکاندا، کاتی زۆر بە سەیرکردنی تیڤییەوە بەسەر دەبەن. ستایڵی نوێ و خواردنە ڕۆژئاواییەکان زۆرتر بڵاوبوونەتەوە، سەرەڕای زیادبوونی ژمارەی خوێندنگە بیانی و ئەهلییەکان. هەموو ئەوانە لەگەڵ ئامانجی چوارەمی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا دێنەوە، کە دەیەوێت کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر ناسنامەی گەنج لەڕووی لایەنی ماددی (شێوازی ژیان)ەوە بزانێت گریمانەی چوارەمیش ئەو ڕاستییەی سەلماندووە.

١٥. بە پێی دەرئەنجامی توێژینەوەکە بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنجی زانکۆ هەروەک داتاو زانیارییە ئامارییەکان ئەو ڕاستیانەیان خستووەتەڕوو لە ڕێگەی ئەنجامە ئامارییەکانەوە.

## راسپاردەکانی توێژینەوەکە

١) سیاسەتی کولتوور حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویست دەکات زۆرتر گەشەی پێ بدرێت. بۆ ئەو مەبەستە ئەرکێکی گەورە دەکەوێتە سەر وەزارەتی رۆشنبیری و وەرزش و لاوان. بەتایبەتیش کە ئەم وەزارەتە زۆر پەیوەندیدارە بە دوو بواری زۆر گرنگەوە، یەکەمیان بواری کولتوورە و دووەمیان گەنجانن. ئەم وەزارەتە دەبێت رۆڵ ببینیت لە پێشخستنی کولتوور کۆمەڵگە بەجۆرێک کە لەگەڵ قۆناغی بەجیهانیبووندا بێتەوە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە پێویستە خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بە گەنجان بکات و سەکۆیەک بیت بۆ گەشەپێدانی گەنجان و رەخساندنی بوار بۆیان تا بتوانن توانا هۆنەری، رۆشنبیری و وەرزشییەکانیان بناسن و لەو رێگەیەوە ببنە خاوەن ناسنامەی خۆیان.

٢) پێویستە لەسەر ناوەندە رۆشنبیری و چاپەمەنییەکان کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر کولتوور هەیە، رۆڵی خۆیان ببینن لە بەهێزکردنی توانای رۆشنبیری گەنجان و کارکردن بۆ ئاراستەکردنی گەنجان بەمەبەستی کەمتر کاریگەربوون بە بەها، زمان، و شەوازی ژیانی رۆژئاواییانە و ئاوڕدانەوە لە کولتوور کوردستانی و بەهێزکردنی.

٣) پێویستە ئەکادیمیای کوردی و زانکۆیەکان و هەموو ئەو ناوەندانەی پەیوەندییان بە زمانەوە هەیەکاربکەن بۆ دروستکردنی زمانێکی یەکگرتووی کوردی کە بتوانێت لەگەڵ پێداویستییە زانستییەکانی سەردەمدا بێتەوەو گەنجان و نەوەکانی داهاتوو، کە لە ئێستادا زۆر لەژێر کاریگەری زمانە بیانییەکاندان، کوردیزانی باشیان لێ هەڵکەوێت و بتوانن گەشە بە زمانەکە بدەن نەک بە پێچەوانەوە.

٤) تائیستا لە نێو زانکۆکانی هەرێمدا توێژینەوە لە سەر ئەم بابەتە لە هەرێمدا،نەکراوە یان دەگمەنەو نەگەیشتۆتە ئاستی باڵای ئەکادیمی، ئەوەش کەمتەرخەمییەکی گەورەیە لە ڕووی ئەکادیمی و نەتەوەییشەوە. چونکە ئێستا گەلی کورد لەهەموو کاتێک زیاتر لەڕووی زمان و نەتەوەو ڕوو لە کزبوون و تەنانەت تیاچونیشە، لەماوەی سەدەی داهاتوودا. ئەو بێخەمییە ئەکادیمیە نامۆیە بەم ناوچەیە، چونکە دەبینین دەیان و سەدان توێژینەوەی ئەکادیمی بەزمانەکانی عەرەبی و فارسی کراون و کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر نەتەوەو ئایین و ناسنامە و وڵاتەکانی خۆیان ڕوون دەکەنەوە، لەکاتێکدا ئەوان خاوەنی چەندین قەوارەی سیاسیی خۆیانن، بۆیە پێویستە ناوەندی ئەکادیمی کوردی لەو ڕووەوە کاری زیاترو جیدیتر بکات.

٥) پێویست ناوەندە ئەکادیمیەکان وڕێکخراو ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە پرسی بەجیهانیبووندا پێویست دەکات گەنجانی زانکۆ زیاتر هۆشیاربکەنەوە، لەڕاستیدا زۆربەی گەنجان هۆشیاریی تەواویان نییە بەرامبەر بەم پرسەو لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی. ئەوان هەر وەک ڕۆتینێکی ئاسایی ڕۆژانەی ژیانی خۆیان ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا بەکاردێنن، بێ ئەوەی بزانن

ڕەهەندەکانی ئەم پرسە بەرەو کوێ دەچێت. ئەوەش وادەکات گۆڕانکارییەکان بە ئاسانی و بێ هەبونی هیچ بەربەستێکی دەروونی و مۆراڵی لەناو گەنجاندا ڕوبدات، لەلایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانیشەوە، بەڵام وەک ئاشکرایە لایەنی نێگەتیڤ خێراتر بڵاودەبێتەوەو تەشەنە دەسەنێت.

٦) بۆ پاراستنی ناسنامەی گەنجان پێویستە ناوەندە ئەکادیمیەکان بەتایبەتی زانکۆ، دەزگا ڕۆشنبیریەکانی حکومەت و ڕاگەیاندن و دەزگای ئایینی ئۆرگانەکانی حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوە ڕۆشنبیریو هونەری ئەدەبیەکان هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی زیاتر و بەرنامە بۆ داڕێژراوو درێژخایەن ئەنجام بدەن. ئەگەرنا ئەو شەپۆلەی ڕووی جیهان و هەرێمی گرتۆتەوە یەکەمجار ئەو نەتەوانە ڕادەماڵێت کە قەوارەیەکی سیاسییان نییە، واتە هیچ سنورێک نییە کولتوور و ناسنامەیان بپارێزێت.

٧) ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە کاربکات بۆ زۆرتر بایەخدان بە خوێندکاران لە ڕووی پەروەردەیی و فێرکردنەوە، لە ڕووی بایەخدان بە زمانی کوردی. هەروەها قوتابخانە زۆرتر بایەخ بەپەروەردەی بەهاکانی خوێندکاران بدات و بەجۆرێک کاربکات کە ئەو بەهایانە گەشەپێبدات کە خزمەت بە پێشکەوتنی زانست دەکەن لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە یارمەتی دروستبوونی ناسنامەی گەنج بدەن.

٨) پەرلەمانی کوردستان ئەرکییەتی بایەخ بە سیاسەتی کولتوور وڵات بدات، لە یاسادانانندا ڕەچاوی سەردەمی نوێی بەجیهانیبوون بکات و کاربکات بۆ ئەوەی بتوانێت حکومەت و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن ناچاربکات بە بایەخدان بە پێداویستی گەنجان کە چیتر ناچار نەبن کۆچ بکەن بۆ هەندەران، بۆ ئەمەش پەرلەمان دەبێت زۆرتر چاودێری دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بکات لە پەیوەندیدا بە پرسەکانی ناسنامە و گەنج.

٩) زانکۆکان پێویستە کۆنفرانس و سەمپۆزیەمی بەردەوامیان هەبێت تایبەت بە کولتوور، ناسنامە، بەجیهانیبوون و گەنج.

## **پێشنیازەکانی توێژینەوەکە**

توێژەر پێشنیازی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکات بۆ خوێندکاران و توێژەرانی دوای خۆی.

١) ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ناسنامەلە هەرێمی کوردستان. پرسی ناسنامە پرسێکی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە ئێمە لەبەردەم وەرچەرخانێکی گەورەی مێژوویيداین و ناسنامەی کۆمەڵایەتی، کولتوور و سیاسی ئێمە ڕووبەڕووی چالێنجی زۆر بۆتەوە لەسەر ئاستی ناوچەیی یان جیهانی.

٢) بەجیهانیبوون پرۆسەیەکی بەردەوامە (بە تێگەیشتنە جیاوازەکانییەوە)، بۆیە پێویستە توێژەران لە زانستە مرۆڤایەتییەکان زۆرتر بایەخی پێبدەن و ڕەهەندە ئابووری، سیاسی، کولتوور و کۆمەڵایەتییەکانی بناسێنن و کاریگەرییەکانی دەستانیشان بکەن لەسەر هەرێمی کوردستان بە گشتی، کە ئەمەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی چالاکی زانستی و توێژینەوەوە دەبێت.

٣) بەجیهانیبوونی کولتوور زۆرتر کە بواری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی و توێژینەوە کولتووریەکانە، پێویستە لەسەر خوێندکارانی خوێندنی باڵای ئەو بەشە لە رەهەندە جیاوازەکانی کولتوور لە پەیوەندیدا بە جیهانیبوون بکۆڵنەوە بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە چاڵێنجەکانی بەجیهانیبوون لەسەر کولتوور کوردستانی و هەروەها ناسین و دەستنیشانکردنی ئەو دەرفەتانەش کە دەتوانرێت بەسوود بن بۆ گەشەپێدانی کولتوور لە هەرێمی کوردستان.

٤) گەنج لە هەرێمی کوردستان توێژێکی زۆر گەورەن و ، هەروەها پێداویستییەکانیان زۆر و لەبەر بارۆدۆخی سیاسی و ناسەقامگیری هەرێم، عێراق و ناوچەکە و قەیرانە جیاوازەکان گەنجان وەکو پێویست نەیانتوانیوە بەشداربن لە پرۆسەی گەشەپێدان و رووبەڕووی کێشەی جیاواز بوونەتەوە کە تاکە چارەسەر لە روانگەی ئەوانەوە بە جێهێشتنی هەرێمی کوردستانە، هەروەها لەو سونگەیەوە دەتوانن زۆر یارمەتیدەربن لە پێشخستنی کۆمەڵگە دەبێت بەردەوام توێژینەوەیان لەسەر ئەنجامبدرێت لەلایەکەوە بە مەبەستی باشتر ناسینیان و دیاریکردنی ئاراستەکانیان لە لایەکی دیکەوە بۆ چارەسەری کێشەکانیان و هاندانیان لەوەی ببنە هێزێکی بەبەرهەم و بتوانن گەشە بە وڵاتەکەیان بدەن.

٥) توێژەر پێشنیازدەکات کە چەن توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجام بدریت لە ناوەندە زانستیەکاندا وەک زانکۆ و پەیمانگا وسەنتەرەکانت توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەم بابەتانە:

١--کاریگەری بەجهیانیبوونی کۆمەڵایەتییە لە سەر ڕەفتاری گەنج.

٢-ڕۆڵی زانکۆ لە ووشیارکردنەوەی گەنج سەبارەت بە ناسنامە.

٣-- کاریگەری بە جیهانیبوونی کولتوور لەسەر کاڵبوونەوەی ئینتمای نەتەوەی لای گەنج.

٤-کێشەئابوریەکان کاریگەری لەسەر کاڵ بوونەوەی ناسنامەی گەنج.

٥-کیشەکانی گەنجی بەجیهانی بوو ڕەنگدانەوە لەسەر ناسنامەکەی گەنج.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان


١. ئەحمەد،حامید (٢٠١١ )فرهەنگی تەکنەلۆجیای زانیاری.بەرگ٢.سلێمانی.ئەکادیمیای کوردی.

٢. ئەلسەید،یاسین(٢٠٠٧ )جیهانێتی و جیهانگیری.و: ئەحمەد قادر سەعید.چاپی١.چاپخانەی شڤان.

٣. قانع، مەریوان وریا(٢٠١٢)شوناس و ئالۆزی.چاپی٢.سلێمانی.چاپخانەی کارۆ.

٤. محەمەدی، احمد گوڵ(٢٠٠٧)بەجیهانی بوون، کولتوور، شوناس، و: عەبدوڵا بەهرامی.چاپی١. دهۆک.چاپەمەنی خانی.

٥. میران ،رەشاد(٢٠٠٩) ئیتنوگرافیا و یەکێتی ئیتنیکی کورد. هەولێر.دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٦. میران، رەشاد(٢٠١٠) چەند بابەتێکی ئیتنۆ – کۆمەلایەتی.بەرگی١.دهۆک.چاپخانەی خانی.

٧. حسین، یوسف حسن(٢٠١٤)کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەرکولتوور. نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە لە کۆلێژی ئەدەبیات بەشی کۆمەڵناسی.هەولێر.زانکۆی صلاح الدین.

٨. صاڵح، هەردی زیا(٢٠١٠) کێشە کۆمەلایەتییەکانی لاوان- توێژینەوەییەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.نامەی ماستەربڵاونەکراوەتەوە لە کۆلێژی ئەدەبیات بەشی کۆمەڵناسی. هەولێر. زانکۆی سەلاحەدین.

٩. عەبدوڵڵا ،کنێر(٢٠١٨) هزر رۆڵی رۆشنبیری لە ژیانی خوێندکاراندا.٢٠. ٠٣. ٢٠١٨. http://penus.krd/ind


### دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان


١٠. أبراش ،إبراهيم (٢٠٠٩)المنهج العلمي وتطبيقاته في العلوم الاجتماعية. عمان. دار الشروق.

١١. إدجار، أندروجوليك(٢٠١٤)موسوعة الشطرية الثقافية(المفاهيم والمصطلحات الاساسية). ت: هناء الجوهري.القاهرة.

١٢. أبو رياش، حسين(٢٠٠٦) الإساءة والجيندر.عمان.

١٣. أمين، عبدالحكيم(٢٠١٧)الهوية الإفتراضية في مرجعات العربية.المغرب.

١٤. أمين، جلال(٢٠٠١) العولمة .ط٢. عمان .دار الشروق.

١٥. أميني، رضا عبدالواحد (٢٠٠٧)الإعلام والعولمة. القاهرة. دار الفجر.

١٦. أستيتية، دلال ملحس(٢٠٠٨)التغيرالإجتماعي والثقافي. عمان. دارالوائل.

١٧. إسحاق ،روبرت(٢٠٠٥) مخاطرة العولمة.ط١.بيروت.مكتبة مدبولي.

١٨. الامم المتحدة، السنة الدولية للشباب(٢٠١٠) الحوار والفهم المتبادل. نيويورك.

١٩. آبادي،مجدالدين محمد بن يعقوب الفيروز (٢٠٠٥) معجم مصطلحات القاموس المحيط. الطبعة١.بيروت. دار المعرفة.

٢٠. بيت الحكمة والجهاز المركزي للإحصاءوبرنامج الأمم المتحدة الإنمائي، التقرير الوطني للتنمية البشرية (٢٠١٤)شباب العراق تحديات وفرص.بغداد.
٢١. بوضرغم، قابر(٢٠٠٠)خطوات البحث الإجتماعي.دار الآفاق الجديدة.بيروت.
٢٢. بيومي، نهلة إبراهيم و محمد أحمد(٢٠٠٦)الأبعاد الإجتماعية والثقافية للشخصية القومية المصرية .دراسة في علم الإجتماع الثقافي. الأسكندرية. دار المعرفة الجامعية.
٢٣. بك، أولريش(٢٠١٢)ما هي العولمة.ت: ابو العيد و دودو. ط٢.بيروت. منشورات الجمل.
٢٤. بركات، حليم(٢٠٠٠)المجتمع العربي في القرن العشرين - بحث في تغير الأحوال والعلاقات. مركز دراسات الوحدة العربية.بيروت.
٢٥. جبرون، أحمد (٢٠١٥) الانثقاف الهوية و اللغة و التعليم.ط١.رياظ.
٢٦. الحسن ،أحسان محمد (٢٠٠٥)مناهج البحث الاجتماعي.ط١. دار وائل للنشر والتوزيع. عمان.
٢٧. جراح، بدر احمد(٢٠٠٩)قضايا معاصرة في العولمة. (التربية، السياسة، الإقتصاد). ط١. عمان. دارالمعتز للنشر
٢٨. جيرار، كليرك(٢٠٠٨)سوسيولوجيا المثقفين. ت: جورج كتورة.عمان.الأردن.منشورات دار الفكر.
٢٩. جوزيف، جون (٢٠٠٧) اللغة والهوية قومية. ت: عبدالنور خارقى. الكويت.عالم المعرفة.
٣٠. جـودة، محفوظ(٢٠٠٨)التحليل الإحصائي الأساسي باستخدام (SPSS).عمان دار الوائل للنشر والتوزيع.
٣١. الجمعة ، سعيد ابراهيم و سعيد فالح الغامدي(٢٠١٢) الشباب والقيم الاسرية في المملكة العربية السعودية.الرياض.دار الثقافة.
٣٢. الحاج ،كميل (٢٠٠٠) الموسوعة الميسرة في الفكر الفلسفي والإجتماعي. بيروت.مكتبة لبنان.
٣٣. الجلبي على عبدالرزاق (٢٠٠٠)علم الإجتماع الثقافي. الأسكندرية. دار المعرفية الجامعية.
٣٤. الجهاز المركزي للإحصاء وتكنولوجيا المعلومات، واليونيسف(٢٠٠٤)مسح مواقف ومعارف وممارسات الشباب .
٣٥. حرب، علي (٢٠١٢) حديث النهايات.فتوحات العولمة والهوية. لبنان. دار الفكر.
٣٦. الخطيب، محمد( ٢٠٠٥) الأنثروبولوجيا الثقافية. دمشق.دار علاءالدين للنشر والتوزيع.
٣٧. دورتيه ، جان فرانسوا(٢٠١١)معجم العلوم الإجتماعية.ت:جورج كتورة. ط٢. أبوظبي. منشورات الكلمة والمؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.
٣٨. ديڤي، تشارلز( ١٩٨٨)مشكلات الشباب، ت: ليلى الحامي، مكتبة المعارف، ط١، بيروت
٣٩. ريكور، بول (٢٠٠٣) نظرية التأويل.الخطاب و فائض المعنى.ت: سعيد الغانمي. ط١.بيروت. المركز الثقافي العربي.
٤٠. روجرز ، افرييت(٢٠١٤)الافكار المتحدثه و كيف تنتشر.ت: سامى ناشد. القاهره. عالم الناسب للنشر.

٤١. روبرتسون، رونالد(١٩٩٨) العولمة – النظرية الإجتماعية والثقافية الكونية.ترجمة: احمد عبود و أنور أمين. القاهرة. المجلس الأعلى للثقافةوالنشر.
٤٢. زايد ، أحمد (٢٠٠٦) سيكولوجية العلاقات بين الجماعات.عالم المعرفة للنشر.
٤٣. الزيودي، ماجد(٢٠٠٦) الشباب والقيم فى عالم متغير. عمان. دار الشروق للنشر والتوزيع.
٤٤. سبيلا، محمد(٢٠٠٧) مخاطرات الحداثة.بغداد. منشورات دار الهادي.
٤٥. السحمراني ،أسعد( ٢٠٠٠ )صراع الأمم بين العولمة والديمقراطية. ط١.بيروت. دار النفاس.
٤٦. سلامة، عبدالحافظ(٢٠٠٧)علم النفس الإجتماعي. عمان.دار اليازوري للنشروالتوزيع.
٤٧. سليمان، محمود صادق(٢٠٠٢)مشكلات الشباب: الدوافع والمتغيرات. أبوظبي مركز الدراسات والبحوث الإستراتيجية.
٤٨. سكوت ، جون و مارشال جوردون(٢٠١١) موسوعة علم الإجتماع. ت: محمد الجوهري.ط٢.القاهرة. المركز القومي للترجمة.
٤٩. شييلي ،عثمان (٢٠٠١) الاحصاء الإجتماعي. القاهرة.مكتبة النهضة.
٥٠. صالح ،على عبدالرحيم(٢٠١٨)سيكولوجية الشباب نموهم ،صحتهم، ارشادهم النفسى. عمان. الدار المنهجية للنشر والتوزيع.
٥١. طاله، لمياء (٢٠١٤) الإعلام الثقافي – التغريب الثقافي. عمان. دار الساقة.
٥٢. اليكساندر ، دينيس و فيتش تشيكالوف (٢٠١٤) تأريخ الثقافة العالمية.ت: عماد طعينة. أبوظبى. مطبعة كلمة.
٥٣. عبدالفتاح ،سامي( ٢٠٠٩) الإنترنت والشباب. دراسة في اليات التفاعل الإجتماعي. القاهرة.دار العالم العربي.
٥٤. عبدالمطلب،عبدالحميد(٢٠٠٦)العولمه الاقتصاديهمنظماتها،لشركاتها،تداعياتها).ط١. الاسكندريه.دار الجامعه.
٥٥. عبدالرحمن، محمد سيد(٢٠٠٠)الهوية الإجتماعية. القاهرة. دار القباء للطباعة.
٥٦. عنباري،محمد سلام محمد(٢٠١١) التنمية والرعاية الشباب.ط١. الأسكندرية.المكتب الجامعي الحديث.
٥٧. عمارة، محمد(٢٠٠٧)مخاطر العولمة على الهوية الثقافية. القاهره.دار نهضة.
٥٨. المهواش،السيد عبدالعزيز(٢٠٠٥) مخاطر العولمة على الهوية.القاهرة. مكتبة النهضة المصرية.
٥٩. العصيمي، عبدالمحسن بن أحمد(٢٠١٠)العولمة في عالم متغير.ط١.رياظ.دارقرطبةللنشر والتوزيع.
٦٠. غرايبــة، فــوزي (٢٠٠٨) الأساليب البحث العلمي في العلوم الإجتماعية و الإنسانية.ط٤. عمان.دار وائل للنشر والتوزيع.
٦١. فيك ،جورج و بول ولدنج(٢٠١٥) العولمة والرعاية الإنسانية.ت: طلعت مصطفى السروجي.ط١. الاسكندرية. المكتب الجامعي الحديث.

٦٢. فهمي ،محمد سيد(٢٠٠٩) إدارة الأزمة مع الشباب. ط١. الأسكندرية. المكتب الجامعي الحديث.
٦٣. فهمي، محمد سيد(٢٠٠٧)العولمة والشباب من منظور إجتماعي. ط١.الأسكندرية.دارالوفاء الدنيا للطباعة.
٦٤. فهيم، كلير(٢٠٠٧)طريق نجاح الشباب فى الحياة. قاهرة.مكتبة الانجلو المصرية للنشر.
٦٥. قورية، أحمد(٢٠٠٧) فن القيادة المركزة على المنظور النفسي الإجتماعي والثقافي.ط٢. الجزائر.ديوان المطبوعات الجامعية.
٦٦. القميمي،رعد مسامي عبدالرزاق(٢٠٠٨)العولمة والتنمية البشرية المستدامة في الوطن العربي.ط١.عمان.دار دجلة.
٦٧. قنـدبلجي،عـامر(٢٠٠٨)البحث العلمي واستخدام مصادر المعلومات التقليديةوالألكترونية. عمان. دار المسيرة للنشروالتوزيع والطباعة.
٦٨. قنصوة، صلاح(٢٠١٠)نظرية القيم في الفكر المعاصر. بيروت. التنويد
٦٩. كاطع ،سناء كاظم(٢٠٠٥) الفكر الإسلامي المعاصر والعولمة.ط١ .منشورات لسان الصدق.
٧٠. كرامش ،كلية(٢٠١٠ ) اللغة والثقافة. ترجمة: أحمد الثيمي. دوحة.
٧١. الكواري، كلثم جبر(٢٠١٣)رعاية الشباب في المجتمع العربي (أسس و تطبيقاته). ط١. القاهرة.مكتب الجامعي الحديث.
٧٢. م.بالالوك، هيربـرت(٢٠٠٠) الاحصاء الاجتماعي. ت: عثمـان الحسـن محمـد و سليمان محمد رضوان. ط٢ .الرياض.مكتبة العبيكان.
٧٣. مجموعه كتاب(١٩٩٧) نظرية ثقافية.ترجمة: علي سعيد.عالم المعرفة.الكويت.
٧٤. ماركيه، جان فرانسوا(٢٠٠٥)مرايا الهوية. الإرب المسكون بالفلسفة.ت: تميد داغر.مؤسسة الفكرالعربي.
٧٥. ماكدونالد ، كيفين (٢٠١٧) الحركات العالمية الفعل والثقافة.ت: جلال الدين عزالدين على. ط١. مطبعة هنداوي سى آى سى.
٧٦. الهمـالي، عبـدالله(٢٠٠٨)التقنيات الإقتصادية و مناهج البحث. دار الكتـب الوطن. منشورات جامعة قار يونس.
٧٧. هاد، لمبس و هولبورن(٢٠١٠) سوسيولوجيا الثقافة والهوية. ت: حاتم حميد محسن. ط ١. سورية . داركيوان للنشر.
٧٨. بن فليس، خديجة (٢٠١٥) أساليب تعامل المراهقين مع التدفق الاعلامي و أثرها على تشكل الهوية لديهم.بحوث منشورة في مجلة علوم الاجتماعية.كلية التربية.قسم الإجتماع . جزائر. جامعه باتنة.
٧٩. البلوي، محمد بن سليمان الفريعي(٢٠٠٢) تشكيل هوية الأنا والمسؤلية الإجتماعية لدى عينة من طلاب بعض التخصصات والمستويات المختلفة بجامعة ام القرى.رسالة ماجستير غير منشورة.كلية التربية. قسم علم النفس. المملكة العربية السعودية. جامعة أم القرى.

٨٠. البرغثي،محمد حسن(٢٠١٤)الثقافة العربية والعولمة.دراسة سوسيولوجية لإراء المثقفين العرب.بحوث منشور. مركز دراسات الوحدة العربية. بيروت. المؤسسة العربية للدراسات والنشر
٨١. تومي،الخنساء(٢٠١٧) دور الثقافة الجماهيرية في تشكيل هوية الشباب الجامعي جامعة محمد خيضر بسكرة – أنموذجا.أطروحة مقدمة لنيل شهادة دكتوراه علوم في علم الإجتماع. تخصص علم اجتماع الإتصال. جزائر. جامعة بسكرة.
٨٢. الحسين، إبراهيم(٢٠٠١)إتجاهات طلبة الجامعة نحو مفهوم العولمة وانعكاساتها على الهوية الثقافية. رسالة ماجستير منشورة. كلية التربية. دمشق. جامعة دمشق.
٨٣. خوج،حنان(٢٠٠٨) الجمود الفكري والمهارات الإجتماعية و تشكل الهوية لدى عينة من طالبات كليات التربية. للبنات بمدينة مكة المكرمة.رسالة دكتوراه غير منشورة. مصر. جامعة أم القرى.
٨٤. رعد،الشيخ(2006) الطالب المراهق وأزمة الهوية، رسالة ماجسستير غير منشورة، كلية التربية، جامعه دمشق.
٨٥. عباس، يزيد(٢٠١٦) مشكلات الشباب الإجتماعية في ضوء التغيرات الإجتماعية الراهنة في الجزائر. إطروحة دكتوراه غير منشورة.كلية علوم الإنسانية والإجتماعية.قسم علم الإجتماع. الجزائر.جامعة محمد خيضر بسكرة.
٨٦. عبدلي، أحمد(٢٠١١)إستخدام الإنترنت والتغير الثقافي لدى الشباب الجزائري.إطروحة دكتوراه منشورة.كليه الاداب. الجزائر. جامعة الأمير عبدالقادر.
٨٧. العكايشي ، بشرى أحمد جاسم(٢٠٠٣ )التوافق في البيئة الجامعية و علاقته بالذكاء الانفعالي و قلق المستقبل لدى طلبة الجامعة.بغداد.جامعة المستنصرية.
٨٨. عيساني، رحيمة(٢٠١٨) الآثار الاجتماعية والثقافية للعولمة الإعلامية على جمهور الفضائيات الأجنبية – الشباب الجامعي بالجزائر أنموذجا.أطروحة مقدمة لنيل درجة دكتوراه العلوم في علوم الإعلام والإتصال. الجزائر.جامعة الجزائر.
٨٩. علوان، محمد شعبان(٢٠٠٥)عولمة الثقافة وثقافة العولمة.التحديات والمواجهة.رسالة ماجسستير غير منشورة.كلية التربية. قسم البلاغة. فلسطين. الجامعة الإسلامية – غزة.
٩٠. الفلالي، سليمة(٢٠١٤)بنية الهوية الجزائرية في ظل العولمة.أطروحة مقدمة لنيل شهادة الدكتوراه علوم للعلم الإجتماع.تخصص علم الإجتماع الثقافي. جامعة محمد خيضر. الجزائر.
٩١. كنعان ،أحمد علي(٢٠٠٨)الشباب الجامعي الهوية الثقافية في ظل العولمة الجديدة .رسالة ماجسستير منشورة.كلية التربية. دمشق. جامعه دمشق.
٩٢. مجاهد، محمد إبراهيم (٢٠١٢)بعض مخاطر العولمة التي تهدد الهوية الثقافية للمجتمع و دور التربية في مواجهاتها.رسالة ماجستير منشورة.كلية التربية. مصر.جامعة مصر.

٩٣.المحروقي ، حمدي حسن عبدالحميد(٢٠٠٤) دور التربية في مواجهة تداعيان العولمة على الهوية الثقافية.مجلة دراسات في التعليم الجامعي. القاهره. مركز تطوير التعليم الجامعي بجامعة عين الشمس.
٩٤.نصرالله، واحده حمه وهيس(٢٠١٣) الجريمة في ظل العولمة دراسة ميدانية لنزلاء اصلاحية الرجال والنساء في معسكرالسلام في مدينة السلمانية. إطروحة دكتوراه غير منشورة. كلية علوم الإنسانية. قسم علم الإجتماع. السلمانية. جامعة السلمانية.
٩٥.إبراهيم ،حيدر(٢٠٠٣) العولمة و جدل الهوية الثقافية. العدد٢٨. الكويت. مجلة عالم الفكر.
٩٦.إبراهيم، فتحية محمد أحمد (٢٠٠٣) الهوية الثقافية في عصر العولمة.العدد٥٤ .مجلة الملك السعود.
٩٧.ابو شعيرة، خالد محمد (٢٠١٤) الإغتراب في النسق التعليمي لدى الشباب الجامعي فى ضوء بعض المتغيرات.دراسة حالة ميدانية على عينة من طلبة كلية التربية. مجله علوم التربية والنفسية. عدد ١.البحرين. جامعه الحرين.
٩٨.بصير، نورالدين(٢٠٠٠)تجاذبات اللغة و الهوية. العدد ٤. مجلة جسور المعرفة.
٩٩.حارص، محمد صابر (١٩٩٨) العولمة في تحقيق المصالح بالمصطلحات. العدد ٣٠. المملكة السعودية. مجلة الفيصل.
١٠٠. جلال ،شوقي و شيماء داود سالم(٢٠١٧)أزمة الهوية والعنف لدى الطلبة الجامعة.شبكة المؤتمرات العربية. المؤتمر الدولي الأول للعلوم والآداب. أربيل.
١٠١. علاونة، ربيعة(٢٠١٧) الإنتماء وعلاقته بتحقيق الذات لدى الطالب الجامعي.مجلة العلوم الانسانية والإجتماعية. العدد ٣٠. الجزائر.جامعة محمد لمين دباغين .
١٠٢. زغو ،محمد ( ٢٠١٥) العولمة على الهوية الثقافية للشعوب. العدد ٤. الأكاديمية للدراسات الإجتماعية.
١٠٣. طيبة، ماهر زادة (٢٠٠٧) العولمة والتربية والتعليم والجامعة. العدد ٥. مجلة إتحاد جامعات العالم الإسلامي.
١٠٤. طالبي، عمار(٢٠٠٠) العولمة و أثرها على السلوكيات و الأخلاق. تصدر عن الدار الإسلامية للإعلام. العدد ٢٣. بغداد. مجلة الرائد.
١٠٥. وطفة، أسعد على(٢٠١٠) صدام الهوية والعولمة في دول الخليج العربية.مركزالخليج للأبحاث.عدد٣٤. مجلة الخليج.
١٠٦. يونس ، هاني محمد (١٩٩٩) دور التربية فى الحفاظ على الهوية الثقافية للمجتمع العربي. مجلة كلية التربية. العدد٣٢ . مصر. جامعة بنها.
١٠٧. بلقاسمي، آمنه ياسين(٢٠١١) العولمة الثقافية و تأثيراتها على هوية الشباب و المراهقين الجزائرين.دراسةتحليلية.جامعة وهران.الجزائر. ٨,٩,٢٠٢١ ami.yac72@gmail.com

١٠٨. بسيسو، عبدالرحمن (٢٠٠٩)الثقافة والهوية.مفتاح على الموقع الالكتروني الـــــــتالي في يوم . ٢١,٨,٢٠٢٠ . http://www.thaqafa.org

١٠٩. دمون،مارک ليبيانسكس (٢٠٠٥) كيف تتشكل هوية الجماعات. ت: ماري شهرستان. مجلة تحولات.مجلة ألكترونية. ٢٥,١٠,٢٠٢٢ . العدد ٦. www.tahawlat.net.

١١٠. الصالح، مصلح احمد(١٩٩٩)الشامل قاموس مصطلحات العلوم الإجتماعية.ط١.دار عالم الكتب للطباعةوالنشروالتوزيع. الرياض.٢٢,٦,٢٠٢١ www.laluka.org.

١١١. نعيمي، عبدالمنعم(٢٠١٧)الدور القيمي للحوار الأسرى في ظل مخاطر الإستقلال الإفتراضي المعولم. شبكة الالوكة.٧,٢,٢٠٢١ www.laluka.org .

## سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان

١١٢. اگبرن(١٣٨٠) زمينه جامعه شناسى. ا. ح. اريان ثور. تهران. نشر گسترة ومؤسسه نشر نگاة.

١١٣. استريناتي، دومينيک(١٣٨٠) مقدمهاي بر نظريه هاي فرهنگ عامه.ت : ثريا پاک نظر. تهران.

١١٤. برگر، پيتروساموئل هانتينگتون(١٣٨٤)چند جهاني شدن.گوناگوني فرهنگي در جهان كنوني. ت: لادن كيان مهر و علي كمالي. تهران. انتشارات روزنه.

١١٥. بيليتكتون، روزا موند و ديگران (١٣٨٠) فرهنگ و جامعة.جامعه شناسى فرهنگ. ت: فريبا عزت. تهران. نشر قطره.

١١٦. دواس ،دي . اي(١٣٨٥) تحقيقات اجتماعي . ت: هوشنط نايي . چاپي هشتم . تهران .

١١٧. تقى، آزاد ارمكى(١٣٨١)نظريه هاى جامعه شناسى. تهران. انتشارات سروش.

١١٨. سميت، فيليپ (١٣٨٣)درآمدي بر نظريەی فرهنگی. ت: حسن پويان.تهران.دفتر پژوهشهاي فرهنگي با همكاري مركز بينال مللي گفتوگوي تمدنها.

١١٩. فكوهى، ناصر (١٣٨٢)تاريخ انديشه و نظريه هاى انسان شناسى. تهران. چاپى دومنشرنى.

١٢٠. قرايى مقدم(١٣٨٢) انسان شناسى فرهنگى. تهران. انتشارات ابجد.

١٢١. محمدى، احمد گل(١٣٨١)جهانيشدن، فرهنگ، هويت. تهران.

١٢٢. نراقى،يوسف(١٣٨٠)جامعه شناسى و توسعه. تهران. نشر و پذوهش فرزان.

١٢٣. ساروخان،باقر ساروخانى(١٣٨١)اينترنت، جهانى شدن و هويت فرهنگى جوانان در ايران. جامعه شناسى نظرى – فرهنگى.دانشگاه تهران.دانشكدهى علوم اجتماعى، گروه جامعه شناسى، پژوهش نظرى و تجربى است در دانشگاه تهران/ رسالهاى دكترى منتشر نشده. تهران. دانشگاه تهران.

## چوارەم: سەرچاوە بیانییەکان

124. Bryman, A. (2016). Social research methods. Oxford university press.

125. Abbas, Ackbar, John Nguyet Erni. (2005). Internationalizing Cultural Studies: An Anthology. Blackwell Publishing. United Kingdom

126. Aghabi, Leen& Neven Bondokji. (2017). Alethea Osborne. and Kim Wilkinson. social identity and radicalissation Institute. Culture and Everyday Life Publications. London. Thousand Oaks. New Delhi.
127. B.Kumaravadivelu.(2008).Cultural globalization and language education. New Havenand London: Yale University Press.
128. Boyatzis.R.E.K.(1998).Thematic analysis and code develoment: Transforming Qualitative information. London and New Delhi. sage publications.
129. Calhoun ,Craig(1995)Critical social theory: culture. History and the challenge of difference. Twentieth-century social theory Wiley-Blackwell Cambridge.USA.
130. Denote .S. S.( 2019).Technology Innovation Diffusion at the University of Botswana: A Comparative Literature Survey. International Journal of Education and Development using Information and Communication Technology.
131. Fukuyama, Francis. (2019).Identity .Giroux 175 Varick Street New York. First edition.
132. Fukuyama, Francis, Joshua Makalintal.(2018).Identity: Contemporary Identity Politics and the Struggle for Recognition. London. Ltd.
133. Giddens,Robert A.(2009).Modernity and self-identity: self and society in the late modern. Cambridge NJ 28.
134. J. W. Creswell.(2007).Qualitative Inquiry & Research Design: Choosing Among Five Approaches (2nd ed.). California: SAGE Publications.
135. Jensen ,Lene Arnett.(2010).Multicultural World: Globalization and Adolescent Cultural Identity Formation. Applied Developmental Science .
136. Jackson .S.J. and D.L. Andrews.(2011).“Between and beyond the global and the local”. International Review for the Sociology of Sport.
137. Jan Art, Schulte.(2001). Globalization a critical introduction. University Of Warwick.pal grave.
138. Kuburs A A.(1999).Sustainable Human Develooment Under Globalization .The Arab Challenge. United Nation. New York.
139. Krejcei,R & Morgan ,D.(1970).Determining sample size for resarch activities.
140. Mindrila , Diana.(2013).The basic practice of statistics_ published by W. H. Freeman and Company Group.New York.
141. Neuman ,Lawrence.(2014). Social Researcher Methods: Qualitative and Quantitative Approaches. 7th edition. published by British Library Cataloguing-in-Publication Data. England.

142. Sutr, Keir.(2003).Global Order and Global Disorder.Globalization and the Nation State.
143. Ostry.(2001)."The challenge of global capitalism: The world economy in the 21st centrury . American political science review. March.
144. Pam, Nilan& Carles Feixa, Christine Dallaire.Mahmood Shahabi.(2006). Global Youth: Hybrid Identities. Plural Worlds. Routledge. London and New York.
145. United Nations .( 2020).World Youth Young People in a Globalizing World.
146. Yoomi, Lee.(2012). modern Education.text books And image of nation,politics and modernization and nationalism in Korean education.routledege.
147. Ang.K.(1990) Culture and communication: towards anethnographic critique of media consumption in the transnational media system. European Journal of Communication. vol. 5.
148. Bhattacherjee. Anol.(2012). Social Science Research : Principle Methods and Practices. 2th Edition.published by : craetive Commons Attribution- Non Commercial - Share AlikeUnported License University of south Florida Vol.126,No.2. USA .
149. Miles .S. and C. Griffin.( 2015).“Imagining a new narrative of youth: youth research.
150. Rogers ,Everett & Ronny Adhikarya.(2006).Media Asia. Journal of Educational Technology Vol.47,No.1. The University of Chicago.
151. Sengupta, Sunita Singh(2011).Growth in Human Motivation: Beyond Maslow,Indian Journal of Industrial Relation. Shri Ram Centre for Industrial Relations and human Resources .
152. Muzenda ,Gracious. Sibanda Ethelia.(2013)Global Youth Culture Greener Journal of Social Sciences ISSN: 2276-7800 Vol. 3. 9.2022.www.gjournals.org
153. Redden.global education still growing. Inside Higher Education. 05/29/2021. Retrieved from: http://www.insidehighered international.
154. Watson, James L. Cultural globalization, britannica. , 13/5/2020, Retrieved .https://www.britannica.com/topic/social

# پاشکۆکان

# پاشکۆی (١) فۆرمی کراوەی پێشوەخت

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشیکۆمەڵناسی/کتۆرا

فۆرمی کراوەی پێشوەخت

بەڕێز.......................

ئەم فۆرمەی بەردەستت بۆ سوود وەرگرتنە لە بیروبۆچوونی بەڕێزت، بۆ دروستکردنی پێوانەی توێژینەوە دەربارەی (بەجیهانیبوونی کولتوور و کاریگەری لەسەر ناسنامەی گەنج) سوپاس بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە.

خوێندکاری دکتۆرا

کوێستان علی عبدالله

پرسیارەکان:

١-مەبەست لە بەجیهانیبوونی کولتوور چیە ؟
٢-گرنگترین بەشەکانی ناسنامە کامانەن کە بەرکەوتەی گۆڕانکاریەکانن ؟
٣-کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور چۆن دەبینی لەسەر ناسنامەی گج ؟

# پاشکۆی (٢) فۆرمی پێوەری تایبەت بە پسپۆڕان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی کۆمەڵناسی/ قۆناغی دکتۆرا

فۆرمی پێوەری تایبەت بە پسپۆڕان

ژمارەی فۆرم:

ڕێکەوتی پرکردنەوەی فۆرم:

مامۆستای بەڕێز:. . . . . . . . . . .

ئەم فۆرمەی لەبەردەستدایە، بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستییە، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لەبواری کۆمەڵناسیدا، بەناونیشانی (بەجیهانیبوونی کولتوور و کاریگەری لەسەر ناسنامەی گەنج (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان – عێراق) دا، کە پێوەرەکەی لە (٩٠) بڕگە پێکهاتووە و توێژەر ئامادەیکردووە، دابەشبووە بەسەر (٣) تەوەردا:یەکەم: زانیارییەکانی تایبەت بە بەجیهانیبوونی کولتوور. دووەم: زانیارییەکانی تایبەت بە ناسنامەی گەنج. سێیەم: زانیارییەکانی تایبەت بە بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج. بەڕێزیشتان لەسەر ئەو بنەمایەی خاوەنی ئەزموون و شارەزایی ئەکادیمین لەبوارەکەدا، دیاریکراون بۆ ئەوەی ڕا و پێشنیازی خۆتان لەسەر تەواوی بڕگەکان بخەنەڕوو، تاوەکو پێوەرەکە دواتر خەسڵەتی ڕاستگۆیی وەربگرێت.

سوپاس بۆ هاوکاریتان. . .

ناو: پسپۆڕی:

نازناوی زانستی: پۆست:

تێبینی/ لەم پێوەرەدا، بۆ شیکاری بڕگەکان پشتدەبەسترێت بە (ڕێگەی لیگەرتی پێنجی)

| بڕگە | زۆرلەگەڵیدام | لەگەڵیدام | هیچ ڕام نییە | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدا نیم |
|---|---|---|---|---|---|
| بڕگەیئەرێنی | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| بڕگەینەرێنی | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |

خوێندکاری دکتۆرا سەرپەرشت

کوێستان علی عبدالله پ. ی. د. پەیمان عبدالقادرمجید

زانیارییە تایبەتییەکان:

١. ڕەگەز: نێر ()  مێ ()

٢. تەمەن:

٣. پسپۆڕی: زانستی سروشتی ()  زانستی مرۆڤایەتی ()

٤. زانکۆ:

٥. شوێنی نشتەجێبوون

١- ناوەندی شار    ٢- دەرەوەی شار

ا- سلێمانی ()    قەزا ()

ب- هەولێر ()    ناحیە ()

ج- دهۆک ()    گوند ()

ح- هەڵەبجە ()

١-زانیاریەکانی تایبەت بە بەجیهانیبوونی کولتوور

| ژ | برگەکان | گونجاو | نەگونجاو | گونجاوەبەگۆڕانەوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لەگەڵ بەجیهانیبوونی کولتووردام | | | | |
| ٢ | ڕەزامەندم بە کولتوور کۆمەڵگەکەم | | | | |
| ٣ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بەروژئاوابونی جیهان | | | | |
| ٤ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە داگیرکردنی کولتوور نەتەوەکەم | | | | |
| ٥ | بەجیهانیبوونی کولتووری هۆکارێکە بۆ زیادبونی کێشەکانم | | | | |
| ٦ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە دەست بەسەر گرتنی داب ونەریتی کۆمەڵگەکەم | | | | |
| ٧ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە کرانەوەی کۆمەڵگە بەرووی جیهاندا و سودوەرگرتن لە ئەزمونە جیهانیەکان | | | | |
| ٨ | بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر زۆر بونی خوێندنگەی بیانی وئەهلی | | | | |
| ٩ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبنەوەی بەهای نوێ | | | | |
| ١٠ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبنەوەی رۆشنبیری نوێ | | | | |
| ١١ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبنەوەی دیموکراسیەت | | | | |
| ١٢ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبنەوەی یەکسانی جێندەری | | | | |
| ١٣ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبنەوەی نامۆبوون | | | | |
| ١٤ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبنەوەی ستایلی نوێی و خواردنی رۆژئاوای | | | | |
| ١٥ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بەریەکەوتنی بەها کولتوورکان | | | | |
| ١٦ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە دەست بەسەر گرتنی بەهای ئاکاری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەم | | | | |
| ١٧ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە زیادبوونی سەرجاوەی ئەلکترۆنییەکان | | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٨ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبنەوەی ئینترنێت | | | | |
| ١٩ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە زۆربوونی کەناڵەکانی تلفزیۆن | | | | |
| ٢٠ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبنەوەی زمانە نێودەوڵەتیەکان و جێگرەوەی زمانە ناوخۆیەکان | | | | |
| ٢١ | لەرێگەی بەجیهانیبوونی کولتوورەوە سنورێ بۆ بازاری کردن نیەئۆنلاین هەموو بوارەکانی جیهانی گرتوەتەوە | | | | |
| ٢٢ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبنەوەی زۆربوونی مۆبایل بەهەمووجۆرەکانیەوە | | | | |
| ٢٣ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبنەوەی هزری نوێ هەمەجۆر | | | | |
| 24 | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە دەست بەسەر گرتنی بەهای مادی و مەعنەوی کۆمەڵگەکەم | | | | |
| 25 | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبنەوەی زۆربوونی ئامراز وکەرەستاکانی ژیان بەهەمووجۆرەکانیەوە | | | | |
| 26 | پابەندم بە بەکارهێنانی زمانی بیانی یەوە وەک زمانێکی ڕەسەن | | | | |
| ٢٧ | بەکارهێنانی زمانی بیانی کاریگەری هەیە لەسەرلاوازبوونی ناسنامەکەم | | | | |
| ٢٨ | ئامرازەکانی بەجیهانیبوون هۆکارن بۆ بڵاو بونەوەو فێربونی زمانی بیانی | | | | |
| ٢٩ | بەکار هێنانی زمانی کوردی کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەکەم | | | | |
| ٣٠ | بەهۆی ئاشنابوون بە کولتوور جیهانی پابەند نابم بە دابونەریتی کۆمەڵایەتیی خۆمەوە | | | | |

٢- زانیاریەکانی تایبەت بە ناسنامەی گەنج

| ژ | برگەکان | گونجاو | نەگونجاو | گونجاوەبەگۆڕانەوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ناسنامەی من واتە ناسینی بەهای خۆم | | | | |
| ٢ | وشیاری گرنگم هەیە سەبارەت بە ناسنامەکەم | | | | |
| ٣ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێ بۆ دەرکەوتنی رەفتاری نوێ | | | | |
| ٤ | بەهۆی ئاشنابوون بە کولتوور جیهانی پابەند نابم بە ناسنامەی کۆمەڵایەتیی خۆمەوە | | | | |
| ٥ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێ بۆ کاڵبونەوەی ناسنامەی گەنج | | | | |
| ٦ | بەهۆی ئاشنابوونم بە کولتوور جیهانی زیاتر پابەند دەبم بە دابونریتی کۆمەڵایەتیی خۆمەوە | | | | |
| ٧ | وشیاری گرنگم نیە سەبارەت بە بە ناسنامەی کۆمەڵایەتی | | | | |
| ٨ | ناسنامەی کەسیەتیم لاوازە | | | | |
| ٩ | وشیاری گرنگم نیە سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەی | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | وایدەبینم کە تایبەتمەندی کۆمەڵگەی خۆم گرنگترە لە بەجیهانیبوونی کولتوور جیهانی | | | | | |
| ١١ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێ بوو بۆ وونکردنی ناسنامەکەم | | | | | |
| ١٢ | کۆمەڵگەی کوردی لەبەردەم هەڕەشەی هەڵوەشانەوەی ناسنامەیەدایە | | | | | |
| ١٣ | ناسنامە فاکتەرێکی سەرکیە بۆ مانەوەی نەتەوەو پاراستنی قەوارەکەی | | | | | |
| ١٤ | کولتوور وابەستەی ناسنامەیە | | | | | |
| ١٥ | ناسنامە تەنها تایبەتە بە مرۆڤ هەر ئەویش بناغە و تەوەری ناسنامە ی کلتوریە | | | | | |
| ١٦ | خەریکن ناسنامەی کەسایەتی خۆمان لەدەست دەدەین بەهۆی بەجیهانیبووی کولتوورەوە. | | | | | |
| ١٧ | هەستی هاوڵاتیبونم نیە لەم کۆمەڵگەیەدا | | | | | |
| ١٨ | پێم وایە زمان کاریگرەی هەیە لەسەردروست بونی ناسنامەکەم | | | | | |
| ١٩ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆگۆڕینی ناسنامەی کەسیم وەک گەنجێکی کورد | | | | | |
| ٢٠ | گەنجان بەوە ئەناسرێت کە توانای زۆریان بۆ گۆڕانکاری وپاراستنی ناسنامەیان هەیە | | | | | |
| ٢١ | گەنجانی کورد لە کوردستان لەژێر کاریگەریی ناسنامەی رۆژئاوایدان | | | | | |
| ٢٢ | زمان وبەها ورۆشنبیری شێوازی ژیان بەشێکی بە دەستهاتووی بونیاد و جەستەی ناسنامەن | | | | | |
| ٢٣ | وشیاری گرنگم نیە سەبارەت بە ناسنامەکەم | | | | | |
| ٢٤ | لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیدا زۆر چەمک گۆڕاون بە تایبەت ناسنامەی گەنجان | | | | | |
| ٢٥ | گەنجانی ئەم سەردەمە لەبەردەم چەندین کارتێکەری هەمەجۆردان کە بە چەندین مەبەستەوە ئاراستەیان دەکرێت، | | | | | |
| ٢٦ | نائومیدم بەرامبەر ناسنامەی خۆم | | | | | |
| ٢٧ | سەرچاوەی کیشەکانم نامۆم بەرامبەر ناسنامەم | | | | | |
| ٢٨ | ناسنامە ئەرکی ئەوە دەگرێتە ئەستۆی خۆی کە جۆرێک لە هارمۆنیکیەت و پێکەوە گونجان و ئاوێتە بووی هزری و ئایدیۆلۆژی لەنیوانماندا دروست بکات | | | | | |
| ٢٩ | ناسنامەی کۆمەڵایەتیم لاوازە | | | | | |
| ٣٠ | کۆمەڵگەکەم پاڵپشتی منن لە پاراستنی ناسنامەمدا | | | | | |

٣-زانیاریەکانی تایبەت بە بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج

| ژ | بڕگەکان | گونجاو | نەگونجاو | گونجاوەبەگۆڕانەوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەنج | | | | |
| ٢ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ وەلانانی بیری گەنجی کورد سەبارەت بە کولتوورەکەی | | | | |
| ٣ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازکردنی ئاستی ئینتیما سەبارەت بە ناسنامەی گەنج | | | | |
| ٤ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە کە گەنج ناسنامەی خۆی لەدەستدا | | | | |
| ٥ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ ئاڵ وگۆڕی زانیاری لەنێوان ناسنامەی گەنجان لەسەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهاندا | | | | |
| ٦ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە یەک ناسنامەی جیهانی لەنێو گشت ناسنامەکاندا و نەهێشتنی ناسنامەی کۆمەڵگەکان | | | | |
| ٧ | سەرچاوەی کێشەکانم نامۆبونمە بەرامبەر بە ناسنامەکەم | | | | |
| ٨ | گەنج باوەڕی بە ناسنامەی نیشتیمانی نەماوە لەم سەردەمەدا | | | | |
| ٩ | گەنجانی کورد خەریکن ناسنامەی کۆمەڵایەتیان خۆیان لەدەست دەدەن بەهۆی بەجیهانیبوونەوە. | | | | |
| ١٠ | بەجیهانیبوونی کولتوور ناسنامەی نوێی لەنێوان گەنجان هێناوەتە جیهانەوە | | | | |
| ١١ | گەنجان کەرتێکی ناو کۆمەڵگەن و کێشەو گرفتەکانیان هەمان کێشەوگرفتی کۆمەڵگەیە بەگشتی | | | | |
| ١٢ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازکردنی ئاستی ئینتیما سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەی گەنج | | | | |
| ١٣ | بەجیهانیبوونی کولتوور پەیوەندیەکان فراوان دەکات لەنێوان ناسنامەی گەنجان لەسەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهاندا | | | | |
| ١٤ | ڕەهەندی کولتوور گرنگترین و ترسناکترین ڕەهەندی بەجیهانیبوونە | | | | |
| ١٥ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازکردنی ئاستی ئینتیما سەبارەت بە ناسنامەی کۆمەڵایەتی گەنج | | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارێکە بۆ زەقکردنەوەی پێداویستە لاوەکیەکان وزاڵ بونی بەسەر پێویستیە سەرەکیەکاندا | | | | |
| ١٧ | بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی ئامرازەکانیەوە ناسنامەی گشت ولاتێکمان پێدەناسێنێت | | | | |
| ١٨ | بەجیهانیبوونی کولتوور کاریگەری هەیە لەسەر لەناوچونی ناسنامەی گەنج | | | | |
| ١٩ | گەنج لەرێگەی بەهاکانیەوە ناسنامەی خۆی دەپارێزێت | | | | |
| ٢٠ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ وەلانانی بیری گەنجی کورد سەبارەت بە ناسنامەکەی | | | | |
| ٢١ | بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی تایبەتمەندیەکانیەوەکار دەکات بۆ گۆڕینی ناسنامەی گەنج | | | | |
| ٢٢ | بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی شیوازەکانی ژیانەوە کاردەکاتە سەر ناسنامە وگۆڕینی ناسنامە | | | | |
| ٢٣ | بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی بەهاوە کاردەکاتە سەر ناسنامە وگۆڕینی ناسنامە | | | | |
| ٢٤ | بەجیهانیبوونی کولتوور کاردەکات بۆ مانەوەی یەک کولتوور | | | | |
| ٢٥ | بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی زمانەوە کاردەکاتە سەر ناسنامە وگۆڕینی ناسنامە | | | | |
| ٢٦ | بەجیهانیبوونی کولتوور کار دەکات بۆ گۆڕینی ناسنامەی گەنج لەسەر ئاستی جیهانی یەک کولتوور | | | | |
| ٢٧ | بەجیهانیبوونی کولتوور کار دەکات بۆ ناساندنی یەک ناسنامەی تاک لەسەئاستی جیهان | | | | |
| ٢٨ | گەنجانی کورد بەهۆی بەجیهانیبوونەوە فێری دابو نەریتی نامۆ بوون | | | | |
| ٢٩ | بەجیهانیبوونی کولتوور کار دەکات بۆ گۆڕینی ناسنامەی کەسی گەنج | | | | |
| ٣٠ | بەجیهانیبوونی کولتوور کار دەکات بۆ گۆڕینی ناسنامەی کۆمەلایەتی گەنج | | | | |

# پاشکۆی (٣) ناوی پسپۆران بۆ ڕاستیەتی فۆرمی پێوانە پرسیارنامەی توێژینەوەکە

| ژ | ناوی پسپۆران | پلەی زانستی | پسپۆڕی | شوێنی کار | ژ. پرسیاری پەسەند کراو | ژ. پرسیاری پەسەندنە کراو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | د. ئاسۆ ابراهیم عبدالله | پرۆفیسۆر | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلیمانی/کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان | ٦٩ | ١١ | .٨٦ ٢٥ |
| ٢ | د. حسین اسماعیل علی | پرۆفیسۆر | کۆمەڵناسی | زانکۆی گەرمیان | ٧٧ | ٣ | .٩٦ ٢٥ |
| ٣ | د. نجاة محمد فرج | پرۆفیسۆر | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلیمانی/کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان | ٧٤ | ٦ | ٥ .٩٢ |
| ٤ | د. نیان نامق صابر | پرۆفیسۆر | فەلسەفەی پەروەردەیی | زانکۆی سلیمانی/کۆلێجی پەروەردی بنەڕەت | ٧٦ | ٤ | ٩٥ |
| ٥ | د. عزالدین عبداصمد رسول | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی\ گرفتە کۆمەلایەتییەکان | زانکۆی سەلاحەدین\کۆلێجی ئاداب | ٨٠ | - | ١٠٠ |
| ٦ | د. مراد حکیم محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی \تیۆری کۆمەلایەتی | زانکۆی سەلاحەدین\کۆلێجی ئاداب | ٧٨ | ٢ | ٥ .٩٧ |
| ٧ | د. لوقمان صال حکریم | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کاری کۆمەلایەتی | زانکۆی سلیمانی/کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان | ٧٧ | ٣ | ٢ .٩٦ |
| ٨ | د. عبدلله خورشید | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی ڕێکخستن | زانکۆی سەلاحەدین\کۆلێجی ئاداب | ٧٧ | ٣ | ٢ .٩٦ |
| ٩ | د. واحدە حمە ویس نصرالله | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی\ بەجیهانیبوون | زانکۆی سلیمانی/کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان | ٧٨ | ٢ | ٥ .٩٧ |
| ١٠ | د. کەژاڵ حسین محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلیمانی/کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان | ٧٥ | ٥ | .٩٣ ٧٥ |
| ١١ | د. ژیا عباس قادر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کاری کۆمەلایەتی | زانکۆی سلیمانی/کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان | ٧٦ | ٤ | ٩٥ |
| ١٢ | د. ئیبراهیم مەلازادە | مامۆستا | کۆمەڵناسی | زانکۆی سۆران | ٨٠ | - | ١٠٠ |
| ١٣ | د. ئەمیر خداکرمحمد | مامۆستا | کۆمەڵناسی سیاسی بەجیهانیبوون | زانکۆی سلیمانی/کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان | ٧٤ | ٦ | ٥ .٩٢ |
| ١٤ | د. ئارام علی فرەج | مامۆستا | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلیمانی/کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان | ٧٦ | ٤ | ٩٥ |
| ١٥ | د. پەروین ابوبکر محمد | مامۆستا | کۆمەڵناسی کولتوور | زانکۆی سلیمانی/کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان | ٧٧ | ٣ | ٢٥ .٩٦ |
| کۆی گشتی | | | | | ١١٤٤ | ٥٦ | |

ئەنجامی ڕاستیەتی فۆرمی پیوانەی توێژینەوەکەیە بە پێی ڕای پسپۆڕان تەواوکەری پاشکۆی (٣)

ژمارەی پرسیارەکان=٨٠
ژمارەی شارەزایان = ١٥
ژمارەی گشتی پرسیارە پەسەندکراوەکان = ١١٤٤
ژمارەی گشتی پرسیارە پەسەند نەکراوەکان = ٥٦
کۆی گشتی پرسیارەکان = ژمارەی پرسیارەکان × ژمارەی شارەزایان (٨٠×١٥ = ١٢٠٠)
ڕێژەی سەدی ڕاستێتی گشتی فۆرمەکە = ژمارەی پرسیارە پەسەند کراوەکان ÷ ژمارەی گشتی پرسیارەکان × ١٠٠
ڕێژەی سەدی = ١١٤٤ ÷ ١٢٠٠=٩٥%

## پاشکۆی (٤) جێگیری پێوەری ( ئەلفا کرونباخ) و جێگیری فۆرمی پێوەری پرسیارنامەی توێژینەوەکە

| تەوەرەکا ن | ڕێژەی جێگیری |
|---|---|
| بەجیهانیبوونی کولتوور | ٠،٨٠ |
| ناسنامەی گەنج | ٠،٨٥ |
| بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج | ٠،٩١ |
| کۆ | ٠،٩٥ |

**جێگیری فۆرمی توێژینەوە**

| زنجیرەی فۆرم | س | ص | رتب س | رتب ص | س-ص | ف٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ١٩٠ | ١٩٣ | ١٣ | ١٥ | ٢- | ٤ |
| 2 | ١٩٤ | ١٩٨ | ١٢ | ١٤ | ٢- | ٤ |
| 3 | ٢٤٣ | ٢٥١ | ٣ | ٤ | ١- | ١ |
| 4 | ٢٠٣ | ٢٠٨ | ١١ | ١٢ | ١- | ١ |
| 5 | ٢٣٢ | ٢٣١ | ٦ | ٦ | ٠ | |
| 6 | ٢٣٤ | ٢٤١ | ٥ | ٥ | ٠ | |
| 7 | ٢١١ | ٢٣٠ | ٨ | ٧ | ١ | ١ |
| 8 | ١٦٠ | ٢٠٩ | ١٥ | ١١ | ٤ | ١٦ |
| 9 | ٢٢٣ | ٢٣١ | ٧ | ٩ | ٢- | ٤ |
| 10 | ٢٠٦ | ٢١٥ | ١٠ | ١٠ | ٠ | |
| 11 | ٢٧٦ | ٢٦٣ | ٢ | ٢ | ٠ | |
| 12 | ١٨٩ | ٢٠٥ | ١٤ | ١٣ | ١ | ١ |
| 13 | ٢٢٥ | ٢٠٧ | ٩ | ٨ | ١ | ١ |
| 14 | ٢٢٩ | ٢١٢ | ١ | ١ | ٠ | |
| 15 | ٢٤٢ | ٢٥٢ | ٤ | ٣ | ١ | ١ |
| | | | | | | ٣٤ |

$$ر=1-\frac{6\ مج.ف^{2}.}{ن(ن^{2}.-1)}$$

$$ر=1-\frac{34\times6}{15(225-1)}$$

$$ر=1-\frac{204}{3.360}$$

ر= 1- ٧٪ = 0,95٪ لەبەر ئەوەی نرخی ڕێژەی دەرهێنراو گەورەترە لە نرخی خشتەکە ( 0,95) ئەوەش ئەوە دەردەخات کە فۆرمی ڕاپرسیەکە نمرەیەکی زۆر باشی هەیە وجێ

# پاشكۆی(٥) فۆرمی پێوەری پرسیارنامەكە بەشێوەی كۆتایی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانكۆی سلێمانی/ كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان

بەشی كۆمەڵناسی/ قۆناغی دكتۆرا

فۆرمی پێوەری پرسیارنامە بەشێوەی كۆتایی

ژمارەی فۆرم:

ڕێكەوتی پركردنەوەی فۆرم:

خوێندكاری بەڕێز: . . . . . . . . . . .

ئەم فۆرمەی لەبەردەستدایە، بۆ مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی زانستییە، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دكتۆرا لەبواری كۆمەڵناسی، بەناونیشانی (بەجیهانیبوونی كولتور و كاریگەریی لەسەر ناسنامەی گەنج (توێژینەوەیەكی مەیدانییە لەزانكۆكانی هەرێمی كوردستان – عێراقدا (تێبینییەكانی بەڕێزتان هاوكارییەكی زانستین بۆ بەرەوپێشچوونی توێژینەوەكە، وەڵامدانەوەی دروستی بەڕێزتان دەبێتە هاوكاری و پاڵپشتییەكی بەهێز بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ڕاست و زانستییانە.

سوپاسی زۆر بۆ هاوكاریكردنتان

چەند تێبینیەكی پێویست:

١-پێویست بە ناونووسین ناكات.

٢-نیشانەی (√) بەڵێ بەرامبەر وەڵامی گونجاو لەیەكێك لەو پێنج هەڵبژاردەیەی خوارەوەدا دابنێ.

| | |
|---|---|
| خوێندكاری دكتۆرا | سەرپەرشت |
| كوێستان علی عبدالله | پ. ی. د. پەیمان عبدالقادر |

زانیارییە تایبەتییەکان:

١. ڕەگەز: نێر () مێ ()
٢. تەمەن:
٣. پسپۆڕی: زانستی سروشتی () زانستی مرۆڤایەتی ()
٤. زانکۆ:
٥. شوێنی نشتەجێبوون:
١- ناوەندی شار ٢- دەرەوەی شار
ا- سلێمانی () قەزا ()
ب- هەولێر () ناحیە ()
ج- دهۆک () گوند ()
ح- هەڵەبجە ()

زانیارییە گشتییەکان:
١- زانیاری تایبەت بە بەجیهانیبوونی کولتوور:

| ژ | بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | بڕیارم نەداوە | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدا نیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | لەگەڵ بەجیهانیبووندایت | | | | | |
| ٧ | گۆڕانی کولتوورت بەلاوە پەسەندە | | | | | |
| ٨ | بەجیهانیبوونی کولتوور کێشە کولتوورییەکانت بۆ زیاددەکات | | | | | |
| ٩ | پێت وایە دابونەریتی کۆمەڵگەکەت خەریکە لەناودەچێت | | | | | |
| ١٠ | بەجیهانیبوونی کولتوور بە مانای کرانەوەی کۆمەڵگە دێت بەڕووی جیهاندا | | | | | |
| ١١ | لەگەڵ سوود وەرگرتندایت لە ئەزموونە کولتوورییە جیهانییەکان | | | | | |
| ١٢ | ڕەزامەندی بە بڵاوبوونەوەی بەهای نوێ لەکۆمەڵگەکەتدا | | | | | |
| ١٣ | ڕۆشنبیری نوێ لەکۆمەڵگەکەتدا بڵاوبووەتەوە | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٤ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بڵاوبوونەوەی دیموکراسیەت لەکۆمەڵگەکەتدا | | | | | |
| ١٥ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بڵاوبوونەوەی یەکسانی جێندەری لەکۆمەڵگەکەتدا | | | | | |
| ١٦ | بەجیهانیبوون نامۆی کردوویت بەکۆمەڵگەکەت | | | | | |
| ١٧ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبوونەوەی ستایلی نوێ و خواردنی ڕۆژئاوایی | | | | | |
| ١٨ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە سڕینەوەی بەهای ئاکاری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەت | | | | | |
| ١٩ | سەرچاوەی ئەلکترۆنییەکان زیادی کردووە | | | | | |
| ٢٠ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە زۆربوونی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لەکۆمەڵگەکەتدا | | | | | |
| ٢١ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە بڵاوبونەوەی ئینتەرنێت | | | | | |
| ٢٢ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە جێگرتنەوەی زمانە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەکەت بەزمانە نێو دەوڵەتییەکان | | | | | |
| ٢٣ | بەکارهێنانی زمانی بیانی وەک زمانێکی ڕەسەن دەبینیت | | | | | |
| ٢٤ | هزری نوێ و هەمەجۆر لەکۆمەڵگەکەتدا بڵاوبووەتەوە | | | | | |
| ٢٥ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە زۆربوونی ئامراز و کەرەستەکانی ژیان بەهەموو جۆرەکانیەوە | | | | | |
| ٢٦ | زۆربەی کاتەکانت بە سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە بەسەردەبەیت | | | | | |
| ٢٧ | زۆربەی کاتەکانت لەسەر ئینتەرنێت دەبێت | | | | | |
| ٢٨ | زمانی کوردیت بەلاوە گرنگنییە چونکە زمانێکی نێودەوڵەتی نییە | | | | | |
| ٢٩ | حەزدەکەیت بەشێوازێکی نوێ و سەردەمییەوە دەرکەویت | | | | | |
| ٣٠ | حەز بە کولتوور کۆمەڵگەکەت دەکەیت | | | | | |

## ٢-زانیارییەکانی تایبەت بە ناسنامەی گەنج:

| ژ | برگەکان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | بڕیارم نەداوە | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدا نیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣١ | ناسنامەکەت واتە ناسینی بەهای کولتوور کۆمەڵگەکەت. | | | | | |
| ٣٢ | هۆشیاری پێویستت سەبارەت بە ناسنامەکەت هەیە. | | | | | |
| ٣٣ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ دەرکەوتنی ڕەفتاری نوێ. | | | | | |
| ٣٤ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ کاڵبوونەوەی ناسنامەکەت. | | | | | |
| ٣٥ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ ونکردنی ناسنامەکەت. | | | | | |
| ٣٦ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەکەت. | | | | | |
| ٣٧ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لەدەستدانی ناسنامەی کەسایەتیت. | | | | | |
| ٣٨ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازبوونی هەستی هاوڵاتیبوونت. | | | | | |
| ٣٩ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە لاوازکردنی هۆشیاریت بەرامبەر ناسنامەکەت. | | | | | |
| ٤٠ | کۆمەڵگەکە هۆکارە بۆ پاڵپشتیکردنی ناسنامەکەت. | | | | | |
| ٤١ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازبوونی ناسنامەی بەکۆمەڵایەتیبوونت. | | | | | |
| ٤٢ | تەکنەلۆجیا هۆکارێکە بۆ لاوازبوونی ناسنامەکەت. | | | | | |
| ٤٣ | بەکارهێنانی زمانی کوردی هۆکارێکە بۆ پاراستنی ناسنامەکەت. | | | | | |
| ٤٤ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بەکارهێنانی زمانی بیانی. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٥ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بەڕۆژئاوایکردنی گەنجی کورد. | | | | | |
| ٤٦ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوان ناسنامەی گەنجان لەسەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهاندا. | | | | | |
| ٤٧ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازبوونی ناسنامەی هاوڵاتیبوونت. | | | | | |
| ٤٨ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە یەک ناسنامەی جیهانی لەنێو گشت ناسنامەکاندا. | | | | | |
| ٤٩ | بەجیهانیبوونی کولتوور واتە لاوازکردنی هۆشیاریت بەرامبەر ناسنامەکەت. | | | | | |
| ٥٠ | حەزدەکەیت بە هاوڵاتییەکی جیهانی بناسرێیت. | | | | | |
| ٥١ | شانازی بە ناسنامەی کوردبوونتەوە دەکەیت. | | | | | |
| ٥٢ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بونیادنانی ناسنامەی گەنج. | | | | | |
| ٥٣ | شانازی بە موسوڵمان بوونی خۆتەوە دەکەیت. | | | | | |
| ٥٤ | بە ئەرکی خۆتی دەزانیت کە کولتوور و ناسنامەکەت بپارێزیت. | | | | | |

## ٣-زانیاری تایبەت بە بەجیهانیبوونی کولتوور و ناسنامەی گەنج:

| ژ | برگەکان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدا م | بڕیارم نەداوە | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدا نیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٥ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ دروستبوونی یەک کولتوور لەهەمووی جیهادا. | | | | | |
| ٥٦ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ وەلاّنانی بیری گەنجی کورد سەبارەت بە کولتوورەکەی. | | | | | |
| ٥٧ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازکردنی ئاستی ئینتیما سەبارەت بە ناسنامەی گەنج. | | | | | |
| ٥٨ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ نامۆبوونی گەنج بەرامبەر ناسنامەکەی. | | | | | |
| ٥٩ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ باوەڕنەمانی گەنج بەرامبەر ناسنامەی نیشتیمانەکەی. | | | | | |
| ٦٠ | گەنجانی کورد خەریکن ناسنامەی کۆمەلاّیەتی خۆیان لەدەستدەدەن بەهۆی بەجیهانیبوونەوە. | | | | | |
| ٦١ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ دەستبەسەراگرتنی بەهای مادی و مەعنەوی کولتوور کۆمەڵگەکەت. | | | | | |
| ٦٢ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ هێنانەکایەی ناسنامەی نوێ لەناو گەنجاندا. | | | | | |
| ٦٣ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاوازکردنی ئاستی ئینتیمای گەنج سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەیی. | | | | | |
| ٦٤ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان ناسنامەی گەنجان لەسەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهاندا. | | | | | |
| ٦٥ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ ناساندنی ناسنامەی گشت وڵاتان لەڕێگەی ئامرازەکانیەوە. | | | | | |
| ٦٦ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لەناوچوونی ناسنامەی گەنج. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦٧ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ زەقکردنەوەی پێداویستییە لاوەکییەکان و زاڵبوونی بەسەر پێویستییە سەرەکییەکاندا. | | | | | |
| ٦٨ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ وەلانانی بیری گەنجی کورد سەبارەت بە ناسنامەکەی. | | | | | |
| ٦٩ | بەجیهانیبوونی کولتوور لەڕێگەی تایبەتمەندیەکانیەوە کار بۆ گۆڕینی ناسنامەی گەنج دەکات. | | | | | |
| ٧٠ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ گۆڕینی ناسنامەی گەنج لەڕێگەی شێوازەکانی ژیانەوە | | | | | |
| ٧١ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ گۆڕینی ناسنامە گەنج لەڕێگەی بەهاوە. | | | | | |
| ٧٢ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ گۆڕینی ناسنامە گەنج لەڕێگەی زمانەوە. | | | | | |
| ٧٣ | بەجیهانیبوونی کولتوور کاردەکات بۆ بەیەک کولتوور هەموو جیهان. | | | | | |
| ٧٤ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ ناساندنی یەک ناسنامەیی تاک لەسەر ئاستی جیهان. | | | | | |
| ٧٥ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ لاواز بوونی ناسنامەکەت لەڕێگەی ئامرازەکانیەوە. | | | | | |
| ٧٦ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ زۆربوونی خوێندنگەی بیانی و ئەهلی. | | | | | |
| ٧٧ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بڵاوبوونەوەو فێربزونی زمانی بیانی. | | | | | |
| ٧٨ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنێت. | | | | | |
| ٧٩ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بەسەربردنی زۆربەی کاتەکانت بە سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە. | | | | | |
| ٨٠ | بەجیهانیبوونی کولتوور هۆکارە بۆ بەسەربردنی زۆربەی کاتەکان بە بەکارهێنانی مۆبایلەوە. | | | | | |

# پاشكۆی (٦) نوسراوی سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani Presidency
President Office

حكومەتی هەرێمی كوردستان – عیراق
سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانكۆی سلێمانی

سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی
نووسینگەی سەرۆك

ژمارە: ٧/٥/١٢٨٤٧
رێكەوت: ٥ / ١٢ / 2021
١٥ / ٩ / 2721كوردی

بۆ/ وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی /فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان وبەدواداچوون

بابەت/ هاوكاری زانستی

سڵاوی زانست...

ئاماژە بەنوسراوی كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان ژمارە(٤٣٦٤/٢٩/٧)لە(٢٠٢١/٢/٢).

بەرێز (كوێستان علی عبدالله)خوێندكاری خوێندنی باڵا /دكتۆرایە لەبەشی كۆمەڵناسی كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكانی زانكۆمان بۆساڵی خوێندنی(٢٠٢٠-٢٠٢١)ناونیشانی توێژینەوەكەی(بەجیهانیبوونی كلتوری كاریگەری لەسەر ناسنامەی گەنج لە هەرێمی كوردستان-عێراق)بەسەر پەرشتی(پ.ی.د. پەیمان عبدالقادر مجید)و لەئێستادا لەقۆناغی نوسیندا.پێویستی بەداتاو زانیاری هەیە لەسەر خوێندكاران بۆتوێژینەوەكەی.

داواكارین لەبەرێزتان هاوكاری بكرێت.

لەگەڵ رێزدا..........

پرۆفیسۆر
دكتۆر رضا حسن حسین
سەرۆكی زانكۆ

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
ژمارە/ ١٨٢٩٥
رێكەوت ٨ / ١٢ / 202
وەرگیرا

سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی
[ دەرچوو ]

ب. تامر
بۆ جارکار ...

١٨ / ١٢ / ٢٠٢١

وێنەیەك بۆ/
-نوسینگەی سەرۆكی زانكۆ .
- كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان /خوێندنی باڵا/نوسراوی سەرەوەتان.
-دۆسیەی نوسراوی دەرچوو.

University New Campus | Raparin Way | Sulaimani | Kurdistan | Iraq
www.univsul.edu.iq | Email: president.office@univsul.edu.iq

Kawa- 5-Dec-21

## پاشکۆی (٧) ئاماری بەدەستهاتووی زانکۆکانی هەرێم لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و ئامار

Ministry of Higher Education&Scientific Research
General Directorate of Studies, Planning and Follow-up
Directorate of planing&Statistics
Department of Statistics

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون
بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و ئامار
بەشی ئامار

ژمارەی خوێندکاران بە پێ ی قۆناغ و ڕەگەز لەگشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١

| کۆد | زانکۆ | ساڵی دامەزراندنی زانکۆ | کۆلێژ(فاکەڵتی) / پەیمانگا | بەش | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | نێر | مێ | کۆ |
| 1 | سەلاحەددین / هەولێر | 1968 | 15 | 104 | 10488 | 13979 | 24467 |
| 2 | سلێمانی | 1992 | 20 | 100 | 8848 | 14339 | 23187 |
| 3 | دهۆک | 1992 | 19 | 114 | 10805 | 12092 | 22897 |
| 4 | کۆیە | 2003 | 6 | 33 | 2746 | 2405 | 5151 |
| 5 | هەولێری پزیشکی | 2005 | 5 | 5 | 1329 | 2358 | 3687 |
| 6 | سۆران | 2009 | 5 | 36 | 2870 | 3140 | 6010 |
| 7 | پۆلیتەکنیکی هەولێر | 1996 | 11 | 117 | 6191 | 8237 | 14428 |
| 8 | پۆلیتەکنیکی سلێمانی | 1996 | 13 | 129 | 6185 | 9191 | 15376 |
| 9 | پۆلیتەکنیکی دهۆک | 2012 | 14 | 88 | 4817 | 4714 | 9531 |
| 10 | گەرمیان | 2011 | 8 | 38 | 2214 | 4237 | 6451 |
| 11 | هەڵەبجە | 2011 | 6 | 23 | 1155 | 2050 | 3205 |
| 12 | زاخۆ | 2010 | 12 | 45 | 4431 | 4413 | 8844 |
| 13 | ڕاپەڕین | 2011 | 5 | 36 | 2016 | 3157 | 5173 |
| 14 | چارمۆ | 2014 | 4 | 13 | 630 | 1523 | 2153 |
| کۆی گشتی | | | 143 | 881 | 64725 | 85835 | 150560 |

## پاشکۆی (٨) قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی خشتەی مۆرگان

### تحديد حجم العينة

| حجم المجتمع | العينة | حجم المجتمع | العينة | حجم المجتمع | العينة |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ١٠ | ٢٢٠ | ١٤٠ | ١٢٠٠ | ٢٩١ |
| ١٥ | ١٤ | ٢٣٠ | ١٤٤ | ١٣٠٠ | ٢٩٧ |
| ٢٠ | ١٩ | ٢٤٠ | ١٤٨ | ١٤٠٠ | ٣٠٢ |
| ٢٥ | ٢٤ | ٢٥٠ | ١٥٢ | ١٥٠٠ | ٣٠٦ |
| ٣٠ | ٢٨ | ٢٦٠ | ١٥٥ | ١٦٠٠ | ٣١٠ |
| ٣٥ | ٣٢ | ٢٧٠ | ١٥٩ | ١٧٠٠ | ٣١٣ |
| ٤٠ | ٣٦ | ٢٨٠ | ١٦٢ | ١٨٠٠ | ٣١٧ |
| ٤٥ | ٤٠ | ٢٩٠ | ١٦٥ | ١٩٠٠ | ٣٢٠ |
| ٥٠ | ٤٤ | ٣٠٠ | ١٦٩ | ٢٠٠٠ | ٣٢٢ |
| ٥٥ | ٤٨ | ٣٢٠ | ١٧٥ | ٢٢٠٠ | ٣٢٧ |
| ٦٠ | ٥٢ | ٣٤٠ | ١٨١ | ٢٤٠٠ | ٣٣١ |
| ٦٥ | ٥٦ | ٣٦٠ | ١٨٦ | ٢٦٠٠ | ٣٣٥ |
| ٧٠ | ٥٦ | ٣٨٠ | ١٩١ | ٢٨٠٠ | ٣٣٨ |
| ٧٥ | ٦٣ | ٤٠٠ | ١٩٦ | ٣٠٠٠ | ٣٤١ |
| ٨٠ | ٦٦ | ٤٢٠ | ٢٠١ | ٣٥٠٠ | ٣٤٦ |
| ٨٥ | ٧٠ | ٤٤٠ | ٢٠٥ | ٤٠٠٠ | ٣٥١ |
| ٩٠ | ٧٣ | ٤٦٠ | ٢١٠ | ٤٥٠٠ | ٣٥٤ |
| ٩٥ | ٧٦ | ٤٨٠ | ٢١٤ | ٥٠٠٠ | ٣٥٧ |
| ١٠٠ | ٨٠ | ٥٠٠ | ٢١٧ | ٦٠٠٠ | ٣٦١ |
| ١١٠ | ٨٦ | ٥٥٠ | ٢٢٦ | ٧٠٠٠ | ٣٦٤ |
| ١٢٠ | ٩٢ | ٦٠٠ | ٢٣٤ | ٨٠٠٠ | ٣٦٧ |
| ١٣٠ | ٩٧ | ٦٥٠ | ٢٤٢ | ٩٠٠٠ | ٣٦٨ |
| ١٤٠ | ١٠٣ | ٧٠٠ | ٢٤٨ | ١٠٠٠٠ | ٣٧٠ |
| ١٥٠ | ١٠٨ | ٧٥٠ | ٢٥٤ | ١٥٠٠٠ | ٣٧٥ |
| ١٦٠ | ١١٣ | ٨٠٠ | ٢٦٠ | ٢٠٠٠٠ | ٣٧٧ |
| ١٧٠ | ١١٨ | ٨٥٠ | ٢٦٥ | ٣٠٠٠٠ | ٣٧٩ |
| ١٨٠ | ١٢٣ | ٩٠٠ | ٢٦٩ | ٤٠٠٠٠ | ٣٨٠ |
| ١٩٠ | ١٢٧ | ٩٥٠ | ٢٧٤ | ٥٠٠٠٠ | ٣٨١ |
| ٢٠٠ | ١٣٢ | ١٠٠٠ | ٢٧٨ | ٧٥٠٠٠ | ٣٨٢ |
| ٢١٠ | ١٣٦ | ١١٠٠ | ٢٨٥ | ١٠٠٠٠٠٠ | ٣٨٤ |

المرجع:

Krejcie , R &Morgan, D.(1970), Determining sample size for research activities . *Educational and Psychological Measurement* ,30 , 607-610.

# پوختەی توێژینەوەکەبە زمانی کوردی

بەجیهانیبوون دیاردەیەکی جیهانیە، ئەو دیاردەیە لەسەدەی بیستویەکەمدا بەشێوەیەکی بەفراوان تەشەنەی سەندووە و دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەو ڕەوتە خێرایەی بەجیهانیبوون بەردەوام بێت، لەئایندەدا سنوری نێوان وڵاتان و سەروەری وڵاتانیش دەکەوێتە مەترسییەوە.

بەجیهانیبوونی کولتوور یەکێکە لە ڕەهەندە دیارەکانی بەجیهانیبوون لەم سەردەمەدا، هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لەو جوگرافیایەی پێی دەوترێت جیهانی سێهەم، کەوتۆتە بەر ئەو شاڵاوە.

ئەم توێژینەوەی هەوڵیداوە کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر گەنجان لەهەرێمی کوردستان دەستنیشان بکات، هەربۆیە توێژەر خوێندکارانی زانکۆی وەک کۆمەڵگەی توێژینەوەوە وەرگرتوە، بەو پێوانەیەیی گەنجانی زانکۆ بە بەشە ڕۆشنبیرەکەی گەنجان دادەنرێن.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵیداوە تیشک بخاتە سەر بەجیهانیبوونی کولتوور، لەڕێگەی هۆکارەکانی گەشەی ڕاگەیاندن و گەیاندن و کرانەوەی سنوورەکان و کۆچکردن. بەڵام توێژینەوەکە تەرخان دەکات بۆ کاریگەری ئەم گۆڕاوە لەسەر گۆڕاوی ناسنامەی گەنج، توێژی گەنجانیش کە گرنگترین توێژی کۆمەڵایەتین، هۆکاری سەرەکی هەموو گۆڕانکارییەکن بەتایبەتی لە بواری کولتووردا. لە ناو توێژی گەنجانیشدا، گەنجانی زانکۆ پێشەنگە، چونکە ئەوان لە ناوەندێکی هەرە باڵای زانستیدان و لە هەمانکاتیشدا لە لوتکەی قۆناغی گەنجێتی و جوڵەو پڕ ئاوات و ئامانجن بۆ گۆڕانکاری.

توێژەر توێژینەوەیەکی مەیدانیی ئەنجامداوە لە ناو زانکۆکانی کوردستاندا، واتە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، نموونەی توێژینەوەکەش (384) خوێندکارن. توێژینەوەکەش بەگشتی لەڕێگەی ڕاپرسینامەوە گەیشتۆتە چەندین دەرەنجامی جیاواز، دەشێت بڵێین توێژی گەنجان بەگشتی بەڕێژەی (74%) لەژێر هەژموونی شاڵاوی بەجیهانیبوونی کولتووردان، هەرچەند ڕێژەی (26%) کەمتر کەوتونەتە ژێر ئەو کاریگەریەوە. لەم توێژینەوەیەشدا توێژەر فۆرمی پێوەری لیکرت (Likert Scale) ی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشیوەیەکی دروست دەرەنجامی ڕاپرسییەکان بخوێنێتەوە.

توێژینەوەکە گەیشتۆتە چەندین دەرەنجامی گرنگ، وەک ئەوەی گەنجانی زانکۆ لەکوردستان بەگشتی لەژێر کاریگەریی هەژموونی بەجیهانیبوونی کولتووردان و بەڕێژەی (60٪) بەجیهانیبوونیان هاوڕان لەسەر دروستی ئەو دیاردەی لەگەڵ بەجیهانیبوونی کولتووردان. تەنها (8٪) لەگەڵ بەجیهانیبووندا هاوڕانین و (59٪) پێییانوایە بەجیهانیبوونی کولتوور دەبێتە هۆی دروستبوونی یەک کولتوور جیهانی، هەروەها خەون بەوەوە دەبینن کە دوای زانکۆ بچنە دەرەوەی وڵات و لەوێ بخوێنن، یان ژیان بەسەربەرن. هەموو ئەوانەش دەمانگەیەننە ئەو دەرەنجامەی گەنجان لەقەیرانێکی گەورەی ناسنامەدا دەژین، تەنانەت دەتوانین بڵێین زمانی کوردیش مەترسی لەسەرە.

هەروەک چۆن توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئە دەرەنجامەی کە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن وەک سۆشیال میدیا و مۆبایل، پانتاییەکی فراوانی لەژیانی گەنجانی زانکۆ داگیرکردووە، بەشێوەیەک کە کاتێکی تایبەتیان نەماوە بۆ خوێندنەوەی مەنهەجی خوێندن، بێجگە لەوەی سۆشیالمیدیا لەواقیعی کۆمەڵایەتی دایبڕیوە.

**لەژێر ڕۆشنایی توێژینەوەکەو دەرەنجامە بەدەستهاتووەکانیشدا، توێژەر چەند ڕاسپاردەیەکی خستۆتەڕوو:** وەک، پێویستە حکومەتی هەرێم گرنگی زیاتر بدات بە پەرەپێدانی کولتوور، هەروەها دەبێت حکومەتی هەرێم پێداچونەوە بەسیاسەتەکانی خۆیدا بکات لەسەر پرسی کولتوور و ناسنامەی گەنج و میدیاش ئاراستە بکات بەو ڕەتەی پێویستە. هەروەها کاری ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکانە بەتایبەتی زانکۆ کەلەم بوارە بکۆڵێتەوە کار لەسەر گەنجانی زانکۆ بکەن.

هەروەها حکومەتی هەرێم دەبێت لەڕووی ئابوورییەوە کاری گرنگ بکات بۆ نەهێشتنی بێکاری و خراپی باری ئابووری گەنجان، بەتایبەتی ئەوانەی لەزانکۆ دەردەچن و هیچ کارێکیان دەستناکەوێت.

**ئەم توێژینەوەیە پێشنیازی ئەمانە دەکات کە:**

- توێژینەوەی زیاتر بکرێت لەسەر ناسنامە لە کوردستان، هەروەها پیویستە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بایەخێکی زیاتر بدەن بە بابەتی ناسنامە تاکوو لە توانەوە بیپارێزن.
- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ناسنامە لە هەرێمی کوردستاندا. پرسی ناسنامە پرسێکی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە ئێمە لەبەردەم وەرچەرخانێکی گەورەی مێژووییداین و ناسنامەی کۆمەڵایەتی، کولتوور و سیاسی ئێمە رووبەڕووی چالێنجی زۆر بۆتەوە لەسەر ئاستی ناوچەیی یان جیهانی.

توێژەر پێشنیار دەکات کە چەن توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجام بدریت لە ناوەندە زانستییەکاندا، وەک زانکۆ و پەیمانگا و سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەم بابەتانە:

- کاریگەری بەجهیانیبوونی کۆمەڵایەتی لەسەر گەنج.
- ڕۆڵی زانکۆ لە وشیارکردنەوەی گەنج سەبارەت بە ناسنامە.
- کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر کاڵبوونەوەی ئینتمای نەتەوەیی لای گەنج.
- کاریگەری کێشە ئابوورییەکان لەسەر کاڵبوونەوەی ناسنامەی گەنج.
- کیشەکانی گەنجی بەجیهانی بوو و ڕەنگدانەوە لەسەر ناسنامەکەی.

حكومة اقليم كوردستان
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة السليمانية
كلية العلوم الانسانية
قسم علم الاجتماع

# عولمة الثقافة واثارها على هوية الشباب

## دراسة ميدانية في جامعات إقليم كوردستان-العراق

## أطروحة دكتوراه

قدمت الى مجلس كلية العلوم الانسانية في جامعة السليمانية كجزء من متطلبات نيل شهادة دكتوراه إعداد الطالبة في فلسفة علم اجتماع

من قبل
**كوێستان علي عبدالله**

باشراف
**ا. م. د پەیمان عبدالقادر مجید**

2722ک 1443هـ 2022 ز

## ملخص البحث باللغة العربية

إن العولمة ظاهرة عالمية. وقد إنتشرت بشكل واسع في القرن الواحد والعشرين، ويمكن القول إنه اذا سارت هذه الظاهرة بهذه السرعة الفائقة فسوف تزيل الحدود بين الدول وتتعرض سيادتها للخطر.

العولمة الثقافية هي من أبرز ظواهر العولمة في العصر الحالي، و إقليم كوردستان كجزء من الجغرافيا التي سميت بالعالم الثالث، لم تكن بمنأى عن إجتياح هذه الظاهرة.

يهدف هذا البحث الى إظهار آثار العولمة الثقافية على الشباب في إقليم كوردستان، وقد إختارت الباحثة الطلبه الجامعات في إقليم كوردستان كمجتمع لبحثها، وذلك باعتبار الطلاب الجامعيين هم الشريحة المثقفة في المجتمع.

كما حاولت الباحثة تسليط الضوء على عولمة الثقافة من خلال طرق إنتشار وتوسيع القنوات الاعلامية والمواصلات وفتح الحدود والهجرة، وتخصص البحث لبيان تأثيرات هذه المتغير على متغير هوية الشباب، ولان الفئة الشباب يعتبر من أهم الفئات، لهم الفضل على جل التغيرات بالاخص في مجال الثقافة، وبالتأكيد يلعب الشباب الجامعي دور الرائد في هذا الطور، لانهم ينتمون الى أرقى مجتمع علمي و مشبعون بالقوة والعنفوان الشبابية ويملؤهم الاماني وأحلام التغيير.

قامت الباحثة بإجراء الاستبيان في جامعات كوردستان، أي أن طلاب جامعات إقليم كوردستان يشكلون مجتمع البحث وإن عينة البحث يتكون من (384) طالب وطالبة. و توصل البحث من خلال الاستبيان الى بعض الآستنتاج المختلفة، ويمكننا أن نقول إن شريحة الشباب تقع تحت تأثيرات العولمة بنسبة لاتقل عن (74٪)، وإن المبحوثين الذين لم يتأثروا بنفس النسبة بالعولمة الثقافية، لاتتعدى (26%) وهي ضئيلة جدا قياسا بالمقابل، واعتمدت الباحثة على إستخدام قياس (Likert Scale) و من أجل الحصول على نتائج علميه دقيقة.

وقد توصلت الباحثة الى نتائج مهمة، مثلا: إن الشباب الجامعيين بشكل عام وقعوا تحت تأثير العولمة الثقافية بنسبة (60٪) وهم يعتبرون العولمة الثقافية ظاهرة صحية وطبيعية، بالمقابل نسبة (8٪) من المبحوثين لا يتفقون مع هذه الظاهرة و (59٪) من المبحوثين يرون إن العولمة الثقافية تؤدي الى ظهور ثقافة عالمية موحدة، وان الكثير من المبحوثين يحلمون بالسفر خارج البلاد إما للدراسة أو للعيش في بيئة أكثر رفاهية وأمنا من الاقليم، كل هذه الوقائع يوصلنا الى نتيجة مفادها أن الشباب يعانون من أزمة الهوية بشكل جدي، كما يمكننا القول بأن اللغة الكوردية في خطر.

كما توصل البحث الى إن وسائل التواصل الاجتماعي (social media) قد احتلت مساحة واسعة من حياة الطالب اليومية ومستهلكا طاقاته بشكل حاد، بحيث يتأخر الطالب عن تأدية واجباته الدراسية، كما انقطع الطالب عن محيطه الاجتماعي بسبب وسائل التواصل الاجتماعي.

**من خلال إجراء البحث واستنتاجاته، قدمت الباحثة توصيات عدة، منها:**

- يجب على حكومة الاقليم أن تهتم بالتطوير الجانب الثقافي، كما ينبغي أن تقوم بمراجعة سياستها في قضية الثقافة و هوية الشباب وأن توجه الاعلام للعمل على هذه المواضيع، ويجب على المراكز العلمية والجامعات بشكل خاص البحث والعمل على الشباب الجامعيين.
- و أن تهتم الحكومة بالمجال الاقتصادي ومكافحة البطالة و الاوضاع الاقتصادية المتردية للشباب، بالاخص الذين يتخرجون من الجامعة ولا يحصلون على فرصة العمل.

**يوصي هذا البحث الى:**

- إجراء بحوث ميدانية أخرى حول موضوع الهوية في كوردستان. و تهتم الحكومة والجهات المعنية والمراكز الثقافية بموضوع الهوية لحمايتها من الذوبان والفناء.
- إجراء بحوث علمية حول موضوع الهوية في كوردستان. لان مسألة الهوية مسألة مهمة للاقليم ونحن الان أمام تحول تأريخي جدي و تواجه هويتنا الاجتماعية، الثقافية والسياسية تحديات عدة على كلا الصعيدين الاقليمي والعالمي

كما توصي الباحثة بإجراء بحوث علمية في المراكز العلمية والاكاديمية والثقافية كالجامعات و والمراكز الثقافية والمؤسسات العلمية الأخرى خاصة فى مواضيع الفرعية التالية:

- اثار العولمة الآجتماعية على سلوك الشباب.
- دور الجامعة في توعية الطالب الجامعي حول الهوية.
- تأثيرات عولمة الثقافة على تلآشي الآنتماء القومي لدى الشباب.
- تأثيرات المشاكل الاقتصادية على هوية الشباب.
- مشاكل شباب المعلومه و وتأثيرات العولمة على هويته.

## Abstract

Globalization is a universal phenomenon. which has prospered in the twenty first century. With this rate. it could threaten the sovereignty and borders of the countries. Cultural globalization is a noteworthy parameter in this era. and Kurdistan region. as a developing country. has been influenced by the situation.

This paper attempts to identify the impact of cultural globalization on Kurdish youngsters. The researcher has utilized the data received from university students on the basis that university community is considered more educated amongst their peers.

The researcher focuses on cultural globalization through developmental. media. Press. open border. and emigration means. but these variables are allocated to examine youngsters' identity. As the most important social class. youngsters are the core of all changes especially culturally. and university youngsters are pioneering within this community. because they are the most cultured and are filled with hope. aspiration and ambitions.

The researcher has designed a survey for the Kurdish universities. so the participants are within the university community. There are 384 student participants. and the paper has reached several different outcomes. it could be claimed that 74 percent of youngsters are ruled by cultural globalization; however. less than 26 percent have been affected by it. The researcher has used Likert-scale questionnaires in order to accurately dictate the outcome of the survey.

The paper has reached several valuable outcomes. including the fact that university students are ruled by cultural globalization and 60 percent confirms the phenomenon. while 8 percent disagrees. 59 percent thinks that cultural globalization results in a monoculture. They also aspire to study abroad or emigrate for good which shows that youngsters are in a major identity crisis. and it could be further claimed that even Kurdish language is at a serious trouble.

One of the outcomes of this paper is the fact that social networking sites and tools have occupied a wide range of university students' life styles which has resulted in hindering their studies and generally dissocialized them.

**Based on the outcomes of the paper. the research has proposed some recommendations:** Kurdistan regional government should prioritize cultural development. and it should revise its policies regarding issues; such as culture and youth identity. and utilize media in the right direction. The academic and scientific centers are responsible for investigating and enhancing the situation for the university students.

Kurdistan regional government is also responsible for the economic sectors and should make every effort to end unemployment and critical economic situation

experienced by the youngsters; especially university alumni who get no opportunity .in the employment market

**The paper suggests that:**

- Further research should be carried out on identity in Kurdistan. and all related parties should pay closer attention to it in order to prevent its diminish.
- Doing more scientific research on identity in Kurdistan region. The identity issue is of importance in Kurdistan region because we are on the threshold of historic change. and our social. cultural and political identity has encountered numerous challenges both locally and globally.

The researcher suggests undertaking several scientific researches in the universities and research centers on the following topics:

- The impact of globalization on behaever youngsters.
- The role of universities in providing identity awareness to the youngsters
- The impact of cultural globalization on youngsters' patriotism
- The impact of economic issues on youngsters' identity
- The globalized youngster's issues and their reflections on his identity

**Kurdistan Regional Government**

**Ministry of Higher Education and Scientific Research**

**University of Sulaymaniyah**

**College of Human Sciences**

**Department of Sociology**

# The Culture Globalization and its Effects on the Identity of Youth

## A field study at the Universities of the Kurdistan Region-Iraq

**A Dissertation**

Submitted to the Council of the College of Human Sciences at Sulaymaniyah University Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of P.H.D. In Sociology

**By:**

**Kwestan Ali Abdalla**

**Supervised by:**

**Assistant Professor .D. Payman Abdullqadr Majed**

2022 A. D 1443H 2722K